# ئوحود

# وێستگە و وانەکان

پرۆفیسۆر

د. خالید موحەممەد صالح

٢٠٢٠ - ٢٠٢١

بسم الله الرحمن الرحیم

**پێشەكی:**

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درود و ڕەحمەت بۆ سەر گیانی پاكی پێغەمبەری ئیسلام ﷺ و گشت یار و یاوەران و شوێنكەوتوانی بەگشتی.

خۆشەویستان ژیانی پێغەمبەری ئیسلام ﷺ لە هەموو ڕویەكەوە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ ئێمەی برِوادار، چ وەك پێغەمبەر و یەكێك لە بنەما سەرەكییەكانی باوەڕ و خواناسی، چ وەك یاسادانەر و جێبەجێكارێكی نموونەیی چەمكەكانی ئیسلام، چ وەك پێشەوا و سەركردەی بێ ڕكابەری قوتابخانەی ژیان.

بۆیە پێویستە لە ورد و درشتی (٢٣) ساڵ تەمەنی پڕ لەفەڕی ئەو سەركردە مەزنە تەواو شارەزابین، ئەو تەمەنەی كەلەژێر چاودێری وردی خوای گەورەدا دەگوزەرا و گشت چركە ساتێكی ئاوێتە و ڕەنگدانەوەی دەقێكی قورئانی بوو، یانیش دەقەكە ڕەنگدانەوەی گوزەرانی چركە ساتەكانی ئەو مێژووە مەزن و پڕ لەسەروەرییە بوو، وە جبریلی ئەمین پردی پتەوی ئەو پەیوەندییە بەردەوام و تەواو تێكسمڕاوە بوو، بەشێوەیەك كە زەوی بەدرێژایی تەمەنی سیازدە بلیۆن ساڵی خۆی قۆناغێك لەوقۆناغە پیرۆز تر و پڕ فەڕ تری بەخۆیەوە نەبینیوە.

گرنگە ئێمە لەقۆناغی ﴿اقْرَأْ﴾[1]. هەتا ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ﴾[2]. شارەزا بین، لە سەرەتاكانی سەرهەڵدانی ئاینی نوێ و (١٣) ساڵی كاركردنی بەردەوامی قۆناغی مەككە پەند وەرگرین، لە دڵسۆزی و خۆڕاگری و پێداگری و لێبڕاوی شوێنكەوتوانی فێر بین، لە دڵڕەقی و پلانگێڕی و شەڕەنێزی نەیارانی بەئاگا بین، لەحیكمەتی هەڵكردن و بەردەوامی گەشەكردن ڕابمێنین. لە (١٠) ساڵی دەسەڵاتی مەدینە و قۆناغی داڕشتنی بنەماكانی بەدەوڵەت بوون و پاراستنی دەستكەوتەكان بەهرەمەند بین.

---

١ - سورة العلق: الآية (١).

٢ - سورة المائدة: الآية (٣).

ئەمانە هەمووی هێندەی دەقەكان خاڵی گرنگو بنەڕەتین بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام و چەمكەكانی كاری خواناسی و بانگخوازی.

دەبێت كاتێك سەیری قورئان دەكەین لەسروشتی جیاوازی نێوان دەقەكانی قۆناغی مەككە و مەدینە تێبگەین و ژیرانە مامەڵەیان لەگەڵ بكەین و خۆمان بدۆزینەوە كە ئێمە لە ئێستادا بەكام لەو قۆناغانەدا گوزەر دەكەین، بە كام لەو دەقانە لەگەڵ بەرامبەرەكانمان مامەڵە دەكەین و چۆن ئەو قۆناغبەندی و ڕیزبەندییە دەپارێزین[1].

چونكە بەداخەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئێمەی بڕوادار و بەناو میراتگری پەیامەكەی پێغەمبەر ﷺ جگە لەهەندێك توێكڵ و شتی ڕواڵەتی و سۆزی سەرزارەكی شتێكی تر دەربارەی ژیانی پڕ لە فەڕی ئەو زاتە مەزنە نازانین، ئێمە ئێستا ئەوەندەی لەژیانی هونەرمەند و یاریزان و سیاسەتمەدار و سەرمایەدار و سەماكارێك و كلتوری ژیانی ڕۆژئاوا شارەزاین و پێی سەرسامین نیو ئەوەندە لەژیانی پێغەمبەر و پێشەواكەمان شارەزا نین و بەدواداچونی بۆ ناكەین و پێی سەرسام نین.

ڕاستە ئێمە باوەڕمان هەیە كە ئەو فروستادەی خوای گەورەیە و پێغەمبەرە و پیرۆزە؛ بەڵام ئەو پیرۆزییە لەناخی ئێمەدا سنووری صەلاوات دانێك، یان مەولود نامەیەك، یان ناونانی منداڵێك، یان ئامڕازێكی گیرا بوونی نزاكانمان تێناپەڕێت و ژیانی پیرۆزی ئەو لەناخماندا نەبوەتە قوتابخانە و ڕێباز و بەرنامەی ژیان.

ئەمڕۆ خەڵكانێكی كاڵفامی بەناو موسوڵمان لەژێر پەردەی قورئانیبووندا شان بەشانی برا لائیك و لادەرەكانیان سەنگەریان لە ژیان و سوننەتەكانی ئەو سەروەر و پێغەمبەرە مەزنە گرتووەو بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان كە گومانی لەسەر دروست بكەن

---

١ - خەڵكانێك بۆچونیان وایە كەقۆناغی مەدینە قۆناغی مەككەی سڕیوەتەوە وچی تر كار بە شێوازی قۆناغی مەككە و ڕیزبەندییەكەی ناكرێت، ئەمە هەڵەیەكی كوشندە وتاوانێكی گەورەیە؛ ئاخر چۆن (١٣) ساڵ تەمەنی پێغەمبەرایەتی وتەشریع هەڵدەوەشێتەوە؟!! چۆن قۆناغی سەرهەڵدان ودروستبوون وگەشەكردن دەسڕدرێتەوە؟!! چۆن هەزارەها ئایەتی قورئانی پەیوەست بە یەكتا پەرستی وچەسپاندنی بنەماكانی باوەڕ لەكار دەخرێت ولەبیر دەبرێتەوە؟!!.

و لەپێگە و پیرۆزییەکەی کەم بکەنەوە و کاریگەری لەناخی باوەڕداراندا بسڕنەوە بەکۆمەڵێك بیانوی بێ بنەما و نازانستی لەوانە نەگونجانی هەندێك لەو فەرمووودانە:

- لەگەڵ هەندێك دەقی قورئاندا

- یان لەگەڵ عەقڵی بچوك و ناکامڵی ئەواندا.

- یان لەگەڵ هەندێك بیردۆزەی بەناو زانستی ناجێگیر کەزادەی بیری مرۆڤەکانی وەك خۆیانە و ئەگەری هەڵەبوونی زۆرە.

- یان لەگەڵ بەناو بنەماکانی مافی مرۆڤ، یان ئافرەت، یان هەر چینێکی تر.

- یان بەبیانوی ئەوەی کە گوایە ئەو فەرمووده و سوننەتانە هۆکارێکن بۆ تێکدانی یەکرِیزی بڕواداران و پەرتەوازەکردنیان.

لەکاتێکدا هەموو ئەم بیانوانە قسەی بێ بەهان و هەڵقولاوی ناخی نەخۆشی خۆیان و هەستی شێواویانە و هیچ بەڵگەیەکی زانستی نییە کە پشتڕاستی قسەکانیان بکاتەوە و لە هەمان کاتدا دژە بەو قورئانەی کە ئەوان بانگەشەی پابەندبوونی پێوە دەکەن کە لەدەیەها ئایەتدا فەرمان بەگوێڕایەڵی فەرمانەکانی پێغەمبەر ﷺ و دەست گرتن بە ئاکار و سوننەتەکانییەوە دەکات و هەڕەشە لە نەیارانی دەکات لەوانە:

خوای گەورە دەفەرموێت:: ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾[١]. واتە: هەرچی پێغەمبەر ﷺ پێتانی دەدات و فێرتان دەکات وەری بگرن و هەرچیشتان لێ قەدەغە و یاساغ دەکات وازی لێ بهێنن — دواتر خوای گەورە هەڕەشە دەکات لەو کەسانەی ئەم فەرمانەی جێبەجێ ناکەن و دەفەرموێت- لەخوا بترسن چونکە سزای خوای گەورە زۆر سەخت و بەئازارە.

یان دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[٢]. واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن و خواتان خۆش دەوێت ئەوە شوێنی من بکەون تا خوای گەورە خۆشی بوێن - ئەوجا

---

١ - سورة الحشر: الآية (٧).

٢ - سورة: آل عمران: الآية (٣١).

بەپێچەوانەی دەقی پێشوو خوای گەورە مژدەی لێخۆشبوون دەداتە ئەو کەسانەی کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پێغەمبەر ﷺ دەکەن و دەفەرموێت- ئەگەر ئێوە ئەوەتان کرد خوای گەورە لە تاوانەکانتان خۆشدەبێت و خوای گەورە زاتێکی بەخشندە و میهرەبانە.

ئەم دوو دەقە مشتێکن لەخەرمانی ئەو هەموو دەقانەی کەبەو شێوەیە و بەڕەهایی فەرمان بەگوێڕایەڵی و خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ دەکات و هەڕەشەی سەرپێچیکردن لە فەرمانەکانی دەکات؛ هەر بۆیە فەرمانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی یەك شتن و ناکرێت بەدوو چاوی جیاواز سەیر بکرێن ئەوە تا خوای گەورە خۆی شایەتی ئەوەی بۆ دەدات کەهەرچی ئەو دەیڵێت فەرمانی خوایە و دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾[1]. واتە: پێغەمبەر ﷺ لەخۆیەوە هیچ ناڵێت و هەرچی دەیڵێت فەرمانی خوایە و لەوەوە فەرمانی پێ دەکرێت. بۆ جەخت کردنەوە لەسەر هەمان واتە پێغەمبەری خودا ﷺ لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێت: ﴿أَلَا إِنِّي أُوتِيتُ الْقُرْآنَ وَمِثْلَهُ مَعَهُ﴾[2]. واتە: من قورئانم بۆ هاتوە وهاوشێوەی قورئانیشم پێدراوە.

جگە لەوانە با بیهێنینە پێش چاوی خۆمان ئەگەر پێغەمبەر ﷺ نەبێت چۆن ئێمە دەتوانین لەقورئان بگەین و دەقەکانی بەرجەستە بکەین، بۆ نموونە نوێژ، ڕۆژو، زەکات، حەج، کەئەمانە بنەماکانی ئیسلام وپەرستشن بێ گەڕانەوە بۆ سوننەتی پێغەمبەر ﷺ کێ دەتوانێت لێیان تێ بگات و جێبەجێیان بکات، ئادەی لەکام ئایەتی قورئاندا باس ژمارەی ڕکعاتەکانی نوێژ و شێوزای جوڵەکانی و یردەکانی ناو نوێژ دەکات، کام ئایەتی قورئان باسی وردەکارییەکانی زەکاتی ئاڵتون و پارە و ئاژەڵ و دانەوێڵە و شتەکانی تر دەکات، یان وردەکارییەکانی ڕۆژو و حەج دەکات، جا ئەمانە بنەما سەرەکییەکانی ئاینن و ئاوا بەگشتی باس کراون لەقورئاندا، ئەی دەبێت چۆن لە وردەکارییەکانی تری ئەم ئیسلامە بگەین بێ گەڕانەوە بۆ ژیانی پێغەمبەر ﷺ ؛ کەواتە دینداری و خواناسی بەبێ تێگەیشتن و فێربوونی سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ مەحاڵە.

---

١- سورة النجم: الآيتان (٣-٤).

٢ - الإمام أحمد (أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد)، المسند، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط١، ٢٠٠١، رقم الحديث (١٧١٧٤).

بۆیە عەلی كوڕی حوسەین دەڵێت: ئێمە ژیان و بەسەرهات و جەنگەكانی پێغەمبەریان ﷺ فێردەكردنین هەر وەك چۆن سورەتێكیان لەقورئان فێردەكردین[١].

(إبن القیم) یش لەو بارەیەوە دەڵێت: (لێرەوە تێدەگەیت كە خەڵكی خواناس زیاد لە هەموو پێویستییەكانی تر پێویستیان بەناسینی پێغەمبەر ﷺ و پەیامەكەیەتی و باوەڕپێكردنی هەموو ئەو شتانەیە كە بۆی باس كردوین و گوێڕایەڵییەتی لە هەموو ئەو شتانەی كە فەرمانی پێكردووین؛ چونكە هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ بەختەوەری و سەرفرازی دونیا و دوارۆژ جگە لەڕێگەی پێغەمبەران و لەسەر دەستی ئەوان نەبێت؛ وە هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ ناسینەوەی باشە و خراپە تەنها لەڕێی ئەوانەوە نەبێت، وە بە هیچ شێوەیەك ڕەزامەندی خوا بەدەست نایەت تەنها لەسەر دەستی ئەوان نەبێت...ئەوان ئەو تەرازوەن كە بەپێی گوفتار و ڕەفتاری ئەوان گوفتار و ڕەفتار و ئاكاری خەڵكی كێشانەی بۆ دەكرێت، وە بە شوێنكەوتنی ئەوان خەڵكانی خواناس و گومڕا لێك جیا دەكرێنەوە؛ بۆیە پێویستی خەڵكی بەوان لە پێویستی جەستە بۆ گیان، چاو بۆ ڕوناكی، گیان بۆ ژیان گەورەتر و گرنگترە، وە پێویستی خەڵكی بە پێغەمبەران لەهەموو ئەو شتانەی تر پێویستترە كە لەسەریان دانراوە....جا ئەگەر بەختەوەری بەندەكان لەدونیا و دوارۆژدا پەیوەست بێت بە پەیامەكەی پێغەمبەرەوە ﷺ كەواتە پێویستە لەسەر هەر كەسێك كە چاكەی خۆی دەوێت و حەز بە بەختەوەری و سەرفرازی دەكات ئەوەندە لە ژیان و سوننەتەكان و كاروبارەكانی تێبگات كە لە خەڵكی نەفام جیای بكاتەوە و پێی بچێتە دەستەی شوێنكەوتوان و لایەنگرانی ئەووەوە، خەڵك هەیە لەم ڕووەوە بەشی باشی پێبڕاوە و شارەزایی هەیە و هەیشیانە كەمێكی لێ دەزانن و هەیشیانە بێ بەشن)[٢].

جا ئەگەر ئەم قسانە بۆ سەردەمی ئەو پیاوانە پێویست بوو بێت، ئەوە ئێستا ئێمە لەهەموو كات زیاتر پێویستمان پێیەتی و دەبێت ئاوڕ لەژیان وئەزموون و كەسایەتی پێغەمبەر ﷺ بدەینەوە و خزمەتكاری بكەین؛ چونكە دوژمنانی دین پاش

---

١- إبن كثير، السيرة النبوية، ج٢، دار المعرفة، بيروت، ط ١٣٩٥، تحقيق: مصطفى عبد الواحد، ص٣٥٥.

٢ - إبن القيم (محمد بن أبي بكر)، زاد المعاد في هدي خير العباد، ج١، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط١٩٩٤،٢٧، ص٦٩.

ئەوەی لەدژایەتی قورئان بێهیوا بوون و زانییان لەوێوە هیچیان لەگەڵ ئیسلام پێناکرێت، ئێستا دڕندانە پەلاماری سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ و کەسایەتی ئەو زاتە دەدەن و لەپێگە و پیرۆزییەکانی کەم دەکەنەوە، نەك بەتەنها ئەو بەڵکو هەرکەسیش خزمەتێکی بەو کردبێت، کارەکەی چەند ناوازەیش بێت دەیخەنە ژێر پرسیارەوە و بێڕێزی بەرامبەر دەکەن و جۆرەها بوختانی نەشیاوی بۆ هەڵدەبەستن، هەروەك ئەوەی لەم سەردەمەدا و لەسەر دەستی ئەو کاڵفامانە بەرامبەر پێشەوا بوخاری دەکرێت.

بەهۆی دوور کەوتنەوەی خەڵکیشەوە لەپەیامەکەی خوا کاتێك ناحەزێك لەو ناحەزانە درۆیەك یان گومانێك لەسەر کەسایەتی پێغەمبەر ﷺ یان گوفتارێکی یان ڕەفتارێکی دروست دەکات، ئەو گومانە دەستبەجێ لەدڵی سەدەها موسوڵماندا چەکەرە دەکات و گەشە دەکات و یەکسەر گشت تۆڕە کۆمەڵایەتییکان و میدیاکان دەتەنێ، لەکاتێکدا ئەگەر موسوڵمانان شارەزاییان هەبوایە هەر زوو ڕاستییەکانیان دەزانی و دەشیانزانی کەئەو قسانە بێ بنەمان و درۆن.

ئێمە لە ئێستادا دەبێت چاو بەو خوێندنەوە باوەماندا بگێڕینەوە کە تەنها وەکو مێژووی ژیانی پیاوێکی مەزن سەیری ژیانی پێغەمبەر ﷺ دەکەین و دەیخوێنینەوە لەکاتێکدا ئەمە هەڵەیە و لەگەڵ نەزانی و بێ ئاگایی جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە.

بۆیە ئێمە لە هەر جێگەو پێگەیەك بین، هەر کەسایەتی وکارێکمان هەبێت، لەهەر ئاست وقۆناغێکی بانگەوازدا بین، پێویستە لەئەزموونی ژیان و بزاوتن و کەسایەتی ئەو زاتە مەزنە بەهرە مەند بین، تا لە هەموو گوفتار و ڕەفتارێکدا وەك ئەو مامەڵە بکەین، دەبێت خوێندنەوەمان بۆ ژیانی بمانگەیەنێت بە خۆشەویستی خۆی و یارانی و لەو خۆشەویستیەیش بەچاوی پەرستش بڕوانین. دەبێت وا خوێندنەوە بۆ ژیانی بکەین کە گشت ڕوداوەکانی تازەن و پەند و ئامۆژگارییان لێوە فێر ببین، دەبێت وەك ژیانی نزیکترین کەسی خۆمان سەیری بکەین و بەرگری لێ بکەین، دەبێت لەوە تێبگەین کە ئەو زاتە کەسێکی بلیمەت و فەیلەسوف نەبووە بەڵکو پێغەمبەر ﷺ و فروستادەی خوا بووە بەهەرچی ئەو نازناوە مەزنە هەڵی دەگرێت و شایەنییەتی.

محممەد غەزالی لەو بارەیەوە فێرمان دەكات ودەڵێت: (من كاتێك دەربارەی ژیانی پێغەمبەری خودا ﷺ دەنوسم، وەك سەربازێك دەربارەی سەركردەكەی دەنوسم، یان خزمەتكارێك دەربارەی گەورەكەی خۆی، یان خوێندكارێك دەربارەی مامۆستاكەی، ئەو بڕوادارەی كە پیغەمبەری خودا ﷺ لەویژانیدا زیندوو نییە و شوێن پێی ئەو هەڵناگرێت لەكردەوە و بیركردنەوە و بڕیارەكانیدا ئەگەر لەشەو و ڕۆژێكدا سەر زارەكی هەزار درودیشی لەدیار بدات هیچ سودێكی نیە) [1].

ئەم بەرنامە و نوسینە هەوڵێكی زۆر لاواز و شەرمنانەیە بۆ خزمەتكردن بەژیانی ئەو سەردارە مەزنەی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەفسوف لەبەر بەرفراوانی باسەكە و زۆری چەمك و ڕەهەندەكانی و دەوڵەمەندی پەند و ئامۆژگارییەكانی زۆر زەحمەتە مرۆڤ بتوانێت بەم تەمەن و توانا كەمەوە و لەزنجیرە باسێكی ئاوهادا كۆی ژیانی پڕ سەروەری ئەو زاتە باس بكات و مافی خۆی پێ بدات، بۆیە من لەم دەرفەتەدا تیشك دەخەمە سەر چەند كاژێرێكی ژیانی ئەو سەردارە مەزنە و غەزایەك لەغەزا پڕ سەروەرییەكانی باس دەكەم كە بە غەزای (ئوحود) ناوبانگی دەركردوە.

هەوڵ دەدەم ناوەڕۆكی بابەتەكان بەمیتۆدێكی مێژوویی وەسفی شیكاری بخەمە ڕو و لەڕێی ئەو سێ میتۆدەوە تیشك بخەمە سەر وردەكارییەكان و هۆكار و دەرەنجامەكانیان. بۆ هەر بابەتێك كە باسم كردووە هەوڵم داوە بەهێزترینی سەرچاوەكان لەكۆن و نوێدا بەكار بهێنم و ڕاستترین و پەسەندترینی بۆچوونەكان بخەمە ڕوو و باسی بۆچوونە جیاوازەكان نەكەم تا هزری خوێنەر پەرت نەكەم، جگە لەوەیش هەوڵم داوە كە بۆ هەر زانیارییەك سەرچاوەیەكی سەربەخۆ باس نەكەم؛ بەڵكو لە كۆتایی هەر باسێكدا كۆی ئەو سەرچاوانە باس بكەم كە پشتم پێ بەستووە؛ ئەویش بەمەبەستی خۆپاراستن لە دووبارە كردنەوەی سەرچاوەكان؛ چونكە سرووشتی باسەكان وایە كە هەر بابەتێك باسم كردووە لە كۆی سەرچاوەكاندا باس كراوە و ناشكرێت بۆ هەر زانیارییەك هەموویان دووبارە بكەمەوە یان بەبێ پێوەندگێكی زانستی هەندێكیان

---

١ - محمد الغزالي، فقه السيرة، دار القلم، دمشق، ط١، ١٤٢٧، ص٦.

هەڵبژێرم و ئەوانی تر باس نەكەم؛ هەر بۆیە ناوی هەموویان دەخەمە كۆتایی باسەكەی. سەبارەت بەو فەرموودانەیش كە لەناوەڕۆكی بابەتەكاندا هاتوون تا تەواو دڵنیا نەبووبم لە درووستیان باسم نەكردوون؛ هەر بۆیە هیچ فەرموودەیەكم بەتەنها تەخریج نەكردووە.

سەبارەت بە پەیكەری بابەتەكەیش بابەتەكە دەكەین بەدوو باسەوە:

باسی یەكەمیان تەرخان دەكەین بۆ ڕووداوەكانی ئوحود و گرنگترین وێستگەكانی و سەرجەم وردەكارییەكانی وەك چۆن لە پەڕتووكەكانی تایبەت بە ژیانی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانیدا هاتووە و لە (٣٣) خاڵدا قسەیان لەسەر دەكەین.

باسی دووەمیش تایبەت دەكەین بە پەند و ئامۆژگاری و وانەكانی هەر وەك چۆن لە دەقەكانی قورئاندا هاتووە و لە (٤٤) خاڵدا قسەیان لەسەر دەكەین.

لە كۆتایی ئەم پێشەكییەدا پێم خۆشە سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە بكەم كە بەشێوەیەك لە شێوەكان لە گەڵ ئەم بەرهەمە ماندووبوون بەتایبەت:

- كەناڵی ئاسمانی بانگەواز كە هەستا بە تۆماركردن و پەخشكردنی بابەتكە لە (١٩) ئەڵقەدا.
- برای بەڕێزم كاك (هێمن قادر) كە بابەتەكەی **نووسیەوە**.
- برای بەڕێزم كاك (سەفین دەلۆیی) كە دیزایننی پەڕتووكەكەی كرد.

خوای گەورە لەوان و لەهەموو بەڕێزێكی قبوڵ كات كەكاتی خۆی دەداتە ئەم بەرهەمە و بەدڵ دەیخوێنێتەوە و سوودی لێ وەردەگرێت.

پرۆفیسۆر

د. خالید موحەممەد صاڵح

مامۆستای كۆلێجی یاسا- زانكۆی سلێمانی

بەكرەجۆ- هەواری زانكۆ

ڕۆژی دووشەممە ٦- شەعبان — ١٤٤١ بەرامبەر ٣٠-٣-٢٠٢١

كاژێر: ١١:٣٥ ی پێش نیوەڕۆ

# باسی یەکەم
# وێستگەکان

لەم باسەدا قسە لەسەر کۆی وێستگەکانی غەزاکە و ڕووداوەکانی دەکەین لە ڕێگەی (٣٣) خاڵەوە و بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### ١- گرنگی:

ئەم غەزایە دووەم جەنگ و ڕوبەڕوبونەوەی سەربازی سەپاوی بێباوەڕانی مەککە بوو بەسەر پێغەمبەر ﷺ و یارانیدا، لەبەر گرنگی غەزاکە خوای گەورە (٦٠) ئایەتی سورەتی (آل عمران)ی تایبەت کردوە بە باسکردنی وردەکارییەکانی غەزاکە و ئەوەندەی باسی ئەم غەزایە کراوە لە قورئاندا باسی هیچ بەسەرهات و ڕووداوێکی تری ژیانی پێغەمبەر ﷺ نەکراوە، وەك ئەوەی بیەوێت پێمان بڵێت دەسکەوت و سەروەریەکانی ئەم غەزایە لەگشت غەزاکانی تر زیاترن و پێویستە هەمیشە بە زیندووی لەناخماندا بمێنێتەوە و یادی بکەینەوە.

ئەم غەزایە وەك چیرۆکی ئادەم وایە، ڕۆژانە لە ژیانی هەر یەکێکماندا دووبارە و دەبارە دەبێتەوە، ئادەم بەهۆی لەبیرچونەوەوە لەبەری دارەکەی خوارد، لەبەرامبەردا خوای گەورە وانەیەکی سەختی فێرکرد، وانەیەك بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەر باس بکرێت و لەبیر نەچێتەوە؛ کەچی بەداخەوە ئێمە کەمتر هەڵوێستەی لەسەر دەکەین و تەنها وەك بەسەرهاتێکی مێژووی تەماشای دەکەین، ئێمە ئێستا لە حاڵەتێکی لەبیر چونەوەی بەردەوامداین و ڕۆژانە هەڵەکان دووبارە دەکەینەوە و ئادەم ئاسا هەر زوو بەئاگا نایەینەوە و بەخۆمانا ناچینەوە و دان بەهەڵەکانماندا نانێین و داوای لێخۆشبوونیان لەسەر ناکەین.

غەزای ئوحودیش دیمەنێکی ترە لە دیمەنە دووبارەکانی ئەزمونەکەی ئادەم، کۆمەڵێك بەهۆی هەڵە و سەرپێچی و دونیاویستی خۆیانەوە لەکاتێکی زۆر هەستیار و ناسکدا کارەساتێکی گەورەیان بەسەر پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانیدا هێنا.

ڕاستە ئوحود چەند كاژێرێكی كەمی خایاند و برینێكی قورسی كردە جەستەی ڕابونی ئیسلامی ئەو سەردەمە.

ڕاستە بڕواداران قوربانییەكی زۆریاندا و باڵە سەربازییەكەیان زیانی زۆری بەركەوت و زیاتر لەحەفتا كەسیان لێ شەهید بوو.

ڕاستە شەڕەكە سەركەوتنێكی چاوەڕوان نەكراوی بەرەی بێباوەڕان بوو بەسەر بەرەی بڕواداراندا.

ڕاستە دەرفەتێكی گونجاوی ڕەخسان بۆ گشت دووڕوو و دژە دینەكان تا گومانی زیاتر لەسەر ڕاستی پێغەمبەر ﷺ و پەیامەكەی دروست بكەن و بوهتانی جۆراوجۆری بۆ هەڵبەستن.

ڕاستە هەتا ئێستایش ئێمە بەشەرمەوە باسی ئەم غەزایە دەكەین و هەمیشە وەك شكستێك وێنای دەكەین؛ هەر بۆیە هەموو ساڵێك یادی غەزای بەدر دەكەینەوە بەڵام هیچ كات بەهزرماندا نایەت یادی غەزای ئوحود بكەینەوە.

بەڵام هەموو ئەم ڕاستییانە زۆر سنووردارن و دەرەنجامی كورت خایەن بوون، بەڵام بەرەهایی و بۆ مەودایەكی دوور هەموو ئەوانەی گوتمان پێچەوانەكانی ڕاستن.

چونكە ئەم غەزایە فێری جۆرێكی تر لەسەركەوتنمان دەكات و پێمان دەڵێت كە سەركەوتنی ڕاستەقینە سەركەوتنە بەسەر حەز و ئارەزووەكانی خۆمان و ئەو دوژمنەی كەنایبینین نەك ئەو دوژمنەی بەرامبەرمان وەستاوە و دەیبینین، سەركەوتنی ڕاستەقینە بریتیە لەسەركەوتنی مەنهەج و بیر و باوەڕ نەك هێز و بازو.

ڕاستە بەدر سەركەوتن بوو، بەڵام ئوحودیش سەركەوتن بوو لە جۆرێكی تر، خوای گەورە دەیویست باوەڕداران لە ئوحوددا بەجۆرێكی تر لەسەركەوتن تاقیی بكاتەوە و فێریان بكات بەر لەوەی بەسەر دوژمنەكانیاندا زاڵ ببن پێویستە سەرەتا بتوانن بەسەر خۆیاندا زاڵ بن.

بەڵام ئەوەی جێی داخە لێرەدا ئەوەیە كە ئەگەر ئوحود شكستیش بێت ئەوە دۆست و دوژمن ئەوە باش دەزانن كە ئەو شكستە چەن كاژێرێكی كەمی خایاندوە و

هیچ کاریگەری خراپی لەسەر لایەنی دەروونی هاوەڵان دانەناوە و هەر زوو ئەوان بەخۆیاندا چوونەتەوە و ڕیزەکانیان ڕێك خستۆتەوە و لەجاران گەرم و گوڕتر بەگژ ستەمی بێ باوەڕاندا چونەتەوە.

کەچی ئێمە ئەمڕۆ سەدەیەك دەبێت بەردەوام لەساتەوەختەکانی شکستەکەی ئوحوددا دەژین و بەخۆماندا ناچینەوە.

ئێمە سەدەیەکە ڕۆژانە هەڵەکانمان دووبارە دەکەینەوە و پەندیان لێ وەرناگرین.

ئێمە سەدەیەکە شپرز و پەشۆکاوین و ئارام نابینەوە و ئاوڕ لەیەکتر نادەینەوە و ڕیزەکانمان یەك ناخەینەوە.

ئێمە سەدەیەکە لەبەر سەرقاڵی بەخۆمانەوە ناپەرژێینە سەر بەرامبەرەکانمان و دۆست و دوژمنی خۆمان ناناسینەوە.

ئێمە سەدەیەکە ڕۆژانە تاڵاوی ئوحود تامی دەممان بەرنادا و هەر ڕۆژە و لەلایەك و بەشێوەیەکی جیاواز شکستەکانمان دووبارە دەبنەوە.

ئێمە سەدەیەکە ورەمان تەواو ڕووخاوە و باوەڕمان بە بەڵێنەکانی خوا لاواز بووە و زۆرێك لەدۆستانمان چونەتە بەرەی نەیارانی باوەڕەکەیانەوە.

ئێمە ساڵانە هەزارەها قافڵەمان دەڕواتەوە سەر کێوی ئوحود و ئاخ بۆ ئەو ڕوداوە و خوێنی پیرۆزی هاوەڵانی ستەم لێکراو هەڵدەکێشین بێ ئاگا لەوەی کە ئێمە سەدەیکە بەردوام ڕۆژانە دە هێندەی ئوحود قوربانی دەدەین.

ئێمە زمانی حاڵمان لەسەر ئەو چیایە خۆزگە و بریایە بەوەی هاوەڵان سەرپێچی فەرمانەکانی پێغەمبەریان ﷺ نەکردایە، بەڵام هەر خۆمان ڕۆژانە سەد هێندەی ئەوان سەرپێچی فەرمانەکانی خودا و پێغەمبەر ﷺ دەکەین و بەخەیاڵیشماندا نایەت.

ئەمانە بەڕاستی جێی داخن.

بۆیە بەڕێزان گرنگە ئێمەیش جارێکی تر بە خۆماندا بچینەوە ولەو ڕوداوە پەند وەربگرین.

**٢- هۆكار:**

قورەیش سەرەڕای (١٣) ساڵ لەچەوسانەوە و ئەشكەنجەدان و كوشتن و گەمارۆدان و تاڵان كردن و ڕاوەدونانی بڕواداران و شاربەدەركردنیان لەمەككە بەرەو مەدینە هێشتا هەر كۆڵیان لێ نەدەدان و دەیانویست لەوێش ڕیشەكێشیان بكەن، ئەوە بوو لەساڵی دووی كۆچیدا شەڕی بەدریان هەڵگیرساند و ساڵێكی تری نەخایاند پلانی شەڕی ئوحود و هەڵكوتانە سەر شاری مەدینەیشیان دارشت.

هۆكارەكانی هەڵگیرساندنی شەڕی ئوحود لەلایەن قورەیشەوە فرە ڕەهەند و ئامانجی جیاوازی هەبوو كە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

یەكەم: ئاینی: سەرانی قورەیش دەیانزانی ئاینی ئیسلام ڕۆژ بەڕۆژ جێ بە بت و ستەمی ئەوان لێژ دەكات و بازنەی ئیسلام بەرەو فراوانبوونە و چیتر تۆمەت و تۆقاندن دادیان نادات و كۆڵ بە بڕواداران نادات، چیتر مەحاڵە ئەوان بتوانن بەدرۆ و ئەفسانەی بت و داتاشراوەكانی دەستی خۆیان خەڵكی بگەوجێنن و فریو بدەن؛ بۆیە تاكە ڕێگایەك كەلەبەردەمیان مابوو بەكارهێنانی هێزی سەربازی بوو، هەرچەند لەبەدریش بەختی خۆیان لەو ڕێیەوە تاقیكردبوەوە و سەركەوتو نەبوون بەڵام چاری تریان نەبوو هەر ئەو ڕێگەیەیان لەبەردەمدا مابوو.

ئەمەیش نەك تەنها نەریتی سەرانی بێباوەڕانی مەككە بوو بەڵكو بێباوەڕان بەدرێژایی مێژووی پەیامەكانی خوا هەر ئەوە نەریتیان بووە و هیچ كات نەیانتوانیوە بەهێزی لۆژیك ڕوبەڕوی پێغەمبەران و پەیامەكانیان و بڕواداران ببنەوە بۆیە ناچار پەنایان بردۆتە بەر لۆژیكی هێز و لەو ڕێیەوە هەوڵی سەركوتكردنی بڕاواداران و یەكلاكردنەوەی ململانێكانیان داوە.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆشدا هەر هەمان نەریت بەردەوامە و دیموكراتیەت و ئازادی بیروڕا و حوكمی گەل تا ئەو كاتە پیرۆزە كە لەبەرژەوەندی مانەوەی دەسەڵات و پارت و بنەماڵەكانیان بێت و خەڵكیان بۆ ڕام و دەستەمۆ بكات، خۆ ئەگەر پێچەوانە بویەوە ئەوە بەڕۆژی نیوەڕۆ و بە بەرچاوی دونیاوە بێ شەرمانە هەر خۆیان ئەتكی

دروشمەکانی خۆیان دەکەن و ژێر پێی دەخەن هەروەك ئەوەی لەجەزائیر وتورکیا ومیسر وچەندین شوێنی تری ئەم دونیایە گوزەراوە.

دووەم: ڕامیاری و سەربازی: قورەیش لە ساڵی دووی کۆچی و لەغەزای بەدردا و سەرەڕای نابەرامبەری هێز لەشکرەکەیان تێکشکا و زیانێکی زۆر بەر سوپا و ناوبانگی سەربازییان کەوت و ئەوەی لەو شەڕەدا بەسەریان هات بەدرێژایی مێژوو بەخۆیانەوە نەبینیوە، ئێستا سوپای قورەیش لەسەر دەستی کۆمەڵێك خەڵکی لێقەوماو و دەربەدەر و کەم دەست لوتی لەزەوی دراوە و چەندین سەرکردەی سەربازی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەدەست داوە لەنموونەی: (ئەبو جەهل، وئومەیەی کوڕی خەلەف، وعوتبەی کوڕی ڕەبیعە وشیبەی کوڕی ڕەبیعە و وەلیدی کوڕی عوتبە...هتد)، بۆیە بەردەوام لە هەوڵدا بوون تا تۆڵەی ئابڕوی تکاوی شەڕی بەدر لەبڕوادارن بکەنەوە و ناوبانگ و پێگەی سەربازییان بگێڕنەوە.

سێیەم: ئابووری و بازرگانی: قورەیش ساڵانە دوو کاروانی بازگانی هەبوو، کاروانێکی لەزستاندا بەڕێ دەکرد بۆ یەمەن و شتومەك و بەروبوم و کاڵا بازرگانییەکانی شامیان بۆ دەبرد و لەوێشەوە کاڵاو بەروبومەکانی یەمەنیان لەگەڵ خۆیان دەهێنایەوە، کاروانێکیشیان لەهاویندا بۆ شام بەڕێ دەکرد و کاڵاکانی یەمەنیان بۆ دەبرد و کاڵاکانی شامیان دەهێنایەوە، خوای گەورەیش لەقورئاندا باسی ئەم دوو کاروانەیان دەکات و دەفەرموویێت: ﴿إِيلَافِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ﴾[1]. واتە: ئالودەبوونی قورەیش بەبازرگانی زستانان بۆ یەمەن وهاوینان بۆ شام.

لێدانی هەر یەکێکیش لەم دوو باڵە بازرگانییە شکاندنی باڵەکەی تریش بوو، چونکە ئەگەر کاروانی شام ڕێی لێگیرا و پەك خرا ئەوە بێ گومان کاروانی یەمەنیش پەکی دەکەوێت؛ چونکە پشتی بەکاڵا هاوردەکانی شام بەستبوو.

جوغرافیای مەدینە و شاری نوێی بڕوادارانیش وا هەڵکەوتبوو کەنزیك بوو لەو ڕێگا سەرەکییەی بازرگانی نێوان قورەیش و شامەوە؛ بەو هۆیەشەوە کاروانە

---

١ - سورة قريش: الآية (١-٢).

بازرگانییەكانی قورەیش بەتەواوی كەوتبوە ژێر هەڕەشەی دەست بەسەراگرتنی موسوڵمانانەوە، ئەمەیش فشارێكی گەورەی بۆ سەر باری ئابوری دانیشتوانی مەككە دروستكردبوو كە بەشێكی سەرەكی بژێوی ژیانیان لەسەر ئەو بازرگانییە بوو.

هەر بۆیە پاش شەڕی بەدر صەفوانی كوڕی ئومەیە بەقورەیش دەڵێ: ئێمە ژیان و گوزەرانمان لەسەر بازرگانییە و موحەممەد و هاوەڵەكانی ڕێگای بازرگانی شامیان لێ تێك داوین و ڕێگكانیان تەنیوە و كەناراوەكان جێ ناهێڵن و خەڵكی ناوچەكەیش پەیتا پەیتا شوێنیان دەكەن و دەبنە هاوپەیمانیان. ئەگەر كار وا بڕوا ڕێگای بازرگانیمان نامێنێت و لەمەككەدا قەتیس دەمێنین و پاش ماوەیەكی تر گشت دەستمایەكانمان دەخۆین و مایە پوچ دەبین[١]. بۆ ڕزگاربونیش لەو قەیرانە داراییە قورەیش دەبوو هەرچی هەیە بیخاتە كار بۆ زامنكردنی سەلامەتی ڕێگا بازرگانییەكانی و بژاردەی شەڕیش یەكێك بوو لە ڕێگا چارەكان.

چوارەم: كۆمەڵایەتی: قورەیش پێی وابو برینی تۆڵەی كوژراوەكانی بەدر تەنها بەكوشتنەوەی پێغەمبەر و گەورە یارانی سارێژ دەبێت، بۆیە هەندێكیان سوێندیان خواردبوو كە پرسە بۆ كوژراوەكانی بەدر دانانێن تا تۆڵەیان نەكەنەوە و نەیشیان دەهێشت ئافرەتەكانیان بەسەر كوژراوەكانیان بگرین چونكە دەیانگوت: گریان ڕقی تۆڵەسەندنەوە خامۆش دەكات.

هیندی كچی عوتبە كە خێزانی ئەبو سوفیان بوو وە باوك و برا و مامی لەبەدردا كوژرابوون، بەردەوام سەركۆنەی ئەبو سوفیانی هاوسەری دەكرد و داوای تۆڵەی خوێنی كوژراوەكانی لێ دەكردەوە و بەترسنۆك ناوی دەبرد[٢].

هەر بۆیە پاش گەڕانەوەی سوپا تێكشكاوەكەی قورەیش لەبەدر و گێڕانەوەی تەرمی كوژراوەكانیان خەڵكێكی زۆر لەوانەی كە كەس و كاریان كوژرابوو لەوێنەی

---

١ - أحمد أحمد غلوش، السیرة النبویة والدعوة في العهد المدني، مؤسسة الرسالة، ط١، ٢٠٠٤، ص٣٢١.

٢- ئەبو سوفیان زۆر حەزی بەو شەڕە نەدەكرد؛ چونكە پاش بەدر وكوژرانی سەرە دیارەكانی قورەیش پێگەی سیاسی و جەماوەری ئەم گۆڕابوو بەشێوەیەك كە ببوە كەسی یەكەم لە ناو قورەیشدا و خۆیشی پیاوێكی بلیمەت و بازرگانێكی گەورە بوو؛ بۆیە حەزی لەكێشە و شەر نەبوو نەیشی دەویست ئەو پێگەو جێگەیە لەدەست بدات و بەدەردی ئەوانی تر بچێت.

(صەفوانی کوڕی ئومەیە، عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل، عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ڕەبیعە...هتد) ئۆقرەیان لەبەر بڕابوو دەستبەجێ چوونە لای ئەبو سوفیان و بینیان هێشتا وشترەکانی کاروانەکەی بەدر - کە ژمارەکەی (١٠٠٠) وشتر بوو بەبارەکانیانەوە کە بە (٥٠,٠٠٠) دیناری ئاڵتونی ئەو کات مەزەندە دەکرا- لە (دار الندوة) بەستراونەتەوە، بە ئەبو سوفیانیان گوت: موحەممەد بنبڕی کردین و گەورە پیاوانی لەناو بردین و بەدناوی کردین، ئێستایش ئێمە داوای دەستمایەی ئەم کاروانە ناکەین کە کەسوکارمان لەپێناودا بەکوشت دا، بەڵکو تەنها قازانجەکەیمان پێ بدەن بۆ ئەوەی تۆڵە لە موحەممەد و هاوەڵانی بکەینەوە. ئەبو سوفیان گوتی: من یەکەم کەسم کە قازانجم ناوێت و نەوەی عەبدولداریش لەگەڵ منن، دواتر هۆزەکانی کینانە و توهامەیش بەوە ڕازی بوون[1].

خوای گەورە لە وەسفی ئەو هەوڵانەی سوپای قوڕەیشدا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ لِيَصُدُّواْ عَن سَبِيلِ اللهِ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ إِلَى جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ﴾[2]. واتە: بێباوەڕان ماڵ وسامانی خۆیان لەپێناو بەرگرتن بەڕێبازەکەی خوا خەرج دەکەن، جا سەرەڕای ئەوەی لەدونیا خەرجی دەکەن و لەدەستی دەدەن لە قیامەتیش لەسەری سزا دەدرێن و دەرەنجامیش هەر تیادەچن و تێك دەشکێن و لە دواڕۆژیشدا بەرەو دۆزەخ بەرێ دەکرێن.

بێباوەڕان ئێستایش هەروان بوجە و داهات بۆ دژایەتی دین و لەخشتەبردنی خەڵکی تەرخان دەکەن، تۆڕ و ڕێکخراوی بۆ دروست دەکەن، کۆنفرانس و پلاتفۆڕمی بۆ دەبەستن، بەڵام دەرەنجام هەوڵەکانیان بێ هودەیە و مایە پووچی دونیا و دواڕۆژ دەبن؛ چونکە ئەوانە وەك خوای گەورە باسیان دەکات: ﴿يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ﴾[3]. واتە: ئەوانە دەیانەوێت ڕووناکیی خواو پەیامەکەی بەفوی

---

١ - البيهقي (أحمد بن الحسين بن علي)، دلائل النبوة، ج٣، دار الكتب العلمية، تحقيق: د. عبد المعطي قلعجي، بيروت، ط١، ١٩٨٨، ص٢٢٤.

٢ - سورة الأنفال: الآية (٣٦).

٣ - سورة الصف: الآية (٨).

دەمیان بكووژێننەوە، دەرەنجامیش خوا ڕووناكیی خۆی هەر پەخش دەكات، با بێ بڕوایانیش پێیان ناخۆش بێت.

بۆیە دڵنیابن خۆشەویستان ئێمە هەبین یان نا خوا ئاین و پەیامی خۆی هەر سەردەخات و نەیارانیشی سەرشۆڕ دەكات، ئەوەی دەمێنێتەوە تاقی كردنەوە دڵسۆزی و لێبڕانی ئێمە و ئەوانە بۆ پەیام وبەرانەمەكانمان.

ئەمانە خوای گەورە لەقورئاندا وەك كەفی دەریا یان درەختێكی پیسی بێ ڕەگ وێنایان دەكات كەهەر ڕۆژە و لەژێر ناوێكدا و بەزوورناى خەڵكێك هەڵدەپەڕن، ئێستا كوا ڕەنجو ماندوو بونی ئەبو جەهل؟ ئەبو جەهلەكانی ئەم سەردەمەش هەر بەو دەردە دەچن هەر هێندەی ئەویش بەرهەمیان دەبێت، ئەوەتا خوای گەورە پێیان دەفەرموێت: پارەكانیان لە كیس دەچێت، تێك دەشكێن، ڕەنج بەخەسار دەڕۆن، لە كۆتایشدا بەرەو دۆزەخ بەڕێدەكرێن.

ئەمانە گرنگترین هۆكارەكانی هێرش و لەشكركێشییەكەی سوپای قورەیش بوو بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ و یارانی لەشاری مەدینەدا.

**٣- كات:**

جەنگی بەدر لە (١٧) ی ڕەمەزانی ساڵی (٢) ی كۆچییدا ڕویدا. پاش ئەو بە (١٣) مانگ واتە لەڕۆژی شەممەی (١٥) شەوالی ساڵی (٣) ی كۆچی غەزای ئوحود ڕویدا[١].

سوپای قوڕەیش لە (٥) ی شەوال لەڕێگەی سەرەكی ڕۆژئاواوە بەرەو مەدینە كەوتە ڕێ، كاتێك گەیشتنە ناوچەی (الأبواء) هیندی كچی عوتبەی خێزانی ئەبو سوفیان پێشنیاری كرد كە گۆڕی دایكی پێغەمبەر ﷺ هەڵبدەنەوە و گوتی: ئەگەر موحەممەد هەر كەسێكی لێ بەدیل گرتین، بە ئێسكێك لەئێسكەكانی دایكی دەیگۆڕینەوە، سەرانی

---

١- هەرچەندە زانایان بۆچونی جیاوازیان هەیە لەو بارەیەوە بەڵام ئەم بەرواره بەهێزترینیانە و ئیبن ئیسحاق و واقیدی و زوهریش دەڵێن: جەنگەكە ڕۆژی (١٥) ی شەوال ڕویداوە. سەرچاوەكان: إبن عبد البر، الدرر في اختصار المغازي والسير، دار المعارف، القاهرة، ط٢، ١٤٠٣، تحقيق: شوقي ضيف، ص١٥٨. د. أكرم ضياء العمري، السيرة النبوية الصحيحة محاولة لتطبيق قواعد المحدثين في نقد روايات السيرة النبوية، ج١، مكتبة العلوم والحكم، ط٦، ١٩٩٤، ص٢٩٩.

قورەیش ئەوەیان پێ باش نەبوو گوتیان دواتر (بنو بکر) یش گۆڕی مردووەکانی ئێمە هەڵدەدەنەوە و ئەوەیش دەبێتە نەریتێکی خراپ لەناو عەرەبدا[1].

پاش هەفتەیەك واتە لە (١٢) ی شەوال و لە ڕۆژی (چوار شەممە) لەمەدینە نزیك بونەوە و ڕێگەی شیوی عەقیقیان گرتە بەر، پاشان کەمێك بەلای ڕاستدا لایان دا تا گەیشتنە ناوچەی (عینین) و ناوەندی شیوی (ذو الحليفة) بەرامبەر مەدینە و ڕۆژی چوارشەممە و پێنج شەممە و هەینی لەوێ مانەوە.

پێغەمبەری خودایش ﷺ لەپاش نوێژی عەسری ڕۆژی هەینی و لە (١٤) ی شەوال لەمەدینە لەگەڵ سوپاکەی بەڕێکەوت و سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە گەیشتنە دامێنی چیای ئوحود و شیوی (ذو الحليفة) - ئەو شیوەی سوپای قورەیشی تێدا بوو- لەوێ و لەبەرامبەر سوپای قورەیش ڕیزەکانیان ڕێکخست و لە بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە (١٥)ی شەوال جەنگەکە ڕوویدا.

### ٤- شوێن:

غەزاکە لەدامێنی چیای ئوحود ڕویدا و هەر بەو هۆیەیشەوە ناونرا غەزای ئوحود.

چیای ئوحودیش چیایەکی دیاری شاری مەدینەیە و دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای شارەکەوە؛ بەهۆی دیاری و هەڵکەوتوییەوە ناوی نراوە (ئوحود) و بەرزاییەکەی کاتی ڕوودانی غەزاکە (١٢٨م) بووە؛ بەڵام ئێستا و بەهۆی هۆکارەکانی داڕوتانەوە بەرزییەکەی نزیکەی (١٢١م) ە. چیاکە نزیکەی (١) فەرسەخ واتە (٣) میل کەدەکاتە (٥) کیلۆ مەتر و نیو لە مەدینەوە دوورە.

پێغەمبەری خودا ﷺ زۆر دڵی بەم چیایە دەکرایەوە و تەنانەت دواى غەزای ئوحود و کاتێك هەستی کرد هاوەڵان شتێك لەدڵیاندا بەرامبەری دروستبووە ویستی ئەو هەستەیان بگۆڕێ و پێی فەرموون: ﴿أُحُدٌ جَبَلٌ يُحِبُّنَا وَنُحِبُّهُ﴾[2]. واتە: ئوحود چیایەکە خۆشی دەوێین و خۆشمان دەوێت.

---

١ - صفي الرحمن المباركفوري، الرحيق المختوم، دار الهلال، بيروت، ط١، ص٢٢٦.

٢ - البخاري (محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري)، صحيح البخاري (الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله ﷺ وسننه وأيامه)، ج٢، دار طوق النجاة، ط١، ١٩٩٢، تحقيق: محمد زهير بن ناصر، ص١٢٥، رقم الحديث (١٤٨٢).

گۆڕی (هارون) پێغەمبەریش هەر لەدامێنی ئەو چیایەیە و کاتێك لەگەڵ (موسا)ی برای سەلامی خوایان لێ بێت دێن بۆ زیارەتی کەعبە لەوێ کۆچی دوایی دەکات و هەر لەوێش بەخاك دەسپێردرێت.

**٥- ئامادەکارییەکانی قورەیش:**

سەرانی قورەیش لە دوای جەنگی بەدر و لەماوەی ئەو ساڵەدا و پشت ئەستور بەو هۆکارە ئاینی و سیاسی و سەربازی و بازرگانی و کۆمەڵایەتییانەی پێشتر باسمان کرد بەردەوام خۆیان بۆ تۆڵە سەندنەوە و هێرش کردنە سەر مەدینە ئامادە دەکرد.

لەڕووی سەربازییەوە: قورەیش داوای لەهەموو تیرە و هۆزەکانی عەرەب کردبوو کۆمەکی بکەن لەهێرشەکەیاندا؛ بۆیە جگە لە سەربازانی خۆی هەموو ئەحابیشەکان لەنەوەکانی موصطەلەق و هەون و کینانە و توهامە لەگەڵیان هاتبوون و لە دامێنی چیای حوبەیش لە خواروی مەککە هاوپەیمانێتییەکیان لەگەڵ قورەیش مۆر کرد کە تارۆژ لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵبێت و لەرۆژئاواوە ئاوا بێت ئەوان لەگەڵ قورەیش دەبن.

سەرکردەیەکی ئەوسی خەڵکی مەدینەیش کە نازناوی ئەبو عامری فاسیق (ڕاهیب) بەحەفتا چەکدارەوە چووبووە ناو سوپای قورەیشەوە، ئەم پیاوە گەورەی ئەوسییەکان بوو لەمەدینە، ناوی عەبدی کوڕی عەمری صەیفی بوو، لە سەردەمی نەفامی و بەر لەهاتنی ئیسلام ببوە مەسیحی و جلی قەشەی لەبەر کردبوو، کاتێك ئیسلام هاتە مەدینە زۆر پێی ناڕەحەت بوو، وە زۆر دژایەتی دەکرد، کاتێکیش پێغەمبەر ﷺ تەشریفی چووە مەدینە ئەو پیاوە هات بۆ لای و پێی گوت: ئەم ئاینە چییە هێناوتە و بانگەشەی بۆ دەکەیت؟. فەرمووی: ئاینی ڕەسەنی ئیبراهیم پێغەمبەرە درودی خوای لەسەر. گوتی: جا خۆ منیش لەسەر ئەو ئاینەم. پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: تۆ لەسەر ئەو ئاینە نیت. گوتی: با بەڵام تۆ هەندێك شتت بۆ زیاد کردوە کە لەبنەڕەتدا تێیدا نیە. پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: شتی وام نەکردوە بەڵکو بەپاك و بێگەردی هێناومە و هیچ کەم و زیادێکم تێدا نەکردوە. گوتی: هەرکەس درۆ دەکات لەنێوان من و تۆ خوای گەورە بەدەربەدەری و بێکەسی و ڕیسوایی لەناوی ببات. پێغەمبەری خودا ﷺ

فەرمووی: ئامین. لەوکاتەوە پێغەمبەری خودا ﷺ لەبری ئەبو عامری راهیب ناوی نابوو: ئەبو عامری فاسیق.

دواتر ئەم پیاوە مەدینەی بەجێهێشت و چووە مەککە و بەردەوام هانی قورەیشییەکانی دەدا دژی پێغەمبەر ﷺ و بەڵێنی ئەوەی پێدەدان کە ئەوسییەکان و خەڵکی مەدینە لەگەڵ منن نەك پێغەمبەر ﷺ.

ئەم هێزەی ئەبو عامر مەترسیی زۆر لە مەترسیی سوپای قورەیش زیاتر بوو؛ چونکە خەڵکی مەدینە بوون و بەتەواوی شارەزای ناوچەکە بوون و گشت کوچە و کۆڵانەکان و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی شاریان دەزانی و قورەیش بۆ دارشتنی نەخشەی شەڕ زۆر پرسی بەوان دەکرد و سوودی لەوان دەبینی.

جگە لەوانەیش ئەبو سوفیان فەرمانی کردبوو بەسەرکردە سەربازییەکانی کە ژن و خزمەتکار و کۆیلەکانیان لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ جەنگ، ئەویش بە کۆمەڵێك مەبەست:

یەکەم: ئەو سەرکردانە کەچاوی خێزانەکانیان لێ دیار بێت باشتر دەجەنگن و زیاتر هەوڵی خۆنواندن دەدەن.

دووەم: بوونی خێزانی سەرکردەکان لەبەرەکانی شەڕدا ئەرکی هاوسەرەکانیان قورستر دەکات و ئابڕو کەرامەتیان دەخاتە مەترسییەوە؛ بۆیە ناتوانن وەکو بەدر هەوڵی هەڵهاتن بدەن و دەبێت تا دوا هەناسە و بەو پەڕی توانایانەوە بجەنگن.

سێیەم: ئەو ژنانە شیعر و پەخشان و شانامەیان بەباڵای سەرکردە و سەربازەکاندا هەڵدەدا و ورەیان بەرز دەکەنەوە.

چوارەم: شینی کوژراوەکانی بەدریان دەگێڕا و برینی کەسوکاریان دەکولاندنەوە و رق ئەستوور تریان دەکردن بەرامبەر بە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی.

ژمارەی ئەو ئافرەتانەیش کە بۆ ئەم مەبەستە هاتبوون (١٧) ئافرەت بوون و دیارترینیان هندی کچی عوتبەی خێزانی ئەبو سوفیان خۆی بوو کە باوك و مام و

براکەی لە بەدردا کوژرابوون و لەپێشی سوپاکەوە دەڕۆیشت و لەڕێگەی هۆنراوە و پەخشانەوە ورەی سەربازەکانی بەرز دەکردەوە[١].

یەکێکی تر لەوانە (سولافەی کچی سەعد)ی خێزانی (طەڵحەی کوڕی ئەبی طەڵحە)ی هەڵگری ئاڵاکەی سوپای قوڕەیش بوو (سولافە) جگە لە هاوسەرەکەی هەر چوار کوڕەکەیشی لە سوپای قوڕەیشدا بوون[٢].

- هەر لەڕووی سەربازییەوە قوڕەیش هەندێك کەسی دەست ڕاست و تیرهاوێژی بەتوانای ئامادەکردبوو بۆ تیرۆرکردنی پێغەمبەر ﷺ و کەسە نزیك و سەرکردە بەتواناکانی، بۆ ئەو مەبەستەیش کۆیلەیەکی حەبەشی کەناوی (وەحشی) بوو کۆیلەی جوبەیری کوڕی موطعیم بوو[٣]، جوبەیر کاتی خۆی مامی کەناوی طوعەیمەی کوڕی عەدی بوو لە بەدردا بەدەستی حەمزە کوژرابوو، ئەم کوڕە حەبەشیەی ئامادە کردبو بۆ ئەوەی تۆڵەی مامی بۆ بکاتەوە، پێیشی گوتبوو: ئەگەر حەمزە بکوژیت، ئازادت دەکەم، وەحشی دەڵێت: من بەشداری شەڕەکەم نەکرد یەك ڕمم پێ بوو تەنها ئامانجم کوشتنی حەمزەو وەرگرتنەوەی ئازادی خۆم بوو.

- لەڕوی ڕاگەیاندنەوە: قوڕەیش کۆمەڵێك بوێژ و شاعیری بەتوانای لەگەڵ خۆی هێنابوو تا ورەیان بەرز بکەنەوە لەوانە ئەبو عەززە (عەمری کوڕی عەبدوللای جومەحی) لەگەڵ (موسافیعی کوڕی عەبدولمەنافی عەبدەری).

ئەبو عەززە یەکێك بوو لەو سەربازانەی کە لە بەدریشدا دژی پێغەمبەر ﷺ جەنگابوو، پاشان بەدیل گیرابوو، پێغەمبەری خودا ﷺ بەبێ بەرامبەر ئازادی کردبوو بەڵام بەڵێنی ئەوەی لێوەرگرتبوو کە جارێکی تر بەشداری هیچ جەنگێك دژی پێغەمبەر ﷺ نەکات.

---

١ – یەکێك لەو هۆنراوە بەناوبانگانەی دەیگوتەوە هۆنراوەیەکی (هندی کچی بەیاضە) بوو کە دەڵێت: نحن بنات طارق** نمشی علی النمارق** مشی القطا النواتق ** والمسك فی المفارق ** والدر فی المخانق ** إن تقبلوا نعانق ** أو تدبروا نفارق ** فراق غیر وامق.

٢ – سولافە لەو غەزایەدا هاوسەرەکەی و هەرچوار کوڕەکەیشی لەدەست دەدات.

٣ – هەندێك دەڵێن هیندی کچی عوتبە ئەو بەڵێنەی پێدا بوو بەڵام ئەم ڕیوایەتەیان بەهێز ترە و هیچ ڕێگریەکیش نیە بەوەی هەردوکیان هەمان بەڵێنیان پێ دابێت.

کاتێك سوپای قورەیش خۆی بۆ شەڕی ئوحود ئامادە دەکرد صەفوانی کوڕی ئومەییە چووە لای ئەبو عەززە و پێی گوت: تۆ شاعیرێکی بەتوانایت وەرە بەشیعرەکانت هاوکاریمان بکە و ورەمان بەرز بکەرەوە، بەڵێن بێت ئەگەر گەڕاینەوە و سەرکەوتین دەوڵەمەندت بکەم، ئەگەریش هەرچیت لێهات، کچەکانت دەبەمە لای کچەکانی خۆم و لەخۆشی و ناخۆشیدا وەك یەك دەبن، ئەبو عەززە زۆری تکا لە صەفوان کرد و پێی گوت: من لە بەدردا بەدیل گیراوم و موحەممەد ﷺ پیاوەتی لەگەڵدا کردوم و بەبێ بەرامبەر ئازادی کردوم، نامەوێت جارێکی تر دژی بوەستمەوە، ئەمجارە بگیرێم هەروا ئاسان ڕزگارم نابێت، صەفوان هەر لەگەڵی گوت تاڕازی کرد و لەگەڵ موسافیع بەردەوام بەهۆنراوەکانیان سوپای قورەیشیان دژی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی هان دەدا.

لەڕوی داراییشەوە وەکو گوتمان قورەیش پەنجا هەزار دیناری ئاڵتونی بۆ بوجەی ئەو شەڕە تەرخان کردبوو.

### ٦- گەیشتنی هەواڵەکان بەپێغەمبەر ﷺ:

پێغەمبەری خودا ﷺ لەمەدینە ئاگای لەو لەشکرکێشیەی قورەیش نەبوو؛ بەڵام عەبباسی مامی کە بەنهێنی موسوڵمان ببو هەر لە مەککە مابوەوە و هەموو هەواڵەکانی مەککەی بۆ دەگواستەوە، هەر بۆیە کاتێك عەبباس ویستی کۆچ بکات بەرەو مەدینە پێغەمبەری خودا ﷺ ڕێگەی پێنەدا و پێی فەرموو: ئێمە لە مەککە زیاتر سودت لێ دەبینین وەك لەمەدینە.

عەبباس کە بینی قورەیش ئامادەباشی تەواوی کردوە بۆ هێرش کردنە سەر مەدینە و ئەمڕۆ یان سبەی سوپاکەیان جوڵە پێ دەکەن، نامەیەکی نهێنی بۆ پێغەمبەر ﷺ نووسی و دایە دەستی پیاوێك لە بەنی غەففار و مەرجی ئەوەی لەگەڵ کرد کە دەبێت لەماوەی سێ ڕۆژدا نامەکە بگەیەنێتە دەستی پێغەمبەر ﷺ.

کاتێك نامەکە گەیشتە دەستی پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوتی (قباء) بوو، بەهۆی ئەوەی کەخۆی خوێندەواری نەبوو نامەکەی دایە دەستی ئوبەیی کوڕی کەعب تا بۆی

بخوێنێتەوە، کەنامەکەی بۆ خوێندەوە هەموو وردەکارییەکانی هێرشەکەی تێدا بوو هەر لەئامادەکارییەکان و دیاری کردنی کاتی هێرشەکە و ژمارەی سەربازەکان و ئامانجی هێرشەکە و زۆر ووردەکاری تر، پێغەمبەری خودا ﷺ کە هەواڵەکەی بیست زۆری پێ ناخۆشبوو و دەستبەجێ گەڕایەوە مەدینە و داوای لەئوبەیی کرد هەواڵەکە لای کەس باس نەکات.

لەگەڵ گەیشتنەوەی بەمەدینە ڕۆشت بۆ ماڵی سەعدی کوڕی ڕەبیع و هەواڵەکەی لای ئەو باس کرد و فەرمووی: بە ویستی خوا خێری تێدایە و جارێ لای کەس باسی مەکە و تەنها خۆت بیزانە؛ بەڵام خێزانەکەی سەعد گوێی لەقسەکانییان بوو بە هەواڵەکەی زانی[1].

هەرچەندە هیچ کام لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ هەواڵەکەیان باس نەکرد، بەڵام کاتێك دووڕوو و جولەکەکان ئەو نامەبەرەی خەڵکی مەککەیان لەمەدینە بینی و هەستیان کرد پێغەمبەری خودا ﷺ و هەندێك لەهاوەڵانی بەردەوام سەرقاڵن و دێن و دەچن، گوتیان دیارە ئەو پیاوە هەواڵێکی ناخۆشی بۆ پێغەمبەرﷺ هێناوە بۆیە وا شپرزە بووە و دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی ناخۆش بەناو خەڵکیدا؛ بەڵام هیچ زانیارییەکیان نەبوو لەسەر ئەوەی کە جۆری مەترسییەکە چییە و چۆنە و لەکوێوەیە.

دواتر هەواڵەکە بڵاوبویەوە کە قوڕەیش دەیەوێت هێرش بکاتە سەر مەدینە.

### ٧- ئامادەکارییەکان لە مەدینە:

پاش بڵاوبونەوەی هەواڵەکە شاری مەدینە کەوتە ئامادەباشییەوە و پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی بەردەوام چەکدار بوون وتەنانەت لەکاتی نوێژیشدا چەکەکانیان دانەدەنا.

---

١- بۆیە کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ ڕۆیشت خێزانەکەی سەعد هاتو گوتی: ئەوە پێغەمبەر ﷺ بۆچی هاتبوو؟. سەعد گوتی: دایکی محەممەد ئەوە چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە، کارێکی خۆی هەبوو. گوتی: وەڵڵا دەزانم بۆ چی هاتبوو. گوتی: دەی بۆچی هاتبوو؟. ئەویش بەوردی هەواڵەکەی باس کرد و گوتی پێغەمبەر ﷺ هەرچی باس کردوە گوێم لێبووە. سەعد کە ئەوەی بیست زۆر پێی تێکچوو، دەستی خێزانی گرت و بردی بۆ لای پێغەمبەر ﷺ. گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ بەخوا من هیچم نەدرکاندوە بەس خێزانم خۆی گوێی لێبووە و دەترسم ئەگەر بڵاو بێتەوە وابزانی من درکاندومە. پێغەمبەر ﷺ فەرموی: وازی لێبێنە کێشەیەك نییە، بەڵام با جارێ هەواڵەکە بڵاو نەبێتەوە.

هاوەڵان بەمەبەستی پاراستنی پێغەمبەر ﷺ لەمەدینە یەکەیەکی سەربازییان پێکهێنا لەپشتیوانەکان کە بریتیبوون لە: (سەعدی کوڕی موعاذ، سەعدی کوڕی عوبادە، ئوسەیدی کوڕی حوضەیر) ئەمانە بەتایبەت پاسەوانی پێغەمبەریان ﷺ دەکرد و شەوانیش لەدەوری ماڵەکەی دەمانەوە، نەوەك دوو ڕووەکان یان جولەکەکان ئەو پشێویە بقۆزنەوە و زیانی پێ بگەیەنن.

بەمەبەستی پاراستنی ڕێگاو بانەکانی مەدینەیش چەند یەکەیەکی سەربازیی تریان پێکهێنا نەبا سوپاکەی قوڕەیش بەشەو لەیەکێك لەو ڕێگایانەوە دزە بکەنە ناو شاری مەدینە.

بەمەبەستی دەستخستنی زانیاریش دەربارەی سوپاکەی قورەیش پێغەمبەرﷺ: ئەنەس و موئنیس[١] و حەببابی کوڕی مونذیری نارده دەرەوەی مەدینە تا بەتەواوی لە ژمارە و شوێن و ئامادەکارییەکانیان دڵنیا بێت، وپێیشی فەرموون: هەرچیتان دی جگە لەخۆم یەك ووشە بەهیچ کەسی تر ناڵێن.

### ٨- خەوبینینی پێغەمبەر ﷺ و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان:

شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینی پێغەمبەر ﷺ خەوێکی ناخۆشی بینی، بەیانی ڕۆژی هەینی هاوەڵانی کۆکردەوە و خەوەکەی بۆ گێڕانەوە و فەرمووی: ﴿إِنِّي قَدْ رَأَيْتُ بَقَرًا تُذْبَحُ، وَأَوَّلْتُهَا خَيْرًا، وَرَأَيْتُ فِيَ ذُؤَابَةِ سَيْفِي ثَلْمًا، وَرَأَيْتُ أَنِّيَ أَدْخَلْتُ يَدِي فِي دِرْعٍ حَصِينَةٍ، فَأَوَّلْتُهَا الْمَدِينَةَ﴾[٢]. واتە: خەوێکم بینیوە خێری پێوە بێت، بینیم مانگایەکم سەردەبڕدرا و دەمی شمشێرەکەم زولفەقار کەلبو وە بینیم دەستم کرد بەناو زرێیەکی پۆڵایینداا.

هاوەڵەکانی گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ چۆنی تێدەگەیت ؟.

فەرمووی: سەربڕینی مانگاکە شەهید بوونی کۆمەڵێکە لەیارانم.

کەلبوونی شمشێرەکەم شەهید بوونی کەسانێکن لەبنەماڵەکەی من.

---

١- هەردووکیان برابوون و کوڕی (فوضاڵە) بوون.

٢ - إبن كثير، السيرة النبوية، ج٣، ص٢١.

ئەو زرێ پۆلاییەنەیش کەدەستم پێدا کردبوو مەدینەیە، جا ئەگەر پێتان باشە با لەمەدینە بمێنینەوە و لەسوپای قورەیش بگەڕێین، ئەگەر لەو شوێنەی ئێستایان بمێننەوە ئەوە شوێنەکەیان زۆر خراپە و ناتوانن زۆر بمێننەوە، خۆ ئەگەریش هێرشیان کردە سەرمان لە مەدینە، ئەو کات لێرەوە شەڕیان لەگەڵ دەکەین.

پێغەمبەری خودا ﷺ پاش گێڕانەوەی خەوەکە و دەربڕینی بۆچوونی خۆی ڕاوێژی بەهاوەڵانی کرد کە چۆن ڕووبەڕووی سوپای قورەیش ببنەوە؟ هاوەڵان لەو بارەوە بۆچوونیان جیاوازبوو وە بوون بە دوو بەرەوە:

**بەرەی یەکەم:** هاوڕای پێغەمبەر بوون ﷺ و پێیان وابوو لەمەدینە بمێننەوە و نەچنە دەرەوە؛ بەڵام ئەمانە کەمینە بوون و یەکێك لەوانە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول بوو کە پێغەمبەر ﷺ پێی باش بوو بۆچونی بزانێت، هەرچەند لەوێ نەبوو بەڵام ناردی بە شوێنیدا؛ چونکە ئەم پیاوە لەگەڵ ئەوەیش کە سەری دووڕوو و موناقیقەکان بوو بەڵام پیاوێکی دەستڕۆیشتوو و دونیا دیدە بوو، کەهات گوتی: (ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ لەمەدینە بمێنەرەوە و مەچۆرە دەرەوە، وەڵڵاهی بۆ هەر دوژمنێك چوبێتینە دەرەوە دەستیان لێ وەشاندوین و هەر دوژمنێکیش بۆمان هاتبێتە ناو مەدینەوە دەستمان لێ وەشاندوە؛ با چاوەڕێ بکەین سوپای قورەیش بێنە ناو مەدینە، کەی هاتن پیاوەکانمان ڕووبەڕوو شەڕیان لەگەڵ دەکەین و ژن و منداڵەکانیشمان هاندەدەین لەسەربانەکانەوە بەردبارانیان بکەن و ئاوی گەرم و ئاگر ببارێنن بەسەریاندا و لە کۆڵانەکانی مەدینەدا سوپاکەیان پەرت دەکەین و هەموو کوچە و کۆڵانێکیان لێدەکەینە بەرەی شەڕ و قڕیان دەکەین. ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەمەم بەگوێ بکە و بشزانە من ئەمەم لەباب و باپیرانەوە وەرگرتوە و ئەوانیش پیاوی شەڕ و خاوەن ئەزموون بوون.

ڕاستە ئەم بۆچونەی عەبدوڵڵا هاوڕای بۆچونەکەی پێغەمبەر بوو ﷺ بەڵام ئەو مەبەستی تری هەبوو لەبۆچونەکەی؛ مەبەستی ئەوەبووە کە دووڕوویەکەی خۆی بشارێتەوە؛ چونکە ئەگەر پێغەمبەر ﷺ لەمەدینە بمێنێتەوە و نەڕواتە دەرەوە ئەو

کات کەس لە کەسەوە دیار نابێت و ئەم و هاوەڵە دوورڕووەکانی بۆ خۆیان لە ماڵەوە پاڵی لێ دەدەنەوە و لەوانەیشە بتوانن ژێر بەژێر کۆمەك بەسوپای قورەیش بکەن؛ بەڵام ئەگەر پێغەمبەر ﷺ بڕواتە دەرەوە لە مەدینە ئەوە دیارە کێ لەگەڵی دەڕوات و کێیش دوورڕووەو لەمەدینە دەمێنێتەوە.

**بەرەی دووەم:** ئەمان پێیان وابوو بچنە دەرەوەی مەدینە و لە ئوحود ڕووبەڕووی سوپای قورەیش بوەستنەوە، ئەم بەرەیەیش هەرچەندە بۆچوونی هەندێك خەڵکی بەتەمەن و خاوەن ئەزموونی لە نموونەی حەمزەی مامی پێغەمبەر ﷺ و سەعدی کوڕی عوبادە و نوعمانی کوڕی مالیکی لەگەڵ بوو؛ بەڵآم زۆربەی لایەنگرانی گەنج و لاوە خوێن گەرمەکان بوون و بۆچونەکەیش چەند هۆکار و پاڵنەرێکی هەبوو لەوانە:

**یەکەم:** ئەمان زۆربەیان گەنج بوون و ئەزموونێکی ئەوتۆی شەڕیان نەبوو.

**دووەم:** هەندێکیان زۆر تینوبوون کە سەرکەوتنێکی تری وەك بەدر تۆمار بکەن و فریشتە شان بەشانیان شەڕ بکات و موعجیزەی خوا بەچاوی خۆیان ببینن بۆیە گوتیان: (ئەمە ئەو ڕۆژە بوو ئێمە چاوەڕوانمان دەکرد ئێستا خوای گەورە هێناویێتییە بەردەستمان چۆن لێی ڕادەکەین).

**سێیەم:** هەندێکیان لەوانە بوون لە شەڕی بەدر بەشدارییان نەکردبوو دەیان ویست ئەو بەشدارینەکردنەی بەدر بە ئوحود قەرەبوو بکەنەوە.

**چوارەم:** زۆربەیان لە پشتیوانەکان و خەڵکی مەدینە بوون و قۆناغی ئەشکەنجە و ئازار و خۆڕاگری مەککەیان نەبینیبوو، یەکسەر لە قۆناغی دەسەڵات و دەوڵەتەوە دەستیان پێکردبوو و لە مەترسی ئەو جۆرە ڕووبەڕووبونەوانە و دەرەنجامەکانی کەمتر تێدەگەیشتن.

**پێنجەم:** سەرکەوتنی بەدر و تێگەیشتنی هەڵە لەچەمکی پشت بەستن بەخوا و سروشتی ڕووبەڕووبونەوەی نێوان بەرەی باوەڕ و نەیارانی وای حاڵی کردبوون کە سەرکەوتن هەمیشە بۆ بەرەی باوەڕە.

**شەشەم:** لەگەڵ ئەوەیش کە لە بەدردا ژمارەیان زۆر کەم بوو وە خۆیشیان بۆ شەڕ ئامادە نەکردبوو توانییان گورزی کەمەر شکێن لە بێباوەڕان بوەشێنن ئەی ئێستا چی کەژمارەیان زیاترە و خۆیشیان تەواو بۆ شەڕ ئامادە کردوە و ئەزموونێکی زیاتریشیان لەجاران هەیە.

**حەوتەم:** لەپاڵ ئەم هۆکارە سۆزداریانە هۆکارێکی سەربازیش هەبوو کە حەمزەی مامی پێغەمبەر ﷺ باسی کردو گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەگەر ئێمە لەناو مەدینە بمێنینەوە و خۆمان حەشار بدەین ئەوان وادەزانن ئێمە ترساوین و ناوێرین ڕوبەڕویان ببینەوە، بەمەیش ورەیان بەرز دەبێتەوە و دەستکراوەتر دەبن بەرامبەرمان؛ بۆیە بابڕۆینە دەرەوە و لەوێ ڕووبەڕویان ببینەوە. تۆ لەبەدردا (٣٠٠) کەست لەگەڵ بوو خوای گەورە سەری خستیت بەسەریاندا ئەمڕۆ ئێمە زۆر لەبەدر زیاترین، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمە ئاواتمان بەم ڕۆژە دەخواست و لەخوا دەپاڕاینەوە بە قیسمەتمان بکات، ئێستا خوای گەورە هێناویتییە بەر دەستمان و لە خاکی خۆماندا کە چی بڵێین ناچین!!.

تەنانەت حەمزە ئەوندە تورە ببوو بەپێغەمبەری ﷺ گوت: بەو کەسەی قورئانی بەحەق بۆ تۆ ناردوە تامی خواردن نایەتە سەردەمی من تا بە شمشێر ڕووبەڕوویان نەوەستمەوە. نوعمانی کوڕی مالیك هەڵیدایە وگوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ دەرگای بەهەشتمان لێ مەگرە، بەخوا ئەمڕۆ خۆمی پێ دەگەیەنم.

خوای پەروەردگار دەربارەی ئەو ڕووداو و هەڵوێستانە لەقورئاندا دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّئُ الْمُؤْمِنِينَ مَقَاعِدَ لِلْقِتَالِ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾[1]. واتە: ئەو دەمەو بەیانییەی کە لەماڵ چویتە دەرەوە و ڕیزی موسوڵمانەکانت ڕێك دەخست و نەخشەو ڕێوشوێنی جەنگت بۆ دادەدان، خوای گەورە بیسەر و بەئاگا بوو لە سەرجەم ئەو بۆچوونانەی کە لەوێدا گوتران - چ ئەوانەی دەیانگوت بابچینە دەرەوە شەڕیان لەگەڵ بکەین چ ئەوانەیش کە دەیانگوت با لەناو مەدینەدا بمێنینەوە- و زانیاری تەواویشی

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٢١).

هەبوو دەربارەی نیەتی دڵی هەموو خاوەن هەڵوێستەکان کەکێ لەڕووی دڵسۆزییەوە قسەی دەکرد و کێیش بەمەبەستی خۆدزینەوە وپلانگێڕی قسەی دەکرد.

پێغەمبەری خودا ﷺ کەبینی ئەوانە زۆرینەن و زۆریش سورن لەسەر بۆچوونەکەیان - هەرچەندیشە پێی وابوو کە باشتر وایە لەمەدینە بمێننەوە و خەویشی بینیبوو وە خەوی پێغەمبەرانیش ڕاستە بەڵام- دواجار بەقسەی کردن و بڕیاری دا بچنە دەرەوەی مەدینە و لە ئوحود ڕووبەڕووی سوپاکەی قورەیش ببنەوە.

پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ نوێژی هەینی بۆ کردن و لە وتارەکەیدا فەرمانی پێکردن کە ئازا و دامەزراو بن و لەپێناو خوادا بەو پەڕی توانایانەوە بجەنگن و بەڵێنی سەرکەوتنیشی پێدان بەمەرجێك خۆڕاگربن و لەفەرمانەکەنی دەرنەچن.

پاش نوێژی هەینی هاوەڵێکی بەناوی (مالیکی کوڕی عەمر) وەفاتی کردبوو نوێژی مردوی لەسەر کرد و بەخاکیان سپارد.

پاشان گەڕایەوە ماڵەوە و ئەبوبەکر و عومەر لەخزمەتیا چوونە ماڵەوە و هاوکاریان کرد تا جلی شەڕی لەبەرکرد و کڵاوی زرێی لەسەر کرد و دوو زرێیشی بەسەر یەکدا لەبەر کرد و شیر وقەڵغانی هەڵگرت.

لەو کاتەی پێغەمبەر ﷺ گەڕابووەوە ماڵەوە تا خۆی بۆ جەنگ ئامادە بکات، سەعدی کوڕی موعاز و ئوسەیدی کوڕی حوضەیر زۆر سەرکۆنەی هاوەڵانیان کرد و گوتیان: ئێوە زۆرتان لەپێغەمبەری خودا کرد ﷺ بۆ ئەوەی بڕیاری چوونە دەرەوە بدات و نەدەبوو واتان بکردایە؛ بۆیە بچنە خزمەتی و پێی بڵێن خۆت چیت پێ باشە ئەوە بکە و ئێمە لەخزمەتداین. قسەکانی ئەوان زۆر کاری تێکردن و هەستیان کرد کە لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ سنووریان بەزاندوە و نەدەبوو بەو شێوەیە زۆری لێبکەن بۆ چوونە دەرەوە. بۆیە پەشیمان بوونەوە لە هەڵوێستەکەیان و هەموویان ڕۆیشتن و چوونە بەردەم ماڵی پێغەمبەر ﷺ و ڕیز ڕیز وەستان و چاوەڕێیان کرد تا هاتە دەرەوە، کە هاتە دەرەوە بینییان زرێی جەنگی لەبەر کردوە و شیرەکەی لەمل کردوە و خۆی بۆ چوونە دەرەوە یەکلا کردۆتەوە، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ

بمانبەخشە، ئێمە نەدەبوو قسە لەقسەی تۆدا بکەین و بۆ داوای لێبوردن هاتووین، خۆت چۆنت پێ باشە وا بکە، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: بۆ هیچ پێغەمبەرێك دروست نیە کەبەرگی جەنگی پۆشی دایبنێتەوە تا ڕووبەڕووی دوژمنەکەی نەبێتەوە.

پاش ئەوە نوێژی عەسری بۆ کردن و ڕیزەکانی ڕێك کردن و عەبدوڵلای کوڕی ئوممی مەکتومی لەمەدینە لەجێی خۆی دانا و جوڵەی بەسوپاکەی کرد و بەرەو ئوحود کەوتنە ڕێ.

**٩- هەڵوێستە ناوازەكان:**

هاوەڵان لە پێناو جێبەجێکرنی فەرمانی خوای گەورە و پشتیوانیکردن لە پێغەمبەر ﷺ و پەیامەکەی هەڵوێستی زۆر ناوازەیان نواند، لێرەدا تیشك دەخەینە سەر هەندێك لەو هەڵوێستانە لەوانە:

- حەنظەڵە: گەنجێکی خەڵکی مەدینە بوو، کوڕی ئەبو عامری فاسیق بوو، لەهەمان کاتدا زاوای عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلول بوو کە بە سەری دووڕووەکان دادەنرا لەمەدینەدا، باوکی وەکو پێشتر باسمان کرد بە حەفتا چەکدارەوە چووبووە ڕیزی سوپای قورەیشەوە، شەوی هەینی یەکەم شەوی زاوایەتی بوو، کەبیستی پاش عەسر پێغەمبەری خودا ﷺ دەڕواتە دەرەوە بۆ غەزا دەستبەجێ جلی جەنگی لەبەر کرد و خۆی گەیاندە سوپاکە تا ڕوبەڕوی سوپای قوڕەیش و باوکی بوەستێتەوە و لە غەزاکەدا زۆر مەردانە جەنگا و پەلاماری ئەبو سوفیانی دا و بە زەوییدا دا و هێندەی نەمابوو بیکوژێت بەڵام ئەوسی کوڕی شەدداد کە بینی خەریکە ئەبو سوفیان دەکوژێت لە پشتەوە شمشێرێکی لێدا و شەهیدی کرد[١].

- خەیثەمە: پیاوێکی خەڵکی مەدینە بوو، کوڕێکی لە بەدردا شەهید ببوو بەناوی سەعد، هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەغەزای بەدردا زۆرم حەز دەکرد لەخزمەتدا بم بەڵام کوڕەکەم لەمن زیاتر حەزی دەکرد تا ناچار

١ - خێزانەکەی ناوی جەمیلە بوو دواتر کوڕێکی بوو ناویان نا (عەبدوڵڵا) وئەو کوڕە بوو بەو پیاوەی کەکاتێك خەڵکی مەدینە لەیەزیدی کوڕی موعاویە هەڵگەڕانەوە ئەویان کردە والی خۆیان.

تیروپشكمان كرد و ناوی ئەو دەرچوو كە لەخزمەتدا بێت و ئەو بەپلەی بەرزی شەهیدی گەیشت، دوێنێ شەو هاتە خەوم ڕەنگوڕووی زۆر جوان بوو بەناو باخ و ڕوبارەكانی بەهەشتدا دەگەڕا، گوتی: باوكە وەرە بۆ لامان لەگەڵمان بە لەبەهەشت، خوا هەرچی بەڵێنی پێدابووین لەدونیا بۆی جێبەجێ كردوین. ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ بەخوا زۆر بیری سەعدی كوڕم دەكەم و حەز دەكەم لەگەڵی بم لە بەهەشت و وەك دەشمبینی پیر بووم و ئێسكم پواوە و زۆریش تامەزرۆی دیداری خوای گەورەم؛ بۆیە نزام بۆ بكە باخوا ئەمڕۆ پلەی شەهیدیم پێ ببەخشێت وبەكوڕەكەم شاد ببمەوە. پێغەمبەر خودا ﷺ بۆی پاڕایەوە و لە غەزاكەدا شەهید بوو و بەئاواتەكەی گەیشت.

- عەمری كوڕی جەموح: پیاوێكی كەمئەندام بوو زۆر شەل بوو تەمەنیشی هەبوو، جگە لەخۆی چوار كوڕیشی هەبوو هەمیشە لە خزمەت پێغەمبەردا بوون ﷺ، كەبیستی پێغەمبەر ﷺ خۆی بۆ غەزا ئامادە دەكات زۆری لەكوڕەكانی كرد و گوتی منیش هەر دێم بۆ غەزا، كوڕەكانی گوتیان: بابە گیان خوای گەورە جیهادی لەسەر تۆ هەر واجب نەكردووە و ئێمە لەبری تۆیش لەخزمەت پێغەمبەردا ﷺ دەبین، هەرچۆن بوو خۆی لە كوڕەكانی شاردەوە و بەنهێنی و بەدەم گریانەوە خۆی گەیاندە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و سكاڵای كوڕەكانی لا كرد و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ كوڕەكانم ناهێڵن لە خەزمەتدا بێم و لەپێناو خوای گەورەدا غەزا بكەم، بەخوا من حەز دەكەم بەم قاچە شەلەمەوە بچمە بەهەشت، پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرموو: ئەی عەمر خوای گەورە غەزای لەسەر تۆ واجب نەكردووە، ئەویش هەر هەنسكی هەڵدەكێشا و دەگریا و دەیگوت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەر دەبێت ڕێگەم پێ بدەیت و لەخزمەتدا بێم، پێغەمبەر ﷺ كە زانی ئەم پیاوە زۆر سوورە لەسەر هەڵوێستەكەی و زۆر تامەزرۆی پلەی شەهیدییە بەكوڕەكانی گوت: وازی لێبێنن، بەڵكو خوای گەورە بەدڵی خۆی لەگەڵ بكات و پلەی شەهیدی بە نسیب بكات، ئیتر ڕێگەیان پێدا و ئیتر بەدەم ڕێگاوە هەر دەپاڕایەوە و دەیگوت: خوایە نەمگێڕیتەوە ناو ماڵ و منداڵم، ئەوە بوو خوای گەورە نزاكەی قبوڵ كرد و ئەویش لەغەزاكەدا لەگەڵ كوڕێكی بەناوی خەللاد و

ژنبرایەکیشی بەناوی عەبدوڵلای کوڕی حەرام شەهید بوون. پێغەمبەری خودا ﷺ کە تەرمەکەی بینی فەرمووی: ئەی عەمر بەخوا لەبەرچاومیت قاچەکانت چاك بونەتەوە و بەبەهەشتدا دەگەڕێیت.

- حوسەیلی کوڕی جابر[١] وثابتی کوڕی وەقش: دوو پیاوی زۆر بەتەمەن بوون خزمیش بوون، لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیان لەناو باخەکانیان بوون لەمەدینە، کە بیستیان پێغەمبەری خودا ﷺ دەڕوات بۆ غەزا یەکێکیان بەوی تریانی گوت: هەتیو کەوی ئێمە چاوەڕێی چی دەکەین بەخوا هەر یەکەمان هێندەی تینوێتی گوێدرێژێك تەمەنمان ماوە[٢] تازە گیای مردنین ئێستا نا تاوێکی تر هەر دەمرین؛ بۆچی نەچین شمشێرەکانمان هەلگرین و خۆمان بگەیەنینە خزمەت پێغەمبەرﷺ؛ بەڵکو خوای گەورە پلەی شەهیدیمان پێ ببەخشێت، هەستان و شمشێرەکانیان هەلگرت و بە بێدەنگی خۆیان کرد بەناو سوپاکەدا و ئەوانیش هەردووکیان لە غەزاکەدا شەهید بوون.

حوسەیل لەو کاتەی کە سوپای بڕواداران شڵەژان و شپرزە بوون نەیانناسییەوە بەدەستی خۆیان و بەهەڵە شەهیدیان کرد[٣]، بەڵام ثابت بەدەستی بێباوەڕان شەهید بوو، ثابت جگە لەخۆی دوو کوڕیشی بەناوەکانی سەلەمە و عەمر کەبە ئوصەیرم ناسرابوو وە برایەکیشی بەناوی ڕوفاعە شەهید بوون.

- عەمری کوڕی ثابتی کوڕی وەقش ناسراو بە ئوصەیرم: ئەم پیاوە کەسێکی سەرسەخت و بێباوەڕ بوو چەند پێیان دەگوت باوەڕی نەدەهێنا، دیارە ڕۆژی شەممە لەدەرەوەی مەدینە بووە کە دەگەڕێتەوە دەبینێت مەدینە چۆڵ دیارە، هەواڵی خزمەکانی دەپرسێت، دەڵێن هەموویان چوون بۆ غەزا، ئەویش بەخۆیدا دەچێتەوە و لەخۆی

---

١ - کە بە (یەمان) ناسراوە و دەکاتە باوکی (حوذەیفە). ئەم پیاوە بەڕەچەڵەك خەڵکی مەککە بوو؛ بەڵام لەبەر کێشەی دوژمنایەتی مەککەی بەجێهێشتبوو وە لە مەدینە دادەنیشت، یەمان ناوی خۆی نەبوو بەڵکو نازناوی بوو بەهۆی ئەو هاوپەیمانێتییەی لەگەڵ دانیشتووانی مەدینە هەیبوو ئەو نازناوەی بەسەردا بڕابوو.

٢- عەرەب ئەم قسەیە وەك نموونە بۆ کاتی زۆر کەم بەکار دەهێنێت؛ چونکە گوێدرێژ لەچاو وشتر زۆر زوو تینوی دەبێت.

٣ - پێغەمبەر ﷺ ویستی خوێنەکەی بدات بە حوذەیفە؛ بەڵام قبوڵی نەکرد و گوتی ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ خوێنەکەی بکە بەخێر و دابەشی بکە بەسەر موسوڵماناندا.

دەپرسێت: بەتەنیا چی دەکەیت، پاش کەمێك بیر کردنەوە دڵی نەرم دەبێت و بڕیار دەدات باوەڕ بهێنێت و زرێی شەڕ لەبەر دەکات و شمشێرەکەی هەڵدەگرێت و سواری ئەسپەکەی دەبێت و دەڕوات بەدوویاندا، کەدەگاتە ئەوێ دەبینێت جەنگ زۆر گەرمە، ئەویش زۆر مەردانە دەجەنگێت و بەسەختی بریندار دەبێت، پاش تەواوبوونی غەزاکە خزمەکانی دەیدۆزنەوە لە کۆتا ساتەکانی ژیانیدایە، دەڵێن ئەوە ئوصەیرمە کەوتوە هەڵی دەگرنەوە و لێی دەپرسن چی دەکەیت لێرە؟! بۆ هاتیت؟! لەبەر ئێمە هاتیت؟ یان لەبەر خوا و موسوڵمان بوویت؟. گوتی: سوێند بەخودا تەنها لەبەر خوا وخۆشەویستی ئیسلام هاتوم، باوەڕم بە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ هێناوە، پاشان گیانی سپارد. خزمەکانی ئەم ڕوداوە بۆ پێغەمبەر ﷺ دەگێڕنەوە، ئەویش شایەتی ڕاستگۆیی بۆ دەدات و مژدەی بەهەشتیبوونی بەخزمەکانی دەدات.

### ١٠- بەرِێکەوتنی سوپای بڕواداران:

پاش نوێژی عەسری ڕۆژی هەینی (١٤) ی (شەوال) ی ساڵی (٣) ی کۆچی سوپاکەی پێغەمبەر ﷺ بەرەو ئوحود بەڕێکەوت.

ژمارەی جەنگاوەرەکانی سوپاکە (١٠٠٠) کەس بوون، (١٠٠) زرێپۆشیان لەگەڵدا بوو، تەنها دوو ئەسپیان پێبوو، یەکێکیان هی پێغەمبەر بوو ﷺ ئەوی تریان هی پیاوێك بوو بەناوی هانیئی کوڕی نیار.

کە لە ناوچەی (ثنية الوداع) پەڕینەوە بەرەو ئوحود پێغەمبەری خودا ﷺ سەرنجی دا هێزێکی زرێپۆشی پڕ چەکی بینی لەدوورەوە بریسکەیان دەدایەوە، زانی لەگەڵ ئەم هاتوون بەڵام نەیدەناسین و لەهاوەڵان نەدەچوون، فەرمووی: ئەوانە کێن؟. گوتیان جولەکەکانی (بنی قینقاع) ن و هاوپەیمانی خەزرەجیەکانن و لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی هاتوون، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: موسوڵمان بوون؟. گوتیان نەخێر، فەرمووی: دەی پێیان بڵێن بگەڕێنەوە من شەڕی بێباوەڕ بە بێباوەڕ ناکەم.

سوپاكە بەردەوام بوولە ڕۆیشتن تا گەیشتنە ناوچەیەك لەنێوان مەدینە و ئوحوددا پێی دەگوترێت (الشیخین)[1] لەوێدا پێغەمبەری خودا ﷺ هەڵوێستەیەكی بە سوپاكەی كرد و بەناویدا گەڕا و ئەوانەی منداڵ بوون و لێی ڕانەدەبینین فەرمانی پێكردن بگەڕێنەوە مەدینە و ئەوەبوو (١٧) كەسی لەو مێرد منداڵانە گەڕانەوە[٢] هەرچەند ئەوانە منداڵ بوون بەڵام زۆر بەجەرگ و مەرد بوون زۆریان پێناخۆش بوو كە پێغەمبەری خودا ﷺ گەڕاندنییەوە.

ڕافیعی كوڕی خودەیج و سەمورەی كوڕی جوندوب هەرچەند پازدە ساڵانیش بوون بەڵام ڕێگەی پێدان، چونكە باوكی ڕافیع گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ كوڕەكەی من تیر هاوێژێكی بەتوانایە با بێت لەگەڵمان. فەرمووی: باشە. سەمورە گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ڕافیع دەبەیت من نابەیت خۆ ڕافیع لەزۆران لەمن ناباتەوە. فەرمووی: ئادەی وەرن زۆران بگرن. كەزۆرانیان گرت، سەمورە ڕافیعی دا بەزەویدا ئیتر پێغەمبەری خودا ﷺ هەردووكیانی برد.

لەوێ مانەوە تا شەو داهات و هەر لەوێ نوێژی مەغریب و عیشیان كرد و پێغەمبەری خودا ﷺ بەمەبستی پاراستنی سەربازگەكە لەو شەوەدا (٥٠) گەنجی بەتوانای هەڵبژارد و موحەممەدی كوڕی مەسلەمەی كردە ئەمیریان. دەستەیەكیشی دیاری كرد كە پاسەوانی تایبەتی خۆی بكەن و ذەكوانی كوڕی عەبدولقەیس ی كردە ئەمیریان.

كەمێك بەرلە بانگی بەیانی سوپاكە بەرەو ئوحود دەستی بەجوڵە كردەوە تا گەیشتنە باخێك پێی دەگوترێت (الشوط) لەوێ بیلال بانگی بەیانی داو پێغەمبەری خودا ﷺ هاوەڵەكانی ڕیز كرد و گوتارێكی بۆ دان لەسەر ئەوەی كەدەبێت گوێڕایەڵبن و

---

١- ئەو شوێنە كاتی خۆی جێ ژوانی ژن وپیاوێك بوو پیریش بوون هەر دەچون لەوێ كۆ دەبونەوە بەو هۆیەوە ناونرابوو بە (الشیخین).

٢- لەوانە: (عبد الله بن عمر بن الخطاب، أسامة بن زید، أسید بن فهیر، زید بن ثابت، زید بن أرقم، عرابة بن أوس، عمرو بن حزم، النعمان بن بشیر ، أبو سعید الخدری، زید بن حارثة الأنصاري، سعد بن حبتة).

مەردانە بجەنگن و سڵ نەکەن و پاشان نوێژی بەیانیی بۆ کردن، ئیتر لێرەوە کەرۆژ بویەوە لەگەڵ سوپای قورەیش لێك ئاشکرا بوون وبەرووونی یەکتریان دەبینی.

عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کە سوپای قورەیشی بینی و بەمەبەستی لێدانی ورەی موسوڵمانان و بەرزکردنەوەی ورەی سوپای قورەیش بەخۆی و (٣٠٠) کەس لە خزم و ئەڵقە لەگوێکانی بڕیاریدا بگەڕێتەوە مەدینە، بەبیانوی ئەوەی کە گوایە: موحەممەد بەقسەی منی نەکردوە کە گوتومە با لە مەدینە بمێنینەوە و بەقسەی منداڵ و مەزمی کردوە و هەر لەرقی منیش جولەکەکانی گێڕاوەتەوە و ئێستایش ئێمە باوەڕ ناکەین شەڕ ڕوو بدات و ئەگەریش ڕوبدات هیچ مەجبور نین لەسەر قسەی ئەو منداڵ و کاڵفامانە خۆمان بەکوشت بدەین. با موحەممەد خۆی و خزمەکانی بڕۆن شەڕی قورەیش بکەن و ئەو بابەتەیان لەگەڵ یەکلا بکەنەوە، ئێمەی خەڵکی مەدینە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ قورەیشییەکان نییە و هەر ناشزانیین لە پێناو چیدا شەڕیان لەگەڵ بکەین.

عەبدوڵڵای کوڕی حەرام پیاوێکی ئەنصاری بەڕێزو قسەڕۆیشتوو بوو لەمەدینەدا کە ئەو هەڵوێستەی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی و هاوەڵەکانی بینی زۆری پێ ناخۆشبوو، چووە سەر ڕێگەکەیان و تکای لێکردن کاری وا نەکەن و پێی گوتن: خزمەکان تکایە کاری وا مەکەن و پشتی پێغەمبەر ﷺ بەر مەدەن و خۆتان و ئێمەیش شەرمەزار مەکەن، وەرن با پێکەوە لە پێناوی خوای گەورە و پاراستنی پەیام و پێغەمبەرەکی بجەنگین، یان هەر نەبێت لە پێناو پاراستنی شاری مەدینە و شەرەفی خۆتان بجەنگن کە قورەیش زەفەری پێ نەبات، خۆ هەر نەبێت ئێمە کەس و کاری خۆتانین و بەرگری لە ئێمە بکەن، ئەوەتا سێ ڕۆژە قورەیش ئەسپ و وشترەکانیان بەرداوەتە دەغڵ و دانەکانمان و لە باخەکانی ئێمەدا دەیانلەوەڕێنن بەبێ ئەوەی حساب بۆ یەك کەس بکەن؛ خۆ ئێمە لەسەردەمی نەفامیشدا ئەم بێڕێزییەمان قبوڵ نەکردووە. بابە هەر نەبێت بمێننەوە و شەڕ مەکەن بەڵام ڕەشایی ئێمە زیاد بکەن.

قسەکانی عەبدوڵڵای کوڕی حەرام بێسوود بوون و ئەوان بڕیاری پێشوەختەی خۆیان دابوو؛ بۆیە گوێیان بۆ نەگرت و سەرەنجام هەر گەڕانەوە، هەندێك لەهاوەڵان

کەبینیان دووڕووەکان سوورن لەسەر گەڕانەوە پێیان باشبوو ڕێگەیان پێ نەدەن بگەڕێنەوە و شەڕیان لەگەڵ بکەن، بەڵام پێغەمبەری خودا ﷺ ئەوەی پێ پەسەند نەبوو پێی باش بوو ئەوان ئازاد بن لە بڕیاردان و ڕێگەی نەدا ڕێی گەڕانەوەیان لێ بگیرێت.

ئەو هەڵوێستە نەشیاوەیشیان کاریگەری خراپی لەسەر ناخی هەندێك لەبڕوادارەکانیش بەجێ هێشت، بەتایبەت هەردوو هۆزی بەنو سەلەمەی سەر بەخەزرەجییەکان و بەنو حاریثەی سەر بە ئەوسییەکان کە بێهیوایی و ترس وای لێکردن خەریك بوو شوێن دووڕووەکان بکەون و لەگەڵیان بگەڕێنەوە؛ بەڵام سەرەئەنجام خوای گەورە لەو هەڵەیە پاراستنی و بڕیاری مانەوەیان لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دا.

خوای گەورە دەربارەی ئەو هەڵوێستەی ئەوان دەفەرموویێت: ﴿إِذْ هَمَّتْ طَائِفَتَانِ مِنْكُمْ أَنْ تَفْشَلَا وَاللَّهُ وَلِيُّهُمَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾[1]. واتە: لەو کاتەی دوو هۆز[2] لەئێوە لەموسوڵمانان وا بەدڵیاندا هات کە بکشێنەوە، بەڵام خوای گەورە ڕێنمووی کردن وپاراستنی لەو هەڵەیە، با بڕواداران پشت تەنها بەخوا ببەستن نەك بەهێزو بازووی خۆیان یان پشتیوانی دووڕووەکان.

دواتر و بۆ ئەوەی لەو ڕووەوە دڵنیایی زیاتریان پێبدات جەنگی بەدریان دێنێتەوە یاد و پێیان دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنْتُمْ أَذِلَّةٌ فَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾[3]. واتە: خۆ لە بەدریشدا هەر خوای گەورە یارمەتیدان و سەریخستن بەسەریاندا ئەگەر چی ئێوە لەو ڕۆژەدا چەوساوە و کەمینەیش بوون، بۆیە ئەمڕۆیش تەنها لەو بترسن و پشت هەر بەو ببەستن، بەڵکو ئەو لە خودا ترسانە ببێتە شوکرانە بژێرییەکی بەخشینی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە.

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٢٢).

٢ - دیارە خوای گەورە لەبەر حورمەتییان ناویان نابات بەڵام دواتر خۆیان دانیان بەوەدانا کە ئێمە بووین ئەو شتە بەدڵماندا هات و چونکە خوای گەورە فەرموو بووی کە خۆی ڕێنمووی و ئاراستەی کردوون ئەوان شانازییان بەو نزیکیی وبەڵێنەی خواوە دەکرد.

٣ - سورة آل عمران: الآية (١٢٣).

كەواتە هۆكاری سەركەوتن و شكست لای بڕواداران لەخواترسان و یەكلابوونەوەیە بۆ پەیامەكەی ئەو نەك زۆری ژمارە و هێز یان شتێكی تر.

ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت كە بڕواداران پشت لەهۆكارە مادییەكان بكەن و بەهەندیان وەرنەگرن بەڵكو پێوییستە ئەوەی لەدەستیان دێت ئامادەی بكەن بەڵام پشتیان پێ نەبەستن و پشت تەنها بەخوا ببەستن و بشزانن كەسەركەوتن یان شكست تەنها لەلای ئەوەوەیە نەك شتێكی تر.

ئەوە بوو لە بەدردا هەرچەند ژمارەی بڕواداران كەمبوو هەرچەند خۆیشیان بۆ شەڕ ئامادە نەكردبوو؛ بەڵام چونكە ڕاستگۆ و گوێڕایەڵ بوون؛ چونكە كەسی دووڕوو لەڕیزەكانیاندا نەبوو خوای گەورە فریشتەی ناردە خوارەوە تا شانبەشانیان شەڕ بكات و بەرگرییان لێبكات و سەریان بخات.

خوای گەورە یادی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی دەخاتەوە و دەفەرموویێت: ﴿إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَن يَكْفِيَكُمْ أَن يُمِدَّكُمْ رَبُّكُم بِثَلَاثَةِ آلَافٍ مِّنَ الْمَلَائِكَةِ مُنزَلِينَ بَلَىٰ إِن تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا وَيَأْتُوكُم مِّن فَوْرِهِمْ هَٰذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُم بِخَمْسَةِ آلَافٍ مِّنَ الْمَلَائِكَةِ مُسَوِّمِينَ وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُم بِهِ ۗ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ لِيَقْطَعَ طَرَفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَوْ يَكْبِتَهُمْ فَيَنقَلِبُوا خَائِبِينَ﴾[1]. واتە: ئەو كاتەی بەبڕوادارانت دەگوت: ئەوەندەتان بەس نییە كە خوای گەورە سێ هەزار فریشتە بنێرێتە خوارەوە تا كۆمەكیتان بكات، بەڵێ ئەگەر لە خواترس و ئارامگربن خوای گەورە نەك سێ بەڵكو پێنج هەزار فریشتە بۆ كۆمەكیتان دەنێرێتە خوارەوە، ئەوەیش تەنها وەك مژدەیەك و بۆ دڵدانەوەی ئێوەیە ئەگەر نا بڕیاری سەركەوتن و بردنەوە لەدەستی ئەوانیشدا نییە بەڵكو تەنها لەلای خوای گەورەی بەدەسەڵات و داناوەیە و بۆ ئەوەیە كەسەری بێباوەڕان شۆڕ بكات و دەسەڵاتیان سنووردار بكات و بەدەستی بەتاڵ بیانگێڕێتەوە ناو كەسوكاریان.

---

١ - سورة آل عمران: الآيات (١٢٤- ١٢٧).

ئەم بەڵێن و بەدەمەوەهاتنەی خوای گەورەیش تایبەت نییە بەکات یان شوێنێکی دیارکراوەوە بەڵکو تاقیامەت بەردەوامە و هەرکات دواکەوت ئەوە دەبێت بزانین کێشەکە لە ئێمەدایە نەك لەبەڵێنەکانی خوای گەورە بەسەرخستنی موسوڵمانان.

پاش گەڕانەوەی دووڕووەکان پێغەمبەری خوا ﷺ پێشڕەوی بە سوپاکەی کرد و دەیویست بگاتە دامێنی چیای ئوحود بەڵام سوپای بێباوەڕان ئەو پێدەشتەی نێوان ئەمان و ئوحودیان گرتبوو، بۆیە لەهاوەڵانی پرسی: کێ ڕێگەیەکی نزیك شك دەبات بمانگەیەنێتە دامێنی چیاکە بەبێ ئەوەی ڕووبەڕوی سوپای قوڕەیش ببینەوە؟. یەکێك لەهاوەڵان بەناوی خەیثەمە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ من ڕێگەیەکی کورت شك دەبەم بەناو زەوی و باخەکانی (بەنی حارثة) دا دەمانباتە ئەوێ، پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی ئەو ڕێگەیەیان گرتە بەر و سوپای قوڕەیش کەوتنە ڕۆژئاوای سوپای موسوڵمانان، لەڕێگادا کلکی ئەسپێك گیرا لە مستی شمشێرێك و کەسوڕاندی شمشێرەکەی لەکالانەکەی دەرهێنا، پێغەمبەری خودا ﷺ هەرچەندە هەمیشە گەشبین بوو، بەڵام کە ئەوەی بینی بەخاوەن شمشێرەکەی فەرموو: شمشێرەکەت بخەرەوە کالانەکەی، هەرچی سەیردەکەم ئەمڕۆ شمشێرەکان لەکالانەکانیان دێنە دەر[1].

لەکاتی پەڕینەوەیان ڕێیان لەباخێك کەوت هی پیاوێکی دووڕووی نابینابوو بەناوی (مربع بن قيظي الحارثي) کەهەستی کرد ئەوە سوپاکەی پێغەمبەرە ﷺ و بەناو باخەکەی ئەمدا دەپەڕنەوە بەمشت خۆڵی هەڵدەگرت و دەیکرد بەسەر هاوەڵاندا و قسەی ناشیرینی بەپێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی دەگوت و دەیگوت: ئەگەر خۆت بەپێغەمبەر دەزانیت ئەوا من ڕێگەت پێنادەم بەباخی مندا بپەڕیتەوە و پاشان مشتێك خۆڵی هەڵگرت و گوتی: ئەگەر دەموچاوتم دەبینی ئەو مشتەخۆڵەم دەکرد بە دەموچاوتدا. هاوەڵان هەڵوێستەکەی ئەو پیاوەیان زۆر لەسەر دڵ قورس بوو ویستیان لێی بدەن، پێغەمبەری خودا ﷺ ڕێگەی نەدان و فەرمووی: لێی گەڕێن، ئەوە وەك چاوی سەری نابینایە چاوی دڵیشی نابینایە.

---

١- مەبەستی ئەوە بوو کە شەڕ ڕوو دەدات.

پاشان بەردەوام بوون لەڕۆیشتن تا گەیشتنە ئەو شیوەی دامێنی چیاکە و ئەوجا پشتی سوپاکەی دا بەچیای ئوحودەوە وڕوی کردنە سوپای قورەیش و شاری مەدینە.

**١١- بەراوردی هێزی هەردوولا:**

شاری مەککە پێگەیەکی ئاینی بەهێزی هەبوو هەر بۆیە ببوە ناوەندێکی بازرگانی گەورە لەناوچەکدا و دانیشتوانەکەیشی خاوەن دارایی و دەسمایەیەکی باشبون و خەڵکیش تا ئاستێکی باش ڕێزیان لێدەگرتن و بەدەمیانەوە دەهاتن و لەکاتی پێویستدا کۆمەکیان دەکردن.

لەبەرامبەردا پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی تازە چووبوونە شاری مەدینە و هەرچییان هەبوو قورەیشییەکان لێیان زەوت کردبوون و شاری مەدینەیش بەر لەچوونی پێغەمبەر ﷺ شارێکی وێرانە بوو، پڕ بوو لەدەردو نەخۆشی، گەلێکی پەرتەوازە و فرە ئایین و فرە ڕگەز و ناحەز بەیەکی تێدا بوو، ئەمانە هەمووی وایکردبوو دەوڵەتی مەدینە لەسەرەتادا زۆر کەم دەست و بێ دارایی بێت.

هەر بۆیە بالانسی هێز و ئامادەکارییەکانی سوپای پێغەمبەر ﷺ و سوپای قورەیش بۆ جەنگ وەك یەك نەبوون، هەر وەك لەم ئامارانەدا دەردەکەوێت:

سوپای پێغەمبەر ﷺ پاش کشانەوەی دووڕوەکان (٧٠٠) چەکداریان مابویەوە، سوپای قورەیش (٣٠٠٠) چەکداریان لەگەڵبوو.

سوپای پێغەمبەر ﷺ هیچ وشتریان پێ نەبوو، سوپای قورەیش (٣٠٠٠) ووشتری بارهەڵگریان پێبوو کە چەك و جبەخانە و پێداویستی شەڕ و مانەوەیان هەڵگرتبوو.

سوپای پێغەمبەر ﷺ تەنها (٢) ئەسپ سواریان لەگەڵ بوو، سوپای قورەیش (٢٠٠) ئەسپ سواریان لەگەڵ بوو.

سوپای پێغەمبەر ﷺ (١٠٠) زرێپۆشیان لەگەڵ بوو، سوپای قورەیش (٧٠٠) زرێپۆشیان لەگەڵ بوو.

سوپای پێغەمبەر ﷺ (٥٠) تیرهاوێژیان لەگەڵ بوو. سوپای قورەیش (١٠٠) تیرهاوێژیان لەگەڵ بوو.

بەپێی ئەم ئامارانە ئەم دوو سوپایە لەهیچ ڕویەكی سەربازییەوە هاوتای یەك نەبوون؛ بۆیە پێغەمبەری خودا ﷺ نەخشەیەكی سەربازی تۆكمەی دارِشت تا بتوانێت قەرەبووی ئەو نابەرامبەرییە بكاتەوە لە هێز و توانای سەربازییدا.

## ١٢- نەخشەی ڕوبەڕوبونەوەی سوپای بڕواداران:

سەرانی قورەیش لەڕووی توانا و لێهاتووی سەربازییەوە بەناوبانگ بوون لەناو عەرەبدا؛ بەڵام بەدرێژای شەڕ و پێكدادانەكانیان لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ هەرگیز نەیانتوانیوە بۆ تەنها جارێكیش گرەوی لێ ببەنەوە، غەزای ئوحود و نەخشە سەربازییە تۆكمەكەی بەڵگەیەكی زیندووی ئەو ڕاستیەن.

هەرچەندە سوپای قورەیش (٣) ڕۆژ پێش پێغەمبەر ﷺ گەشتبووە دامێنی چیای ئوحود و لەو (٣) ڕۆژەیشدا خۆیان و وڵاخەكانیان بەتەواوی پشوویان دابوو؛ بەڵام لەكەم ئەزموونی خۆیان شوێنێكی تەواو پێدەشتیان بۆ سوپاكەیان هەڵبژاردبوو.

بەڵام پێغەمبەر ﷺ وەك پێشتر باسمان كرد دامێنی چیاكەی وەك سەربازگە هەڵبژارد؛ چونكە دەیزانی ژمارەی سەربازانی قورەیش نزیكەی چوار ئەوەندە و نیوی سوپاكەی ئەمە وئەوەیش مەترسیی جدییان لەسەر دروست دەكات؛ بۆیە پێویستە پێگەیەك هەبێت تا لە كاتی ناچاریدا پەنای پێ بەرن و دامێنی چیاكە باشترین پێگەیە و دەتوانن لەكاتی ناچاریدا پشتی پێوە بدەن.

پاشان سوپاكەی كرد بەسێ بەشەوە:

- ناوەڕاست: ئەم بەشە كە هەمیشە لەكاتی شەڕ و پێكداداندا زۆر فشاری لەسەر دروست دەبێت خۆی سەرپەرشتی دەكرد و زۆربەی سەركردە ئازا و بەتواناكانی لەو بەشە جێگیر كرد.
- لای ڕاست: ئەم بەشەی سپارد بە مونذیری كوڕی عەمر.
- لای چەپ: ئەم بەشەیشی سپارد بە زوبەیری كوڕی عەووام و میقدادی كوڕی ئەسوەدیشی كردە یاریدەدەری.

پێغەمبەر ﷺ دەیزانی لای چەپی سوپاكەی مەترسی لەسەرە یەكەم لەبەر ئەوەی ناوچەكەی پێدەشت بوو، دووەمیش لەبەر ئەوەی بینی خالیدی كوڕی وەلید كە سەركردەیەكی سەربازی لێهاتوی قوڕەیش بوو بە (١٠٠) ئەسپسواری پڕ چەكەوە لەلای ڕاستی سوپاكەی قوڕەیشن وبەرامبەر ئەم لای چەپە شەڕ دەكەن. هەر بۆیە جیاواز لە لاكانی تر دوو سەركردەی سەربازی بۆ ئەم لایە دانا و بە تایبەت ئامۆژگاری زوبەیری كرد كە ڕووبەڕووی خالید بوەستێتەوە و بە وردی چاودێری جموجوڵەكانی بكات.

دواتر وهەر بۆ زیاتر تۆكمە كردنی ئەم لایەی سوپاكە كە مەترسی لەسەربوو گەڕا بەناو هاوەڵەكانیدا و (٥٠) تیرهاوێژی زۆر دەست ڕاست و لێهاتوی لێ هەڵبژاردن و عەبدوڵڵای كوڕی جوبەیری كردە ئەمیریان و لەشاخێكی بچوك بەناوی (عینین) كە ئێستە ناسراوە بە (شاخی تیرهاوێژەكان – جبل الرماة) كە نزیكەی (١٥٠م) لەسوپاكەی خۆی دوور بوو جێگیری كردن و ڕووی كردە ئەمیرەكەیان وپێی فەرموو: تیربارانی ئەسپ سوارەكانی قوڕەیش بكەن و نەهێڵن پشتمان لێبگرن و بەئەسپەكانیان بگەنە سەرمان، هەرچیش ڕویدا ئێوە شوێنەكانی خۆتان بەرمەدەن و لەشاخەكە مەیەنە خوارەوە. پاشان ڕووی كردە تیرهاوێژەكان و فەرمووی: پشتمان بپارێزن با لەپشتەوە زەفەرمان پێ نەبەن، تیربارانی ئەسپ سوارەكان بكەن؛ چونكە ئەسپ ڕو لەتیر ناكات، تا ئێوە لەشوێنەكانی خۆتان بمێننەوە ئێمە سەركەوتو دەبین، ئەگەر بینیتان كوژراین و قەلوداڵ دایە لاشەكانمان ئێوە شوێنەكانی خۆتان چۆڵ مەكەن و مەیەنە خوارەوە تا خۆم دەنێرم بەشوێنتانا، ئەگەریش سەركەوتین بەسەریاندا و لەناومان بردن هەر مەیەنە خوارەوە تا خۆم دەنێرم بەشوێنتانا، خوایە گیان من تۆ دەكەمە شایەت بەسەریانەوە، پاشان سێ ئاڵای بۆ سوپاكەی دروست كرد:

- ئاڵایەك بۆ خەزرەجییەكان و دایە دەست: حەبابی كوڕی مونذیر.
- ئاڵایەك بۆ ئەوسییەكان و دایە دەست: ئوسەیدی كوڕی حوضەیر.

- ئالایەك بۆ كۆچبەرەكان و دایە دەست: موصعەبی كوڕی عومەیری عەبدەری[1].

داوایشی لێكردن كە كەس لەخۆیەوە دەست نەكاتەوە و شەڕ هەڵنەگیرسێنێت تا خۆی فەرمانیان پێ نەكات.

### ١٣- بەرزكردنەوەی ورەی سەربازەكان:

پاش ئەوەی پێغەمبەر ﷺ هەموو نەخشە و ڕێكارە سەربازییەكانی شەڕی تەواو كرد، ئەوجا وتارێكی بۆ هاوەڵانی دا و هەڵی نان لەسەر ئەوەی بەو پەڕی توانایانەوە لەپێناو خوادا بجەنگن و تا دەتوانن خۆڕاگر و گوێڕایەڵبن و بشزانن كەسەركەوتن بەزۆری ژمارە و تفاقی شەڕ نییە بەڵكو بە باوەڕ و یەكلابوونەوەیە بۆ خوای گەورە.

ئەوجا بۆ ئەوەی زیاتر هانیان بدات شمشێرەكەی خۆی هەڵكێشا و فەرمووی: كێ ئەمڕۆ حەقی ئەم شمشێرە دەدات، ئەبو بەكر و عومەر و عەلی و زوبەیر هەموویان دەستیان بۆ درێژ كرد هەر یەك لەجێی خۆی گوتی: من. پێغەمبەر ﷺ نەیدا بەكەسیان، پیاوێك ناوی ئەبو دوجانە بوو هاتە پێشەوە و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ حەقی ئەو شمشێرە چییە؟. فەرمووی: لە دوژمنی پێ بدەیت تا دەچەمێتەوە. گوتی: بیدە بەمن من حەقی خۆی پێ دەدەم. پێغەمبەر ﷺ ویستی زیاتر بیوروژێنێت فەرمووی: دەترسم بتدەمێ و بچیت لە پشتی ڕیزەكانەوە شەڕی پێ بكەیت. گوتی: نەبەخوا ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ شتی وا ناكەم. پێغەمبەری خودا ﷺ شیرەكەی پێ دا، ئەوجا ئەبو دوجانە پەڕۆیەكی سوری پێبوو دەریهێنا و بەستی بەناوچەوانییەوە، هاوەڵان كە ئەوەیان بینی گوتیان: ئەبو دوجانە پەڕۆی مەرگی دەرهێنا؛ چونكە دەیانزانی كە ئەو پەڕۆیە ببەستێت شەڕی مان و نەمان دەكات، دواتر بەخۆبادانەوە بەناو ڕیزەكاندا دەڕۆی و شانازی دەكرد كە شمشێری پێغەمبەری ﷺ هەڵگرتوە و شیعری دەگوت و دەیگوت:

---

١- ئەم لاوە یەكەم نمایندەی پێغەمبەر بو ﷺ بۆ مەدینە و زۆربەی دانیشتوانی شاری مەدینە لەسەر دەستی ئەو موسوڵمان بوون و لە بنەماڵەی (بنی عبدالدار) بوو ئەم بنەماڵەیەیش هەر لەكۆنەوە ئاڵا هەڵگرانی شەڕ بوون؛ هەر بۆیە هەڵگری ئاڵاكەی قوڕەیشیش هەر لەم بنەماڵەیە بوو.

أنا الذي عاهدني خليلي ** و نحن بالسفح لدى النخيل

ألا أقوم الدهر في الكيول ** أضرب بسيف الله والرسول

واتە: منم خۆشەویستەكەم لای دارخورماكان بەڵێنی لێوەرگرتم، كەبەشمشێری خوای گەورە و پێغەمبەرەكەی لەپێشەوەی ڕیزەكان شەڕ بكەم و هەرگیز لەپشتەوە خۆم حەشار نەدەم.

پێغەمبەری خودا ﷺ كەسەیری ڕۆیشتن و خۆبادانەكەی كرد فەرمووی خوای گەورە ئەو جۆرە ڕۆشتنەی پێ خۆش نییە مەگەر لەم كاتانەدا نەبێت.

### ١٤- نەخشەی ڕوبەڕوبوونەوەی سوپای قورەیش:

سەركردایەتی گشتی سوپای قورەیش بە ئەبو سوفیانی كوڕی حەربی گەورەی كینانە سپێردرا، سەركردایەتی لای ڕاستی سوپاكەیش بە خالیدی كوڕی وەلید سپێردرا و (١٠٠) ئەسپسوار و (٥٠٠) سەربازی پیادەی لەگەڵ بوون و لای چەپیشی بە عیكریمەی كوڕی ئەبو جەهل و ئەویش بەهەمان شێوە (١٠٠) ئەسپسوار و(٥٠٠) سەربازی پیادەی لەگەڵ بوون. سەركردایەتی سوپای پیادەیشیان دابووە دەست صەفوانی كوڕی ئومەیە و عەمری كوڕی عاص، عەبدوڵڵای كوڕی ڕەبیعەیشیان كردبووە فەرماندەی تیر هاوێژەكان كە (١٠٠) تیرهاوێژی بەتوانایان لەگەڵ بوو.

ئاڵای سوپاكەیشیان دابووە دەستی پیاوێك لەنەوەی (عبد الدار) بەناوی طەڵحەی كوڕی ئەبی طەڵحە و دەستەیەكیشیان لەهەمان بنەماڵە بۆ هاوكاری و جێگرتنەوەی طەڵحە هەڵبژاردبوو.

ئەبو سوفیان بۆ ئەوەی زیاتر جۆشی طەڵحە و بنەماڵەكەی بدات بۆ شەڕ و زیاتر ڕقئەستووریان بكات بەرامبەر پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی، ڕووی كردە طەڵحە و هاوكارەكانی و بیری جەنگی بەدری خستنەوە و گوتی: لەبەدریشدا ئێوە هەڵگری ئاڵای ئێمە بوون و بینیتان چیمان بەسەر هات، ورەی سوپا بەندە بەئاڵاكەیەوە ئەگەر ئاڵا كەوت ورەی سوپاكەی لەگەڵ دەكەوێت، جا یان ئەوەتا مەردانە هەڵیگرن و بیپارێزن، یانیش بیدەنەوە دەستی خۆمان با ئەو ئەركەتان لەكۆڵ بكەینەوە.

قسەكانی ئەبو سوفیان زۆر كاری تێكردن و هەستی بریندار كردن بۆیە هەندێكیان ویستیان پەلاماری بدەن و بەتوندی چوونەوە بەگژیا و گوتیان: ئاڵا لە ئێمە وەردەگریتەوە؟!! با شەڕ دەستپێبكات دەبینیت چی دەكەین.

ئەبو سوفیان هەستی كرد قسەكانی جێی خۆی گرت و ئامانجەكەی پێكا و ئەمجار ئاڵا هەڵگرەكان شەڕی مان و نەمان دەكەن و هەروایش بوو چونكە سەرجەم ئاڵا هەڵگرەكانی نەوەی (عبد الدار) لەشەڕەكەدا كوژران و بنبڕ بوون.

## ١٥- سەرەتاكانی پێكاهەڵپڕژان:

هیندی كچی عوتبە كە زۆر داخ لەدڵ بوو، دەیویست تۆڵەی كوژراوەكانی بەدر بكاتەوە، بە پێچەوانەی ئافرەتەكانی ترەوە كەلەپشتی سوپاكەوە وەستابوون، ئەم هاتبووە پێشی سوپاكە و بەهەمان مەبەستی ئەبو سوفیانی هاوسەری شیعر و شانامەی بەشانی ئاڵاهەڵگەرەكان و نەوەی (عبد الدار) دا هەڵدەدا، بۆ ئەوەی ورەیان بەرز بكاتەوە و تا دوا دڵۆپی خوێنیان بجەنگن ودەیگوت.

ويها بنى عبد الدار * ويها حماة الأديار * ضربا بكل بتار

واتە: ئادەی نەوەكانی (عبد الدار)، ئادەی پارێزەرانی خاك ووڵات، بەهەرچی بڕەر و شیر و تیرتان هەیە لێیان دەن.

ئەبوسوفیان بەر لەدەستپێكردنی شەڕ لێزانانە ویستی یەكڕیزی سوپای موسوڵمانان پەرت بكات و كێشە لەنێوان كۆچبەرەكانی شاری مەككە و پشتیوانانی شاری مەدینە دروست بكات و ڕووی تێكردن و هاواری كرد: ئێمە بۆ شەڕی ئێوە نەهاتووین لێمان گەڕێن لەگەڵ ئامۆزاكانی خۆمان شەڕ دەكەین.

پشتیوانەكان كە گوێیان لەوە بوو زۆر بەتوندی وەڵامی ئەبو سوفیانیان دایەوە و پلانەكەی سەری نەگرت.

پاش ئەو ئەبو عامری فاسیق هەمان هەوڵیدا و لە ڕیزکە چوە دەرەوە و ڕووی لە هاوەڵان کرد و گوتی: ئەوسییەکان من دەناسن[1]؟. گوتیان: بەڵێ خوای گەورە لەناوت ببات ئەی دووڕوو. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو بەڵێنی بە قوڕەیشییەکان دابوو کە ئەگەر خزمەکانم من ببینن یەکسەر پشتی پێغەمبەر ﷺ بەر دەدەن و پشتیوانی لەمن دەکەن.

بەم شێوازە هەوڵەکانی قورەیش بۆ پەرتکردنی ڕیزی موسوڵمانان بێ ئەنجام بوو.

دواتر قورەیش ویستی لەڕێگەی زۆرانبازی تاکە کەسییەوە ورەی موسوڵمانان بڕوخێنێت، بۆ ئەو مەبەستە طەڵحەی کوڕی ئەبی طەڵحەی هەڵگری ئاڵای قوڕەیش کە بە پاڵەوانی سوپا ناسرابوو، بەسواری وشترەکەیەوە هاتە دەرەوەی سوپاکە و داوای زۆرانبازی لە موسوڵمانان کرد، کەس نەیدەوێرا لێی بچێتە پێش و زۆرانی لەگەڵ بگرێت، ئەویش هەر دووبارەی دەکردەوە: کێ هەیە زۆرانم لەگەڵ بگرێت، لە ناکاو زوبەیری کوڕی عەووام وەك بروسکە بۆی چووە دەرەوە و لەچاوتروکانێکدا گەیشتە سەری و مۆڵەتی نەدا لە وشترەکەی بێتە خوارەوە، خۆی هەڵدایە سەر وشترەکەی و گلاندی و دەستبەجێ کوشتی، ئەم ڕووداوە سوپای قوڕەیشی هەژاند و لوتی شکاندن.

پێغەمبەر ﷺ کەئەوەی بینی بەدەنگی بەرز تەکبیری کرد، هاوەڵانیش هەموویان بەدویدا و پڕ بەدەم هاواریان کرد (الله أکبر). ئەوجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەر پێغەمبەرێك کۆمەڵێك دۆستی دڵسۆزی هەبووە لەهاوەڵانی، دۆستی دڵسۆزی منیش زوبەیری کوڕی عەووامە.

### ١٦- پێکاهەڵپژانی سەرتاسەری:

لەدوای کوشتنی طەڵحە کەسی تری قوڕەیش نەیوێرا داوای زۆرانبازی بکات بۆیە قوڕەیش بڕیاری هێرشکردنی گشتی دەستپێکرد، پێغەمبەری خودا ﷺ بەمەبەستی ڕوخاندنی ورەی سوپای قورەیش فەرمانی کردبوو کە هاوەڵانی جەخت لەسەر کوشتنی ئاڵا هەڵگرەکانی قورەیش بکەنەوە؛ بۆیە هەرکەس ئاڵاکەی هەڵدەگرت دەیانکوشت.

---

١- چونکە خۆیشی ئەوسی بوو ئومێدی وابوو ئەگەر بنەماڵە و کەس و کارەکەی ببینن بچن بۆ لای ئەو وپشتی پێغەمبەر ﷺ بەربدەن.

لە دوای کوشتنی طەڵحە عوسمانی برای طەڵحە ئالاّکەی هەڵگرت حەمزە بۆی چوو شیرێکی لەو باڵەی دا کە ئالاّکەی پیّ هەڵگرتبو لەبنا بڕی و کوشتی، دواتر ئەبو سەعیدی برایان هەڵی گرت سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص تیرێکی تێگرت گەردنی پێکا و ئەویش کوژرا، دواتر موسافیعی کوڕی طەڵحە هەڵیگرت عاصمی کوڕی ثابیت تیرێکی تێگرت ئەویش کوژرا، دوای ئەو حارثی برای هەڵیگرت، عاصم ئەویشی کوشت[1]، دوای ئەوان کیلابی برایان هەڵیگرت زوبەیر ئەویشی کوشت، دواتر برای چوارەمیان جەللاسی کوڕی طەڵحە هەڵیگرت طەڵحەی کوڕی عوبەیدوللاّ ئەویشی کوشت.

بەم شێوەیە هەرکەس ئالاّکەی هەڵدەگرت دەستبەجیّ دەیانکوشت، تا (١١) کەس لەنەوەی (عبد الدار) لەسەر ئالاّکە کوژران و ئیتر پیاوێك لەو بنەماڵەیە نەما ئالاّکە هەڵبگرێت.

لەپاش ئەوان کۆیلەیەکی حەبەشی بنەماڵەکەیان بەناوی صوئاب ئالاّکەی هەڵگرت و زۆر لەگەورەکانی زیاتر بەرگری لێکرد، تادەستی ڕاستیان بڕی ئەوجا بە چەپی ئالاّکەی گرت، کەچەپیان بڕی ئەوجا بەسنگ و بە ملی ئالاّکەی هەڵگرت تا کوشتیان. دوای کوشتنی صوئاب ئیتر هیچ کەس لەقوڕەیش نەیدەوێرا ئالاّکە هەڵبگرێت؛ چونکە دەیانزانی موسوڵمانان کوشتنی ئالاهەڵگرەکەیان کردۆتە ئامانج، ئیتر ئالاّکەی قورەیش کەوتە سەر زەوی و بو بەژێر پێوە، بەوەیش ورەی بێباوەڕان بەتەواوی ڕوخا.

---

١- کاتێك حارث پێکرا و کەوتە سەر زەوی، سولافەی دایکی ڕایکرد پەلاماریدا و سەری خستە سەر ڕانی و گوتی: کوڕم کیّ لێی دایت، گوتی: نازانم بەس گوێم لێبوو کەلێیدام گوتی: بیگرە من کوڕی ئەبی ئەفلەحم، ئیتر زانی بکوژی کوڕەکەی (عاصم) ە پیاوێك بوو لە کۆچبەران، سولافە گوتی (١٠٠) وشتر دەدەمە هەر کەسێك سەری عاصمم بۆ بێنێت، نەزریشی کرد لەسەر خۆی کە دەبێت لەکەللەی سەری عاصمدا عارەق بخواتەوە، عاصمیش لە نێوان خۆی و خوادا نەزری کردبوو کە هەتا ماوە نەدەست بدات لە هیچ بێباوەڕێکەوە نەهیچ بێباوەڕێك دەستی تێوە بدات.

دواجار عاصم لە یەکێك لە غەزاکاندا شەهید دەبێت بێباوەڕان زۆر هەوڵ دەدەن سەری لێبکەنەوە و بیبەن بۆ سولافە بۆ ئەوەی دیاری سەد وشترەکەیان دەسکەوێت، بەڵام شارە زەردەواڵەیەکی زۆر دەوری لاشەکەی دەدات و بەهیچ شێوەیەك ناتوانن لێی نزیك ببنەوە، بەناچاری وازی لیّ دێنن بەو نیازەی کە شەو بگەڕێنەوە و سەرەکەی ببەن، کە شەو دەگەڕێنەوە دەبینن لاشەکەی ئاو بردوێتی و دیار نەماوە، بۆیە خوای گەورە نەزرەکەی بۆ هێنایە دی و نەبە زیندوویی و نەبە بەمردوویی بێباوەڕان دەستیان بەر لاشەکەی نەکەوت.

خالیدی کوڕی وەلید بەمەبەستی پێچەوانەکردنەوەی ئاڕاستەی شەڕەکە و شپرزەکردنی موسوڵمانان سێ جار هێرشی توندی کردە سەر لای چەپی سوپاکە و هەوڵی دا لەوێوە پشتی موسوڵمانان بگرێت، بەڵام تیر هاوێژەکان مۆڵەتیان نەدەدا نزیك بێتەوە و هەر سێ هێرشەکەیان شکاند، بەمەیش سوپای قوڕەیش تەواو بێ هیوا بوون.

موسوڵمانان لەهەر سێ لای شەڕەکەوە بەتوندی لە سوپاکەی قوڕەیشیان دەدا و دروشمی شەڕەکەیشیان (أمت، أمت) واتە: بکوژە بکوژە بوو، دروشمی بێباوەڕانیش (یا لعزا، یالهبل). واتە: هاوار بۆ عوززا هاوار بۆ هوبەل بوو.

سوپای قوڕەیش بۆماوەیەکی زۆر کەم توانی بەرگری بکات و بەرگەی هێرشی موسوڵمانان بگرێت، ئیتر لەتوانایدا نەما وتەواو شپرزەبوون و هەریەك لەشوێنی خۆیەوە هەڵدەهات و گۆڕەپانی شەڕی جێدەهێشت، کەس نەیدەپەرژایە سەر کەس تەنانەت خێزان و هاوسەرەکانیشیان کە لەگەڵ خۆیان هێنابویان بۆ شەڕ جێیان دەهێشتن و هەڵدەهاتن.

عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر دەڵێت: لەپێش چاومە هندی کچی عوتبە و هاوڕێکانی خۆیان هەڵکردبوو خلْخاڵ وپاوانەکانی قاچیان دیار بوو ڕایان دەکرد و هیچ کەسێك نەبوو ئاوڕیان لێ بداتەوە یاخود بەرگرییان لێ بکات.

### ١٧- شەهیدبوونی حەمزە:

لەگەرمەی شەڕ و هێرشی موسوڵماناندا حەمزەی مامی پێغەمبەر ﷺ وبرا شیرییەکەی و پشتیوانە بە ئەمەکەکەی شەهید بوو.

وەحشی کوڕی حەرب بکوژی حەمزە پاش موسوڵمانبوونی چیرۆکی شەهیدکردنەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

من کەسێکی حەبەشی بووم و وەك هەر حەبەشییەکی تر ڕم هاوێژێکی بەتوانا و دەست ڕاست بووم، بەشێوەیەك کە بەدەگمەن تیرم بەخەسار دەدا، بەکۆیلەیی لای جوبەیری کوڕی موطعیم بووم، کاتێك قورەیش خۆی بۆ شەڕی ئوحود ئامادە دەکرد جوبەیر پێی گوتم: ئەگەر تۆڵەی مامم لەحەمزەی مامی موحەممەد بکەیتەوە ئازادت

دەکەم[1]، منیش هیچ مەبەستم شەڕ کردن نەبوو بەشداری شەڕیشم نەکرد، تەنها لەپێناو وەرگرتنەوەی ئازادی خۆم لەگەڵیان ڕۆیشتم، کە شەڕ دەستی پێکرد چاوم گێڕا بۆ حەمزە، بینیم لەناوەڕاستی شەڕەکەدایە و وەك حوشتری یەکانە کەس خۆی بۆ ناگرێت و لەهەرچی دەدات دەیخات، هەوڵم دا بەهێمنی و بەپەنهانی و لەپەنای دار و بەردا خۆمی لێ نزیك بکەمەوە تا هەستم پێ نەکات، بەر لە من سوباعی کوڕی عەبدولعوززای غەبەشانی کەناسراو بوو بە باوکی نیار لێی نزیك بویەوە، حەمزە کەبینی پەلاماری داو گوتی: ئاوەرە کوڕی خەتەنەکەر[2]، لە چاوتروکانێکدا شیرێکی بۆ داهێنایەوە هەستت پێ نەدەکرد کە هەر بەریکەوتوە کەچی سەری پەڕاند.

دەڵێت: نەمدەوێرا لێی نزیك ببمەوە و دەمویست دوور بە دوور و بەبێ ئەوەی ئاگای لە من بێت لێی بدەم، یەك دوو جار ڕمەکەم هەژاند و کە تەواو دڵنیا بووم لەپێکانی تێمگرت ئەوەندە بەتوندی تێمگرت لەسکی چەقی ولەناو ڕانییەوە سەری ڕمەکە دەرچو، کەچاوی پێم کەوت ویستی بێت بۆم بەڵام نەیتوانی و کەوت، منیش لێی گەڕام تا لە جوڵە کەوت ئەوجا ڕمەکەم لێکردەوە و گەڕامەوە ناو سەربازگەکەی قورەیش و کەگەڕاینەوە مەککە جوبەیر ئازادی کردم.

لەمەککە مامەوە تا مەککە ئازاد کرا، کە مەککە ئازاد کرا هەڵهاتم بۆ طائف کاتێك خەڵکی طائف بڕیاری موسوڵمانبوونیان دا و شاندیان نارده خزمەت پێغەمبەر ﷺ ئیتر من ڕێگا چارەییەکی ئەوتۆم لەبەردەستدا نەبوو، پیاوێك پێی گوتم: بۆ ناچیت لەگەڵیان بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ، ئەو پیاوێکی لێبووردە و میهرەبانە، قسەی ئەو پیاوە چوو بەدڵمدا و لەگەڵ شاندەکە هاتمە مەدینە، نەمهێشت پێغەمبەر ﷺ هەستم پێ بکات تا لەبەردەمیا وەستام و موسوڵمانبوونی خۆم ڕاگەیاند، کەبینیمی فەرمووی: وەحشی نیت؟. گوتم: بەڵێ قوربان. فەرمووی: تۆ حەمزەت کوشت؟. گوتم: بەڵێ قوربان. فەرمووی: بۆم بگێڕەوە چۆنت کوشت. منیش چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە،

---

١- مامی جوبەیر ناوی (توعەیمەی کوڕی عەدی) بوو، لەشەڕی بەدردا بەدەستی حەمزە کوژرابوو.

٢- دایکی سوباع بە (دایکی ئەنمار) ناسراو بوو، کەنیزەکی شورەیقی کوڕی عەمری ثەقەفی بوو، پیشەی خەتەنە کردنی ئافرەتان بوو لەمەککە.

زۆر پێی قورس بوو، بەڵام هیچی پێ نەگوتم تەنها ئەوەندە نەبێت فەرمووی: تا دەتوانی هەوڵ بدە با نەتبینم. ئیتر منیش تا وەفاتیشی کرد زۆر نەدەچومە خزمەتی بۆ ئەوەی خەفەت نەخوات و برینی نەکولێتەوە.

لەمەدینە مامەوە تا شەڕی هەڵگەڕاوەکان دەستی پێکرد و چووم بۆ شەڕی یەمامە دژ بەموسەیلەمەی درۆزن و هەمان ئەو ڕمەی حەمزەم پێ کوشت لەگەڵ خۆم برد، هەرچەندە موسەیلەمەم نەدەناسی بەڵام کەلەناو خەڵکەکەدا بینیم شیرێکی بەدەستەوە بوو زانیم ئەوە ئەو موسەیلەمەیەیە کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات، لە گەرمەی شەڕدا خۆم لێ نزیك کردەوە و ڕمەکەم یەك دووجار بۆ هەژاند و کە تێمگرت پێکام و کەوت و پیاوێکی تری خەڵکی مەدینە لەوکاتەدا گەیشتە سەری ئەویش شیرێکی لێدا، ئیتر خوا خۆی دەزانێت کاممان کوشتمان، ئەگەر من کوشتبێتم ئەوە بەم ڕمەمە باشترین کەسم پاش پێغەمبەری خودا ﷺ کوشتوە و هەر بەم ڕمەم خراپترین کەسیشم کوشتوە.

وەحشی لە سەردەمی پێشەوا عومەردا ئالودەی عارەق خواردنەوە دەبێت و چەندین جار لەسەری سزا دەدرێت بەڵام کۆڵنادات، تا کار دەگاتە ئەوەی ئەو پیاوە تیر هاوێژە بە توانا و دەست ڕاستە بێبایەخ بژی و بەکەڵکی سەربازی نەمێنێت و ناوی لەلیستی سەربازیدا دەربهێنرێت و زۆر بەدبەختانە دوا ساتەکانی تەمەنی بەڕێ بکات.

پێشەوا عومەر دەفەرموویت: هەرگیز باوەڕم نەدەکرد خوای گەورە بهێڵێت خوێنی حەمزە هەروا بەسەر بکوژەکەیدا بڕوا و تۆڵەی لێ نەکاتەوە.

## ١٨- گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکان و نەبەردییەکانی هاوەڵان:

هەرچەندە شەهیدبوونی پێشەوا حەمزە زەبرێکی توندی بە سوپای موسوڵمانان گەیاند بەڵام نەك ورەی نەڕوخاندن بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕقئەستور تری کردن و زیاتر تینوی تۆڵەکردنەوەی کردن بۆیە بەردەوام بوون لەهێرش بردن و پێشڕەوی کردن.

یەکێك لەوانە کە شەڕێکی زۆر مەردانەی دەکرد ئەبو دوجانە بوو، زوبەیری کوڕی عەووام[1] دەڵێت: کە پێغەمبەر ﷺ شمشێرەکەی نەدا بە ئێمە و دای بە ئەبو دوجانە لە دڵەوە پێم ناخۆش بوو گوتم: من کوڕی صەفییەی پوریم، لەقورەیشم، پێش ئەبو دوجانە داوام کرد، کەچی نەیدا بەمن دای بەو، وەڵڵاهی دەبێت چاودێری بکەم تابزانم بۆ دای بەو و نەیدا بە ئێمە و تا بزانم ئەبو دوجانە چۆن مافی ئەم شمشێرەی پێغەمبەر ﷺ دەدات و بەڵێنەکەی دەباتە سەر؟! .

دەڵێت: سوێند بەخودا دوور بە دوور چاودێریم دەکرد ڕووی لەهەر کەس دەکرد مۆڵەتی نەدەدا و دەیکوشت، پیاوێکی قورەیشی هەبوو زۆر سەرسەختانە شەڕی دەکرد، هەرچی کەسێکی لە ئێمە دەبینی بریندار دەبوو دەگەیشتە سەری و دەیکوشت، لەدڵی خۆمدا خۆزگەم دەخواست کە لە گەڵ ئەبو دوجانە پێکا هەڵپڕژێن، قەدەری خودا وابوو لێك نزیك بونەوە و ڕوبەڕوی یەك بوونەوە، پیاوە قورەیشییەکە شمشێرێکی بۆ ئەبو دوجانە داهێنایەوە قەڵغانەکەی خستە بەری و بەری نەکەوت، دواتر ئەبو دوجانە شمشێرێکی بۆ ئەو داهێنایەوە و لەتی کرد.

ئەبو دوجانە خۆی دەگێڕێتەوە ودەڵێت: کەسێکم بینی زۆر خراپ و ڕقئەستور بوو زۆر هانی جەنگاوەرەکانی قورەیشی دەدا و ورەی بەرز دەکردنەوە، بۆی چووم کە شمشێرەکەم بۆ داهێنایەوە لە ناوەڕاستی سەری بدەم زریکاندی و هاواری کرد، بە دەنگەکەیدا زانیم ئافرەتە و شمشێرەکەم گێڕایەوە ولێم نەدا؛ چونکە پێم بێ غیرەتی بوو کە شمشێری پێغەمبەر ﷺ لە سەری ئافرەت بدەم. کە کڵاوەکەی لەسەر کردەوە سەیرم کرد هیندی کچی عوتبەی خێزانی ئەبو سوفیانە.

زوبەیر دەڵێت: ئەوکات دڵم بڕوایی هات وتێگەیشتم کە بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ شیرەکەی دا بەم پیاوە ودڵنیاش بووم کە شایستەی ئەو هەڵبژاردنە بوو.

---

١ - کوڕی صەفیەی کچی عەبدولموطەلیبی پورزای پێغەمبەر بوو ﷺ.

### ١٩- هەڵەی تیرهاوێژەكان:

هێرشی موسوڵمانان بەردەوام بوو تا وای لێهات قورەیش بە تەواوی گۆڕەپانی شەڕی چۆڵكرد و كەلوپەلێكی سەربازی زۆری پاش خۆی جێهێشت و ئاگری شەڕ بۆ ماوەیەكی كاتی خامۆش بوو.

تیر هاوێژەكانی سەر چیاكە كە ئەو دیمەنەیان بینی گوتیان شەڕ تەواو، سەركەوتین، چاوەڕێی چی دەكەین با بڕۆینە خوارەوە و ئێمەیش بەشداری براكانمان بكەین لەكۆكردنەوەی دەستكەوتەكانی شەڕ.

عەبدوللای كوڕی جوبەیری فەرماندەی تیرهاوێژەكان زۆر هاواری كرد وگوتی: بیرتان چوەوە پێغەمبەری خودا ﷺ چی پێگوتن؟!!! تكایە فەرمانەكەی پێغەمبەر ﷺ مەشكێنن و شوێنەكانتان چۆڵ مەكەن؛ بەڵام بێسوود بوو، ئەوان گوتیان: مەبەستی پێغەمبەری خوا ﷺ مانەوەی ئێمە بوو تا كۆتایی شەڕ و ئێستایش شەڕ تەواو بووە و واتەیەك بۆ مانەوەی ئێمە لێرە نەماوە. عەبدوللا خۆی و نۆ كەسی تر لەگەڵی مانەوە و چل تیرهاوێژەكەی تر هاتنە خوارەوە.

خالیدی كوڕی وەلید كە پاشەكشەی بە ئەسپسوارەكانی كردبوو لە دوورەوە سەیری دیمەنەكەی دەكرد بینی وا تیرهاوێژەكان شاخەكە چۆڵ دەكەن و دێنە خوارەوە و پشتی سوپای پێغەمبەر ﷺ چۆڵ دەكەن، دەستبەجێ ئەو هەلەی قۆستەوە و لەگەڵ ئەسپسوارەكان لەپشتەوە هێرشیان كردە سەر شاخەكە و عەبدوللای كوڕی جوبەیر و ئەو چەند تیرهاوێژەی تریان شەهید كرد و لاشەكانیان شێواندن و پشتیان لە سوپای موسوڵمانان گرت. عیكرمەی كوڕی ئەبو جەهلیش كە ئەوەی بینی بەخۆی و ئەسپسوارەكانییەوە بەهەمان ڕێگەكەی خالیدا ڕۆیشتن.

ئەوجا ئەسپسوارەكان بەیەك دەنگ لە شاخەكەوە هاواریان لەسوپاكەیان كرد و سوپای قوڕەیش كە گوێیان لەهاوارەكە بوو هەڵگەڕانەوە و بینیان شاخەكە كەوتۆتە دەستی ئەمان و پشت لەموسوڵمانەكان گیراوە بۆیە دووبارە ورەیان بەرز بوەوە و دەستیان كردەوە بەشەڕ كردن.

عومرەی کچی عەلقەمەی حاریثی پەلاماری ئاڵاکەی قورەیشی دا و جارێکی تر بەرزی کردەوە و هێدی هێدی سەربازانی قورەیش لەدەوری ئاڵاکەیان کۆبونەوە و بانگی یەکیان کردەوە و ڕیزەکانیان ڕێکخستەوە و بەدەنگی بەرز دروشمەکەی خۆیان دەگوتەوە و هاواریان لە عوززا و هوبەل دەکرد. و توانیان لەماوەیەکی کەمدا سوپای موسوڵمانان ئابلۆقە بدەن و چواردەوریان لێبگرن.

خوای گەورە ئەو ساتە وەختانەی لەقورئاندا بەوردی تۆمار کردوە و دەیداتەوە بەچاوی هاوەڵان و سەرجەم موسوڵمانانندا و لەبارەیەوە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللَّهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُمْ بِإِذْنِهِ حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ وَعَصَيْتُمْ مِنْ بَعْدِ مَا أَرَاكُمْ مَا تُحِبُّونَ مِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الْآخِرَةَ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ وَلَقَدْ عَفَا عَنْكُمْ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ﴾[1]. واتە: خوای گەورە بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر لەگەڵتان و سەری خستن بەسەریاندا و بەپشتیوانی ئەو خەڵکێکی زۆرتان لێکوشتن و ئەو سەرکەوتنەی بەئاواتییەوە بوون بەچاوی خۆتان بینیتان، تا ئەو کاتەی ناکۆکی وکێشە کەوتە نێوانتانەوە و فەرمانی پێغەمبەرتان شکاند و لەشاخەکە هاتنە خوارەوە و هەندێکتان شوێن ماڵی دونیا کەوتن و هەندێکتان پاداشتی ڕۆژی دوایی، ئەو کات خوای گەورە بۆ ئەوەی فێرتان بکات و تاقییتان بکاتەوە ڕووی لە دوژمنەکانتان وەرچەرخاندن و ئەنجامی شەڕەکەی ئاوەژو کردەوە، سەرەڕای هەموو ئەوانەیش لێتان خۆش بوو خوای گەورە منەت وبەخششی زۆری هەیە بەسەر موسوڵمانانەوە.

**٢٠- شپرزەبوونی سوپای بڕواداران:**

موسوڵمانەکان کە بینییان ئابلۆقە دراون تەواو شپرزە و پەرتەوازە بوون و بوون بەسێ بەشەوە:

کەمینەیەکی زۆر کەمیان کە ژمارەیان تەنها (٩) کەس بوون - (٢) یان کۆچەری و (٧) یان لە پشتیوانەکان- بەدەوری پێغەمبەرەوە ﷺ مانەوە و کەوتنە پشتی سوپاکەی قورەیش و مەردانە شانبەشانی پێغەمبەر ﷺ دەجەنگان.

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٥٢).

بەشێكی تریان هەڵاتن و گۆڕەپانی شەڕیان چۆڵ كرد و تا ناو مەدینە نەوەستانەوە، خوای گەورە دەربارەی ئەوانە ئەو چەند ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْا مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُوا وَلَقَدْ عَفَا اللَّهُ عَنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾[1]. واتە: ئەوانەی لە ڕۆژی ڕوبەڕووبوونەوەی ئوحوددا پشتیان هەڵكرد و ڕایان كرد بەهۆی تاوان و سەرپێچییەكانی خۆیانەوە دەستەمۆی شەیتان بوون و بەگوێی ئەویان كرد. سەرەڕای ئەوەیش خوای گەورە لە گوناهەكانیان خۆش بوو، خوای گەورە زاتێكی بەخشندە و بەبەزەییە.

زۆرینەی زۆری هاوەڵانیش كەوتنە ئابلۆقەی سوپای قوڕەیشەوە و سوپای قوڕەیش لە هەر چوار لاوە بێ بەزەییانە لێیان دەدان و ئەوانیش تەنها بەرگریان لەخۆیان دەكرد و چاوەڕێی مەرگی خۆیان دەكرد و دروشمی شەڕەكەیان كە (بكوژە بكوژە) بوو بەتەواوی لەبیر كردبوو.

موسوڵمانان بەشێوەیەك شپرزە ببون كەنەك تەنها ئاگایان لەدروشمی شەڕەكە نەمابوو بەڵكو ئاگایان لە پێغەمبەر ﷺ و لەیەكتریش نەمابوو، دۆست و دوژمنی خۆیان بۆ جیا نەدەكرایەوە، ئەوەبو حوسەیلی باوكی حوزەیفەیان لە شپرزەییدا شەهید كرد، هەرچەند حوزەیفە هاواری كرد ئەوە باوكمە بەڵام بێسوود بوو. دواتر سوێندیان خوارد و گوتیان وەڵلا نەناسیومانە ونەگوێیشمان لەتۆ بووە كە وات گوتوە.

لەو هەلومەرجە ناهەموارەدا یەكێك لە دووڕووەكان بەناوی حارثی كوڕی سوەیدی كوڕی صامیت كە بەناو لەگەڵ سوپای پێغەمبەردا بوو ﷺ هێرشی كردە سەر یەكێك لەهاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بەناوی موجذیری كوڕی زیادی بەلەوی[2] و شەهیدی كرد و پاشان خۆی گەیاندە سوپای قوڕەیش ولەگەڵیان گەڕایەوە بۆ مەككە.

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٥٥).

٢ - ئەمیش بەهۆی دوژمنایەتییەك كە لەپێش هاتنی ئیسلامەوە لەنێوانیاندا بوو، كەئەو كات سوەیدی باوكی حاریث باوكی موجذیری كوشتبوو، موجذیریش لەتۆڵەی خوێنی باوكیدا سوەیدی باوكی حارثی كوشتبوو، پاش هاتنی ئیسلام بۆ مەدینە موجذیر و حارث هەردووكیان موسوڵمان بوون؛ بەڵام حارث لەباوەڕەكەیدا ڕاست نەبوو وەمەبەستی بوو تۆڵەی باوكی بكاتەوە، ئەوەبوو كە لە جەنگی ئوحوددا موسوڵمانان شپرزە بوون ئەوەی بەهەل زانی و لەپشتەوە هێرشی كردە سەر موجذیر و شەهیدی كرد و خۆی گەیاندە سوپای بێباوەڕان.

## ٢١- گیانبازییەکی بێ وێنەی پێغەمبەری خوا ﷺ و سەختترین ساتەکانی شەڕ:

پێغەمبەری خودا ﷺ لەم بارودۆخە ناهەموارەدا دوو بژاردەی لەبەردەمدا بوو:

یەکەم: خۆی وئەو (٩) کەسەی لەگەڵی ماونەتەوە بکشێنەوە بۆ شاخەکە وخۆیان ڕزگار بکەن، لەم کاتەدا سوپاکەی تیا دەچێت.

دووەم: دەست لەگیانی خۆیان بشۆن و لەپشتەوە هێرش بکەنە سەر سوپاکەی قوڕەیش و ئابلۆقەی سەر موسوڵمانان بشکێنن و خۆیان تێکەڵکێشی سوپاکە بکەنەوە و دواتر پێکەوە وبەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو هەوڵی پاشەکشە بدەن بەرەو چیاکە.

ئالێرەدا دلێری و دڵسۆزی پێغەمبەری خوا ﷺ دەردەکەوێت کاتێك بژاردەی یەکەم پەسەند دەکات و لەبری پاشەکشەکردن و بیری خۆ دەربازکردن، لە پشتەوە و بەو ژمارە کەمەوە هەڵدەکوتێتە سەر سوپاکەی قوڕەیش و بەدەم هێرش کردنەوە هاوار لە هاوەڵانی دەکات بەندەکانی خوا بگەڕێنەوە بۆ لای من، پاڵ بدەنەوە بەمنەوە. هەرچەندە دەیزانی بێباوەڕان بەر لە هاوەڵانی گوێبیستی دەنگەکەی دەبن و ئەمەیش مەترسییەکی زۆر لەسەر ژیانی دروست دەکات؛ بەڵام دیارە ژیانی هاوەڵانی پێ لەپێشتر بوو لەژیانی خۆی.

قوڕەیش کە گوێیان لەدەنگی پێغەمبەر بوو ﷺ هەوڵەکانیان بۆ کوشتنی ئەو چڕ کردەوە و بەرەو شوێنی دەنگەکە هێرشیان دەکرد و بەر لەهاوەڵانی گەیشتنە سەری و بە هەرچی توانایان هەبوو لێیان دەدا، پێغەمبەرﷺ و ئەو چەند هاوەڵە کەمەیشی کە بەدەورییەوە مابوونەوە بەرگرییەکی مەردانەیان دەکرد و قارەمانێتییەکی بێ وێنەیان تۆمار کرد، پێغەمبەر ﷺ بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی ورەی هاوەڵانی فەرمووی: هەر کەس ئەمڕۆ ڕووبەڕویان بێتەوە بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەکەم و لەگەڵم دەبێت لەبەهەشتدا.

تا دەهات هێرشەکە لەسەر پێغەمبەر ﷺ چڕتر دەبووەوە تا یەك بەدوای یەك هەر حەوت هاوەڵە پشتیوانەکەی کە بەدەورییەوە بوون شەهید بوون[1] بەڵام نەیانهێشت دەستی بێباوەڕان بگاتە پێغەمبەر ﷺ لەو کاتەدا تەنها دوو هاوەڵە کۆچەرییە قوڕەیشیەکەی کە سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و طەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا بوون

---

١- دواهەمینیان کەشەهید بوو عەممارەی کوڕی یەزیدی کوڕی سەکەن بوو.

بەدەورییەوە مابوون پێغەمبەرﷺ فەرمووی: هاوەڵەكانمان بەوەفا نەبوون لەگەڵمان، مەبەستی لەكۆچەرییەكانی خەڵكی مەككە بوو كە گوێیان لە بانگەكەی بوو بەڵام بەسستی بەدەمییەوە چوون.

سەعد وطەڵحە كە دوو تیرهاوێژی بەتوانا و بەناوبانگی عەرەب بوون، داستانێكی بێ وێنەیان لەدڵێری تۆمار كرد و نەیانهێشت قورەیشییەكان دەستیان بەپێغەمبەر ﷺ بگات.

سەعد تیرهاوێژێكی ناودار بوو زۆر كەم تیری بەخەسار دەدا، پێغەمبەری خودا ﷺ گشت تیرەكانی خۆی بۆ هەڵڕشت و پێی فەرموو: بیانهاوێژە دایك وباوكم بەقوربانت بێت[1].

لەو لایشەوە طەڵحە زۆر مەردانە دەجەنگا تا شیرێكیان لێدا سەری پەنجەكانی برد گوتی: وەی. پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرموو: ئەگەر بتگوتایە: بسم الله ئەوا فریشتەكانی خوا بە بەرچاوی خەڵكەوە بەرزیان دەكردیتەوە بەئاسماندا.

هەر بەوە كۆڵی نەدا بینی یەكێك لەبێباوەڕان ڕمێك ئاراستەی پێغەمبەر ﷺ دەكات هیچی پێ نەبوو بیخاتە بەردەمی ناچار قۆڵی خۆی خستە بەر و ڕمەكە دای لە قۆڵی هەتا مردیش ئەو قۆڵەی لە كار كەوت و ئیشی نەدەكرد.

خاتوو عائیشە دەڵێت: هەركات باسی شەڕی ئوحود بكرایە باوكم دەیگوت: ئەو ڕۆژە تەنها ڕۆژی طەڵحەبوو.

هاوەڵانیش دەگێڕنەوە دەڵێن لەو ڕۆژەدا جەستەی طەڵحە (٣٩) برینی پێوە بوو.

لەو ساتە وەختانە كە پێدەچێت یەكێك بوبێت لەسەختترین ساتە وەختەكانی ژیانی پێغەمبەر ﷺ خوای گەورە (جبریل و میكائیل) دەنێرێت بۆ بەرگریكردن لەپێغەمبەر ﷺ كە تەنها سەعد و طەڵحەی بەدەورەوە مابوون، سەعد دەڵێت: دوو پیاوم بینی جلێكی زۆر سپیان لەبەردا بوو لەدەوری پێغەمبەر ﷺ شەڕیان دەكرد، نەپێش ئەو ڕۆژە و نەپاش ئەو ڕۆژە ئەو پیاوانەم نەبینیبوو.

---

١- جگە لە سەعد و لەم جێگەیە پێغەمبەری خودا ﷺ دایك وباوكی بەقوربانی كەس نەكردوە.

سەرانی قورەیش نەیاندەویست ئەو هەلە زێڕینە بۆ لەناو بردنی پێغەمبەر ﷺ لەدەست بدەن بۆیە بەردەوام بوون لە چڕكردنەوەی هێرشەكانیان بۆ سەری و شڵەژاوی و پەرتەوازەیی هاوەڵانیش هەلێكی بێ وێنەبوو بۆ پێكانی ئامانجەكانیان.

چواركەسی ئازا وخاوەن ئەزموونی قورەیشییەكان كە پێكهاتبوون لە: عەبدوڵڵای كوڕی شەهابی زوهری و ئیبن و قەمیئە و ئوبەیی كوڕی خەلەف و عوتبەی كوڕی ئەبی وەققاص ڕێكەوتن لەسەر ئەوەی لەیەك كاتدا و لە چوارلاوە هێرش بكەنە سەری و شەهیدی بكەن، پیلانكەی قورەیش تا ئاستێكی باش سەری گرت و ئەندامانی دەستەكە توانییان بگەنە پێغەمبەری خودا ﷺ و عوتبە چوار بەردی تێگرت ددانێكی پێشەوەی شكاند و لێوی خوارەوەی بریندار كرد و پێغەمبەری خودا ﷺ كەوت و هەردوو ئەژنۆی بریندار بوو، طەڵحەی كوڕی عوبەیدیوڵڵا باوەشی پێدا كرد و هەڵیسانەوە، پاشان عوتبە شمشێرەكەی داهێنایەوە لەسەری بدات شمشێرەكە كڵاوەكەی سەری لەت كرد وخوێن بەدەموچاویدا هاتە خوارەوە، حاطەبی كوڕی ئەبی بەلتەعە كە ئەوە دەبینێت هێرش دەكاتە سەر عوتبە و شیرێكی لێ دەدات سەری لەلاشەی جیا دەكاتەوە

ئیبن و قەمیئە لەلایەكی ترەوە شمشێرێكی زۆر بەهێزی داهێنایەوە لەشانی بدات بەڵام بەهۆی ئەوەی دوو زرێی لەبەردا بوو شمشێرەكە زرێی یەكەمی بڕی بەڵام زرێی دووەمی نەبڕی وبەر شانی نەكەوت پێغەمبەری خودا ﷺ تا یەك مانگیش ئازاری ئەو شانەی نەدەشكا. شمشێرێكی تری بەهێزی بۆ دەموچاوی داهێنایەوە وگوتی: بگرە من كوڕەكەی قەمیئەم، ئەویش بەر زرێكەی سەر ڕوومەتی كەوت ودوو دانی زرێكە چەقی بەڕومەتیدا، پێغەمبەری خودا ﷺ خوێنەكەی دەموچاوی سڕی وفەرمووی: خوا سووك و ڕیسوات بكات و لەناوت ببات[1].

لەلایەكی ترەوە عەبدوڵڵای كوڕی شەهابی زوهری شمشێرێكی بۆ سەری داهێنایەوە بەر ناوچەوانی كەوت وبریندار كرد. پێغەمبەری خوا ﷺ خوێنەكەی دەسڕی و

---

١ - خوای گەورە زۆر زوو داواكەی پێغەمبەر ﷺ گیرا دەكات و پاش ئوحود ڕۆژێك ئیبن و قەمیئە دەڕوات سەر لە مەڕەكانی بدات و كە دەچێت بەشاخێكەوە دەبن و دەیەوێت گلیان بداتەوە و لەناكاو بەرانێك بە هەموو هێزی بەرەو ڕووی دێت و قۆچی لێدەدات و لەشاخەكەوە دەیخاتە خوارەوە و لەت و پەتی دەكات.

دەیفەرموو: چۆن گەلێك سەرفراز دەبن کە پێغەمبەرەکەیان بانگیان بکات بۆ لای خوا کەچی ئەوان دەموچاوی خەڵتانی خوێن بکەن.

بێباوەڕان ئەوەندە دڕندانەو دڵڕەقانە هێرشیان دەکردە سەر پێغەمبەر ﷺ، هاوەڵانی دەڵێن: پاش شەڕەکە جەستەی پیرۆزی لە حەفتا جێگەوە بریندار ببوو.

بەهەر حاڵ و سەرەڕای سەختی هێرشەکانی قورەیش پێغەمبەری خودا ﷺ هەر سووربوو لەسەر پێشڕەوی کردن و شکاندنی ئابلۆقەی سەر هاوەڵانی، بۆ دوا جار هەوڵەکەی سەری گرت و هەر چۆنێك بێت خۆی گەیاندەوە هاوەڵەکانی، یەکەم کەس کە پێغەمبەری بینی کەعبی کوڕی مالیك بوو هاواری کرد وگوتی: مژدەتان لێبێت ئەوە پێغەمبەری خودایەﷺ . پێغەمبەری خودا ﷺ ئاماژەی بۆ کرد بۆ ئەوەی بێ دەنگ بێت.

هەرچەندە هاوەڵان تەواو شەکەت بوون بەڵام بەبینینی پێغەمبەر ﷺ زۆر ورەیان بەرزبویەوە، ئەبو بەکر و عومەر و عەلی و ئەبو دوجانە و موصعەبی کوڕی عومەیر و سەهلی کوڕی حەنیف و حاطەبی کوڕی ئەبی بەلتەعە و مالیکی کوڕی سینان و قەتادەی کوڕی نوعمان و نوسەیبەی کچی کەعب و گەورە هاوەڵانی تر کە لەپێشەوەی سوپاکە مەردانە دەجەنگان هێدی هێدی گەڕانەوە و لەدەوری پێغەمبەر ﷺ کۆبوونەوە و پشتوێنەیەکی ئەمنییان بەدەوری پێغەمبەردا ﷺ دروستکرد، قورەیش کەهەستی کرد ئێستا بە ئاسانی دەستی ناگاتە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بەتیرهاوێژەکانی کرد کە بیکەنە ئامانجی تیرەکانیان، ئەبو دوجانە کە ئەوەی بینی هیچی بە دەستەوە نەبوو تا بەر بەو تیربارانە بگرێت بۆیە ناچار جەستەی کردە قەڵغان وتوند باوەشی بە پێغەمبەردا ﷺ کرد وگشت تیرەکان چەقینە پشتی ئەو.

قەتادەیش یەکێکی تر بوو لەو هاوەڵە دڵسۆزانەی بەجەستەی خۆیان جەستەی پێغەمبەریان ﷺ دەپاراست، دەڵێت: بەڕووی خۆم ڕووی پێغەمبەرم ﷺ لە تیری تیرهاوێژەکان دەپاراست، تا تیرێك لەناو چاومی داو چاوی دەرهێنام، چاوەکەم گرت بەدەستمەوە و گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ خێزانێکم هەیە زۆرم خۆش دەوێت

دەترسم ئاوا بمبینێت خۆشەویستی بۆم نەمێنێت، پێغەمبەری خودا ﷺ چاوەکەی لەدەست گرتم ولەشوێنی خۆی دایناوەتەوە.

خاتوو نوسەیبەی کچی کەعبی خێزانی زەیدی کوڕی عاصیمیش یەکێك بوو لەو هاوەڵە بەڕێزانەی داستانی ئوحودیان تۆمار کرد و ڕۆڵێکی کەم وێنەی گێڕا و شانبەشانی گەورە هاوەڵان شەڕی دەکرد و بەرگری لەپێغەمبەری خودا ﷺ دەکرد، خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ڕۆژی ئوحود لەگەڵ هاوسەرەکەم و کوڕەکانم لەگەڵ سوپاکەی پێغەمبەری خودا ﷺ بەرێکەوتین کە شەڕ دەستی پێکرد من تیماری بریندارەکانم دەکرد و ئاوم بۆ دەبردن کاتێك سوپای موسوڵمانان پەرتەوازە بوون وبینیم چەند کەسێکی کەم بەدەوری پێغەمبەرەوە ﷺ ماوە شمشێرم هەڵگرت و چومە نزیکی و بەرگریم لێکرد تا بەخەستی بریندار کرام، ئەو خاتوونە بەڕێزە لەکۆتایی شەڕەکەدا لە دوازدە لاوە پێکرابوو.

## ٢٢- بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدبونی پێغەمبەر ﷺ و هەڵوێستی هاوەڵان:

قورەیش بەردەوام هەوڵی دەدا ئەو پشتوێنە ئەمنیەی دەوری پێغەمبەر ﷺ بشکێنێت بۆیە بەهەموو هێزییەوە لەو هاوەڵانەیان دەدا کە لەو نێوەندەدا بوون، موصعەبی کوڕی عومەیر یەکێك بوو لەوانە، موصعەب سەرەڕای ئەرکی هەڵگرتنی ئاڵاکە مەردانە دەجەنگا و بەرگری لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکرد، ئیبن و قەمیئە لێی نزیك بویەوە و شیرێکی لەدەستی ڕاستی دا کە ئاڵاکەی پێهەڵگرتبوو دەستی ڕاستی بڕی، موصعەب نەیهێشت ئاڵاکە بکەوێتە زەوی و بەدەستی چەپی هەڵیگرت، ئیبن و قەمیئە شیرێکی تری بۆ دەستی چەپی داهێنایەوە و دەستی چەپیشی بری، موصعەب هەر نەیهێشت ئاڵاکە بکەوێتە زەوی وخۆی دا بەسەریدا و خستییە بەینی سنگی و ملی وهەردوو قاچییەوە بۆجارێکی تر ئیبن و قەمیئە هێرشی کردەوە سەر و شیرێکی تری لێدا و شەهیدی کرد، لەپاش شەهیدکردنی موصعەب پێشەوا عەلی ئاڵاکەی بەرزکردەوە.

کاتێك موصعەب شەهید بوو ئیبن و قەمیئە وایزانی کە پێغەمبەری خودای ﷺ شەهید کردوە - چونکە موصعەب زۆر لەپێغەمبەری خوا ﷺ دەچوو بەتایبەتی کە

کڵاوی شەڕی لەسەر دەکرد-؛ بۆیە بەدەنگی بەرز هاواری کرد کە موحەممەدم کوشتوە، بڵاو کردنەوەی هەواڵی کوشتنی پێغەمبەر ﷺ کاریگەری خراپی لەسەر ورەی هەندێك لە موسوڵمانان دروست کرد و بەو هۆیەوە لەشەڕ کردن سارد بوونەوە و توانای شەڕکردنیان نەما و تەنانەت هەندێك لە دووڕووەکان دەیانگوت با زوو فریا کەوین و خۆمان بگەیەنینە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی – سەری دووڕووەکان لەمەدینە- بەڵکو تکامان بۆ بکات لای ئەبو سوفیان و پەنامان بدات و بگەڕێینەوە سەر ئایینەکەی خۆمان، بەڵام هەندێك لەهاوەڵان لەو ساتە وەختە سەختەدا هەڵوێستی زۆر ناوازەیان نواند و بەوپەڕی ورە بەرزییەوە ڕوبەڕوی دۆخەکە بوونەوە.

یەکێك لەوانە ئەنەسی کوڕی نەضری مامی ئەنەسی کوڕی مالیك بوو، ئەم پیاوە بەشداری جەنگی بەدری نەکردبوو، بەڵام پاش جەنگەکە چووە خزمەت پێغەمبەری خودا ﷺ و عەرزی کرد: ئەگەر ئەمجارە شەڕ ببێت دەمبینی چی دەکەم، وەك ئەوەی بڵێت نەهاتنم بۆ بەدر لە بێغیرەتیما نەبوو؛ بەڵکو من نەم دەزانی بۆ شەڕ دەچن وشەڕ دەبێت.

ئەم پیاوە کە هەواڵی شەهید کردنی پێغەمبەر ﷺ بڵاوبوویەوە بینی هەندێك لەهاوەڵان تەواو ڕوخاون و ساردبونەتەوە گوتی: ئەوە بۆ واتان لێهاتووە؟!. گوتیان: دەڵێن پێغەمبەری خوداﷺ شەهید بووە. گوتی: جا ئێوە پاش ئەو ژیانتان بۆ چییە؟! بۆ هەڵناسن بمرن لە پێناو  ئەوەی کە پێغەمبەری خودا ﷺ لەپێناویدا شەهید بوو، پاشان دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و گوتی: خوایە گیان من داوای لێبوردن دەکەم لەوەی کە هاوەڵەکانم کردیان وئەستۆ پاکیشم لەوەی ئەو بێباوەڕانە کردویانە. پاشان شمشێرەکەی هەڵکێشا و سەعدی کوڕی موعاذ هاتە سەر ڕێگەکەی و پێی گوت: ئەنەس چی دەکەیت؟ گوتی: سوێند بەخواکەی نەضر بۆنی بەهەشت دەکەم لەکێوی ئوحودەوە دێت، ئەوجا خۆی کرد بەناو ڕیزی بێباوەڕاندا و هەتا شەهید بوو شەڕی کرد، پاش شەڕەکە کە لاشەکەیان دۆزییەوە لە زیاتر لە (٦٠) شوێنەوە لێدرابوو وە بەشێوەیەك شێوێنرابوو تەنها خوشکەکەی بە هۆی پەنجەیەکیا ناسییەوە.

لەسەر هەڵوێستی مەردانەی ئەم پیاوە و ڕاستی ئەو بەڵێنەی کە بە پێغەمبەری ﷺ دابو، خوای گەورە ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە کە دەفەرموویێت: ﴿مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا﴾[1]. واتە: لەناو باوەڕدارانادا پیاوانێك هەن ڕاستگۆ بوون لەو بەڵێنانەی کە بەخوای گەورەیان دابوو، لەوانە هەندێکیان بەڵێنەکانیان بردۆتە سەر و گەڕاونەتەوە بۆ لای خوای گەورە و هەندێکیشیان لەچاوەڕوانی جێبەجێکردنیدان و بەهیچ شێوەیەك نەگۆڕاون.

- ثابتی کوڕی دەحداحیش یەکێکی تر بو لەو هاوەڵانەی کە بیستی پێغەمبەر ﷺ شەهید بووە، ڕووی کردە کۆمەڵێك لەپشتیوانان و گوتی: ئەگەر پێغەمبەر ﷺ شەهید بووە خۆ خوای گەورە ماوە و زیندووە، بەرگری لە ئایین و پەیامەکەتان بکەن، دڵنیا بن خوای گەورە سەرتان دەخات.

ئەوجا خۆی و دەستەیەك لە پشتیوانان هێرشیان کردە سەر ئەو باڵەی کە خالیدی کوڕی وەلید و عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل وزراری کوڕی خەطابی تێدا بوو و زۆر مەردانە جەنگان تا هەموویان شەهید بوون.

خوای گەورە دەربارەی ئەو هەواڵە و هەڵوێستی هاوەڵآن ئایەتی ناردە خوارەوە و فەرمووی: ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِنْ مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَنْ يَنْقَلِبْ عَلَى عَقِبَيْهِ فَلَنْ يَضُرَّ اللهَ شَيْئاً وَسَيَجْزِي اللهُ الشَّاكِرِينَ﴾[2]. واتە: موحەممەد تەنها پێغەمبەرێکەو چەندین پێغەمبەری تر بەر لەو هاتوون و مردوون جا ئەگەر ئەمیش مرد یان شەهید بوو ئێوە پشت لە ئایینەکەتان دەکەن و لێی پەشیمان دەبنەوە؟! خۆ هەر کەسیش کاری وا بکات ئەوە جگە لە خۆی هیچ زیانێك بەخوای گەورەوە پەیامەکەی ناگات و هەرکەسیش بەردەوام و دامەزراو بێت ئەوە خوای گەورە چاکەی خۆڕاگران و سوپاگوزاران ون ناکات و بەباشترین شێوە پاداشتیان دەداتەوە.

---

١ - سورة الأحزاب: الآية (٢٣).

٢ - سورة آل عمران: الآية (١٤٤).

بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدکردنی پێغەمبەر ﷺ تا ئاستێکی باش فشاری سەر موسوڵمانانی کەم کردەوە چونکە قورەیش پێی وابوو کەشەڕەکەیان ئامانجی خۆی پێکاوە و پێغەمبەریان ﷺ کوشتووە بۆیە زۆرێکیان دەستیان لەشەڕ هەڵگرت و سەرقاڵبوون بەشێواندنی لاشەی شەهیدەکان و کۆکردنەوەی دەسکەوتەکانی شەڕەوە.

**٢٣- بەدەمەوەهاتنی خوای گەورە بۆ بڕواداران:**

لەو ساتە وەختە سەختەی شەڕدا بڕواداران تووشی حاڵەتێکی سەیر و ناسروشتی بوون، ئەویش بەوەی خەو دایگرتبوون و وەنەوزی خەو دەیبردنەوە و تەنانەت هەندێکیان لەژێر کاریگەری ئەو حاڵەتەدا شمشێرەکانیان لەدەست بەردەبووەوە، ئەبو طەڵحە دەڵێت: من خۆم چەند جار شمشێرەکەم لەدەست دەکەوتە خوارەوە و هەڵم دەگرتەوە.

کەعبی کوڕی عەمری ئەنصاریش دەڵێت: ڕۆژی ئوحود من و چواردە کەس لە هۆزەکەم لەخزمەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ لەشەڕدا بووین، هەمووومان بۆ ماوەیەك خەو دایگرتین و پڕخەمان دەهات و قەڵغانەکانی دەستمان بەیەکیدا دەدا، تەنانەت بەڕائی کوڕی مەعرور شیرەکەی لەدەست کەوتبووە خوارەوە کەچی هەستی پێ نەدەکرد.

عەبدوڵلای کوڕی زوبەیریش دەڵێت: کە ترس و نارەحەتی زۆریان بۆ هێناین خوای گەورە خەوی لێخستین بەشێوەیەك کە هەموومان سەرمان کەوتبووە سەر سنگمان، وەڵلاهی وەك ئەوەی لەخەودا پێم بڵێن گوێم لێبوو موعتەبی کوڕی قوشەیری دووڕوو دەیگوت: ئەگەر بەقسەی ئێمەیان بکردایە و یان ئێمە شتێکمان بەدەست بوایە ئاوها لێرەدا نەدەکوژراین.

خوای گەورە دەربارەی ئەو حاڵەتە لە قورئاندا دەفەرموویێت: ﴿ثُمَّ أَنْزَلَ عَلَيْكُمْ مِنْ بَعْدِ الْغَمِّ أَمَنَةً نُعَاساً يَغْشَى طَائِفَةً مِنْكُمْ﴾[1]. واتە: پاش ئەو خەم و پەژارەیەی بەهۆی هەڵەکانی خۆتانەوە بەسەرتان هات خوای گەورە دەستی لێبەرنەدان و هێمنی و ئارامی دابەزاندە سەر دڵەکانتان بەوەی هەندێکتان وەنەوزی خەو دەیبردنەوە.

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٥٤).

دیارە ئەم خەوە نائاساییە لەو ساتە سەختانەدا لوتفی خوا بوو تا زەبر و فشاری شەڕەکە لەسەر دڵ و دەروونیان کەم بکاتەوە؛ چونکە مەحاڵە مرۆڤ بتوانێت لە حاڵەتێکی ئاوهادا کە شیر و تیر لەهەموو لایەکەوە بەسەریدا ببارێت و لە هەر ساتێکدا مرۆڤ چاوەڕوانی مەرگی خۆی بکات بتوانێت خەوی لێبکەوێت؛ بەڵام سەرەڕای ئەوانە هەمووی و بەویستێکی خوایی هاوەڵان خەوێك گرتنی کە تەواو ئارامی کردنەوە و کۆتایی بەو حاڵەتی ترس و شپرزەییە هێنا[1].

بەڵام دووڕووەکان کە بەردەوام لە دوودڵی و گوماندا بوون بەرامبەر بە بەڵێنەکانی خوای گەورە و بۆ دەستخستنی ماڵی دونیا شوێن پێغەمبەرﷺ و هاوەڵان کەوتبون لەو نیعمەتە بێبەش بوون و هەر بیریان لای خۆیان و ئەوەبوو کە چۆن لەم شەڕە ڕزگاریان بێت و بەهەر نرخێك بێت ژیانیان پارێزراوبێت؛ چونکە مرۆڤ لەدونیا هەرچی خۆشدەوێت لە: جوانی، پارە، پۆست، ناوبانگ، خێزان و نەوە و هتد، هەموو ئەوانە بە هاکانییان بەژیانەوەیە و بۆ دوای مردن سوودێکیان نابێت؛ بۆیە مرۆڤی دووڕوو کە ژیانی کەوتە مەترسییەوە ئامادەیە هەموو ئەوانە بدات لە پێناو مانەوەی خۆیدا؛ بەڵام مرۆڤی بڕوادار باوەڕەکەی لەسەروو هەموو ئەوانەوە دەبینێت بەژیانی خۆیشییەوەو هەموو کات ئامادەیە ژیانی خۆی ببەخشێت لەپێناو سەرخستنی باوەڕ و پەیامەکایدا؛ هەر بۆیە خوای گەورە لەوەسفی هەڵوێستی دووڕووەکاندا لەو ساتە وەختانەدا دەفەرموویت: ﴿وَطَائِفَةٌ قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنْفُسُهُمْ يَظُنُّونَ بِاللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ﴾[2].

واتە: هەندێکیشتان تەنها هەر خۆیان مەبەست بوو لە خەمی خۆڕزگارکردندا بوون، ئیتر پێغەمبەر ﷺ و پەیامەکەی چیان بەسەر دێت ئەوانە لای ئەوان جێی بایەخ نەبوون. هەر بۆیە ئەوەندە تۆقیبوون ئۆقرە و ئارامییان لێبڕابوو وە هیچ گومانێکی باشیان بەرامبەر بەبەڵێنەکانی خوای گەورە نەمابوو، لەبەر خۆیانەوە قسەی بەتاڵ و بێ بنەمایان دەکرد و گشت هۆکاری کارەساتەکەیان دەدایە پاڵ پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی.

---

١ - هەمان حاڵەت لە شەوی ڕووبەڕوبوونەوەی بەدریشدا ڕوویدا بۆیە زانایان دەفەرموون: خەو بردنەوە لەکاتی ڕووبەڕوبونەوەی بێ باوەڕاندا لە خواوەیە، بەڵام لەکاتی ئەنجامدانی پەرستشەکان لەشەیتانەوەیە.

٢ - سورة آل عمران: الآية (١٥٤).

## ٢٤- بڕیاری پاشەکشەکردن و کۆتایی هاتنی شەڕ:

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدکردنی پێغەمبەر ﷺ تا ئاستێکی باش فشاری سەر موسوڵمانانی کەم کردەوە و ئەو حاڵەتی خەولێکەوتنەیش موسوڵمانانی تەواو ئارام کردەوە، لەو کاتانەدا هەلێکی باش بۆ پێغەمبەر ڕەخسا ﷺ تا پاشەکشە بە پاشماوەی سوپاکەی بکات بۆ دامێنی چیاکە و لەدەستی قورەیش دەربازیان بکات. قورەیش کە هەستیان بەو جوڵەیە کرد بۆیان دەرکەوت کە دەنگۆی شەهیدکردنی پێغەمبەر ﷺ درۆیە؛ بۆیە دیسان هەوڵەکانیان بۆ شەهیدکردنی چڕ کردەوە.

ئوبەیی کوڕی خەلەف بەرمێکەوە بەرەو ڕووی هات و دەینەڕاند و دەیگوت: موحەممەدم نیشان بدەن بەکوشت بچم ئەگەر بهێڵم ڕزگاری بێت، ئەو نامەردە دەیزانی کە ئێستا پێغەمبەری خودا ﷺ زۆر شەکەت و ماندووە و لەچەندین لاوە برینداره، بۆیە ئەم کاتەی بەهەل زانی تا داخی دڵی خۆی پێ بڕێژێت و ئەو هەڕەشەیەی بەرێتە سەر کەهەر لە مەککە لێی دەکرد و هەر جارێك پێغەمبەری ﷺ دەبینی پێی دەگوت: ئەسپێکم هەیە هەموو ڕۆژێك جۆی دەدەمێ و خزمەتی دەکەم و ڕۆژێك دێت لەسەر ئەو ئەسپە دەتکوژم، پێغەمبەریش ﷺ پێی دەفەرموو: پشت بەخوا من بەسەر ئەو ئەسپەوە دەتکوژم؛ بۆیە کاتێك هاوەڵان ویستیان ڕێی لێبگرن و بەرەنگاری ببنەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی، وازی لێبێنن با بێتە پێشەوە، کەهاتە پێشەوە هاواری دەکرد و دەیگوت: ئەی درۆزرن بۆ کوێ لەدەستم دەردەچیت؟! پێغەمبەری خوا ﷺ ڕمێکی لە دەستی حارثی کوڕی صوممە وەرگرت و چاوەڕێی کرد تا تەواو لێی نزیك بویەوە وبۆشاییەکی لە نێوان کڵاوەکەی سەری و زرێکەی بەری دۆزییەوە و ڕمەکەی ئاڕاستە کرد وبەر ملی کەوت و لە ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە و گلا، هەرچەندە تیرەکەی پێغەمبەر ﷺ تەنها ملی ڕوشاندبو بەڵام ئەو لەبەر ئازار ئارامی لەبەر بڕابو وەك گا دەی بۆڕاند و دەیگوت: موحەممەد ﷺ کوشتمی، هەرچەند هاوەڵانی دڵیان دەدایەوە و سەرزەنشتیان دەکرد و دەیان گوت: زۆر عەیبە هاوار دەکەیت تۆ تەنها ملت ڕووشاوە، وەڵڵا ئەو برینەی تۆ لە چاوی هەر یەکێکماندا بێت ئای بۆ ناکەین. بەڵام بێسوود بوو

ئەو هەر هاواری دەکرد و دەیگوت: سوێند بێ بەلات و عوززا ئەو برینەی بەمنەوەیە بەسەر هەموو خەڵکی بازاڕی مەجازدا دابەشی بکە پێی دەمرن. موحەممەد هەر لە مەککە هەڕەشەی لێکردوم و پێی گوتوم: دەتکوژم، وەڵلاهی نەك ڕم ئەگەر شوێنی تفێك بێت پێی دەمرم. ئەوە بو لەڕێی گەڕانەوەی سوپای قوڕەیش بۆ مەککە مرد و نەگەیشتەوە مەککە.

جگە لەم کەسە پێغەمبەری خودا ﷺبەدەستی پیرۆزی خۆی هیچ کەسێکی تری نەکوشتوە.

هەر لەکاتی پاشەکشەکردن بەرەو شاخەکە کەسێکی تر لەو سەرانەی قورەیش بەناوی عوسمانی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی موغیرە کە سەرتاپای زرێپۆش بوو بەسەر ئەسپێکی بازگەوە بەرەو پێغەمبەر ﷺ هێرشی کرد و دەیگوت: بەکوشت بچم ئەگەر نەتکوژم، پێغەمبەر ﷺ لەشوێنی خۆی وەستا و چاوەڕێی کرد تا لێی نزیك بێتەوە بەڵام ئەسپەکەی گلا و کەوتە خوارەوە و حارسی کوڕی صوممە لێی چووە پێشەوە و بەرەنگاری بووەوە و پاش ماوەیەك لە پێکدادان حارس شیرێکی لەقاچیدا و خستی و پاشان پەلاماریدا و کوشتی. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی ڕیسوای کرد و لەناوی برد.

پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان بەردەوام بوون لە پاشەکشە کردن بەرەو دامێنی چیاکە بەڵام بەر لەگەیشتنی ئەوان ئەبو سوفیان و خالیدی کوڕی وەلید لە پشتیانەوە هەندێك بەرزاییان داگیر کردبوو، پێغەمبەر ﷺ کەبینینی فەرمووی: وەڵلاهی نابێت ئەوانە لەسەروی ئێمەوە بن، ئەو کات پێشەوا عومەر و دەستەیەك لەهاوەڵان بۆیان چوون و لەشاخەکە کردیاننە خوارەوە و تەواو شاخەکەیان کۆنترۆڵ کرد و بەمەیش کۆتایی بە غەزای ئوحود و گشت چرکە ساتەکانی بەریەککەوتنی سوپای بڕواداران و سوپای قورەیش هات.

## ٢٥- گفتوگۆکەی نێوان پێشەوا عومەر و ئەبو سوفیان:

پاش ئەوەی پێغەمبەری خودا ﷺ و سوپاکەی پشتیان دا بە شاخەکەوە، سوپای قورەیش نەیدەوێرا زیاتر پێشڕەوی بکات؛ چونکە دەیانزانی موسوڵمانان جێگەکەیان بەرزترە و زاڵترن و زیانی زۆریان بەر دەکەوێت؛ بۆیە لەدامێنی چیاکە وەستان.

پاشان ئەبو سوفیان چووە سەر بەردێکی بەرز و هاواریکرد و گوتی:

- موحەممەدتان لەناودا ماوە؟. دوو جار هاواری کرد و ئەو پرسیارەی کرد، پێغەمبەری خودا ﷺ ئاماژەی بۆ کردن کە کەس وەڵامی نەداتەوە.

دواتر پرسی: ئەی کوڕەکەی باوکی قوححافەتان لەناودا ماوە؟. (مەبەستی پێشەوا ئەبوبەکر بوو). سێ جار پرسیاری کرد، پێغەمبەری خودا ﷺ ئاماژەی بۆ کردن کە کەس وەڵامی نەداتەوە.

دواتر پرسی: ئەی کوڕەکەی خەططابتان لەناودا ماوە؟. (مەبەستی پێشەوا عومەر بوو). سێ جار پرسیاری کرد، پێغەمبەری خودا ﷺ ئاماژەی بۆ کردن کە کەس وەڵامی نەداتەوە.

تەنها پرسیاری ئەو سیانەی کرد، چونکە دەیزانی کۆڵەکەی سەرەکی ئیسلام ئەوانەن.

ئەوجا ئاوڕی دایەوە بۆ هاوەڵەکانی و گوتی: ئەوانەتان لەکۆڵ بۆتەوە و تیاچوون، خۆ ئەگەر زیندو بوونایە وەڵامیان دەدایەوە.

پێشەوا عومەر خۆی پێ نەگیرا و مۆڵەتی لە پێغەمبەر ﷺ وەرگرت تا وەڵامی بداتەوە و فەرمووی: وەڵلاهی درۆ دەکەیت ئەی دوژمنی خوا. خوای گەورە هەر بۆ ڕیسواکردنی تۆ ئەوانەی هێشتۆتەوە.

ئەبو سوفیان گوتی: دەبینن لاشەی کوژراوەکانتان شێوێنراون، من فەرمانم پێ نەکردون وایان لێبکەن بەڵام ڕێیشم لێ نەگرتوون، پێم خۆش نییە وایان لێکردوون

بەڵام پێیشم ناخۆش نییە، ئاسان نییە بەلامەوە كە وایان لێكردوون بەڵام بەلایشمەوە قورس نییە[1].

ئەوجا گوتی: بەرز بێت هوبەل، بەرز بێت هوبەل.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: وەڵامی بدەنەوە.

پێشەوا عومەر گوتی: بڵێین چی؟. فەرمووی: بڵێن: خوای گەورە بەرز و باڵا دەست ترە.

ئەبو سوفیان گوتی: ئێمە عوززامان هەیە ئێوە عوززاتان نییە.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی وەڵامی بدەنەوە، پێشەوا عومەر گوتی: بڵێین چی؟. فەرمووی: بڵێن: (الله) خوا و گەورەی ئێمەیە ئێوە (الله) خواو گەورەتان نییە.

پاشان ئەبو سوفیان پڕ بەدەنگی هاواری كرد و گوتی: دەستمان خۆشبێت ڕۆژێك بە ڕۆژێكە ئەمڕۆ تۆڵەی بەدرمان لێكردنەوە وئەنجامی شەڕەكانمان یەكسان كردەوە.

پێشەوا عومەر فەرمووی: ئەنجامەكان یەكسان نیین، كوژراوەكانمان لە بەهەشتدان و كوژراوەكانتان لە دۆزەخدان.

پاشان ئەبو سوفیان داوای لە پێشەوا عومەر كرد خۆی نیشان بدات.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی خۆتی نیشان بدە بزانە چی دەوێت.

ئەبو سوفیان پێی گوت: عومەر سوێندت دەدەم بەخوا موحەممەدمان كوشتوە یان ماوە؟.

پێشەوا عومەر فەرمووی: سوێند بەخودا ماوە و ئەو ئێستا گوێی لە قسەكانی تۆیە.

---

١- ئەبو سوفیان لەو قسەیەیدا ڕاستی نەدەكرد؛ چونكە ئەو خۆی یەكێك بوو لەوانەی كە تەرمی شەهیدەكانیان شێواندبوو، حوللەیسی كوڕی زەبانی گەورەی ئەحباشەكان كە هاوپەیمانی سوپای قوڕەیش بوون دەڵێت: بەلای ئەبوسوفیاندا تێپەڕیم بینیم سەری ڕمەكەی لەدەمی حەمزە گیر كردوە و دەڵێت: بیچێژە ئەوە سزای هەڵگەڕانەوە و سەرپێچی كردنی ئایین و نەریتی هۆزەكەتە. حوللەیس دەڵێت: گوتم ئەی نەوەی كینانە ئەوە گەورە و پیاوماقوڵی قوڕەیشە ببینن چی لەئامۆزاكەی خۆی دەكات، ئەبو سوفیان گوتی: ئەوەندەم بۆ بشارەوە و لای كەس باسی مەكە، هەڵەیەك بوو كردم و بەسەرمدا تێپەڕی.

ئەوجا ئەبو سوفیان گوتی: قسەکەی تۆ لای من لە قسەکەی ئیبنو قەمیئە ڕاسترە.

هەرچەندە سەرانی قورەیش باوەڕیان بە ئیسلام نەبوو؛ بەڵام دەیشیانزانی کە شوێنکەوتەکانی ئەو پەیامە هەرگیز درۆ و ناپاکی لەگەڵ نەیارەکانیان ناکەن.

ئەوجا ئەبو سوفیان پاشەکشەی بە سوپاکەی کرد و لەکاتی پشت هەڵکردندا هاواری کرد و گوتی: ساڵی داهاتوو بۆتان دێینەوە بەدر و شەڕی داهاتوومان لە بەدر دەبێت.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بڵێ: بەڵێن بێت بۆتان دێینەوە بەدر.

پێغەمبەری خودا ﷺ بە پێشەوا عەلی فەرموو: لەدوورەوە چاودێریان بکە، بزانە سواری وشترەکان دەبن یان ئەسپەکان - چونکە دەیزانی ئەگەر سواری وشترەکان ببن ئەوە واتە بۆ ڕێی دوور دەڕۆن و دەگەڕێنەوە مەککە، ئەگەریش سواری ئەسپەکان ببن ئەوە واتە بۆ ڕێی نزیك دەڕۆن و دەیانەوێت بدەن بەسەر مەدینەدا- سوێند بەخوا بیانەوێت بدەن بەسەر مەدینەدا بۆیان دەچم وبەرەنگاریان دەبمەوە.

هەرچەندە سەرانی قورەیش بەر لەگەڕانەوە بەرەو مەککە ڕاوێژیان کرد لەسەر ئەوەی بدەن بەسەر مەدینەدا و تاڵانی بکەن، بەڵام صەفوانی کوڕی ئومەییە ڕێگەی نەدان و بەرەو مەککە ملی ڕێیان گرت.

## ٢٦- دەرەنجامەکانی شەڕ:

دەرەنجامی زیانەکانی شەڕ بەراورد بە گەورەیی کارەساتەکە و نا بەرامبەری تەرازوی هێز لەنێوان سوپای بڕواداران و بێ بڕواایاندا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو؛ وەزۆر قورس نەبوو.

سوپای بڕواداران (٧٠) کەسیان لێ شەهید بوو لەکۆی (٧٠٠) کەس کە دەکاتە (١٠٪) ی سوپاکە، (٦٥) لەوانە لە پشتیوانانی خەڵکی مەدینە بوون، (٤١) یان خەزرەجی و (٢٤) یان ئەوسی بوون، (٤) یشیان لە کۆچەرییەکانی شاری مەککە بوون و (١) پیاویش بەناوی (حوسەیل) یەمانی کە دەکاتە باوکی حوزەیفە و بەرەچەڵەك خەڵکی مەککەیە و بەهۆی کێشەی دوژمنایەتییەوە لە مەدینە دادەنیشت، پیاوێکی جولەکەی خەڵکی

مەدینەیش بەناوی (مخیرق) كە بۆ پشتیوانیكردن لە موسوڵمانەكان هاتبوو ئەویش كوژرابوو.

سوپای قورەیشیش (٣٧) كەسیان لێ كوژرابوو لەناو كوژراوەكاندا كوڕێكی ئەبو سوفیانی تێدابوو بەناوی (حەنظەڵە).

ڕاستە ئوحود كارەسات بوو بەڵام شكست نەبوو چونكە بەپێی قسەكانی شارەزایانی بواری سەربازی شكستی سەربازی كاتێك دروست دەبێت، كە دوژمن ئامانجەكانی خۆی بپێكێت و هێزی بەرامبەر توشی شكست بكات وگۆڕەپانی شەڕی پێ چۆڵ بكات و ژمارەیەكی زۆریان لێ بەدیل بگرێت؛ بەڵام لە ئوحوددا قورەیش هیچ كام لە ئامانجەكانی خۆی نەپێكا.

ئەوان بۆ ئەوە هاتبوون دەنگی ئیسلامەتی كپ بكەن و موسوڵمانان ڕیشە كێش بكەن و لەناویان ببەن.

بۆ ئەوە هاتبوون پێغەمبەری خودا ﷺ و گەورە پیاوانی هاوەڵانی شەهید بكەن.

ئەمە لەكاتێكدا كە سوپای قورەیش نزیكەی چوار هێندەی سوپای موسوڵمانان دەبوون و دە هێندەی ئەوانیش بەخزمەت و پڕچەك تر بوون؛ بەڵام سەرەڕای ئەوە هیچ كام لەم ئامانجەكانیان نەك نە پێكا، بگرە تەنانەت ورەی بەرزی موسوڵمانانیشیان پێ نەهەژا و نەیانتوانی یەك كەسیشیان لێ بەدیل بگرن، یان تەنانەت گۆڕەپانی شەڕیان پێ چۆڵ بكەن ئەوە بوو بەپێچەوانەوە سوپای قورەیش خۆی بەناچاری گۆڕەپانی شەڕی جێهێشت.

### ٢٧- شێواندنی تەرمی شەهیدەكان:

لەو كاتەی كە پێغەمبەر ﷺ و یارانی گۆڕەپانی شەڕیان چۆڵ كرد و پاشەكشەیان كرد بەرەو بەرزاییەكانی چیای ئوحود، زۆرێك لەسەركردە و سەربازەكانی سوپای قورەیش و ژن و خزمەتكارەكانیان زۆر نامەردانە و دوور لەهەموو ڕەوشتێكی ئایینی و سەربازی و كۆمەڵایەتی سەر قاڵی شێواندنی لاشەی شەهیدی موسوڵمانەكان و ئەتك كردنیان بوون.

تەنانەت بەشێوازێك لاشەی هەندێکیان شێواندبوو کە مەگەر کەسە نزیکەکانی خۆیان و بەهۆی هەندێك نیشانەی تایبەتەوە بیانناسینایەتەوە ئەگەرنا نە دەناسرانەوە.

بۆ نمونە: ئەبو سوفیان و هندی خێزانی جگە لەوەی ناوسکی پێشەوا حەمزەیان هەڵدڕیبوو جگەر و دڵیان دەرهێنابوو، لوت و گوێ و ئەندامی نێرینەییشیان بڕیبوو.

هند نەزری کردبوو لەتۆڵەی کوژراوەکانی بەدردا دەبێت لەجگەری حەمزە بخوات، بۆیە جگەرەکەی دەرهێنا وپارچە پارچەی کرد و ویستی لێی بخوات بەڵام بۆی قووت نەچوو ناچار تفی کردەوە.

ئەوجا چووە سەر بەردێکی بەرز و پڕ بەدەنگی هاواری کرد و گوتی:

نحن جزيناكم بيوم بدر ... والحرب بعد الحرب ذات سعر

ما كان عن عتبة لي من صبر ... ولا أخي وعمه وبكري

شفيت نفسي وقضيت نذري ... شفيت وحشي غليل صدري

فشكر وحشي علي عمري ... حتى ترم أعظمي في قبري

واتە:

ئێمە ئەمڕۆ تۆڵەی بەدرمان لێکردنەوە ، شەڕ لەدوای شەڕ لەنێوانمان گەرمتر دەبێت

لەپاش کوشتنی عوتبەی باوکم و شەیبەی مامم و وەلیدی برام وحەنظەڵەی کوڕە گەورەم ئارامم لێبڕابوو[1]

ئێستا دڵم ئاوی خواردەوە ونەزرەکەم بەجێهێنا وەحشی ئاگری دڵمی دامرکاندەوە،

تا من مابم دەبێت سوپاسگوزاری وەحشی بم، هەتا ئەو کاتەی کەئێسکەکانم لەگۆڕەکەمدا دەڕزێت

لەپاداشتی شەهیدکردنی پێشەوا حەمزەدا هند بازن و ملوانکە و پاوانە و گوارەکانی و هەرچی خشڵی پێوە بوو بەخەڵات بەخشییە وەحشی و لەبری ئەوانە گوێ

---

١ - باوکی و مامی و براکەی لە بەدردا کوژرابوون و کوڕەکەیشی لە ئوحود.

و لوتی بڕاوی شەهیدەکانی کردە ملوانکە و پاوانە و بازن و هەتا گەڕایشنەوە مەککە هەر ئەوانەی پێوە بوو.

کاتێك پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی ئەو دیمەنانەیان بینی زۆر پێی تێك چوون بەتایبەت کاتێك پێغەمبەر ﷺ لاشەی حەمزەی بینی کە لەشێوێکدا فڕێدرابوو وە بەو شێوە دڕندانەیە شێوێنرابوو؛ چونکە حەمزە جگە لەوەی مامی پێغەمبەر بووﷺ هاوڕێ و هاوتەمەن و برای شیریشی بوو، پێکەوە گەورە بوبوون، لەڕۆژانی سەختی مەککەیش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەپاراستنی پێغەمبەر ﷺ و پەیامەکەی، بۆیە پێغەمبەر ﷺ زۆر بەسەریا گریا عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود دەڵێت: قەت نەمبینیوە پێغەمبەر ﷺ ئەوەندە بەکوڵ بگری، هەنسکی هەڵئەدا وقوڵپی گریانی دەهات. ئەوجا جەنازەکەی هەڵگرت و ڕووەو قیبلە داینا و پاشان فەرمووی: لەژیانمدا ساتە وەختێك لەشەهید بوونی تۆ سەختتر بەسەرمدا نەهاتوە ودیمەنێك لەم دیمەنە قورسترم نەبینیوە.

پاشان فەرمووی: ئەمجارە لەهەر شوێنێکدا دەستم لە سوپای قوڕەیش گیر بێت لەتۆڵەی ئەوەی بەرامبەر شەهیدەکانی ئێمە کردویانە لاشەی (٣٠) کوژراویان دەشێوێنم، هاوەڵانیش کەزانیان پێغەمبەری خودا ﷺ زۆر لەو هەڵسوکەوتەی قوڕەیش نیگەرانە گوتیان: ئەمجارە دەستمان لێیان گیر بێت کارێکیان پێ دەکەین تا ئێستا عەرەب نەبینیبێتی و نەبیستبێتی.

بەڵام خوای گەورە ڕێگەی پێنەدان و لەسەر ئەوە ئایەتی ناردە خوارەوە و پێی فەرموون: ﴿وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُواْ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُمْ بِهِ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّبِرينَ وَاصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلاَّ بِاللَّهِ وَلاَ تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلاَ تَكُ فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ﴾[1]. واتە: ئەگەر تۆڵەتان کردەوە ئەوە هێندەی ئەوەندەی ستەمتان بەرامبەر کراوە تۆڵە بکەنەوە خۆ ئەگەریش تۆڵەی ئەو بێڕێزییەیان بەرامبەر لاشەی شەهیدەکان لێنەکەنەوە و ئێوە چاو لەوان نەکەن و لاشەی کوژراوەکانیان نەشێوێنن ئەو ئارامگرتنە باشترە و پاداشتی زیاترە. پاشان ئایەتەکە تایبەت بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ئارام بگرە وئارامگرتنەکەیشت با

---

١ - سورة النحل: الآيتان: ١٢٦-١٢٧.

بەخوا و تەنها لەبەر خوا بێت و خەفەت نە لە شەهیدەکانتان بخۆ نە لە دڵڕەقی و بێباوەڕی قورەیش.

پاش هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: کەواتە ئارام دەگرم و هەواڵەی خوایان دەکەم.

### ٢٨- گەیشتنەوەی هەواڵەکانی شەڕ بە شاری مەدینە:

جگە لەوەی کۆمەڵێك لە ئافرەتان هەر لەسەرەتای شەڕەکەوە لەگەڵ سوپای موسوڵمانان بوون و شان بەشانی برا و مێرد کوڕەکانییان نەبەردییەکی بێ وێنەیان تۆمار کرد، کۆمەڵێکی تریان کە لەمەدینە مابوونەوە کاتێك هەواڵی کارەساتی ئوحود وبرینداربوونی پێغەمبەریان بیست ﷺ بەهەڵەداوان بەرەو گۆڕەپانی شەڕەکە هاتن، لەوانە: خاتو عائیشەی خێزانی پێغەمبەر ﷺ و خاتو فاطیمەی کچی و خاتو صەفیەی پوری و چەندین ئافرەتی تر.

هەرچەندە ئەم هەنگاوە لەو کاتەدا زۆر مەترسیدار بوو چونکە ئەوان نەیاندەزانی سوپای قورەیش پاشەکشەی کردووە یان نا؟ یان سوپای موسوڵمانان کەسیان ماوە یان نا؟ مەترسی ئەوەیش لەئارادا بوو کەئەمان لەگەڵ سوپای قورەیش لەکاتی گەڕانەوەیان بەرەو مەککە تووشی یەکتر بن؛ بۆیە مەترسی ڕوودانی هەر ئەگەرێکی نەخوازراو لەئارادا بوو، بەڵام ئەوان گوێیان بەهیچ کام لەو ئەگەرانە نەدا و بەزوویی خۆیان گەیاندە سوپاکە.

ڕۆڵی ئەو ئافرەتانە لەو کاتەدا بریتیبوو لە تیمارکردنی بریندارەکان و ئاو هێنان بۆ جەنگاوەرەکان و کۆکردنەوەی تەرمی کوژراوەکان.

خاتو فاطیمە کە پێغەمبەری ﷺ بەو شێوەیە بینی بریندداربووە توند باوەشی پێدا کرد و ئەملاولای ماچکرد و زۆر بەسەریدا گریا ئەوجا دەستی بەتیمارکردنی برینەکانی کرد و پێشەوا عەلی ئاوی بۆ دەهێنا و ئەوویش خوێن و برینەکانی پاك دەکردەوە، یەکێك لە برینەکانی خوێنی نە دەوەستایەوە چوو پارچەیەك حەسیری سووتاند و سوتووەکەی لەسەر برینەکەی دانا تا گیرسایەوە.

لەو کاتانەدا محەممەدی کوڕی مەسلەمە کەمێك ئاوی ساردی بۆ پێغەمبەر ﷺ هێنا لێی خواردەوە ودوعای خێری بۆ کرد.

پێغەمبەرﷺ لەدوورەوە خاتوو طەفیەی پوری بینی بەزوبەیری کوڕی عەووامی فەرموو: بەرەو پیری دایکت بڕۆ و هەوڵ بدە قەناعەتی پێبکە بابگەڕێتەوە و نەڕواتە سەر تەرمی حەمزەی برای با بەو شێوەیە نەیبینێت. زوبەیر چوو بەپیرییەوە وگوتی: دایکە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت بابگەڕێتەوە. گوتی: بۆچی؟ بیستوومە لاشەکەی حەمزەی برامیان شێواندوە، مادەم لەبەر خوایە هەرچی لێکرابێت پێی ڕازیم و پشت بەخوا ئارام دەگرم.

زوبەیر گەڕایەوە خزمەتی پێغەمبەری خودا ﷺ و وەڵامەکەی خاتوو صەفیەی پێ گەیاند.

پێغەمبەر فەرمووی: وازی لێبێنە با بچێت بیبینێت.

کاتێك چووە سەر لاشەکەی نوێژی لەسەر کرد و دوعای خێری بۆ کرد.

دواتر پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: تەرمی شەهیدەکان کۆ بکەنەوە،

**٢٩- هەواڵی بریندارەکان:**

پێغەمبەر ﷺ زۆر بەخەمی بیستنی هەواڵی هاوەڵەکانی بوو؛ چونکە چارەنووسی زۆرێکیانی نەدەزانی، یەکێك لەوانەی زۆر مەبەستی بوو هەواڵی بزانێت سەعدی کوڕی ڕەبیع بوو، ئەو پیاوە هەر لەسەردەمی نەفامییەوە خوێندەوارێکی باش و نووسەرێکی بەتوانا بوو، یەکێکیش بوو لەو دوازدە نوێنەرەی کە خەڵکی مەدینە لەبەیعەی عەقەبەدا هەڵیانبژاردن، لەبەر جوامێری و مەردایەتی پێغەمبەری خودا ﷺ زۆری خۆشدەویست، بۆیە بەهاوەڵانی فەرموو: کێ هەواڵی سەعدی کوڕی ڕەبیعم بۆ دەزانێت؟ بزانێت ماوە؟ یان شەهید بووە؟ هەر کەس بینی سەلامی منی پێ بگەیەنێت و هەواڵی بپرسێت بزانێت وەزعی چۆنە؟.

ئوبەیی کوڕی کەعب دەڵێت گوتم: من دەچم هەواڵی سەعدت بۆ دێنمەوە.

دەڵێت: ڕۆشتم لەناو تەرمی کوژراوەکاندا بە شوێنیدا گەڕام تا دۆزیمەوە، بینیم زۆر حاڵی شپرزە و لاشەی لە زیاتر لە حەفتا جێگەوە بەشیرو تیرو ڕم بریندار کراوە و لەدوا ساتەکانی ژیانیدایە، سەریم بەرز کردەوە وگوتم: پێغەمبەری خودا ﷺ سەلامت لێ دەکات و فەرمانی پێکردووم بەشوێنتا بگەڕێم بزانم ماویت یان مردویت وحاڵت چۆنە؟ گوتی: سڵاوم بگەیەنە خزمەت پێغەمبەری خودا ﷺ و عەرزی بکە کە من مردوم.

عەرزیشی بکە سەعدی کوڕی ڕەبیع دەیگوت: خوای گەورە پاداشتی تۆ لە پاداشتی هەر پێغەمبەرێك بەرامبەر گەلەکەی بە باشتر بداتەوە، بە خزمانەکانیشم بڵێ: تا ئێوە لەژیاندا بن و توانای چاوتروکانێکتان مابێت نابێت ڕێگە بدەن کەس دەستی بگات بەپێغەمبەری ﷺ خودا و ئازاری بدات، ئەگەرنا پاساوێکتان نییە لای خوا گەورە.

ئوبەیی دەڵێت: زۆری پێنەچوو گیانی سپارد.

کە گەڕامەوە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ سەلامەکەیم پێگەیاند و هەواڵەکەم بۆ گێڕایەوە، فەرمووی: خوای گەورە پاداشتی بداتەوە بەزیندووی و بەمردووییش کەسێکی دڵسۆز و سەرڕاست بوو لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەی.

یەکێکی تر لەوانەی کەلە ڕیزی موسوڵمانانندا بەخەستی بریندار ببوو پیاوێك بوو بەناوی (قەزمان)، ئەم پیاوە زۆر ئازا و بەجەرگ بوو؛ بەڵام هەرکاتێك هاوەڵان لای پێغەمبەری خودا ﷺ باسیان دەکرد، ئەو هیچ گرنگی پێ نەدەدا و دەیفەرموو: ئەو پیاوە دۆزەخییە. هاوەڵەکان ئەم وەڵامەی پێغەمبەریان ﷺ زۆر پێ سەیر بوو، بەڵام شەرمیشیان دەکرد بڵێن: بۆ؟ تا شەڕی ئوحود هاتە پێشەوە و لەو شەڕەشدا دیسان ئەو پیاوە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو، وە بەتەنها هەشت کەسی لە بێباوەڕان کوشت، تا سەرەنجام بەخەستی برینداربوو، بەبرینداری گواستیانەوە بۆ شوێنێکی ئارام و هەندێك لەهاوەڵان چوون سەریان لێدا تا لە تەندروستی بپرسن و مزگێنی خێری پێ بدەن و پێیان گوت: قەزمان مژدەت لێبێت بەڕاستی ئەمڕۆ مەردانە جەنگایت، گوتی: مژدەی چی؟!. سوێند بەخوا من تەنها لەپێناو ناوبانگی بنەماڵەکەم شەڕم کردوە و لەبەر ئەوانیش نەبوایە هەر نەدەهاتم بۆ شەڕ، ئەوجا کە ئازار زۆری بۆ هێنا تیرێکی دەرهێنا

و شادەمارەکانی دەستی بڕی و خۆی کوشت، کاتێك هاوەڵان هەواڵی قەزمانیان بە پێغەمبەردا ﷺ فەرمووی: شایەتی دەدەم کە پێغەمبەری خودام[١].

کەسێکی تر کە لەڕیزی موسوڵماناندا شەڕی دەکرد پیاوێکی جولەکە بوو بەناوی (موخەیریق) ئەم پیاوە لەهۆزی (بنو نضیر) بوو، یەکێك بوو لە زانا دیار و خاوەن دەستمایەکانی جولەکە، کەبیستبووی قورەیش هێرشیان کردۆتە سەر مەدینە، بەجولەکەکانی گوت: ئەی گەلی جولەکە ئێوە دەزانن کە بەرگریکردن لە مەدینە و لە موحەممەد ئەرکی ئێمەیشە نەك تەنها موسوڵمانان[٢]. گوتیان: سبەی ڕۆژی شەممەیە و ئێمە لەشەممەدا شەڕ ناکەین. گوتی: ڕاست ناکەن ئێوە کەی حسابتان بۆ ڕۆژی شەممە کردووە، ئیتر بەتەنها شمشێر و چەکەکەی هەڵگرت وبەشوێن سوپای موسوڵمانان کەوتە ڕێ و تاکە جولەکە بوو کە لەگەڵ موسوڵمانان بەشداری شەڕی کرد، لەشەڕەکەدا بەخەستی بریندار کرا، لە سەرەمەرگدا وەسیەتی کرد و گوتی: هەرچی سەروەت و سامانم هەیە دەیدەمە دەستی موحەممەد ﷺ با ئەو چی پێ چاکە ئاوهای لێبکات[٣]. پێغەمبەری خودا ﷺ کەهەواڵی مردنەکەی بیست فەرمووی: موخەیریق باشترین پیاوی جولەکەیە[٤].

پاشان پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بۆ نوێژی نیوەڕۆ کۆکردەوە و لە بەر زۆری برینەکانی نەیدەتوانی بەپێوە بوەستێت بۆیە بەدانیشتنەوە نوێژی نیوەڕۆی بۆ کردن.

---

١ - دیارە مەبەستی ئەوە بوو کە من دەمزانی ئەو پیاوە لەپێناو خوادا شەڕ ناکات و هیچ پاداشتێکیشی لای خوا نییە وکەسێکی دۆزەخییە، ئەوە بوو لێکدانەوەکەیشی تەواو دەرچوو ئەو پیاوە هەر خۆی دانی بەتاوانەکەی خۆیدا نا و لەکۆتاییشدا خۆی کوشت.

٢ - بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی دانیشتوانی مەدینەدا مۆرکرابو، ئەگەر هێرش کرایە سەر مەدینە یان یەکێك لە پێکهاتەکانی شارەکە، دەبێت دانیشتوانی مەدینە پێکەوە و بێ جیاوازی بەرەو ڕووی هێرشکاران بوەستنەوە.

٣ - حەوت باخی زۆر خۆشی لەپاش خۆی جێهێشتبوو بەناوەکانی: (الأعراف، الأعواف، الصافیة، الذلال، برقة، حسنی، مشربة أم إبراهیم). پێغەمبەری خودا ﷺ هەموویانی لەسەر فەقیر وهەژاران وەقف کرد.

٤ - زانایان بۆچونیان جیاوازە لەسەر موسوڵمانبوونی: ئیبنوحەجەر و ئیمامی ذەهەبی پێیان وایە کە موسوڵمان بووە.

## ٣٠- کۆکردنەوەی تەرمی شەهیدەکان و بەخاکسپاردنیان:

پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمانی کرد تەرمی شەهیدەکان کۆبکەنەوە و تیر و شیر و زرێ و قەڵغانەکانیان لێ بکەنەوە و بەجلەکانی خۆیانەوە سپاردەی خاکیان بکەن.

خەڵکانێك تەرمی شەهیدەکانیان بەرەو مەدینە بەڕێ کردبو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کرد کە هەموو تەرمەکان بگەڕێندرێنەوە ئەو شوێنانەی کە تێیدا شەهید بوون و لەوێدا بە خاك بسپێردرێن.

یەکێك لەوانە پیاوێك بوو بەناوی شەمماسی کوڕی عوسمانی مەخزومی کە بە خەستی بریندار ببو بەڵام ڕۆحی تیا مابوو، پێغەمبەر فەرمووی ﷺ بیگەیێنە مەدینە و بیبەنە لای ئوممو سەلەمەی دایکی باوەڕداران بەڵکو چارەسەری بکات، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکانییەوە ئەویش لەمەدینە گیانی سپارد، پێغەمبەر ﷺ کە هەواڵەکەی بیست فەرمووی: لاشەکەی بگێڕنەوە ئوحود ولەوێ بەخاکی بسپێرن.

خێزانەکەی عەمری کوڕی جەموح کە ناوی هندی کچی عەمری کوڕی حەرام بوو، زۆر زوو خۆی گەیاندبووە شەڕەکە هاوسەرەکەی و خەللادی کوڕی و عەمری برای هەرسێکیان لەشەڕەکەدا شەهید ببوون، هەرسێکیانی خستبووە سەر حوشترەکەی و دەیویست بەرەو مەدینە بیانباتەوە، لەڕێگە بەخاتوو عائیشە و هاوەڵەکانی گەیشت کە بەرەو شەڕەکە دەهاتن، خاتوو عائیشە هەواڵی دەنگوباسی شەڕی لێپرسی گوتی: سوپاس بۆ خوا پێغەمبەر ﷺ سەلامەتە و لەویش بترازێت هەموو شت ئاسانە. خاتوو عائیشە لێی پرسی: ئەو تەرمانە کێن بەسەر ئەو وشترەوە؟. گوتی: عەبدوڵڵای برام و خەللادی کوڕم و عەمری هاوسەرمە. گوتی: بۆ کوێیان دەبەیت؟. گوتی: بەرەو مەدینە لەوێ بەخاکیان دەسپێرم. کەویستی بەجێیان بهێڵێت و بەرەو مەدینە بکەوێتە ڕێ، حوشترەکەی خۆیدا بەزەویدا، چەند هەوڵیان لەگەڵدا بێسوود بوو. خاتوو عائیشە گوتی: هی ئەوەیە بارەکەی قورسە. گوتی: نا هی ئەوە نییە، ئەو حوشترە هەندێك جار باری دوو حوشترم لێناوە کێشەی نەبووە دەبێت شتێکی تر هەبێت. ناچار ڕووی

حوشترەکەی لەمەدینە وەرگێڕا بەرەو ئوحود، ئەوجا دەنگی لێکرد وشترەکە یەکسەر هەستا و زۆر بەخێرایی ڕووەو ئوحود گەڕایەوە.

هند چووە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و باسەکەی بۆ گێڕایەوە. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەو وشترە فەرمانی پێکراوە بۆیە ناگەڕێتەوە. هاوسەرەکەت بەر لەوەی لەماڵ دەرچێت هیچی گووت؟. گوتی: بەڵێ، لەخوا پاڕایەوە و گوتی: خوایە پلەی شەهادەتم پێ ببەخشە و جارێکی تر نەگەڕێمەوە ناو ماڵ ومندالّم. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دەی هی ئەو دوعایەیە کە حوشترەکە ناڕوات، ئەی خەڵکی مەدینە ئێوە کەسانێکتان هەن هەرچی لەخوا داوا بکەن خوای گەورە بۆتان جێبەجێ دەکات، عەمری کوڕی جەموحی هاوسەرت یەکێك بوو لەو کەسانە.

ئەوجا ڕووی قسەکانی کردەوە هند و فەرمووی: ئەی هند باشبزانە لەو کاتەوە براکەت[١] شەهید بووە فریشتەکانی خوا سێبەریان لەسەر کردوە چاوەڕوانن بزانن لەکوێدا دەنێژرێت.

جابریش دەڵێت: کە باوکم[٢] شەهید بوو زۆر بەسەریدا گریام وجارجارە جلەکانم لەسەر دەموچاوی لادەبرد وسەیرم دەکرد، هەندێك لەهاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ گوتیان مەگری و وامەکە، بەڵام پێغەمبەری خودا ﷺ دڵی دامەوە و فەرمووی: ئەی جابر خوای گەوە ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ هیچ کام لەو شەهیدانە نەکردووە جگە لەباوکی تۆ نەبێت، خوای گەورە پێی فەرموو: چیت ئەوێت داوابکە با پێتی بدەم. باوکت گوتویەتی: ڕێگەم بدە بگەڕێمەوە دونیا با جارێکی تر لەپێناوی تۆدا شەهید بم. خوای گەورە پێی فەرموو: من پێشتر بەڵێنێکم داوە کە هە رکەس لە دونیا دەرچوو جارێکی تر نایگێڕمەوە دونیا. باوکت گوتویەتی: باشە خوایە گیان ئەو مژدەیە بەوانەی دوای ئێمە بدە، خوای گەورە ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا .....﴾[٣]. واتە: وانەزانن ئەوانەتان کەلەپێناو خوادا شەهید بوون مردوون.

---

١ - براکەی باوکی جابر بوو.

٢ - باوکی جابر (عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرام) ی برای هند بوو.

٣ - سورة آل عمران: الآية (١٦٩).

یەکێکی تر لە شەهیدەکان حەنظەڵە بوو، کەوتمان یەك ڕۆژ بەر لە شەهید بوونی خێزانی گواستبووەوە، کە لاشەکەیان دۆزییەوە لاشەکەی ئاوی لێدەچۆڕا، پێغەمبەر فەرمووی ﷺ: ئەم هاوەڵەتان فریشتەکان شۆردویانە، لەخێزانەکەی بپرسن بزانن هۆکارەکەی چییە؟. خێزانەکەی لەوەڵامدا گوتبووی کە بیستی پێغەمبەری خودا ﷺ دەڕوات بەرەو غەزا یەکسەر خۆی کۆکردۆتەوە و فریای ئەوە نەکەوتوە خۆی بشوات، ئەو هاوەڵە بەڕێزە لەوەو دوا بە (غسيل الملائكة) واتە: شۆراوی دەستی فریشتەکان ناوی دەرکرد.

بەر لە ناشتنی تەرمەکان پێغەمبەر ﷺ لەسەر تەرمەکان وەستا و فەرمووی: خودایە من شاهیدم لەسەر ئەوەی ئەمانە لەپێناو تۆدا گیانیان بەخشی وبەم شێوەیە لاشەکانیان شێوێنرا.

پاشان ڕووی کردە هاوەڵانی و فەرمووی: هەر برینێك لەپێناو خوادا بکرێتە جەستەی مرۆڤ لەڕۆژی قیامەتدا کاتێك کەسەکە زیندوو دەکرێتەوە برینەکەی وەك برینێکی تازە خوێنی لێ دەتکێت ڕەنگەکەی ڕەنگی خوێنە و بۆنەکەی بۆنی میسك.

لەکاتی بەخاکسپاردنیاندا دیمەنێکی زۆر دڵتەزێن دەهاتە پێش چاو ئەویش ئەوە بوو کە هەندێك لەهاوەڵان ئەوەندە جلیان لەبەردا نەبوو کەبەشی داپۆشینیان بکات، لەوانە حەمزەی مامی پێغەمبەر ﷺو موصعەبی کوڕی عومەیر[1]. هەرچەندە ئەم دوو هاوەڵە بەڕێزە زۆر هەبوو خۆشگوزەرانبوون لەمەککە بەڵام لەپێناوی خوادا دەستیان لەهەموو شت هەڵگرتبوو؛ هەر بۆیە کەشەهید بوون جلەکانیان بەشی داپۆشینی لاشەی نەدەکردن و کە سەریان دادەپۆشین قاچییان دەردەکەوت و کەقاچییان دادەپۆشین سەریان دەردەکەوت، تا پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: جلەکانیان بدەن بەسەریاندا و بە گژوگیا قاچیان داپۆشن.

---

١ - جوانترین وهەڵکەوتوترین لاوی قورەیش بوو، لەبەر خوای گەورە وازی لەهەموو سەروەت و سامانی دونیا هێنا و لەمەدینە لەبەر نەبوونی و بێپۆشاکی پێستەی مەڕی لەبەر دەکرد، کەشەهیدیش بوو جلێکی ئەوتۆی لەبەردا نەبوو کەپێی دابپۆشن.

ئەوجا لەبەر زۆری شەهیدەكان زەحمەتبوو بتوانن بۆ هەر یەكێكیان قەبرێك هەڵبكەنن، ئەوە بوو پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دوو دوو بیانخەنە یەك قەبرەوە، كامیان قورئانی زۆرتر لەبەربوو ئەوەیان سەرەتا داهێڵنە قەبرەكەوە و دواتر ئەوی تریان، بۆیە حەمزەو عەبدوڵڵای كوڕی جەحشی خوشكەزای پێكەوە خرانە یەك قەبرەوە.

عەبدوڵڵای كوڕی عەمری كوڕی حەرام و عەمری كوڕی جەموحیش - كە زاوا و ژنبرا بوون- كەزۆر یەكتریان خۆشدەویست خرانە یەك قەبرەوە.

خاریجەی كوڕی زەید و سەعدی كوڕی ڕەبیعی ئامۆزایشی خرانە یەك قەبرەوە.

نوعمانی كوڕی مالیك وعوبادەی كوڕی حەسحاسیش خرانە یەك قەبرەوە.

لەپاش ناشتنی شەهیدەكان پێغەمبەری خودا ﷺ ڕویكردە خاتوو هندی خێزانی عەمرو پێی فەرموو: ئەی هند ئێستا براكەت و هاوسەرەكەت و كوڕەكەت پێكەوەن لەبەهەشتدا.

هند گووتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ بپاڕێرەوە با منیش پێیان بگەم و هاوەڵییان بكەم.

پێشەوا مالیك دەفەرموێت پاش (٤٦) ساڵ لەبەخاكسپاردنی ئەو شەهیدانە لافاوێك هات و دامێنی قەبرەكانی ڕامالّی بۆیە ناچار بوون بیانگوێزنەوە، دەڵێت: لاشەی هیچ كەسێكیان تێكنەچوبوو، وەك ئەوەی تازە نێژرابن، تەنانەت عەبدوڵڵای كوڕی عەمری باوكی جابر كەشەهید كرابوو دەموچاوی بریندار كرابوو ئەویش دەستی لەسەر برینەكەی دانابوو، دەفەرموێت: كەدەستیمان لادا برینەكەی دیسان خوێنی لێ دەهات، ناچار دەستیمان لەسەر برینەكەی دانایەوە ئەوجا خوێنەكەی وەستایەوە.

ئەمەیش بەڵگەیەكی ڕوونە لەسەر پلەی بەرزی ئەو پۆلە شەهیدە.

**٣١- گەڕانەوە بەرەو مەدینە:**

پاش بەخاكسپاردنی شەهیدەكان پێغەمبەر ﷺ فەرمانی كرد كەخۆیان ئامادەبكەن بۆ گەڕانەوە بەرەو مەدینە، بەهۆی زۆری برین و پێكانەكانییەوە خۆی نەیدەتوانی هەستێت بۆیە دووهاوەڵی چوونە ژێر باڵی وهەڵیانساند، پاشان ڕووی كردە قیبلە و

بەهاوەڵەکانی فەرمووو لەپشت منەوە بەڕیز بوەستن با لە خوای گەورە بپاڕێینەوە، ئەوجا دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و دەستی کرد بەپاڕانەوە و سەرەتا سوپاسی خوای کرد لەسەر نیعمەتەکانی و پاشان فەرمووی:

خوایە گیان هەر دەروازەیەك تۆ والآی بکەیت بەکەس داناخرێت، کەتۆیش داتخست بەکەس والآ ناکرێت، هەرکەس خۆت هیدایەتی بدەیت بەکەس گومرِا ناکرێت، هەرکەسیش خۆت گومڕات کرد بەکەس هیدایەت نادرێت، ئەوەی خۆت گرتتەوە بەکەس نابەخشرێت، ئەوەیشی خۆت بەخشیت بەکەس ناگیرێتەوە، ئەوەی خۆت دوورت خستەوە بەکەس نزیك ناکرێتەوە ئەوەیشی خۆت نزیکت کردەوە بەکەس دوور ناخرێتەوە. خوایە گیان دەرگای میهرەبانی و سۆز و بەزەیی و بەخشندەیی و ڕزق و ڕۆزی خۆتمان لێبکەیتەوە. خوایە گیان پەنات پێ دەگرم لەشەڕ و خراپەی هەموو ئەو شتانەی کە پێتداوین، وە لە شەڕی ئەوانەیش کە لێتگرتوینەتەوە و پێت نەداوین، خوایە گیان باوەڕمان لا شیرین بکە و بیڕازێنەرەوە لەدڵەکانماندا، کوفر وخراپە وبێفەرمانی خۆت بێزراو و قێزەون بکە لەدڵەکانماندا و ژیری و فامیدەییمان پێ ببەخشە، خوایە گیان داوای نیعمەتی بەهەشتی هەتا هەتاییت لێ دەکەین کە هەرگیز کۆتایی نایەت، خوایە گیان لەکاتی هەژاریدا کۆمەکمان بکە، لەکاتی ترسدا ئارامیمان پێ ببەخشە. خوایە گیان بەموسوڵمانی بمانمرێنە بەموسوڵمانیش بمانژیێنە و بەپیاوچاکانمان بگەیەنە و لەئاشوب و بێدینی بمانپارێزە. خوایە گیان دەتکەین بەگژ ئەو بێباوەڕانەی کە پاوەڕ بە پێغەمبەرەکانی تۆ ناهێنن و کۆسپ لەڕێی ناسینی تۆدا دروست دەکەن، بەلآ و سزا و خەشمی خۆتیان بەسەردا ببارێنە.

پاش ئەوەی دوعاکانی تەواو کرد کەوتنە ڕێ بەرەو مەدینە لەڕێی گەڕانەوە خاتوو حیمنەی کچی جەحشی پورزای پێگەیشت، کە ئەویش بەرەو ئوحود دەهات، هەواڵیان پێدا کە (حەمزە) ی خاڵت و (عەبدوڵلا) برات شەهید بوون زۆر پێی تێك چوو بەلآم خۆی گرت و دوعای خێری بۆ کردن، دواتر پێیان گوت: موصعەبی کوڕی عومەیری هاوسەریشت شەهید بووە، کەهەواڵی شەهید بوونی هاوسەرەکەی بێست خۆی پێ نەگیرا

و هاواری لێ بەرزبوویەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: مێرد جێگە و کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە لە دڵی خێزانەکەیدا.

ئافرەتێکی تریان لەهۆزی بەنی دینار پێگەیشت ئەویش باوك و برا و هاوسەرەکەی لە ئوحوددا شەهید ببوون کەهەواڵیان پێدا گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆنە؟. گوتیان: ئەو باشە. گوتی: کوا نیشانمی بدەن با بەچاوی خۆم بیبینم، گوتیان ئەوەتا، کە لەدورەوە بینی گوتی: هەر تۆ سەلامەت بیت هەموو بەڵایەکی تر ئاسانە.

پاشان بەدایکی سەعدی کوڕی موعاز گەیشتن کەبەڕاکردن بەرەو ڕووی سوپاکە دەهات، سەعد جڵەوی وڵاخەکەی پێغەمبەری ﷺ گرتبوو ڕایدەکێشا، لەدوورەوە بینی گووتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەوە دایکمە. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەخێر بێت، کەنزیك بۆوە پێغەمبەری خودا ﷺ وەستا و پێشوازی لێکرد و سەرەخۆشی لێکرد بەهۆی شەهید بوونی عەمری کوڕی موعازی کوڕییەوە، ئافرەتەکە گوتی: بەخوا مادام تۆم بە سەلامەتی بینی هەموو شتێك ئاسانە. پێغەمبەریش ﷺ دوعای خێری بۆ کوڕەکەی ئەو و سەرجەم شەهیدەکان کرد و فەرمووی: ئەی دایکی سەعد مژدە لەتۆ و تۆیش بەهەموو کەسوکاری شەهیدەکان ڕابگەیەنە، کەسەرجەم شەهیدەکان لەبەهەشتدا پێکەوەن و هەموویشیان شەفاعەت بۆ کەس وکاریان دەکەن. ئافرەتەکە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئێمە بەم بەخششەی خوای گەورە ڕازین، جا ئیتر کێ بەسەر شەهیدەکەیدا دەگری. پاشان گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ دوعا بۆ کەسوکار و زیندووەکانیان بکە. فەرمووی: خوایە خەم وپەژارەی دڵیان لابەریت و پاداشتی خێری لەدەستدانی ئازیزانیان بدەیتەوە و جێگەکانیان بۆ کەسوکاریان پڕبکەرەوە.

پاشان فەرمانی کرد بەوەی کەهیچ کەس بەدەنگی بەرز شیوەنیان بۆ نەکات و قژ و دەموچاویان بۆ نەڕنن وخاك وخۆڵ بەسەر خۆیاندا نەکەن.

کە گەشتنەوە مەدینە پێغەمبەر ﷺ بەلای ماڵەکاندا دەڕۆی دەیبینی هەموو خەڵك پرسەیان بۆ شەهیدەکانیان داناوە و ئافرەتان بۆیان دەگرین، بەڵام کەس پرسەی

بۆ پێشەوا حەمزە دا نەناوە وكەسیش بۆی ناگری[1]، پێغەمبەرﷺ زۆر بەزەیی بەبێكەسی مامیدا هاتەوە و فرمێسك بەچاوەكانیدا هاتە خوارەوە و لەبەر خۆیەوە فەرمووی: بەس حەمزە كەس نییە بۆی بگری.

هەندێك لەو خەڵكانەی لەگەڵیدا بوون گوێیان لێبوو زۆریان پێناخۆشبوو چوون هەواڵیان بەكەسوكارەكەیان دا وپێیان گوتن كەپرسەی خۆیان هەڵگرن و بچن پرسە بۆ مامی پێغەمبەر دابنێن.

كە گەشتەماڵەوە نزیكی نوێژی شێوان بوو سەعدی كوڕی موعاز وسەعدی كوڕی عوبادە چوونە ژێر باڵی و لەسەر ئەسپەكەی هێنایانە خوارەوە و بردیانە ماڵەوە زۆری پێنەچوو بیلال بانگی شێوانی دا و دیسان هەردوو سەعدەكە چوونە ژێر باڵی و بردیان بۆ مزگەوت نوێژی بۆ هاوەڵانی كرد و لەگەڕانەوەدا گوێی لەدەنگی گریانێكی زۆر بوو، فەرمووی ئەوە چییە؟. گوتیان قوربان خێزانەكانی ئێمەن هاتون پرسەیان بۆ حەمزە داناوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خوا لەخۆتان و ماڵ و منداڵتان ڕازی بێت خۆ من مەبەستم ئەوە نەبوو، پێیان بڵێن با بچنەوە ماڵی خۆیان.

### ٣٢- پڕوپاگەندەی دووڕوو و جولەكەكان:

لە مەدینە هەلێكی زێڕین بۆ دووڕوو و جولەكەكان ڕەخسابوو تاجەنگێكی دەروونی دژی موسوڵمانان بەرپا بكەن و گومان لەسەر پێغەمبەر ﷺ و پەیامەكەی دروست بكەن و پڕوپاگەندەیان لەدژ بڵاو بكەنەوە، بۆیە ئاهەنگیان دەگێڕا و بەخۆشحاڵییەوە بەناو خەڵكیدا دەگەڕان و دەیانگوت: موحەممەد ﷺ پیاوێكی دونیا ویستە و پێغەمبەر نییە؛ چونكە ئەگەر پێغەمبەر بوایە ئاوهای بەسەر نەدەهات و ئەوەی بەسەر ئەو هاتووە بەسەر هیچ پێغەمبەرێك نەهاتووە، ئەو هەموو هاوەڵەی بكوژرێت و خۆیشی بەو شێوەیە بریندار بكرێت.

ئەوان دەیانویست خەڵكی ساردبكەنەوە و ڕووداوەكە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بقۆزنەوە؛ بۆیە دەچوون بەسەر كەسوكاری شەهید و بریندارەكاندا دەگەڕان و

---

١ - چونكە پێشەوا حەمزە ماڵ و منداڵەكەی لە مەككە جێهێشتبوو.

دەیانگوت: ئەگەر موحەممەد ﷺ و هاوەڵانی بەگوێی ئێمەیان بکردایە وایان بەسەر نەدەهات.

عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلول هاوەڵێکی دڵسۆزی پێغەمبەر بوو ﷺ؛ بەڵام باوکی سەری ئاژاوەگێڕ و دووڕووەکان بوو لەمەدینەدا، عەبدوڵڵا لەشەڕەکەدا بریندار ببو، باوکی پێی دەگوت: ئەمە کەی ئیش بوو ئێوە کردتان من ئەم ڕۆژەم لەبەرچاو بوو، موحەممەد ﷺ بەقسەی ئەو کاڵفام و هەرزانەی کرد بەقسەی منی نەکرد. عەبدوڵڵای کوڕیشی دەیگوت؛ هەرچی پێغەمبەری خودا ﷺ بڕیاری لەسەر بدات هەر ئەوە باشە.

یەزیدی کوڕی حاطەبی کوڕی ئومەییەیش یەکێك بوو لەو هاوەڵە بەڕێزانەی کە بە سەختی بریندار ببو لەحاڵەتی سەرەمەرگدا بو، ئەویش باوکێکی پیری دووڕووی هەبوو، هاوەڵەکانی پێغەمبەرﷺ کە سەردانی یەزیدیان دەکرد دڵیان دەدایەوە و مژدەی بەهەشتیان پێ دەدا. باوکیشی دەیگوت: مژدەی کام بەهەشتەی پێدەدەن، بە هەشتێك لە خڕنوکە و دڕك وداڵ، سوێند بەخودا لەم جێگەیەی خۆی زیاتری پێ نابڕێت، چۆن سەرتان لەو گەنجە شێواند و بەکوشتتان دا.

ئەم شەڕە دەروونیەیش موسوڵمانانی زۆر بێزار ونیگەران کردبوو، بۆیە پێشەوا عومەری کوڕی خەططاب هاتە خزمەت پێغەمبەرو ﷺ و داوی لێکرد کە مۆڵەتی بدات هەندێك لەو سەرانە بکوژێت و دەمکوتیان بکات، بەڵام پێغەمبەر ﷺ مۆڵەتی پێنەدا و پێی فەرموو: ئەی عومەر گوێ بەو قسانە مەدە و دڵنیابە خوای گەورە ئەو دینەی خۆی هەر سەر دەخات و پێغەمبەرەکەیشی سەرفراز دەکات؛ جولەکەکان لەگەڵ ئێمە هاوپەیمانن بۆیە ناکرێت بیانکوژین. گوتی: ئەی دووڕووەکان. فەرمووی: ئەوانیش بەڕووکەش ناڵێن: أشهد أن لا إله إلا الله، وأن محمدا رسول الله.؟. گوتی: بەڵێ وا دەڵێن بەڵام لەترسا وادەڵێن و ئێستا بۆمان ڕوونبۆتەوە کە ئەوانە درۆمان لەگەڵ دەکەن و ناپاکیمان دەرهەق دەکەن و لەم کارەساتەیشدا خوای گەورە ناخیانی بۆ دەرخستین. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ڕێگەم پێ نەدراوە کەسێك بکوژم کە بڵێت: لا إله إلا الله، محمد

رسول الله؟. ئەی كوڕی خەططاب دڵنیابە لەوەی جارێكی تر قوڕەیش بەو شێوەیەی ئەمڕۆ دەستیان پێمان ناگات هەتا دەچینەوە مەككە و كەعبە لەدەستیان ڕزگار دەكەین.

بانگەشەی دوو ڕووەكان زۆر كاریگەری خراپی هەبوو لەسەر دڵ و دەروونی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی تا خوای پەوەردگار لەسەر قێزەونی هەڵوێستەكەیان قورئانی نارده خوارەوە و فەرمووی: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ كَفَرُوا وَقَالُوا لِإِخْوَانِهِمْ إِذَا ضَرَبُوا فِي الْأَرْضِ أَوْ كَانُوا غُزًّى لَوْ كَانُوا عِنْدَنَا مَا مَاتُوا وَمَا قُتِلُوا لِيَجْعَلَ اللَّهُ ذَلِكَ حَسْرَةً فِي قُلُوبِهِمْ وَاللَّهُ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾[1]. واته: ئەی گرۆهی باوارِدارن ئێوه وەك دووڕوو و بێباوەڕەكان مەبن و وەك ئەوانیش بیر مەكەنەوە كاتێك براو كەسوكاریان بڕۆن بۆ گەشتێك یان بازرگانییەك یان غەزایەك و لەوێ مردن ڕێیان پێ بگرێت دەڵێن: ئەگەر لای ئێمە بوونایە و بەقسەی ئێمەیان بكردایە نەدەمردن و نەدەكوژران، ئەو جۆرە قسەو هەڵوێستانە تەنها خۆزگە و بریا و حەسرەت و دەردێكە خوای گەورە دەیەوێت بیكات بە دڵیاندا، ئەگەرنا مردن وژیان تەنها بەدەستی خوای گەورەیە وخوای گەورەیش بەهەموو كار و كردەوەكانتان بیسەرو بە ئاگایە.

بەم شێوەیە خوای گەورە دڵی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی دایەوە و سەركۆنەی هەڵوێستی دووڕووەكانیشی كرد و قسە و هەڵوێستەكانی بەكوفر و بێباوەڕی وەسف كردن و پۆلێن كرد.

### ٣٣- غەزوەی (حمراء الأسد):

پاش گەڕانەوە لە ئوحود پێغەمبەر ﷺ ئەو شەوە لە مەدینە مایەوە، هەر هەمان شەو فەرمانی دەركرد كە سبەینێ شوێن سوپای قوڕەیش دەكەوین و تۆڵەی ئوحودیان لێدەكەینەوە.

ئەم هەنگاوەی پێغەمبەر ﷺ كۆمەڵێك ئامانجی لەپشتەوە بوو لەوانە:

١. وەرەی هاوەڵانی بەرز بكاتەوە و ترسی سوپای قورەیش لە دڵیان دەربكات.

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٥٦).

٢. ورەی سوپای قورەیش و سەرجەم نەیارانی بڕوخێنێت و بیر لەوە نەکەنەو ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە و هەڵکوتنەوە سەر مەدینە.

٣. تۆڵە لە قورەیش بکاتەوە و نەهێڵێت چێژ لەو سەرکەوتنە کاتییەیان بکەن.

٤. دووڕوو و جولەکەکان دەمکوت بکات و پڕوپاگەندەکانیان بەدرۆ بخاتەوە.

پێغەمبەری خودا ﷺ ڕۆژی یەك شەممە (١٦) ی شەوال کەوتە ڕێ و لەجێی خۆی عەبدوڵڵای کوڕی ئوموم‌مەکتومی نابینای بەسەرپەرشتیاری مەدینە دانا.

بڕیاریشیدا کە جگە لەو هاوەڵانەی کە دوێنێ لەئوحوددا بەشداریان کردوە کەسی تر لەگەڵ خۆی نەبات. عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی سەری دووڕووەکان هاتە خزمەتی و گوتی: من دێم لەگەڵت. پێغەمبەری خودا ﷺ فەمووی: نابێت، تەنها ئەوانە دێن کەدوێنێ لەگەڵمان مانەوە و بەشداری جەنگیان کرد.

جابری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرام کەدوێنی باوکی شەهید ببو، کاتێك بیستی پێغەمبەر دەڕوات بۆ غەزا پرسەکەی باوکی جێهێشت و هاتە خزمەتی و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ حەوت خوشکم هەیە دوێنێ کە باوکم هات لەخزمەتدا بەمنی گوت: کوڕم ناکرێت من و تۆ هەردووکمان خوشکەکانت بەجێبهێڵین بەبێ ئەوەی کەسێك جاوی لێیانەوە بێت بۆیە من لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دەڕۆم و تۆ چاوت لەخوشکەکانت بێت، منیش بەگوێم کرد، ئێستا باوکم شەهید بووە حەزدەکەم لەگەڵ خۆت بمبەیت و بۆ هیچ غەزایەك بەجێم نەهێڵیت. پێغەمبەری خودا ﷺ دڵی نەشکاند و ڕێگەی پێدا و جگە لەویش ڕێگەی بەکەسی تر نەدا.

بەم پێیەیش ژمارەی سوپاکە لە (٦٣١) کەس تێپەڕی نەدەکرد، ئەوانەیش زۆرێکیان پێکراوو برییندار بوون.

بۆ نموونە: خودی پێغەمبەر خۆی ﷺ سەر و دەموچاوی و قاچی لەچەند شوێنێکەوە بریندار کرابوو. ئوسەیدی کوڕی حوضەیر و عوقبەی کوڕی عامر و خەڕاشی کوڕی صوممە و کەعبی کوڕی مالیك و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف دەییەها بریننیان پێوە بوو، طەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا زیاتر لە (٧٠) برینی پێوە بوو، ژمارەی

بریندارەكان ئەوەندە زۆر بوو هۆزێكی وەكو (بنی سلمة) بەتەنها زیاتر لە (٤٠) بریندارایان هەبوو بۆیە كەپێغەمبەری خودا ﷺ بینینی فەرمووی: خودایە بەزەییت بەبەنی سەلامەدا بێتەوە و بەمیهرەبانیی خۆت بیانبەخشە.

دووان لەو بریندارانە برای یەك بوون كەبیستیان پێغەمبەری خودا ﷺ شوێن سوپای قورەیش دەكەوێت، یەكێكیان دەڵێت: من كەمێك برینەكانم لەبراكەم سووكتر بوون، پێم گوت؛ چۆن پێغەمبەری خودا ﷺ بڕوات بۆ غەزا و ئێمەیش لەماڵەوە دانیشین، دەڵێت: هەردووكمان بەو برینانەوە شوێنیان كەوتین هیچ وڵاغێكیشمان نەبوو تا پێی بڕۆین، هەندێك جار كە براكەم بەهۆی زۆری برینەكانییەوە ماندوو دەبوو لە كۆڵم دەكرد و جارجاریش خۆی بەپێ دەڕۆیشت تا گەیشتین بەپێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی.

ئەو ڕۆژە بەردەوام بوون لەڕۆیشتن تا شەو بەسەردا هات و گەشتنە جێگایەك بەناوی (حمراء الأسد) لەوێ فەرمانی بەهاوەڵەكانی كرد كە لابدەن و هەر یەكەیان ئاگرێكی گەورە بكەنەوە و قەرەباڵغییەكی زۆر دروستكەن تا ژمارەیان زۆر دیار بێت.

لەوێ پیاوێكی بێباوەڕ لەهۆزی (بني خزاعة) - كە هەر لەكۆنەوە لەگەڵ بنەماڵەی پێغەمبەر ﷺ و (بني هاشم) هاوپەیمان بوون - بەناوی مەعبەدی كوڕی ئەبو مەعبەدی خوزاعی هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و موسوڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند و پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ زۆر دلگرانین بەوەی بەسەر هاوەڵانت هاتووە و ئاواتە خوازبووین كەهەر گیز شتی لەو جۆرە ڕووی نەدایە. ئێستایش من لەخزمەتدام چی دەفەرموویت با بۆتی بكەم.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: چیت لە دەست دێت بۆمان بكە.

ئەم پیاوە سوپای پێغەمبەری ﷺ جێهێشت و كەوتە شوێنی سوپای قورەیش.

قەدەری خوا وابوو سوپای قورەیشیش لەڕێی گەڕانەوەیان بەرەو مەككە لەناوچەی ڕەوحاء كە (٤٥) كیلۆمەتر لەمەدینەوە دوورە لایاندابوو تا كەمێك پشوو بدەن، لەوێ بیریان كردەوە و گوتیان ئێمە كارێكی باشمان نەكرد دەبوو ئەم هەلەمان بقۆستایەتەوە

و پاشەکشەمان نەکردایە تا موحەممەد و هاوەڵانیمان بەتەواوی لەناو دەبرد، ئێمە ڕاستە تۆڵەی بەدرمان کردەوە بەڵام هەتا موحەممەد و ئەو سەرانەی چواردەوری مابێت پەیامەکەیان هەر دەمێنێت و هەر ڕۆژێکیش بۆیان بڕەخسێت تۆڵەی ئەم ڕۆژەمان لێدەکەنەو؛ بۆیە ئێستایش دەرفەت ماوە بابگەڕێینەوە و تا بەتەواوی لەناوییان نەبەیەن نەگەڕێینەوە مەککە.

ئەمەیش ئەو خاڵە بوو کە پێغەمبەری خودا ﷺ لێی بەگومان بوو.

صەفوانی کوڕی ئومەییە کەیەکێك بوو لە سەرانی قوڕەیش گوتی: خزمینە کاری وا مەکەن من دەترسم ئەمجارە بگەڕێینەوە ئەوەیشی لە ئوحود ئامادە نەبووە و شەڕی نەکردوە ئەمجارە ئەوانیش لە دژمان ئامادەبن و ڕوو بەڕوومان بوەستنەوە، ئێمە سەرکەوتوین گرەوی خومان بردۆتەوە و تۆڵەی بەدرمان بەزیادەوە کردۆتەوە؛ بۆیە بابگەڕێینەوە دەترسم بچینەوە سەریان ئەنجامەکان پێچەوانە ببنەوە و ئەمجارە بمانشکێنن، بیریشتان نەچێت مەدینە تەنها موحەممەدی تێدا نییە، بەڵکو جولەکە و هاوپەیمانەکانی خۆیشمانی (دووڕووەکان)  تێدایە.

سەرانی قوڕەیش ئەم بۆچونەی صەفوانیان بەدڵ نەبوو بۆیە سوربوون لەسەر گەڕانەوە و هێرشکردنە سەر مەدینە.

بەر لەوەی سوپای قوڕەیش بگەڕێتەوە بەرەو مەدینە مەعبەدی کوڕی ئەبو مەعبەدی خوزاعی خۆی پێگەیاندن بەڵام قوڕەیشییەکان نەیاندەزانی کە مەعبەد موسوڵمان بووە. چووە لای ئەبو سوفیان و لێی پرسی: نیازتان چییە و بیر لە چی دەکەنەوە؟. گوتی: دەگەڕێینەوە دەدەین بەسەر مەدینەدا.

مەعبەد گوتی: بەقسەی من دەکەن شتی وا ناکەن.

گوتی: بۆ تۆ هیچ هەواڵێکت پێیە؟.

مەعبەد گوتی: موحەممەد ﷺ و هاوەڵانی سوپایەکیان کۆکردۆتەوە تا ئێستا سوپای وا زۆرم بەم دوو چاوە نەبینیوە، هەرچی بەشداری ئوحودی نەکردوە زۆر پەشیمان و داخ لە دڵە و لەگەڵیان هاتووە و تینووی تۆڵەیە، ئەوەندە لێتان بەداخن تا

ئێستا داخ لەدڵی وەك ئەوانەم نەبینیوە، پاشان شیعرێکی لەبارەی زۆری و ورەبەرزی سوپای موسوڵمانان خوێندەوە.

ئەبو سوفیان و سەرانی سوپای قورەیش کە گوێیان لەو قسانە بوو زۆر پێی تێك چوون.

ئەبو سوفیان گوتی: بەدبەخت ئەوە تۆ دەڵێی چیی؟!!.

مەعبەد گوتی: بەخوا بەدواتانەوەن پەلە نەکەن لەگەڕانەوە بەرەو مەککە کەمێکی تر ناوچەوانی ئەسپەکانیان دەبینن و لەو پشت گردەوە بەدەردەکەون.

ئەبو سوفیان گوتی: وەڵڵا خۆمان کۆکردۆتەوە بگەڕێینەوە و بدەین بە سەریاندا و تەفرو تونایان بکەین.

مەعبەد گوتی: ئێوە من باش دەناسن، من ئەزموونی شەڕم زۆرە، مادام دەستان لێوەشاندوون و شکاندوتانن مەگەڕێنەوە سەریان، من بەرژەوەندی ئێوەم دەوێت ئەگەر بە قسەی من دەکەن کاری وا ناکەن.

قسەکانی مەعبەد زۆر کاریگەری خراپی لەسەر ورەی سەرانی قورەیش و سوپاکەیان دروست کرد؛ بۆیە پەشیمان بوونەوە و بڕیاریاندا هەر بەو شەوە بەرەو مەککە بگەڕێنەوە.

ئەوەندە بەپەلە و شپرزەیی خۆیان پێچایەوە و گەڕانەوە یەکێك لە سەرباز و ڕاگەیاندنکار و شاعیرە بەتواناکانیان بەناوی ئەبو عەززەی جومەحی[1] بەجێهێشت کەلەبەر ماندوێتی خەوی لێکەوتبوو. بەیانی کاتێك خەبەری بویەوە سوپای موسوڵمانان گەیشتنە سەری و عاصمی کوڕی ثابت بەدیلی گرت و هێنایە خزمەت پێغەمبەرﷺ. ئەبو عەززە زۆر لەپێغەمبەر ﷺ پاڕایەوە و گوتی: موحەممەد ئەمجارەیش ئەو گەورەییەم لەگەڵ بکە و بمبەخشە بە کچەکانم و مەمکوژە و بەڵێن بێت جارێکی تر دژت ناوەستمەوە وکەسیش هان نادەم دژایەتیت بکات.

---

١ - درێژەی بەسەرهاتەکەی لەلاپەڕە (٢٠-٢١) بخوێنەوە.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: جاری یەکەم و لەبەدردا بەقسەم کردیت و باوەڕم پێکردیت بەڵام ئەمجارە قبوڵ ناکەم بچیتەوە پاڵ بدەیت بەکەعبەوە و خۆت ڕابوەشێنیت و بڵێیت دووجار موحەممەدم خەڵەتاند، مرۆڤی بڕوادار دوو جار لە شوێنێکدا مار پێوەی نادات. پاشان فەرمانی کرد: کوشتیان.

پاش ئەوەی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی دڵنیابوون لەوەی سوپای قورەیش گەڕاونەتەوە مەککە و هیچ مەترسییەك لەسەر مەدینە نەماوە. بڕیاریياندا بەرەو مەدینە بگەڕێنەوە.

کە گەڕانەوە مەدینە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد کە هەر کەس موعاویەی کوڕی موغیرەی کوڕی ئەبی عاصی - باپیری عەبدولمەلیکی کوڕی مەروانی لە دایکەوە- بینی بیکوژێت. ئەم پیاوە بێباوەڕ بوو لە دوای غەزای ئوحود لەگەڵ سوپای قورەیش ناگەڕێتەوە مەککە و دەچێت ماڵی پێشەوا عوسمانی کوڕی عەففانی ئامۆزای و لە دەرگا دەدات. ئوممو کەلثومی خێزانی کەدەکاتە کچی پێغەمبەر ﷺ لەماڵ دەبێت. دەڵێت کێیت؟ دەڵێت: ئامۆزای مێردەکەتم، کە خۆی پێ دەناسێنێت دەزانێت بێباوەڕە و دەرگای لێ ناکاتەوە و دەڵێت: عوسمان لە ماڵ نییە. موعاویە دەڵێت: وشترێکم لێ کڕیوە پارەکەیم بۆ هێناوە، کە دەرگاکەی لێ دەکاتەوە خۆی دەکات بەماڵدا و دەڵێت: بنێرە بەدوای عوسماندا بابگەڕێتەوە ئیشم پێیەتی. ئومم و کەلثوم هەواڵ دەنێرێت بۆ پێغەمبەر ﷺ کە یەکێك لەچەکدارانی قورەیش بەناوی موعاویەی کوڕی موغیرە لێرەیە. ئەویش فەرمان دەکات: بڕۆن بیهێنن، کە دەیهێنن پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: بیکوژن، پێشەوا عوسمان بەپەلە دێت و دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەو پەنای بۆ ماڵەکەی من هێناوە ئەگەر بفەرموویت من تا سێ ڕۆژ پەنای دەدەم و پاشان دەگەڕێتەوە مەککە. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: باشە لەبەر ئەوەی پەنای بۆ تۆ هێناوە تا سێ ڕۆژ مۆڵەتی دەدەینێ و دواتر دەبێت بگەڕێتەوە.

ئیتر ئەو پیاوە لە مەدینە دەمێنێتەوە و لەو ماوەیەی کە پێغەمبەر ﷺ و سوپای موسوڵمانان مەدینە چۆڵ دەکەن و شوێن سوپای قورەیش دەکەون، ئەو لەمەدینە

سەرقاڵی سیخوڕی كردن و ئاژاوەگێڕی دەبێت. كاتێك پێغەمبەر ﷺ دەگەڕێتەوە مەدینە ماوەی سێ ڕۆژەكەی بەسەر چووە بەڵام ئەو هەر لەمەدینە ماوەتەوە، كەزانی پێغەمبەر ﷺ فەرمانی كوشتنی دەركردووە هەڵدێت. پێغەمبەری خودا ﷺ زەیدی كوڕی حاریثە و عەمماری كوڕی یاسر دەنێرێت بەشوێنیدا و ناونیشانی شوێنەكەیان پێدەدات كە دەچن لەوێ دەیگرن و دەیكوژن.

بە گەڕانەوەی پێغەمبەر ﷺ و سوپاكەی زۆرێك لەهاوكێشەكان تەواو پێچەوانە دەبنەوە و ورەی موسوڵمانان زۆر بەرز دەبێتەوە و بێباوەڕانی قورەیش و دووڕوو و جولەكەكانیش تەواو دەمكوت دەبن و بۆیان دەردەكەوێت كە ئەوەی لە ئوحود ڕوویداوە تەنها ڕوداوێكی كاتی بووە و هیچ كاریگەرییەكی خراپی لەسەر ورە و هێزی موسوڵمانان دروست نەكردووە.

لەڕۆژی هەینیدا عەبدوڵڵای كوڕی ئوبەیی كوڕی سەلول عادەتی وابوو بەر لەوەی پێغەمبەر ﷺ دەست بەوتاری هەینی بكات هەڵدەستا و قسەی بۆ خەڵك دەكرد و هانی دەدان بۆ ئەوەی بەگوێی پێغەمبەر ﷺ بكەن و بەرگری لێبكەن و سەری بخەن، وە خۆی وا نیشان دەدا كە زۆر دڵسۆزی پێغەمبەر ﷺ بێت. ئەو ڕۆژەیش دیسان لەناو خەڵكەكەدا هەستا و ویستی هەمان شت دووبارە بكاتەوە، هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ زۆر لێی پڕبوون بۆی هەستان و بەزۆر دایاننیشان وگوتیان: دانیشە دووڕووی دوژمنی خوا دەم نەكەیتەوە، تۆ پیاوی ئەوە نیت ئامۆژگاری ئێمە بكەیت، تۆ و هاوەڵەكانت بەشێك بوون لە هۆكارەكانی ئەو كارەساتەی بەسەرمان هات.

ئەویش لەداخا هەستا و بەتوڕەییەوە وتارەكەی بەجێهێشت و گوتی: بۆ من شتێ خراپم گوتووە كە دەڵێم بەقسەی بكەن. هەندێك لە هاوەڵان لە دەرگای مزگەوت بینییان لێیان پرسی: بۆ كوێ دەچیت؟. گوتی: من هەستاوم بەرگری لە پێغەمبەر ﷺ دەكەم كەچی هاوەڵەكانی بە گژمدا دەچن. گوتیان: بگەڕێرەوە داوای لێبوردن لە پێغەمبەری خودا ﷺ بكە باداوای لێخۆشبونت لە خوا بۆ بكات ئەوەی تۆ بەرامبەر ئێمە و بڕوادان كردت لە ئوحود كەم نەبوو.

گوتی: سوێند بەخودا پێویستم بەوە نییە ئەو داوای لێخۆشبوونم لە خوا بۆ بكات.

خوای گەورە لەسەر ئەو قسە و هەڵوێستە نامۆ و نەخوازراوەی ئایەتی ناردە خوارەوە و فەرمووی: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ لَوَّوْا رُءُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُمْ مُسْتَكْبِرُونَ سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾[١]. واتە: ئەو دووڕووانە كاتێك پێیان بوگترێت وەرن با پێغەمبەری خودا ﷺ داوای لێخۆشبوونتان بۆ بكات لای خوای گەورە، سەریان با دەدەن و ڕوو وەردەگێڕن و خۆیان لەوە بە گەورەتر دەبینن كە داوای لێخۆشبوون بكەن، جا داوای لێخۆشبوونیان بۆ بكەیت یان نەیكەیت چوون یەكە و خوای گەورە لێیان خۆشنابێت وخوای گەورە ڕێنموویی خەڵكانی بەدكار ناكات.

بەم شێوازە ڕووداوەكان و وێستگەكانی ئوحود و گشت لێكەوتەكانی كۆتاییان هات، ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە ئەوەیە چۆن لەو ڕووداوانە بەهرەمەند بین و سوودیان لێوەربگرین، چۆن هەوڵ بدەین خۆمان وا لێبكەین كە بتوانین كۆتایی بەنەهامەتییەكانی ئوحود لەژیانی ئەمڕۆماندا بهێنین؛ چونكە شكستەكەی ئەو ڕۆژەی ئوحود تەنها چەند كاژێرێكی كەمی خایاند؛ بەڵام ئێمە بۆ چەندین ساڵە تاڵاوی ئوحود دەچێت بە گەروماندا، بۆ چەندین ساڵە ئێمە لەشكستداین و تا ئێستایش پەند لەهەڵە وهۆكارەكانی ڕووداوی ئوحود وەرناگرین.

بۆیە لە باسی داهاتوودا دەچینە خزمەت ئایەتەكانی قورئان، بزانین چۆن خوای پەروەردگار باسی وردەكارییەكانی غەزاكە دەكات و چۆن هەڵە و هۆكار و چارەسەرەكان دەخاتە ڕوو، بەو هیوایەی ئێمەی بڕوادار بتوانین لێیان بەهرەمەند بین[٢].

---

١ - سورة المنافقون: الآيتان (٥-٦).

٢ - گرنگترینی سەرچاوەكان: إبن إسحاق (محمد بن إسحاق بن يسار المطلبي)، سيرة إبن إسحاق، دار الفكر، بيروت، ط١، ١٣٩٨، تحقيق: سهيل زكار، ص٣٢٢- ٣٣٧. إبن هشام (عبد الملك بن هشام بن أيوب الحميري)، السيرة النبوية، ج٢، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، القاهرة، ط٢، ١٣٧٥، تحقيق: مصطفى السقا و إبراهيم الأبياري و عبد الحفيظ الشلبي، ص٦٠- ١٦٨. الواقدي (محمد بن عمر بن واقد السهمي الأسلمي)، المغازي، ج١، دار الأعلمي، بيروت، ط٣، ١٤٠٩، ص١٩٩- ٣٤٠. إبن هشام (عبد الرحمن بن عبد الله بن أحمد السهيلي)، الروض الأنف في شرح السيرة النبوية، ج٥، ج٦ دار إحياء التراث العربي، بيروت،

# باسی دووەم
# وانەکان

پاش تەواوبوونی غەزاکە خوای پەروەردگار لە زیاتر لە (٦٠) ئایەتی قورئاندا ڕووماڵی ڕووداوەکانی غەزاکەی کرد و تیشکی خستە سەر گشت تەوەر و وردەکارییەکانی وپەند وئامۆژگارییەکانی غەزاکەی بۆ هاوەڵان خستەڕوو.

ئێمەیش لەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر کۆی ئەو پەندو ئامۆژگارییەکانە کە بریتیبوون لە:

---

ط١، ١٤٢١، تحقيق: عمر عبد السلام السلامي، ص٢٩٦-١٢٣. إبن حزم (علي بن أحمد بن سعيد بن حزم)، جوامع السيرة، دار المعارف، مصر، تحقيق: إحسان عباس، ط١، ١٩٠٠، ص١٥٦-١٧٦. البيهقي (أحمد بن الحسين بن علي بن موسى)، دلائل النبوة، ج٣، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤٠٨، تحقيق: د. عبد المعطي قلعجي، ص٢٠١- ٣١٩. إبن كثير (إسماعيل بن عمر بن كثير)، السيرة النبوية، ج٣، دار المعرفة، بيروت، ط١٩٧٦، تحقيق: مصطفى عبد الواحد، ص١٨- ١١٨. مغلطاي بن قليج، الإشارة إلى سيرة المصطفى وتاريخ من بعده من الخلفا، دار القلم، دمشق، ط١، ١٤١٦، تحقيق: محمد نظام الدين الفتيح، ص٢٣٠- ٢٣٧. المقريزي (أحمد بن علي بن عبد القادر)، إمتاع الأسماع بما للنبي من الأحوال والأموال والحفدة والمتاع، ج١، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤٢٠، تحقيق: محمد عبد الحميد النميسي، ص١٣٠- ١٧٩. إبن عبد البر، الدرر في اختصار المغازي والسير، دار المعارف، القاهرة، ط٢، ١٤٠٣، تحقيق: د. شوقي ضيف، ص١٤٥- ١٥٨. محمد بن يوسف الصالحي الشامي، سبل الهدى والرشاد، في سيرة خير العباد، وذكر فضائله وأعلام نبوته وأفعاله وأحواله في المبدأ والمعاد، ج٤، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤١٤، تحقيق: عادل أحمد عبد الموجود، علي محمد معوض، ص١٨٢- ٣١٦. اليعمري (محمد بن محمد بن محمد بن أحمد)، عيون الأثر في فنون المغازي والشمائل والسير، ج٢، دار القلم، بيروت، ط١، ١٤١٤، ص٥- ٥٥. الخضري (محمد بن عفيفي الباجوري)، نور اليقين في سيرة سيد المرسلين، دار المعرفة، بيروت، تحقيق: هيثم هلال، ط١، ١٤٢٥، ص٩٩-١٠٨. العلي (إبراهيم بن محمد بن حسين العلي)، صحيح السيرة النبوية، دار النفائس، عمان، ط١، ١٤١٥، ص٢٠٢- ٢٣٦. الصويانى (أبو عمر، محمد بن حمد الصوياني)، الصحيح من أحاديث السيرة النبوية، مدار الوطن للنشر، ط١، ١٤٣٢، ص٢٣٨-٢٩٠. الندوي (علي أبو الحسن بن عبد الحي)، السيرة النبوية، دار إبن كثير، دمشق، ط١٢، ١٤٢٥، ص٣٢٠- ٣٣٧. محمد الغزالي السقا، فقه السيرة، دار القلم، دمشق، ط١، ١٤٢٧، خرج أحاديثه: محمد ناصر الدين الألباني، ص٢٥٦- ٢٧٧. البوطي(محمد سعيد رمضان البوطي)، فقه السيرة، دار الفكر، دمشق، ط٢٥، ١٤٢٦، ص١٧٣- ١٨٥. د. أكرم ضياء العمري، السيرة النبوية الصحيحة، ج٢، مكتبة العلوم والحكم، المدينة المنورة، ط٦، ١٩٩٤، ص٣٧٨-٤٠٠. أحمد أحمد غلوش، السيرة النبوية والدعوة في العهد المدني، ط١٤٢٤،١، مؤسسة الرسالة، بيروت، ص٣٢٠- ٣٩٥. صفي الرحمن المباركفوري، الرحيق المختوم، دار الهلال، بيروت، ط١، ٢٢٤- ٢٦٤. محمود شيت خطاب، الرسول القائد، دار الفكر، بيروت، ط٦، ١٤٢٢، ص١٧١- ٢٠٣. الصلابي (علي محمد محمد الصلابي)، السيرة النبوية: عرض، وقائع، وتحليل أحداث، دار المعرفة، بيروت، ط٧، ١٤٢٩، ص٤٧٠- ٥٢٨.

**١- پشتڕاستكردنەوە و سەلماندنی ڕاستیی ڕووداوەكانی ژیانی پێغەمبەر ﷺ بەو شێوەیەی كە لە پەرتووكەكانی سیرە و مێژووی ئیسلامییدا هاتوون:**

ئەمەیش بەڵگەیەكی ڕوون و دەمكوتكەرە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێت بەناوی قورئانیبوونەوە گومان لەسەر سیرەت و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دروست بكەن. ئەم تەبایی و لەیەكچوونەیش تایبەت نییە بەغەزای ئوحودەوە بەڵكو كۆی ڕووداوەكانی ژیانی پێغەمبەر ﷺ دەگرێتەوە كە لە قورئاندا باسكراون. هەر بۆیە هەر كەس باوەڕی بەسیرە و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ نەبێت و گومانی لەسەر دروست بكات، وەك ئەوە وایە باوەڕی بەقورئانیش نەبێت و گومانی لەسەر دروست بكات؛ چونكە لەڕووی گێڕانەوەی ڕووداوەكانەوە هیچ جیاوازییەكیان نییە.

ئەمەیش ئەوە دەسەلمێنێت كە ئێمە خاوەنی ڕاستترین و پاكترین مێژووین.

**٢- تێگەیشتنی قورئان بەبێ بێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەكانی سیرە و سوننەت ئاستەم و مەحاڵە:**

ئەو دەقانەی قورئان كە لەسەر ئەو غەزایە و كۆی ڕووداوەكانی تری پەیوەست بە ژیانی پێغەمبەرەوە ﷺ هاتۆتە خوارەوە پێمان دەڵێن كە تێگەیشتنی قورئان بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەكانی سیرە و سوننەت ئاستەم و مەحاڵە

من لێرەدا تەنها چەند دەقێكی قورئان وەك نموونە باس دەكەم كە بەبێ گەڕآنەوە بۆ سیرە تێگەیشتنیان مەحاڵە و كۆی دەقەكانی تری قورئانیش هەر بەو شێوەیەن لەوانە خوای گەورە دەفەرموێت:

- ﴿إِذْ هَمَّت طَّائِفَتَانِ مِنكُمْ أَن تَفْشَلَا﴾[1]. مەبەست لەم دوو هۆزە كێبوون؟!!.

- ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ﴾[2]. مەبەستی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە چی بوو؟ وە بۆ خوای گەورە وای بە پێغەمبەر ﷺ فەرمووە؟!.

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٢٢).

٢ - سورة آل عمران: الآية (١٢٨).

- ﴿إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُ﴾[1]. مەبەست لەو نەهامەتیەی بەسەر ئەمان هات وئەوەی بەسەر ئەوان هات چی بوو؟!.

- ﴿وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللَّهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِ حَتَّىٰ إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّن بَعْدِ مَا أَرَاكُم مَّا تُحِبُّونَ مِنكُم مَّن يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ الْآخِرَةَ﴾[2].[3]. ئەی ئەم دەقانە باس لەچی دەكەن و ئەم ڕووداوانە چۆن بوون و هۆكاری ڕوودانیان چی بوو وە بەرپرسەكانی كێبوون؟!!.

ئەمانە و سەدەها دەقی تری قورئان كەدەربارەی ڕووداوەكانی ژیانی پێغەمبەرﷺ هاتوونەتە خوارەوە، بەناو قورئانییەكان ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەكاتەوە كە ئەگەر ئەوان باوەڕیان بە فەرموودە نییە ئیتر ئەم دەقانە چۆن ڕاڤە دەكەن و بەچی لێی تێدەگەن؟!!.

### ٣- سەركەوتن یەك شێواز و واتای نییە:

ئەگەر غەزای بەدر لەو ڕووەوە سەركەوتن بوو كە خوای گەورە لوتی بێباوەڕانی تێدا شكاند، ئەوە غەزای ئوحودیش لەو ڕووەوە بەسەركەوتن ئەژمار دەكرێت كەخوای گەورە لوتی دووڕووەكانی تێدا شكاند و ڕووی ڕاستەقینەیانی تێدا دەرخست و پەردەی لەسەر پلان و ناپاكییەكانیان هەڵماڵی.

ئەمە لە كاتێكدا كەمەترسی ئەمان لەهەموو ڕووییەكەوە زۆر لەمەترسی بێباوەڕانی مەككە زیاتربوو؛ چونكە هاوەڵآن دەیانزانی كە بێباوەڕان بەئاشكرا دووژمنیانن و بۆیان لەبۆسەدان. بەڵام بەهیچ شێوەیەك باوەڕیان نەدەكرد كە دووڕووكان لەوان دڵڕەقتر بن بەرامبەریان و ئەوەند ناپاكبن لەو ڕووبەڕووبوونەوە سەختەدا پشتیان بەربدەن و بەفێڵێكی شەیتانییانە هەر كە سوپای قوڕەیشیان بینی پاشەكشە بەیەك لەسەر سێی سوپاكە بكەن.

١ - سورة آل عمران: الآية (١٤٠).

٢ - سورة آل عمران: الآية (١٥٢).

٣ - كۆی ئەم ئایەتانە لە شوێنی خۆیدا ڕاڤەمان كردوون بۆیە لێرەدا دووبارە ڕاڤەیان ناكەینەوە.

ئەمەیش کارێکی چاوەڕواننەکراو و نەشیاو بوو نەك لە خەڵکانێکی بەناو بڕوادار و دڵسۆز بەڵکو لە ڕەوشت و ڕەسەنایەتی و غیرەتی عەرەبی ئەو سەردەمە نەدەوەشایەوە کە هێزێکی دەرەکی هێرشبکاتە سەر شارەکەیان و دەرگایان پێ بگرێت و هەڕەشە لەسەر کەرامەت و ناموسیان دروست بکات کەچی ئەوان نەك هەر پشتی تێبکەن بەڵکو خەڵکیش لەڕوبەڕوبونەوەیان سارد بکەنەوە و ئامادەبن بەبێ شەڕ شارەکەیان ڕادەست بکەن.

ئوحود پەردەی لەسەر ئەو ناجوامێریەی ئەوان هەڵماڵی ودەروونی بەزیوی ئەوانی بە ئەزموون بۆ بڕواداران سەلماند تا لەمەودوا نەك هەر پشتیان پێ نەبەستن بەڵکو دەبێت زۆر لەپلانەکانیان بەئاگا بن نەبا لەپشتەوە خەنجەری ژەهراوییان لێبدەن.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا ئەم جۆرە گروپ و دەستە و تاقمانە بە ئاشکرا دەبینرێن کە بەناو موسوڵمانن و بەنەتەوە کوردن کەچی بەناوەڕۆك و بەرنامە دەستباری دوژمنانی دین و ژینی ئەم میللەتەن و بەشەو و ڕۆژ کار لەسەر کاڵکردنەوەی بەهاو پیرۆزییەکانی دەکەن و هەوڵی دەستەمۆکردنی بۆ پلانەکانی دوژمن دەدەن. خۆ ئەگەر پرسە ئاینییەکانیش لەهاوکێشەکان بکەینە دەرەوە دەبوو ئەوانە بەتەنگ پاراستنی ئەخلاق وکلتووری ڕەسەنی کوردەوارییەوە بهاتنایە کەچی بەپێچەوانەوە ئەوەی باسی ئەخلاق و کوردایەتی بێت ئەوان بەلاییدا ناچن و بەتەنگییەوە نین. کەدەمیشیان دەکەیتەوە کوردایەتیت پێ دەفرۆشن.

بۆیە گرنگە خەڵکی بڕوادار لەو دەستە و لایەنانە و لەپلانەکانیان بەئاگا بن؛ چونکە ئەمانیش هەر هەمان عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەییەکەی سەردەمی پێغەمبەرن ﷺ و کوردایەتی لەلای ئەوان تەنها کۆگایەکە دین و ژینی میللەتی تێدا هەڕاج دەکەن.

**٤- خوای گەورە ئاگاداری وردو درشتی ژیانی مرۆڤەکان و نیەت و هەستەکانی ناخ و دڵیانە:**

ئەگەر سەرنجێکی ئەو ئایەتانە بدەین کەدەربارەی غەزای ئوحود هاتۆتە خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خوای گەورە هەر باسی ڕووداوە ڕوون و ئاشکراکان و هەڵوێست و

قسە بینراو و بیستراوەكان ناكات؛ بەڵكو زۆر كات باسی قسەی ناخی ئەو خەڵكانە و نیەتە شاراوەكانی ناو دڵیان دەكات و ئاشكرای دەكات. لەوانە: كاتێك باسی نیەتی ئەو دوو هۆزە دەكات كە كاتێك بینییان دووڕووەكان پاشەكشەیان كرد بەدڵیانادا هات پاشەكشە بكەن و لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿إِذْ هَمَّتْ طَائِفَتَانِ مِنْكُمْ أَنْ تَفْشَلَا وَاللَّهُ وَلِيُّهُمَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾[1]. یان كاتێك باس لە تاقیكردنەوەكان بەگشتی و كارەساتەكەی ئوحود بەتایبەتی دەكات كە ئامانجی دەرخستنی نیەتی دڵەكان و ڕاستی باوەڕی ناخیانە و لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَ مِنْكُمْ شُهَدَاءَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ وَلِيُمَحِّصَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ﴾[2]. ﴿مَا كَانَ اللَّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَا أَنْتُمْ عَلَيْهِ حَتَّى يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى الْغَيْبِ﴾[3]. یان كاتێك جەخت لەسەر بەئاگایی خوای گەورە لەنییەتی دڵەكانیان دەكاتەوە و دەفەرموێت: ﴿وَلِيَبْتَلِيَ اللَّهُ مَا فِي صُدُورِكُمْ وَلِيُمَحِّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾[4]. ﴿هُمْ دَرَجَاتٌ عِنْدَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ﴾[5]. ﴿يَقُولُونَ بِأَفْوَاهِهِمْ مَا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ﴾[6].[7].

خۆشەویستان مەبەستی ئەم ئایەتانە و دەیەها ئایەتی تری قورئان كە جەخت لەسەر هەمان واتە دەكەنەوە بریتییە لەوەی كە:

- مرۆڤەكان بەگشتی لەوە تێبگەن كە خوایەكی بیسەر و بینەر و زانا و بەئاگایان هەیە كە هیچ شتێكی لێ پەنهان نییە و هیچ شتێكیشی بیر ناچێت.

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٢٢).

٢ - سورة آل عمران: الآيتان (١٤٠-١٤١).

٣ - سورة آل عمران: الآية (١٧٩).

٤ - سورة آل عمران: الآية (١٥٤).

٥ - سورة آل عمران: الآية (١٦٣).

٦ - سورة آل عمران: الآية (١٦٧).

٧ - كۆی ئەم ئایەتانە لە شوێنی خۆیدا ڕاڤەمان كردوون بۆیە لێرەدا دووبارە ڕاڤەیان ناكەینەوە.

- هاوەڵان و بڕواداران ئاسوودەبن بەوەی کە خوای گەورە ئاگای لە نیەتی پاکی دڵ و پەرۆشیانە بۆ دینی خوا و لەسەر ئەو نیەتە ئەوان پاداشتی خۆیان وەردەگرن، سەرکەوتوو بوون یان نا ئەوە لە پاداشتی چاکەکانی ئەوان کەم ناکاتەوە.

- دووڕوو و بێباوەڕانیش باش بزانن کە فێڵ لەخوای گەورە ناکرێت و خوای گەورە ئاگای لەنیەتی بەدیان و سەرجەم پلانەکانیانە و ڕووکەشەی باشی کردەوەکانیان شەفاعەت بۆ نیەتی بەدی ناخیان ناکات و سزای سەرجەم کردەوەکانیان وەردەگرن.

بۆیە پێویستە ئێمەی بڕوادار ئەم چەمکانەی باوەڕ و خواناسی وەك ناوی خۆمان بزانین و بۆ یەك چرکەیش لێیان بێ ئاگا نەبین.

### ٥- سەرکەوتن و شکست بەدەست خوای گەورەیە:

خوای گەورەیش لە قەدەر ساغبوونەوەی ئێمە بۆ خواو گوێڕایەڵیمان بۆ پێغەمبەر ﷺ و پەیامەکەی سەرکەوتن دەدات، نەك لەقەدەر هێزوبازووی خۆمان. ئەوەتا خوای گەورە پاش شکستەکەی ئوحود سەرکەوتنەکەی بەدریان بیر دەخاتەوە تا وا تێنەگەن شکستەکەی ئوحود بەهۆی کەمی ژمارە یاخود هۆکارە مادییەکانەوە بووە و پێیان دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ فَاتَّقُواْ اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾[1]. واتە: خوای گەورە ئێوەی لە بەدردا سەرخست لەکاتێکدا ئێوە کەمینەیەکی کەمدەست و هەژار و لێقەوماو بوون؛ بۆیە خاڵی بەخۆداچونەوە دەبێت بەگەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە بێت و بەرز ڕاگرتنی فەرمانەکانی بێت و سوپاسگوزاری بەخششەکانی بێت.

بەخاتری ئەوەیش بەهەڵە تێنەگەن و وانەزانن کە سەرکەوتنی بەدر بەهۆی دابەزینی فریشتەکانەوە بووە پێیان دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُمْ بِهِ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ﴾[2]. واتە: هاتنە خوارەوەی فریشتەکان خاڵی یەکلاکەرەوەو هۆکاری سەرکەوتن نەبوو لەبەدردا؛ بەڵکو تەنها وەکو مژدەیەك و

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٢٣).

٢ - سورة آل عمران: الآية (١٢٦).

بۆ دڵنەواییكردنی ئێوە بوو ئەگەر نا بڕیاری سەكەوتن و سەرخەری ڕاستەقینە تەنها خوای گەورەی بە دەسەڵات و دانایە و كەسی ترنا.

دواتر خوای گەورە ڕوونتر پێیان دەفەرموێت: ﴿إِنْ يَنْصُرْكُمُ اللَّهُ فَلا غَالِبَ لَكُمْ وَإِنْ يَخْذُلْكُمْ فَمَنْ ذَا الَّذِي يَنْصُرُكُمْ مِنْ بَعْدِهِ﴾[1]. واتە: ئەگەر خوای گەورە پشتیوان و هاوكارتان بێت هیچ هێزێك نییە بتوانێت زاڵ بێت بەسەرتاندا و ئەگەریش ئەو بیەوێت تووشی شكستتان بكات ئەوە چ هێزێك هەیە جگە لەو بتوانێت پشتیوانییتان بكات و سەرتان بخات.

بۆیە ئێمە پێویستە خۆمان یەكلا بكەینەوە ئەم شەڕو ململانێیە لەپێناو خۆمان و پۆست و پلەو پارە و كێبڕكێی حیزبیدایە؟! یاخود لەپێناوی ڕەزامەندی خودا و سەركەوتنی پەیامەكەی ئەودایە؟! ئەگەر لەپێناو خۆماندایە ئەوە با بەناوی خواوە نەیكەین و هیچیش لەخوا چاوەڕوان نەكەین، ئەگەریش لەپێناوی خوادایە ئەوە با حەزو ئارەزو مەرامە دونیاییەكانی خۆمانی تێكەڵ نەكەین.

ئێمەی باوەڕدار دەبێت هەمیشە لەوە دڵنیا بین كەخوای گەورە هیچ كات پشت لەبەندە پاك و ساغەكانی ناكات و بەردەوام كۆمەكیان دەكات و بەرگرییان لێ دەكات وە هەركات ئەو كۆمەكە نەما ئەوە دەبێت لەوە دڵنیا بین كەهەڵەیەك لەلای ئێمەوە ڕوویداوە و پێویستە بەپەلە بەخۆماندا بچینەوە و چارەسەری بكەین تا كۆمەكییەكان بەردەوام بن؛ چونكە كۆمەكی خوا وەك پەخشێكی ڕادوێی بەهێز وایە و ئاراستەی دڵەكان دەكرێت و دڵە نەخۆش و دووڕوو لەكاركەوتووەكان ناتوانن وەریبگرن و سوودی لێببینن.

### ٦- ململانێ و بەریەككەوتنی بەردەوام لەهێزی بێبڕوایان كەم دەكاتەوە:

بەریەككەوتنی بەردەوامی بەرەی بڕواداران و بێبڕوایان لەهێزی بێبڕوایان كەم دەكاتەوە و ورەیان دەڕوخێنێت و لە هەر چاكە و باشەیەك كە ئەگەر هەیانبێت خاڵییان دەكاتەوە و سەرەنجامیش ململانێكە بەشكستی ئەوان كۆتایی دێت. خوای گەورە لەو

---

١ - سورة آل عمران: الآیة (١٦٠).

بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿لِيَقْطَعَ طَرَفًا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَوْ يَكْبِتَهُمْ فَيَنْقَلِبُوا خَائِبِينَ﴾[1]. واتە: تا لەرێگەی کوشتن و بەدیلگرتن و پەکخستن بەشێك لەهێزی بێباوەڕان کەم بکاتەوە، یاخود ئەگەریش مان ورەیان بڕوخێنێت و لەدژایەتی بڕواداران کۆڵیان پێبدات و سەرەنجامیش مایەپووچ و ڕیسوایان بکات. وشەی (طرف) لێرەدا بەواتەی سەران و سەربازەکانیان دێت.

سوپای قورەیش لە بەدردا نزیکەی (٧٣) کەسیان بەکوشت چوون و هێندەی تریشیان لێ بەدیل گیران کە زۆرێك لەسەران و دەسترۆیشتووەکانی قورەیشیان تێدا بوو، لە ئوحودیشدا (٣٧) کەسیان کوژران. جا ئەگەر بڕواداران ئەمرۆ و لە ئوحوددا خەڵکانێکیان لەدەست داوە، ئەوە بەرەی بەرامبەریش لەمرۆ و لەبەدریشدا خەڵکی لەدەستداوە و دڵنیایشییان دەکاتەوە کە ئەم شکستە لاوەکی و کاتییە و سەرەنجام خوای گەورە بەرەی باوەڕ هەر سەر دەخات و بەرەی بێباوەڕیش تێك و پێك دەشکێنێت و لەناویان دەبات..

خوای گەورە لە کۆتایی ئایەتەکەدا وشەی ﴿خَائِبِينَ﴾ بەرامبەر بە ئامانجەکانی بێباوەڕان بەکار دهێنێت کە بەواتەی بێ هیوابوون و مایە پووچی دێت و لەگەڵ (یائس) لەو ڕووەوە جیاوازن کە کەسی (یائس) هەر لەسەرەتاوە هیوای بەکارەکەی نییە و دڵی پێی خۆش نییە و دەزانێت ئامانجی نابێت. بەڵام (خائب) سەرەتا گەشبینە بەکارەکەی و وا دەزانێت کە بە ئامانجەکانی دەگات بەڵام  دەرەنجام ئەمیش هەر مایەپووچ دەبێت و بەهیواکانی ناگات. سەرانی قورەیشیش بەم سەرکەوتنە کاتییە زۆر دڵخۆشبوون بەڵام خوای گەورە دڵنیایان دەکاتەوە کەسەرەنجام مایەپووچ دەبن و خۆیان و ڕێبازەکەیشیان سەرەنجام تیا دەچن و دونیا و دوارۆژیش لەدەست دەدەن. ئەمەیش چارەنووسی نەك بەتەنها سەرانی قورەیش بەڵکو هەر کەس و گروپ و دەسەڵات و ئایدیا و بیردۆزەیەکە کە دژایەتی خوا و بەرەی بڕوادارانی کردبێت.

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٢٧).

خوای گەورە جارێکی تر و بۆ تەواو دڵنیاکردنەوەی هاوەڵان بەتایبەتی و بڕواداران بەگشتی دەفەرموێت: ﴿قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾[1]. واتە: گەلانێکی زۆر پێش ئێوە هاتوون و ڕۆیشتوون، بگەڕێن بەزەویدا و بزانن سەرەنجام چارەنووسی بێباوەڕان چۆن بووە و بەچی گەیشتوون.

لەو بارەیەوە خوای گەورە نموونەی زۆر بۆ هاوەڵان و بڕواداران و نەیارانیشیان باس دەکات کە هەر یەکەیان زۆر لە قورەیش زۆرترو دەسەڵاتدارتربوون بەڵام سەرەنجام بەهۆی خراپەو و تاوانەکانی خۆیانەوە لەناو چوون و دەفەرموێت: ﴿فَكُلًّا أَخَذْنَا بِذَنبِهِ فَمِنْهُم مَّنْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِ حَاصِبًا وَمِنْهُم مَّنْ أَخَذَتْهُ الصَّيْحَةُ وَمِنْهُم مَّنْ خَسَفْنَا بِهِ الْأَرْضَ وَمِنْهُم مَّنْ أَغْرَقْنَا وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَٰكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾[2]. واتە: هەموو ئەوانەمان بەهۆی تاوانەکانی خۆیانەوە لەناو برد، هەندێکیان بە با، هەندێکیان بەبەرد، هەندێك بە بروسکەو چەخماخە و دەنگ، هەندێك بەڕۆچوون بەزەویدا، هەندێك بە نوقمکردن لە ئاودا. هیچ کام لەوانەیش خوای گەورە ستەمی لێنەکردوون بەڵکو خۆیان ستەمیان لەخۆیان کرد و خراپەیان کرد تا بەهۆی خراپەکانی خۆیانەوە لەناوچوون.

دواتر دەفەرموویێت: ﴿هَٰذَا بَيَانٌ لِّلنَّاسِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ﴾[3]. واتە: ئەمە ڕوونکردنەوە وئاگادارکردنەوەیە بۆ هەموو خەڵکی و هیدایەت و پەند و ئامۆژگاریشە بۆ بڕواداران.

ئێمە کاتێك بڵاوکراوەیەك بڵاو دەکەینەوە گرنگی و سەنگی پەیامەکە پەیوەستە بەو لایەنەی کە پەیامەکە بڵاو دەکاتەوە، بۆ نمونە: کاتێك سەرۆك کۆمار پەیامێك بڵاو دەکاتەوە گرنگی و سەنگی خۆی هەیە و جیاوازە لەبڵاکراوەی خەڵکی تر، ئێستا ئەوەی ئەم پەیامە بڵاو دەکاتەوە خوای گەورەی باڵادەستی جیهانیانە و پەیامەکەیشی بۆ سەرجەم خەڵکییە نەك تەنها بڕواداران و دەفەرموویێت: ﴿هَٰذَا بَيَانٌ لِّلنَّاسِ﴾ لێرەدا ئاراستەی پەیامەکەی بەڕاستەوخۆ بۆ پێغەمبەرو هاوەڵانی و سەرانی قورەیش و

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٣٧).
٢ - سورة العنكبوت: الآية (٤٠).
٣ - سورة آل عمران: الآية (١٣٨).

داروودەستەکانیان و جولەکە و دووڕووەکانە. بەڵام بەداخەوە ئەوەی گوێی لێ دەگرێت و پەند و ئامۆژگاری لێ وەردەگرێت تەنها بڕوادارانن و نەیارانی ئایین لەسەر ڕێچکەو ڕێبازی خۆیان هەر بەردەوامن.

خۆشەویستان ئەم بنەمایانە بنەمای جێگیرو نەگۆڕن و پێویستە ئێمەی بڕوادار تەواو لێی دڵنیا بین؛ چونکە زۆرێك لە بڕواداران لەدەرەنجامی کزی باوەڕەکەیان بێهیوایی ڕووی تێکردوون و تووشی حاڵەتی دەروون بەزین بوون و بەو هۆیەیشەوە هەندێکیان نەك هەر ساردبوونەتەوە بەڵکو بەداخەوە کەوتونەتە بەرەی بەرامبەرەوە، بێ ئاگا لەوەی کە ئەم بەریەککەوتنە بەردەوامە بۆ تاقیکردنەوەی باوەڕەکەی ئەمانە و سەرەنجام خوای گەورە بەرەی باوەڕ سەردەخات بەڵام پاش ئەوەی ئەم بەرەیە تەواو خۆی بۆ خوای گەورە یەکلا دەکاتەوە و بەرەی بەرامبەریش خاڵی دەبێت لەهەر خێرێك کە لێی چاوەڕوان بکرێت..

ئێستایشی لەگەڵ بێت کە ئێمەی بڕوادار کەمینە و کەم دەستین بەڵام دڵخۆشین بەوەی کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا سەرەڕای ئەو هەموو پلانەی کەدژ بەئیسلام و موسوڵمانان دادەڕێژرێت و ئەو هەموو هەوڵەی بۆ ناشیرینکردنی پەیامەکەی خوا دەدرێت کەچی ڕۆژبەڕۆژ خەڵکی زیاتر ڕوو لە ئیسلام دەکەن و لەپیرۆزی پەیامەکەی تێدەگەن و بەرەی بێباوەڕی چۆڵ دەکەن .

لە کۆتاییشدا خودای پەروەردگار بۆ زیاتر ئاشناکردنی ئێمە بەسروشت و دەرەنجامی ئەم ململانێ فیکری و مەعنەوییە درێژ خایەن و نادیارە دوو نموونەی بەرجەستەبووی نزیکی دیارمان بۆ دەهێنێتەوە کە ڕۆژانە بەچاوی خۆمان دەیانبینین و تەواو لەئەنجانەکەی دڵنیاین و لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌ بِقَدَرِهَا فَاحْتَمَلَ السَّيْلُ زَبَدًا رَّابِيًا وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِي النَّارِ ابْتِغَاءَ حِلْيَةٍ أَوْ مَتَاعٍ زَبَدٌ مِّثْلُهُ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاءً وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الْأَرْضِ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ﴾[١]. واتە: وەك بارانێك وایە کە خوای گەورە لە ئاسمانەوە دەیبارێنێت

---

١ - سورة الرعد: الآية (١٧).

و کاتێك بەشیوەکاندا گوزەر دەکات کەف و چیلکەو چڵکێکی زۆر لەسەری دەنیشن، یاخود وەکو ئاڵتون یان زیویێك وایە کاتێك ئاگری لێدەدەیت و زاخاوی دەدەیت کەف و چڵك و کانزا بێنرخەکانی لێدێنە دەرەوە و سەری دەکەون، جا ئەگەر بەوردی سەرنجی نموونەکان بدەین دەبینین سەرەتا و بۆ ماوەیەکی کورت کەف و چڵك وزاخ و خاشاکە بێکەڵکەکە سەر ئاو و کانزا بەسوودەکە دەکەون؛ بەڵام ئەم سەرکەوتن و دەرکەوتنە زۆر کاتییە و هەر زوو لە بەین دەچن و سەرەنجام ئەوەی لەهەردوو نموونەکە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە سوود بەخەڵکی دەگەیەنێت و لەبارانەکە ئاوە ساف و سازگارەکەی و لەکانزاکەیش ئاڵتونە ساغەکەی دەمینێتەوە.

**٧- سەرپێچی کردنی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ زیان و سزای سەخت بەدووی خۆیدا دەهێنێت:**

خوای گەورە ئەم پەیامە بە ڕوونی بەهاوەڵان دەدات و پێیان دەفەرموێت: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾[١]. واتە: ئەگەر دەتانەوێت خوای گەورە بەزەیی پێتاندا بێتەوە و بێت بەهاناتانەوە ئەوە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی بکەن.

هاوەڵان لەم غەزایەدا هەر لەسەرەتای ئامادەکاری تاکۆتایی غەزاکە لە کۆمەڵێك هەڵوێستدا و بەچەند پاساوێکی جیاواز[٢] سەرپێچی فەرمانەکانی پێغەمبەریان ﷺ کرد،

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٣٢).

٢ - سەبارەت بەفشار کردن بۆ چوونە دەرەوە و شەڕکردن لەدەرەوەی مەدینە، ئەوان لە دڵ گەرمییان بۆ دینی خوا وحەزی گیانبازی لەپێناو خوادا ئەو کارەیان کرد و گوتیشیان نەوەك قورەیش وا تێبگات کە ئێمە لەترسا لەمەدینە ماوینەتەوە بەمەیش ورەی سەربازانی قورەیش زیاتر بەرز دەبێتەوە.

سەبارەت بەهاتنە خوارەوەی کۆمەڵێك لەتیرهاوێژەکانیش لەچیاکە ئەوان گوتیان پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی تا شەڕ تەواو نەبێت ئێوە مەیەنە خوارەوە، خۆ ئێستا شەڕ تەواو بووە و سوپای قورەیش گۆڕەپانی شەڕی چۆڵکردووە وئێستا مانەوەی ئێمە لێرە بێسوودە.

دەربارەی چۆڵکردنی دەوری پێغەمبەریش ﷺ لەکاتی شەڕدا نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کەئەوانیش وەك خەڵکانی تر مرۆڤ بوو و حەزی ژیان و ترسی مەرگ لەنەخی هەریەکێکیانا چەسپاوە و ئاساییە لەساتێك لەساتەکاندا ئەو حەز و ترسە بەسەر ژیریاندا زاڵبووبێت و بڕیاری هەڵەی پێدابن.

لەوانە لەکاتی فشارکردنیان بۆ چوونە دەرەوە لەمەدینە تا کاتی هاتنە خوارەوەیان لەشاخەکە و چۆڵکردنی دەوری پێغەمبەر ﷺ لەگەرمەی شەڕدا.

خۆ ئەگەر هاوەڵان سەرەڕای ئەو هەموو سەرپێچییەیان سەربکەوتنایە ئەو کات هیچ بەها و پیرۆزییەك بۆ فەرمانەکانی پێغەمبەر ﷺ نە دەمایەوە و ئەو کات وا هەستیان دەکرد کە قسەی ئەویش وەك قسەی هەر کەسێکی تری ئاساییە و سەرپێچیکردنیشی هەر ئاساییە، ئەو کات ئەوان لەسەر ئەو هەڵەو سەرپێچییە پەروەردە دەبوون و بەردەوام دەبوون، سەرپێچییەکەیشیان دەبوو بە پێڕەو و خەڵکی تا قیامەت لەسەری دەڕۆیشت.

خوای گەورەیش هەر گیز ئەوە لەهیچ کەس قبووڵ ناکات و ناهێڵێت سزای سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی پێغەمبەر ﷺ بەسەر کەسەوە بڕوات بەتایبەت لەو قوتابخانە و قۆناغە هەستیارەدا کەقوتابخانەی پێغەمبەرە ﷺ و زاتی موبارەکی خۆی ڕاستەوخۆ بەڕێوەی دەبات و قوتابییەکانی هاوەڵە ئازیزەکانی بژاردەی دەستی قەدەرن و لە قۆناغی بنەڕەتی فێربوونی بنەماکانی باوەڕدان و ئەم قۆناغەی ژیانی ئەوان بەشێکە لە تەشریعێکی هەمیشەیی بۆ هەموو ئوممەت و ناشکرێت هەڵە لەتەشریع و پێڕەودا دروست بێت و چاوپۆشی لێبکرێت؛ بۆیە خوای گەورە بەکرداری وانەیەکی سەختی فێرکردن.

ئێستا ئەگەر بەراوردێك لەنێوان شکستەکانی ژیانی ئەمڕۆی خۆمان و شکستەکەی ئەو کاتی ئوحود و سەرپێچی و لادانەکانی ئەمڕۆی ئێمە و ئەو کاتەی هاوەڵاندا بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمە چەند دوورین لە پەیامەکەی خوای گەورە و شایەنی چەند لەوە زیاترین کە ئەمڕۆ بەسەرمان هاتووە؛ چونکە ئەگەر سەرپێچییەکانی ئوحود بەپاساو و بۆ چەند ساتێکی کەم و بەهۆی دڵگەرمی و شەڕ و شپرزەییەوە ڕوویانداوە و هەر زوویش هاوەڵان بەخۆیاندا چوونەتەوە و داوای لێبووردنیان کردووە، ئەوا سەرپێچییەکانی ئەمڕۆی ئێمە بێ پاساو و بەردەوام و لەحاڵەتی ئاساییدان و سوورین لەسەریان و بگرە هەندێك سەرلێشێواومان شانازی پێوە دەکەن و بەئاشکرا بانگەشەی

سەرپێچیکردنی سوننەت و فەرمانەکانی پێغەمبەر ﷺ دەکەن و هەوڵی کاڵکردنەوەی پیرۆزییەکەی و کەمکردنەوەی بەهاکەی دەدەن لە ناخی بڕواداراندا و دەیانەوێت لەژێر پەردەی دینداریيدا شەڕی سوننەت بەقورئان بکەن.

ئەوان ئێستا هاوشێوەی موعتەزیلە سەرلێشێواوەکانی پێشوو و بەهەمان پێودانگی ئەوان مامەڵە لەگەڵ فەرمووددا دەکەن و پێیان وایە هەر فەرموودەیەك لەگەڵ عەقڵی کورتبینی ئەوان، یان هەر بیردۆزەیەکی زانستی ناجێگیر و نەسەلمێنراو، یان هەر بابەتێکی پەیوەست بەمافی مرۆڤ یان ژنان بە پێودانگی رۆشنبیری لاسەنگی رۆژئاوا یان رێکخراوە فیمەنستییە پەرگیرەکان یەك نەکاتەوە ئەوە ئەوان یەکسەر حەق بەپێوەرەکانی خۆیان دەدەن و لەسەر ئەو بنەما پوچانە فەرموودەکە رەتدەکەنەوە و گومانی لەسەر دروستدەکەن ئەگەر لەهەر شەش سەرچاوە رەسەنەکەی سوونەنەیشدا بەدرووستی هاتبێت.

بۆیە ئوحود لەو رووەیشەوە قوتابخانەیەکی گەورەبوو بۆ هاوەڵان و بۆ سەرجەم بڕواداراانی پاش ئەوانیش.

**٨- تاکە رێگە بۆ چارەسەرکردنی هەڵەکان و گۆڕینی دەرەنجامەکان پەشیمانی و گەڕانەوەیە بۆ لای خوای گەورە:**

خوای گەورە پاش ئەوەی هۆکاری شکستەکەی بۆ هاوەڵان روونکردەوە ئێستا رێگەچارەکانییان نیشان دەدات و هەڵیاندەنێت بۆ ئەوەی پەلە بکەن لە گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە و داوای لێخۆشبوون کردن لەسەر ئەو هەڵانەی کردویانە و پێیان دەفەرموێت: ﴿سَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ﴾[1]. واتە: پەلە بکەن لە گەڕانەوە بۆلێخۆشبوونی خوای گەورە و بەدەستهێنانی بەهەشتێك کە فراوانییەکەی هێندەی هەموو زەوی و ئاسمانەکانە و خوای گەورە بۆ خواناسانی ئامادە کردوە.

١ - سورة آل عمران: الآية (١٣٣).

جا سەرنج بدەن خۆشەویستان خوای گەورە نافەرموێت بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە تا لێتان خۆش ببێت و پاداشتتان بداتەوە؛ بەڵكو ڕاستەوخۆ پێیان دەفەرموێت: بگەڕێنەوە بۆ لێخۆشبوونی خوای گەورە و بەهەشت و خۆ تۆماركردن لەڕیزی خواناساندا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە هەر كات مرۆڤ بەڕاستی گەڕایەوە بۆ لای خوای گەورە ئەوە دەستبەجێ لێخۆشبوونی خوای گەورە و پاداشتی بەهەشت و سڕینەوەی ناوی كەسەكە لە ڕیزی تاوانباران بۆ ڕیزی خواناسان وەك یەك گوژمە ساز و ئامادەیە و خوای گەورە دەیبەخشێتە بەندە تاوانبارەكانی.

ئێستا دەكرێت بپرسین ئەم بەخشندەیی و میهرەبانیی و لێبووردەییە لای كام دەسەڵاتداری دونیا و لەكام سیستەمی سیاسی و یاساییدا بۆ خەڵكی تاوانبار دەستەبەر دەكرێت.

خوای گەورە بەردەوام دەبێت لەسەر هەڵنانی هاوەڵان بەتایبەتی و بڕواداران بەگشتی بۆ گەڕانەوە و كاری چاكەی زیاتر بەرزبوونەوە بە پلەكانی باوەڕ و خواناسیدا و دێتە سەر باسی سیفاتی خواناسان و پێیان دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يُنْفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾[1]. واتە: ئەوانەی كە بەنهێنی و ئاشكرا، لە خۆشی و ناخۆشیدا، لەپێناو خوادا دەبەخشن و لەبەر خوا ڕقی دڵیان دەخۆنەوە و بەرامبەر خەڵكی لێبووردە و سینە فراوانن و خوای گەورەیش خەڵكانی چاكەكاری خۆش دەوێت.

هەر لەبەر گەورەیی ڕووداوەكە و گرنگی زوو بەدەمەوە هاتن و چارەسەركردنی هۆكارەكانی خوای گەورە جارێكی تر باسی تەوبە و گەڕانەوەیان دەخاتەوە یاد و پێیان دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾[2]. واتە: یەكێكی تر لەسیفاتی ئەوەیە كە هەر كات هەڵە یان تاوانێكیان كرد و ستەمیان لە خودی خۆیان كرد

١ - سورة آل عمران: الآية (١٣٤).

٢ - سورة آل عمران: الآية (١٣٥).

دەستبەجێ خوای گەورەیان دێتەوە یاد و لەهەڵەو تاوانەكەیان پەشیمان دەبنەوە و داوای لێخۆشبوونی لێدەكەن و كێیش هەیە جگە لەو داوای لێخۆشبوونی لێبكەن و توانای لێخۆشبوونی هەبێت.

بەدوای ئەودا و بۆ زیاتر دڵنەوایی كردنیان جارێكی تر بەڵێنی لێخۆشبوونیان پێ دەدات و دەفەرموێت: ﴿أُولَئِكَ جَزَاؤُهُمْ مَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ﴾[1]. واتە: پاداشتی ئەوانە ئەوەیە كە پەروەردگار لە تاوانەكانییان دەبورێت و بۆ هەتا هەتایە بەهەشتانێكیان پێ دەدات كە ڕوبار و كانی بەژێریدا گوزەر دەكات و ئەوەیش ناوازەترین پاداشتە بۆ ئەو كەسانەی كە هەوڵی بۆ دەدەن و خۆیانی بۆ ماندو دەكەن.

خۆشەویستان سەرنج بدەن خوای گەورە لەم كۆمەڵە دەقەدا زۆر جەخت لەسەر چوار تەوەر دەكاتەوە كە ئەوانیش (تاوان و تەوبە و لێخۆشبوون و پاداشت) ە؛ لەبەر ئەوەی بەسەرهاتەكە ئەوە دەخوازێت و خوای گەورە دەیەوێت فێری هاوەڵان بكات كە ئەگەر هەڵەیەكی لە وێنەی هەڵەكانی ئوحودیان دووبارە كردەوە ئەوە تاكە ڕێگە بۆ چارەسەر بەخۆدا چونەوە و داوای لێخۆشبوونە.

**٩- خاوەن و بڕیاردەری ڕاستەقینە لەم ئایین و پەیام و بوونەوەرە تەنها خوای گەورەیە:**

خوای گەورە ڕێنموویی پێغەمبەر ﷺ دەكات تا بیر لە ڕقرشتن و تۆڵە سەندنەوەی ئەم ڕووداوە نەخوازراوە و كارە قێزەونەكانی قورەیش بە شێواندنی تەرمی شەهیدەكان نەكاتەوە بەڵكو با چارەنووسی دووڕوو بێ باوەڕەكان بداتە دەست خوای گەورە.

بۆ چەسپاندنی ئەم چەمكە خوای گەورە ئەمجارە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَالِمُونَ وَلِلَّهِ مَا فِي

١ - سورة آل عمران: الآية (١٣٦).

السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ يَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ  وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[1].واتە: هیچ بڕیارێك سەبارەت چارەنووسی ئەو بێباوەڕانە بەدەستی تۆ نییە، یا ئەوەتا تەوبە دەكەن و دەگەڕێنەوە و خوای گەورە لێیان خۆشدەبێت، یانیش لەسەر بێباوەڕی و ستەمكاری خۆیان بەردەوام دەبن ئەو كات سزایان دەدات، هەرچیش لەم زەوی و ئاسمانانەدا هەیە هەمووی موڵكی خوایە و لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە و هەركەس خۆی بیەوێت هیدایەتی دەدات و لێی خۆش دەبێت و هەركەسیش نەیەوێت سزای دەدات و خوای گەورەیش زاتێكی لێبوردە و بەبەزەییە.

وشەی (ظلم) لەزمانی عەرەبیدا بەوە دەگەترێت: كە مافێك لە كەسێك زەوت بكەیت و بیدەیتە كەسێكی تر كە شایەنی نییە، چڵەپۆپی ئەم چەمكەیش ئەوەیە كە تۆ مافی خوایەتی و بەندایەتی بۆ كردن و دانانی شەریعەت و دیاریكردنی سنوورەكانی حەڵاڵ و حەرام لەخوای گەورە زەوت بكەیت كە بەدیهێنەر و هەڵسوڕێنەری سەرتاسەری ئەم چەرخ و گەردوونەیە و بیدەیتە شتانێك یان كە سانێك كە مافیان پێوەی نییە و بەهیچ شێوەیەك شایەنی نین و نەك بۆ دەوروبەر بەڵكو بۆ خودی خۆیشیان هیچیان بەدەست نییە، جا ئەوانە نەتەوە یان دەوڵەت یان حیزب یان بنەماڵە یان كەسایەتی یان ئایدیا و دروشم یان هەر شتێكی تر بن هیچ جیاوازییان نییە و هەمووی كوفرو هاوەڵ بڕیاردانە؛ بۆیە لوقمان كاتێك ئامۆژگاری كوڕەكەی دەكات پێی دەڵێت: ﴿يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾[2]. واتە: ئەی كوڕی خۆم هاوەڵ بۆ خوا بڕیار نەدەیت؛ چونكە هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان گەورەترین ستەم و ناحەقییە.

هەر بۆیەیش لێرەدا خوای گەورە لەوەسفی بێباوەڕانی قوڕەیشدا دەفەرموویت: ﴿فَإِنَّهُمْ ظَالِمُونَ﴾. واتە: ئەوانە ستەمكارن.

---

١ - سورة آل عمران: الآيتان (١٢٨-١٢٩).

٢ - سورة  لقمان: الآية (١٣).

**١٠- نابێت شکستە کاتییەکان چۆکمان پێ دابدەن؛ بەڵکو دەبێت گیانی بەخۆداچوونەوەمان تێدا دروست بکەن:**

سەرەڕای ئەوەی بەسەر هاوەڵان هات لە ئوحوددا خوای گەورە دڵیان دەداتەوەو ئامۆژگارییان دەکات و پێیان دەفەرموێت: ﴿وَلاَ تَهِنُوا وَلاَ تَحْزَنُوا﴾[1].

﴿وَلاَ تَهِنُوا﴾ لەڕووی جەستەییەوە با ڕووداوەکەی ئوحود کارتان تێنەکات و سست و لاواز مەبن و کۆڵ لە ڕوبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی بێباوەڕان مەدەن.

﴿وَلاَ تَحْزَنُوا﴾ لەڕووی دەروونیشەوە دڵتەنگ و خەمبار مەبن نەبەدەرەنجامی شەڕەکەو نە بە لە دەستدانی کەسوکار و خۆشەویستانتان؛ چونکە ئەگەر ئێوە لەم جەنگەدا تووشی شکستبوون ئەوە ئەوانیش لەبەدردا تووشی شکستێکی گەورەتر و گرانتر بوون.

پاشان و هەر لەمیانەی ئامۆژگاریکردنی هاوەڵان و دڵدانەوە و هەڵنانیان خوای گەورە نموونەی پێغەمبەران و گەلانی تریان دێنێتەوە یاد پێیان دەفەرموێت: ﴿وَكَأَيِّنْ مِنْ نَبِيٍّ قَاتَلَ مَعَهُ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُوا لِمَا أَصَابَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا وَمَا اسْتَكَانُوا وَاللَّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ﴾[2]. واتە: پێشتریش خوای گەورە گەلێ پێغەمبەری تری ڕەوانە کردوون و زۆرێك لە پیاوچاکانو خوا ناسان پشتیوانییان کردوون و لەگەڵیان جەنگاون و هیچ کات شکستەکان چۆکی لاوازی نەکردوون و کۆڵی پێ نەداون، خوای گەورەیش بڕواداری خۆڕاگر و ئارامگری خۆشدەوێت.

جا دەکرێت ئەم ئایەتە بەچەندین شێوە بخوێنرێتەوە و هەر شێوەیە و واتەی تایبەتی خۆی هەیە و یەکێك لە شێوەکان ئەوی سەرەوە بوو کەباسمان کرد.

شێوەیەکی تری ئەوەیە کە دەفەرموێت: ﴿وَكَأَيِّنْ مِنْ نَبِيٍّ قُتِلَ﴾ لەسەر ئەم شێوازە خوێندنەویەیش ئایەتەکە ئامۆژگاریی هاوەڵان دەکات و سەرزەنشتییان دەکات کە ئەگەر هەواڵی شەهیدکرنی پێغەمبەریش ﷺ ڕاستبوایە وەك بڵاو کرایەوە ئەوە ئێوە نەدەبوو

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٣٩).

٢ - سورة آل عمران: الآية (١٤٦).

ئەو ساردو سستییە ڕووی تێبکردنایە؛ چونکە پێشتریش خوای گەورە گەلێ پێغەمبەری تری ڕەوانە کردوون و لەپێناو خوادا شەهید بوون و کوژراون، بەڵام ئەو یاوەرو خواناسانەی لەگەڵیان جەنگاون چۆکیان دانەداوە و لەسەر ڕێبازی پێغەمبەرەکەیان هەر بەردەوام بوون. ئێوەیش دەبوو وەك ئەوانتان بکردایە.

دەکرێت بەشێوەیەکی تریش بخوێنرێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿قُتِلَ مَعَهُ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ﴾ واتە: پێشتریش خوای گەورە گەلێ پێغەمبەری ڕەوانە کردوون و زۆرێك لە پیاوچاکان و خواناسان لەگەڵیان شەهید بوون و کوژراون؛ بەڵام ئەم کوشتن و بڕینە کۆڵی پێ نەداون و چۆکی پێ دانەداون.

وشەی (رِبِّيّ) لەزمانی عەرەبیدا بۆ کۆمەڵێك بەکاردێت کە دەگاتە (١٠٠٠٠) کەس. واتە ئەگەر ئێوە لەم شەڕەدا حەفتا کەستان شەهید بوون و توشی شکستێکی کاتی هاتوون ئەوە پێغەمبەران و بڕوادارانی پێش ئێوە دەیەها هەزار کەسیان لێ شەهید بووە و سەرەڕای ئەوەیش هەڵوێستەکانییان لەبەرامبەر شکستەکاندا بەم شێوەیە بووە:

﴿فَمَا وَهَنُوا﴾ لەڕووی جەستەییەوە لاواز نەبوون.

﴿وَمَا ضَعُفُوا﴾ لەڕووی دەروونیشەوە نەڕوخاون.

﴿وَمَا اسْتَكَانُوا﴾ هەرگیزیش کۆڵیان نەداوە و چۆکیان دانەداوە.

﴿وَاللَّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ﴾ خوای گەورەیش خەڵکانی ئارامگرو و خۆڕاگری خۆش دەوێت.

ئایەتەکان بەردەوام دەبن لەسەر ستایشکردنی هەڵوێستی ئەو بڕوادارانە - و هەڵنانی هاوەڵان کە دەبوو وە دەبێت وەك ئەوانییان بکردایە- و دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ قَوْلَهُمْ إِلَّا أَنْ قَالُوا رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِي أَمْرِنَا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ﴾[١]. واتە: ئەوانە سەرەڕای شەهید بونی پێغەمبەرەکانییان و بەهەزارەها لەهاوەڵانییان هیچ ناشکوری و گلەییەکییان نەدەکرد جگە لەدانان بەهەڵەکانی خۆیاندا و داوای لێخۆشبون لەخوای گەورە و دەیانگوت: خودایە لە گوناهەکان و

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٤٧).

سەرەڕۆییەكانمان ببورە و ئارامی و خۆڕاگرییمان پێ ببەخشە و سەرمان بخە بەسەر بەرەی بێبڕوایاندا.

خوای گەورەیش لە پاداشتی ئەو هەڵوێستەیاندا دەفەرموێت: ﴿فَآتَاهُمُ اللَّهُ ثَوَابَ الدُّنْيَا وَحُسْنَ ثَوَابِ الْآخِرَةِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾[1]. واتە: خوای گەورەیش هەر لەدونیا سەركەوتنی پێ بەخشین و دوژمنەكانی لەناوبردن و بەئاواتەكانی گەیاندن و لەدواڕۆژیدا بەباشترین شێوە پاداشتیان دەداتەوەو و خوای گەورە خەڵكانی خواناس و چاكە كاری خۆشدەوێت.

كەواتە دەبوو هاوەڵانیش وەك بڕوادارانی پێشین لەبری ساردبوونەوە و گلەیی كردن و بیركردنەوەی هەندێك لە دووڕووەكان لەخۆبەدەستەوەدان دانییان بەهەڵەكانی خۆیاندا بنایە و لەبری داوای سەركەوتن داوای لێخۆشبوونیان بكردایە؛ چونكە مەحاڵە سەركەوتنی خوا خەڵاتی دەستەو گەلێكی تاوانبار بكرێت.

ئەوەتا ئەوان بە داننانیان بەهەڵەكانی خۆیاندا خوای گەورە نەك تەنها لە هەڵەكانیان خۆشبوو بەڵكو گشت هاوكێشەكانی بۆ پێچەوانە كردنەوەو لەبری سیفەتی (تاوانبار) سیفەتی (چاكەكار) ی پێبەخشین و لەبری سزا مژدەی خۆشەویستی پێدان.

كەواتە نابێت شكستەكان چۆكمان پێ دابدەن؛ چونكە هۆكاری سەرەكی شكستەكان پەیوەندی بەپەرتەوازەیی و دونیا ویستی خۆمانەوە هەیە؛ بۆیە لەبری چۆكدادان پێویستە بەخۆماندا بچینەوە و لەبری خۆڕادەستكردن بە دوژمنەكانمان پێویستە خۆمان ڕادەستی خوای گەورە بكەینەوە.

## ١١- دەرەنجامی بەریەككەوتنەكان هەرچۆن بن هەمیشە بڕواداران براوە و سەركەوتوون:

بەو پێیەی ململانێی نێوان بەرەی باوەڕ و نەیارانیدا ململانێیەكی فرە ڕەهەند و درێژخایەنە هەڵەیە بەپێوەری كاتی و كورت مەودا مەزەندەی بكرێت و بڕیاری لەبارەوە بدرێت، جا هەرچەندە موسوڵمانان لەئوحوددا و لە ڕووی سەربازییەوە بەڕووكەش

١- سورة آل عمران: الآية (١٤٨).

شکست خواردوو بوون؛ بەڵام لەڕووەکانی ترو گۆڕەپانەکانی تری ململانێکەوە هەر ئەوان سەرکەوتوون بوون؛ بۆیە خوای گەورە پێیان دەفەرمویێت: ﴿وَأَنْتُمُ الأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُم مُّؤْمِنِينَ﴾[1] دەرەنجامی شەڕەکەیش هەرچی و هەرچۆن بێت هەرئێوە سەرکەوتوو براوەن؛ چونکە ئێوە لەپێناو خوادا دەجەنگن و ئەوان لەپێناو شەیتاندا، ئێوە لەپێناو بەرقەراربوونی دادوەری دەجەنگن، ئەوان لە پێناو درێژەپێدانی ستەم، ئێوە لە پێناو مسۆگەرکردنی قیامەت و دابینکردنی ژیانێکی نەبڕاوە، ئەوان لەپێناو مانەوە لەدونیا، دەرەنجامیش هەر ئامانجەکانی ئێوە سەردەکەون؛ بەڵام ئەوان خۆیان و ئامانجەکانیشیان لەبەین دەچن. بەڵآم ئەو سەرکەوتنە هەروا بێبەرامبەر نییە بەڵکو پەیوەستە بە ئاستی باوەڕداری ئێوە و ڕێژەی پابەندبوونتان بە پەیامەکەی خوای گەورەوە؛ بۆیە خوای گەورە لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرمویێت: ﴿إِنْ كُنْتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ واتە: ئەگەر ئێوە ڕاستۆگۆبون لە گەڵ خوادا ئەوە خوای گەورەیش بەڵێنەکانی خۆی دەباتە سەر، ئەگەریش ڕاستگۆ نەبوون ئەوە ئێوەو ئەوان هیچ جیاوازییەکتان نییە و هێزوبازووی خۆتان ململانێکە یەکلا دەکاتەوە.

ئەم ئایەتانە بەڕاشکاوی هاوکێشەی سەرکەوتن و شکست بۆ هاوەڵان و ئێمەیش ڕوون دەکەنەوە و پێمان دەفەرموون کە خوای گەورە سەرکەوتن بەبڕواداری ڕاستەقینە دەدات و هەرگیز بە خەڵکانێکی نادات کە بیانەوێت لە ژێر پەردەی دینداریدا دونیاداری بکەن و بەناوی سەرخستنی دینەوە هەوڵی دەستخستنی پۆست و دەرخستنی ناوی خۆیان بدەن.

ئەم سوننەتەی خوای گەورەیش جێگیرە و هیچ پێغەمبەر و نەتەوە و تاقمێکی لێ هەڵاوێرد و ڕیزپەڕ ناکات.

1 - سورة آل عمران: الآية (١٣٩).

### ١٢- زیانە مادییەکان کاتیین و گرنگ نین:

خوای گەورە بەردەوام دەبێت لەسەر دڵدانەوەی هاوەڵان و پێیان دەفەرموێت: ﴿إِنْ يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِثْلُهُ وَتِلْكَ الأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ﴾[١]. واتە: هیچ نیگەران و خەمبار مەبن؛ چونکە ئەگەر ئێوە ئەم جارە و لە ئوحوددا تووشی نەهامەتی بوون خۆ ئەمە کۆتا خاڵی ئەم ڕووبەڕووبونەویە نییە و ئەوەتا و ئەوانیش لەبەدردا تووشی شکست بوون، ئەگەر ئێوە لە ئوحوددا خۆشەویستانتان لەدەست داوە ئەوە ئەوانیش لەبەدردا کەس وکارو خۆشەویستانیان لەدەست داوە و ئێمە بەقەدەری خۆمان ڕۆژگار تاوتوێ دەکەین لەنێوان مرۆڤەکاندا.

ئەگەر سەرنج بدەین خوای گەورە لێرەدا وشەی ﴿النَّاسِ﴾ ی بەکار هێناوە لەکاتێدا بەپێی ئەوەی قسەکان لەسەر ململانێی نێوان هاوەڵان و سوپای قوڕەیشە دەبوو دەستەواژەی (مؤمنین) و (کافرین)ی بەکار بهێنایە؛ بەڵام خوای گەورە دەیەوێت پێیان بڵێت ئەگەر ئێوە ڕاستگۆ نەبوون لەباوەڕەکەتاندا و لەسەر هەڵەکانتان سوور بوون ئەو کات هاوکێشەکە پەیوەندی بەخواوە نییە؛ بەڵکو لە نێوان دوو دەستەی مرۆڤدایە و سروشتی ململانێی نێوان مرۆڤەکانیش وایە کە هەر جارەو بەخت یاوەری لایەکیانە.

### ١٣- شکست و ناڕەحەتییەکان بێژنگێکن بۆ لەبێژنگدانی بڕوای بڕواداران:

خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَلِيَعْلَمَ اللهُ الَّذِينَ آمَنُوا﴾[٢]. واتە: بۆیە ئوحود ڕویدا تا خوای گەورە بیسەلمێنێت کێ ڕاست دەکات لە باوەڕەکەیدا.

وە دەفەرموێت: ﴿وَلِيُمَحِّصَ اللهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ﴾[٣]. واتە: بۆ ئەوە ئوحود ڕوویدا تا خوای گەورە باوەڕدارانی ڕاستەقینە جیا بکاتەوە و پاك بکاتەوە لەهەر کردەوەو نیەتێکی خراپ و بێ باوەڕان بەیەکجاری لەناو ببات.

جیاوازی نێوان وشەی (تمحیص) و (محق) لەوەدایە کە (تمحیص) بۆ پاکردنەوەیە لە شتە خراپەکان؛ بەڵام (محق) لەناوبردنی سەرتاسەرییە.

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٤٠).
٢ - سورة آل عمران، الآية (١٤٠).
٣ - سورة آل عمران، الآية (١٤١).

واتە شکستەکان بێژنگێکن تا بۆ گشت لایەك ئەوە ڕوون بێتەوە کە کێ ڕاستدەکات لەباوەڕەکایدا و تا سەر و سەرەڕای شکستەکان لەسەنگەری باوەڕداریدا دەمێنێتەوە و کێیش باوەڕەکەی بۆ دەستخستنی ماڵی دونیا و پلە و ناوبانگە و بەرگەی بچوکترین شکست ناگرێت.

دواتر و لە کۆتایی ئەو ئایەتانی کە لەسەر ئوحود هاتۆتە خوارەوە دیسان خوای گەورە دەگەڕێتەوە سەر ئەم خاڵە و پێیان دەفەرموێت: ﴿مَا كَانَ اللَّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَا أَنْتُمْ عَلَيْهِ حَتَّى يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى الْغَيْبِ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَجْتَبِي مِنْ رُسُلِهِ مَنْ يَشَاءُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَإِنْ تُؤْمِنُوا وَتَتَّقُوا فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾[1]. واتە: نەدەکرا وناکرێت خوای گەورە ئاوها لەو خەڵکە بگەڕێت و تاقییان نەکاتەوە تا باش و خراپ، پیس و پاکیان لەیەکتر جودا نەکاتەوە، ناشکرێت خوای گەورە زانستی غەیب و ئەوەی خۆی دەیزانێت سەبارەت بەنییەت و داهاتووی کردەوەکانی بەندەکانی نیشانی ئێوە بدات مەگەر بۆ هەندێك پێغەمبەران نەبێت کە خۆی بژاردەیان دەکات؛ بەڵام بەم شێوەیە و لەڕێی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانەوە ڕاستی ناخی ئەو خەڵکانەتان نیشان دەدات تا ئەوەی خوا دەیزانێت لەبارەیان ئێوەیش بیزانن و بیاننناسن.

ئێمە زۆر کات بە پێی زانیاری کەم وکورتی خۆمان و بەو ڕوکەشەی دەیبینین بڕیار دەربارەی کەسەکان دەدەین و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەین؛ بۆیە زۆر جار دەکەوینە هەڵەوەو فێڵمان لێدەکرێت وخوای گەورەیش دەیەوێت ڕاست و پاکمان بکاتەوە و لەڕێی ئەو تاقیکردنەوانەوە ڕێکمان بکاتەوە؛ چونکە بەر لە ئوحود زۆر کەس هەبوو چەند ساڵێك بو لەخزمەت پێغەمبەردا ﷺ لاف و گەزافی باوەڕداری لێدەدا و خۆی هەڵدەکێشا بەڵام چەند ساتێکی ئوحود هەوڵی چەند ساڵە و درۆکانی بەبادان و ڕیزی بڕوادارانی لێ پاك کردنەوە.

ئەوجا خوای گەورەو پاش ئەوەی کەڕاستی باوەڕی دووڕووەکانی بۆ دەرخستن وپێی سەلماندن کە بەردەوام تاقییان دەکاتەوە ئامۆژگارییان دەکات و پێیان دەفەرموێت:

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٧٩).

﴿فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَإِنْ تُؤْمِنُوا وَتَتَّقُوا فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾. واتە: كەوابوو ئێوەی بڕوادار ڕاستگۆ بن لەباوەڕەكەتاندا بەخوای گەورەو پێغەمبەرانی و ئەگەر واتان كرد ئەوە پاداشتێكی زۆر گەورە و بێسنوورتان دەدەینەوە.

ئێستا ئەم فەرموودانەی خوای گەورە ڕووبەڕووی زیندوەكانە نەك ئەوانەی شەهیدبوون و ڕاستیان كردووە لە نییەتەكانیاندا، ئێستا گلەیی لەوانەیە كە پێشتر وایان دەگوت و دواتر پشتییان هەڵكرد و ساردبوونەوە و پەشیمان بونەوە لە بەڵێنەكانیان.

سەیید قوطب سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت: (ئەمە شەڕی خوای گەورەیە وكەسێك تێیدا براوە نابێت تا تەواو خۆی بۆ خوای گەورە یەكلا نەكردبێتەوە؛ چونكە ئەوان بەیداخی خواناسییان هەڵگرتووە و خۆیان داوەتە پاڵ ئەو، ئەویش هەرگیز سەركەوتنییان پێ نادات تا تەواو پاك و یەكلایان نەكاتەوە بۆ ئەو بەیداخەی بەرزیان كردۆتەوە، تاهیچ درۆ و گزی و فێڵێك بەو دروشم و بەیداخەوە نەكرێت، هەندێك جار و لەبەر چەند هۆكارێك كەتەنها خوای گەورە خۆی دەیزانێت ئەوانەی كە ڕاشكاوانە بەیداخی بێ دینییان هەڵداوە سەردەكەون لە جەنگ و ململانێكاندا، بەڵام ئەوانەی كە بەیداخی بڕواداریيان هەڵداوە و تەواو خۆیان بۆ یەكلا نەكردۆتەوە خوای گەورە هەرگیز سەركەوتنییان پێ نادات تا تاقییان نەكاتەوەو لەبێژنگییان نەدات... ئەمە ئەو ڕاستییەیە كە خوای گەورە دەیەوێت بۆ بڕوادارانی ڕوونبكاتەوە... و ئەوەی بەدڵەكانیاندا هاتووە بەڕوونی دەیخاتە بەر دەستیان تا بزانن شكستەكەیان بەهۆی چییەوە ڕوویداوە و لەداهاتوودا چۆن خۆیانی لێ بپارێزن)[1].

بۆ چەسپاندنی ئەم چەمكە و زیاتر قووڵكردنەوەی لەناخی بڕواداراندا خوای گەورە لە قورئاندا كۆمەڵێك ڕوداومان بۆ دەگێڕێتەوەو كەتێیدا خوای گەورە بەچەندین شێواز و لەچەندین قۆناغدا باوەڕی بڕوادارانی تاقیكردۆتەوە و سەرەنجام كەمینەیەكی بڕواداری ڕاستەقینەی كەم دەست و لاوازی سەرخستووە بەسەر زۆرینەیەكی ستەمكار و بەهێزدا لەوانە:

---

١ - سيد قطب إبراهيم حسين الشاربي، في ظلال القرآن، ج١، دار الشروق، القاهرة، ط١٧، ١٤١٢، ص٤٩٣ .

چیرۆكی (طالوت) و هاوەڵانی لەسەردەمی پێغەمبەر( یوشعی كوڕی نون) دا، كە لەو سەردەمانەدا ئیسرائیلییەكان پاشایەكی زۆر ستەمكاری بەڕەگەز قیبطییان هەبوو بەناوی (جالوت)، ئەم پیاوە هەموو شتێكی لێ زەوتكردبوون و تەواو ژیانی لێ تاڵكردبوون، بۆیە بیریار و پیاوماقوڵانی ئیسرائیلییەكان هاتنە لای پێغەمبەرەكەیان و سكاڵای حاڵی خۆیان لاكرد و داوایان لێكرد كە لەخوا بپاڕێتەوە پادشایەكیان بۆ بنێرێت، هاوكاریی وپێشڕەوییان بكات و لە ستەمی (جالوت) ڕزگاریان بكات.

خوای گەورە دەربارەی بەسەرهاتی ئەوانە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلَإِ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ مِنْ بَعْدِ مُوسَى إِذْ قَالُوا لِنَبِيٍّ لَهُمُ ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾[1]. واتە: ئایا سەرنجی هەڵوێستی سەرانی نەوەكانی ئیسرائیلت نەداوە لە پاش موسا كاتێك هاتنە لای پێغەمبەرەكەیان و گوتیان پاشایەكمان بۆ دیاری بكە تا لە گەڵیدا لە پێناو خوادا بجەنگین. هەرچەندە ئەوان لای پێغەمەرەكەیان خۆیان وا وێنا كرد كەدەیانەوێت لەپێناو دینی خوادا بجەنگەن و پشتیوانی لە پێغەمبەرەكەیان بكەن؛ بەڵام ئەو قسانەیان ڕاست نەبوو بەڵكو ئەوان تەنها مەبەستییان دەستخستنی ئازادی و ئارەزووبازی خۆیان بوو.

پێغەمبەرەكەیشیان ئەو ڕاستییەی دەزانی بۆیە لێی پرسین: ﴿قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلَّا تُقَاتِلُوا﴾[2]. واتە: ئەی ئەگەر خوای گەورە جیهادی دژی (جالوت) فەرزكردو پاشان شەڕتان نەكرد؟!. گوتیان: ﴿قَالُوا وَمَا لَنَا أَلَّا نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِنْ دِيَارِنَا وَأَبْنَائِنَا﴾[3]. واتە: جا شتی وا چۆن دەبێت و چۆن شەڕ ناكەین لە پێناوی خودا لەكاتێكدا ئێمە بەناحەق لە زێدی باب و باپیرانی خۆمان دەركراوین و سەروەت و سامانمان لێ زەوت كراوە!!. خوای پەوەردگار دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ تَوَلَّوْا إِلَّا قَلِيلًا مِنْهُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ﴾[4]. واتە: كاتێك كە خودا جیهادەكەی فەرز كرد

---

١ - سورة البقرة: الآية (٢٤٦).

٢ - سورة البقرة: الآية (٢٤٦).

٣ - سورة البقرة: الآية (٢٤٦).

٤ - سورة البقرة: الآية (٢٤٦).

بەسەریاندا، هەر لەو سەرەتایەوە و لەیەکەم قۆناغەوە زۆرینەیان لەو تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتو نەبوون و بەدەم فەرمانەکەی خواوە نەهاتن و پشتیان تێکرد. و کەمینەیەکی کەمیان ئامادەبوون فەرمانەکەی خوای گەورە جێبەجێ بکەن و خوای گەورە خۆی باش مەبەستی ئەو ستەمکارانەی دەزانی کە ئەوانە درۆ دەکەن و لەگەڵ پێغەمبەرەکەیان ڕاست ناکەن و مەبەستیان نییە لە پێناو خوادا بجەنگن بەڵکو لە پێناو خۆیاندا.

پاشان خوای گەورە ئەو کەمینەیەی کە ئامادەبوو جیهاد لەپێناوی خوادا بکات تاقیکردەوە و پێغەمبەرەکەیان پێی گوتن: ﴿إِنَّ اللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا﴾[١]. واتە: خوای گەورە بڕیاری داوە کە (طالوت) ببێتە پادشا و پێشەواتان ولەگەڵ ئەو ڕووبەڕووی ستەمی (جالوت) ببنەوە. (طالوت) یش پیاوێکی هەژاری گەڕیدەی بەنو ئیسرائیلی بوو خەڵکی شارێکی تر بوو گوێدرێژێکی لێ ون ببوو بەشوێنیدا دەگەڕا و بەقەدەر ڕێی کەوتبووە ئەم شارەی ئەمان، سەرەڕای ئەوەش (طالوت) لە نەوەی (بنیامین) بوو نەك (یەهودا)، بەنو ئیسرائیلییەکانیش بە چاوێکی کەم سەیری نەوەکانی (بنیامینو یوسف) یان دەکرد؛ هەر بۆیە زۆرینەی ئەو کەمینە باوەڕدارەی کەقۆناغی یەکەمی تاقیکردنەوەکەیان بەسەرکەوتوویی بڕیبوو لەم قۆناغدا سەرکەوتوو نەبوون و ڕەخنەیان لە فەرمانەکەی خوا گرت و گوتیان: ﴿أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِنَ الْمَالِ﴾[٢]. واتە: جا شتی وا چۆن دەبێت و بۆچی (طالوت) ببێتە پێشەوای ئێمە، لەکاتێکدا ئێمە لەو باشترین و لە پێشترین تا ببینە پادشا خۆ ئەو هیچ پارە و سامان و ناوبانگێکی ئەوتۆی نییە. پێغەمبەرەکەیان لەوەڵامدا پێی فەرموون: ﴿إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ وَاللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾[٣]. واتە: ئەو پیاوە خوای پەروەردگار هەڵیبژاردووە و جەستەیەکی بەهێز و داناییەکی زۆری پێبەخشیوە و موڵك و دەسەڵاتیش هی خوایە و هەر خۆیشی باشتر دەزانێت بەکێی دەبەخشێت.

---

١ - سورة البقرة: الآية (٢٤٧).

٢ - سورة البقرة: الآية (٢٤٧).

٣ - سورة البقرة: الآية (٢٤٧).

پاشان و بۆ پشتیوانیکردن و چەسپاندنی شایستەیی (طالوت) بەدەسەڵات خوای پەروەردگار نیشانە و بەڵگەی پێدا و پێغەمبەرەکەیان پێی گوتن: ﴿إِنَّ آيَةَ مُلْكِهِ أَنْ يَأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِمَّا تَرَكَ آلُ مُوسَى وَآلُ هَارُونَ تَحْمِلُهُ الْمَلَائِكَةُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾[1]. واتە: بەڵگەی کاربەجێی خوای گەورە و شیاوی (طالوت) بەدەسەڵآت ئەوەیە: کاتێك لەشار دەردەچین خوای گەورە بۆ زیاتر دڵنەواییکردنی ئێمە بە فریشتەکانیدا و لە بوخچەیەکدا پاشماوەی تەوراتەکەی موساو هارون و ئەو پەڕتوکە ئاسمانییانەی کە بۆ ئیبراهیم و پێغەمبەرانی تری نەوەکانی ئیسرائیلی ڕەوانە کردووە و (جالوت) دەستی بەسەردا گرتووە بۆمان دەگێڕێتەوە. جا ئەگەر باوەڕدارن دەبێت ئەو نیشانەو بەڵگەیەی شیاوی (طالوت) تان بەدەسەڵات قبووڵ بێت.

دواتر ئەو کەمینەی کەمینەیەی کە لەگەڵ (طالوت)و پێغەمبەرەکەیان مابوونەوە جارێکی تر خوای گەورە باوەڕەکەیانی خستە بەر نەشتەری تاقیکردنەوە و بۆ جاری سێیەم لەبێژنگی دان، تاقیکردنەوەی ئەم جارە ئەوەبوو کە کاتێك (طالوت) و سەربازەکانی بەڕێ کەوتن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی (جالوت) و سوپاکەی لەڕێدا و پاش ماندووبوونێکی زۆر بە ئاوی ڕووبارێك گەیشتن و (طالوت) پێی گوتن: ﴿إِنَّ اللَّهَ مُبْتَلِيكُمْ بِنَهَرٍ فَمَنْ شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَنْ لَمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلَّا مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ فَشَرِبُوا مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِنْهُمْ﴾[2]. واتە: خوای پەروەردگار بەئاوی ئەو ڕوبارە تاقییتان دەکاتەوە کەنابێت کەس تێری لێبخواتەوە و هەر کەس تێری لێخواردەوە لە من نییە، مەگەر کەسێك نەبێت تەنها دەمی لێ تەڕ کات و مشتێکی لێبخواتەوە. لەو تاقیکردنەوەیەیش دیسان زۆرینەی خەڵکەکە سەرکەوتوو نەبوون و لەئاوی ڕووبارەکەیان خواردەوە و کەمینەیەك باوەڕدار بەشاهیدی قورئان خۆیان گرت و لەئاوەکەیان نەخواردەوە. دوایین قۆناغی تاقیکردنەوەی سوپاکەی (طالوت) و شوێنکەوتووانی لەو کاتەدا بوو کە سوپای (جالوت) یان بینی و ڕووبەڕوویان وەستانەوە، لەو کاتەیشدا دیسان زۆرینەی سوپاکەی (طالوت)

---

١ - سورة البقرة: الآية (٢٤٨).

٢ - سورة البقرة: الآية (٢٤٩).

ترسی مردن دایگرتن و گوتیان: ﴿لَا طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ﴾[1]. واتە: ئێمە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای (جالوت) مان نییە و شەڕی ئەوان بە ئێمە ناكرێت و بڕیاری پاشەكشەیان دا.

ئالێرەدا باوەڕدارانی ڕاستەقینە دەركەوتن كە كەمینەیەكی زۆر كەمبوون وئەمان گوتیان: ﴿كَمْ مِنْ فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾[2]. واتە: چەندین جار بەویستی خوای گەورە كەمینەیەكی كەم بەسەر زۆرینەیەكی زۆردا سەركەوتوون و خوای گەورەیش لەگەڵ ئارامگران و خۆڕاگرانە.

ئەمان دەیانزانی كە هۆكاری ڕاستەقینەی سەركەوتن پشتیوانی و كۆمەكی خوای گەورەیە نەك هێزو بازوی خۆیان؛ بۆیە دەستیان بۆ ئاسمان بەرز كردەوە و لەخوای گەورە پاڕانەوە و گوتیان: ﴿رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ﴾[3]. واتە: خوایە گیان خۆڕاگری و ئارامش بڕژێنە بەسەر دڵ و دەروونماندا و دامەزراویمان پێ ببەخشە و سەرمان بخە بەسەر بەرەی بێباوەڕان و خوانەناساندا. پاشان مەردانە پەلاماری سوپاكەی (جالوت) یان دا و تێكیان شكاندن و (طالوت) (جالوت) ی كوشت.

جا سەرنج بدەن خۆشەویستان خوای گەورە بەچەند قۆناغ باوەڕی ئەم گەلە بڕوادارەی ی لەبێژنگ دا تا ڕاستی و دروستی باوەڕەكەیان دەركەوێت: لەقۆناغی یەكەمدا جیهادی لەسەر فەرز كردن. دواتر كاتێك (طالوت) ی كردە سەركردەیان. دواتر لەو كاتەی خواردنەوەی ئاوی ڕووبارەكەی لێ قەدەغە كردن. دواتر كاتێك ڕووبەڕووی سوپای (جالوت) ی كردنەوە. لەهەر قۆناغ و تاقیكردنەوەیەكیشدا تەنها كەمینەیەك دەمانەوە، كەواتە باوەڕدارانی ڕاستەقینەی ئەم گەلە كەمینەی كەمینەی كەمینەی كەمینە بوون.

---

١ - سورة البقرة: الآية (٢٤٩).

٢ - سورة البقرة: الآية (٢٤٩).

٣ - سورة البقرة: الآية (٢٥٠).

خوای گەورەیش سەركەوتنی بەو كەمینە زۆر كەمە سەر ڕاستە بەخشی، تا پێیان بسەلمێنێت سەركەوتنی ڕاستەقینە بەویستو فەرمانی ئەوە نەك زۆری ژمارەو هێزو بازووی خۆیان.

ئەوەی لە ئوحودیشدا ڕوویدا و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆیش درێژەی هەیە هەر دووبارەكردنەوەی هەمان یاساو ڕێسایە.

خۆشەویستان تاقیكردنەكانی ئەم قۆناغەو گشت قۆناغەكانی تری هاتنی ئەم پەیامە هەر بۆ هەمان مەبەست بووە؛ وەك چۆن زەرەنگەرێك بۆ دڵنیابوون لە ساغی كانزاكەی تێزابی بەسەردا دەكات تا چی چڵكو پیسی هەیە بیشواتەوە و كانزا پاكەكە بمێنێتەوە، تاقیكردنەوەكانی خوای پەروەردگاریش وەك ئەو تێزابە وایە خەڵكانی دووڕوو و بودەڵ و دونیا ویست دەشواتەوە و لەڕیزی بڕواداران دوریان دەخاتەوە و ئەگەر كەلێن یان نەخۆشیەكیش لەدڵی بڕوادارێكدا هەبێت ئەویش پاك دەكاتەوە تا ئەوەی سەرەنجام دەمێنێتەوە بڕوادارە دامەزراوە ساغەكان بن.

بۆیە زۆر گرنگە مرۆڤی باوەڕدار لەسروشتی پەیام و تاقیكردنەوەكانی خوای گەورە تێبگات و تەواو لەوە دڵنیا بێت كە فێڵ لەخوا ناكرێت و ئەمڕۆ یان سبەی بەجۆرێك لەجۆرەكان ڕووی ڕاستەقینەی هەموو كەس دەردەخات ئەمەیش بەشێكە لە ئامانجی ڕوداوەكانی ئوحود و سەرجەم تاقیكردنەوەكانی تر.

## ١٤- ڕاستی و واقیع لەگەڵ بانگەشە و خۆزگە و خەیاڵ دوو شتی لێك جیاوازن:

خوای گەورە ئەم ڕاستییە دەداتەوە بەڕووی هاوەڵان و بڕواداراندا و پێیان دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ كُنْتُمْ تَمَنَّوْنَ الْمَوْتَ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَلْقَوْهُ فَقَدْ رَأَيْتُمُوهُ وَأَنْتُمْ تَنْظُرُونَ﴾[١]. واتە: ئەی هەر ئێوە نەبوون بە ئاواتەوە بوون ڕوبەڕوی مەرگ ببنەوە[٢] و تامەزرۆی

---

١ - سورة آل عمران، الآية (١٤٣).

٢ - ئەم ئایەتانە باس لەو ساتە وەختانە دەكات كە پێغەمبەری خوا ڕاوێژی بەهاوەڵانی دەكرد بۆ هەڵبژاردنی گۆڕەپانی شەڕ كە لەمەدینە ڕووبەڕوویان ببنەوە یان بچنە دەرەوی مەدینە، ئەوەبوو زۆربەی هاوەڵان زۆر بە گورو تینەوە داوای ئەوەیان دەكرد كە بۆیان بچنە دەرەوی مەدینە و لەوێ ڕوبەڕویان ببنەوە، خوای گەورەیش زۆر بەسەختی باوەڕی ئەوانەی لە بێژنگداو تاقیكردنەوە و ئێستا گلەییان لێ دەكات و ئەوەیان وەبیردێنێتەوە.

شەهادەت بوون دەی ئەوە بەچاوی سەر مەرگتان بینی و خوای گەورە نیەتەکانی تاقیکردنەوە، ئەی بۆ ئێستا پەشیمانن.

زۆر کات بەداخەوە بڕواداری وا دەبینی لەکاتی خۆشی و ئاساییدا هیچ باکی لەکەس نییە و بەکاری کەس ڕازی نییە و لەفەزایەکی مەجازییدا خەوی ئەرخەوانی دەبینێت و دونیایەك کار و پڕۆژەی هەیە و لەسەر تێری قسە دەکات و لە چەند خولەکیکدا فەتحی شام و شیرازت بۆ دەکات؛ کەچی کە دێتە مەیدانی کار و زەمینەی واقیع لە هەموو کەس بێدەسەڵات و دەسەوسان ترە و هیچ بەدیلێکی باشتری پێ نییە و هەر زوو دەڕوخێت و دەدۆڕێت و خۆی بەدەستەوە دەدات.

بۆیە پێویستە ئێمە پەند لەو هەڵانە وەبگرین و دووبارەیان نەکەینەوە.

## ١٥- پاداشتی بەهەشت بێبەرامبەر نییە و هەوڵ و ماندووبوون و تێکۆشانی بەردەوامی دەوێت:

پاش ئازار و ناڕەحەتییەکانی ئوحود خوای گەورە ڕوو دەکاتە هاوەڵان و لێیان دەپرسێت و دەفەرموێت: ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَنْ تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ اللَّهُ الَّذِينَ جَاهَدُوا مِنْكُمْ وَيَعْلَمَ الصَّابِرِينَ﴾[١]. واتە: بۆ ئێوە وا دەزانن کە هەر بەباوەڕێکی سەرزارەکی دەکرێت بچنە بەهەشت و بەر لەوەی خوای گەورە تاقییتان بکاتەوە و بیسەلمێنێت کە کێ بڕواداری ڕاستەقینەیە و تاسەر لەسەر باوەڕەکەی دەمێنێتەوە و خۆڕاگر و ئارامگرە و کێیش باوەڕەکەی ڕوکەش و سەرزارەکییە و بەرگەی بچوکترین شکست ناگرێت.

بەڕێزان پاداشتی نەبڕاوەی بەهەشت و نازونیعمەتەکانی هەروا ئاسان نییە و دەست هەموو کەس ناکەوێت؛ بەڵکو دەبێت مرۆڤی بڕوادار بەتەواوی خۆی بۆ یەکلا بکاتەوە و هەرچی هەیە لە پێناویدا بیبەخشێت، ئەوەتا خوای گەورە بەڕوونی نرخی بەدستهێنانی بەهەشت دیاری دەکات و پێمان دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللهِ فَاسْتَبْشِرُواْ بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُم بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ

١ - سورة آل عمران، الآية (١٤٢).

الْعَظِيمُ﴾[١]. واتە: خوای گەورە مامەڵەیەکی لەگەڵ بڕواداران کردوە و بەپێی ئەو مامەڵەیە گیان و ماڵی لەبڕواداران کڕیوە و لەبەرمبەردا بەهەشتی پێ فرۆشتوون؛ بۆیە و بەپێی ئەو مامەڵەیە پێویستە بڕواداران ئامادەبن لە پێناو سەرخستنی پەیامەکەی خوا و ئایینەکەی تێبکۆشن و شەڕبکەن و ئامادەشبن لەو پێناوەدا بکوژرێن و بکوژن، ئەمە بەڵێنێکە خوای گەورە لەسەر خۆی کردۆتە ماڵ لە تەورات و لە ئینجیل و لەقورئانیشدا و کێیش هەیە هێندەی خوای گەورە پابەندی بەڵێنەکانی خۆی بێت؛ بۆیە مژدە بێت لەو بڕوادارانەی کە ئەو مامەڵەیەیان لەگەڵ خوا قبوڵ کردوە و ئەو گرێبەستەیان لەگەڵ واژۆ کردوە، بەڕاستی ئەوە گەورەترین و بەبەهاترینی دەستکەوت و گرێبەستە بۆ بڕواداران.

کەواتە خۆشەویستان ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئەو بەهەشتەی خوای گەورە بەدەست بێنن ئەوە مامەڵەکە ڕوون و ئاشکرایە و دەبێت ئامادەبین دەستبەرداری هەرچی شت هەیە ببین لەپێناویدا؛ خۆ ئەگەریش خوا نەخواستە لەمامەڵەکەمان لەگەڵ خوای گەورە پەشیمان بین و ئەو ئامادەییەمان تێدا نەبێت، ئەو کات دەبێت لەبیرمان بێت کە لەبەرامبەردا بەهەشت لەدەست دەدەین.

## ١٦- بەریەککەوتن و شکستەکان دەرفەتێکن بۆ هەڵبژاردنی کۆمەڵێك لە بڕواداران بۆ پلەی باڵای شەهادەت:

خوای گەورە لەو بارەیەوە پێمان دەفەرموێت: ﴿وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَ مِنْكُمْ شُهَدَاءَ﴾[٢]. واتە: ئوحود بۆیە ڕوویدا تا باوەڕدارانی ڕاستەقینە دەرکەون و لەوانە خوای گەورە دەستەیەك هەلبژێرێت و پلەی بەرزی شەهادەتیان پێ ببەخشێت.

ئەم ئایەتانە لێزمە بارانی ڕەحمەت و میهرەبانی خوای گەورە بوو بۆ سەر دڵی هاوەڵان بەتایبەت ئەوانەی کەسوکاریان لەغەزاکەدا شەهید ببون، خوای گەورە پێشتر کەپێی فەرموون دڵتەنگ مەبن بەدەرەنجامی شەڕەکە خۆی باش دەزانێت کە بەشێك

---

١ - سورة التوبة: الآية (١١١).

٢ - سورة آل عمران، الآية (١٤٠).

لەدڵتەنگی هاوەڵان لەسەر لەدەستدانی خۆشەویستەكانیان بوو ئێستا بۆیان ڕوون دەكاتەوە كە ئەو حەفتا شەهیدە بەڕێزە خوای گەورە لە پاداشتی ڕاستی باوەڕەكەیان هەڵیبژاردوون بۆ لای خۆی؛ كەواتە نەك هەر نابێت خەفەتیان بۆ بخورێت بەڵكو دەبێت خۆزگەو ئێرەییان پێ ببرێت لەسەر ئەو بەخششەی خوای گەورە لەگەڵی كردوون.

خۆشەویستان ئامانجی هەموو باوەڕدارێك لەدونیا ئەوەیە كەخوای گەورە لەخۆی ڕازیكات و ژیانی دوارۆژی مسۆگەر بكات، لەو پێناوەیشدا هەموو هۆكارێك دەگرێتە بەر، شەهادەت باڵاترینی هۆكارەكانی گەیشتنە بەو ئامانجە و نزیكترینی ڕێگایە بۆ بڕینی ڕێگای سەختی تاقیكردنەوەكانی دونیا. ئیتر چۆن دەبێت مرۆڤ خەفەت لە خەڵكانێكی ئاوها بخوات كە هەر زوو لەنزیكترین ڕێگەوە بەو ئامانجە باڵایە گەیشتوون و خوای گەورە خۆیشی شایەتی ئەوەیان بۆ دەدات.

هەر بۆ نمونە پێشەوا حەمزە لەدەرەنجامی ئەو مەردایەتییە بێ وێنەیەی كە نواندی لەپشتیوانی پێغەمبەرﷺ و پەیامەكەی یەكێك بوو لەوانەی ئەو پلە باڵایەیان پێبڕا و ناوازەترین نازناو و نیشانی مەردایەتی پێ بەخشرا كە (سید الشهداء)ە واتە: سەروەری شەهیدان. باشە ئەگەر پێشەوا حەمزە لەو شەڕەدا شەهید نەبوایە ئەو كات خۆ هەر دەبوو بمردایە؛ بەڵام ئەم مردنە چۆن بەراورد دەكرێت بەهەر مردنێكی تر؟!! ئەگەر ئەم مردنە نەبوایە ئەو پیاوە ئەم شەرەفە گەورەیەی چۆن پێدەبڕا؟! بۆیە ئەم مژدە گەورەیەی خوای گەورە خەمی لەدەستدانی حەمزەو هاوەڵانی زۆر لەسەر دڵ و دەروونی پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانی سوك كرد.

جابری كوڕی عەبدوڵڵا دەڵێت لەسەر تەرمەكەی باوكم زۆر دەگریام، تا پیغەمبەری خودا ﷺ هاتە لامەوە و پێی فەرمووم: ئەی جابر تا ئێستا خوای گەورە ڕوبەڕو لەگەڵ هیچ كام لەو شەهیدانە قسەی نەكردووە، بەڵام وەڵڵاهی لەگەڵ باوكت ڕوبەڕو قسەی كردوە و پێی فەرمووە: چی ئاواتت هەیە پێم بڵێ بۆتی بكەم؟. گوتویەتی: خوای گەورە دەمەوێت بمگێڕیتەوە بۆ دونیا تا جارێكی تر لەپێناوی تۆدا شەهید بم. خوای گەورە پێی فەرمووە: من بەڵێنم داوە كە پاش مردن جارێكی تر

مرۆڤەکان ناگێڕمەوە بۆ دونیا. گوتویەتی: باشە مژدە بە کەسوکارمان و ئەوانەی دوای ئێمە بدە کە ئێمە بە چ پلەیەك گەیشتوین تا دڵیان لامان نەبێت و خەفەتمان بۆ نەخۆن، خوای گەورە لەسەر ئەو قسەیەی ئەو ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ  فَرِحِينَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِالَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا بِهِمْ مِنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُؤْمِنِينَ﴾[1]. واتە: هەرگیز وا خەیاڵ نەکەن ئەوانەی لەپێناو خوادا گیانیان لەدەستداوە و شەهید بوون، مردون و کۆتایی بەژیانیان هاتووە بەڵکو زیندوون و میوانی خوای گەورەن و لەناز و نیعمەتی بێ سنوردان و دڵخۆشن بەو بەخششە گەورەیەی کە خوای گەورە لەگەڵی کردون و مژدە دەدەنە کەسوکاریان و ئەوانەی پاش خۆیان لەدونیا بەجێیان هێشتون کە هیچ دڵیان لای ئەمان نەبێت و خەفەتیان بۆ نەخۆن، مژدەی ئەو نازو نیعمەتەیان پێ دەدەن کە لای خوای گەورە دەستاین کەوتوە و چاوەڕوانی ئەوانیش دەکات و سبەی ئەمانیش وەك ئەوان بەپاداشتی خۆیان دەگەن و دڵنیایی دەدەن کە خوای گەورە چاکەی چاکەکاران لەبیر ناکات.

کاتێك دەفەرموێت: ﴿يُرْزَقُونَ﴾ واتە بەردەوام ڕزق و ڕۆزی دەدرێن بۆ جەخت کردنەوەیە لەسەر وشەی ﴿أَحْيَاءٌ﴾ کە ئەوانە بەدڵنیاییەوە زیندوون.

خوای پەوردگار دەفەرموێت قسەی دوو ڕووەکان بەهەند وەرنەگرن کە دەڵێن: ئەگەر بەگوێیان بکردینایە نەدەکوژران، ئەمان کە بە گوێی ئەوانیان نەکردووە زیانیان نەکردووە، بەڵکو سوودیشیان بینیوە. ئەم مژدەو بەخششە ناوازەیەیش تەنها بۆ هاوەڵان و شەهیدانی ئوحود نییە بەڵکو بەردەوامی هەیە تا ڕۆژی قیامەت بۆ هەر کەسێك کە لە پێناوی خوادا شەهید بێت.

---

١ - سورة آل عمران، الآيات (١٦٩-١٧١).

**١٧- باڵادەستبوونی بێبڕوایان بۆ ماوەیەك واتەی ئەوە نییە كە خوای گەورە ئەوانی خۆشدەوێت:**

هەندێك جار بەهۆی هەڵە و سەپێچییەكانی ئێمەوە بێبڕوایان بۆ ماوەیەك باڵادەست دەبن و سەردەكەون و خوای گەورە بەدەستی ئەوان سزای ئێمە دەدات؛ بەڵام ئەوە زللەی میهرەبانیی خوای گەورەیە و دەیەوێت ئێمەی پێ بە ئاگا بهێنێتەوە و هیچ كات واتەی ئەوە نییە كە خوای گەورە ڕقی لە ئێمەیە و ئەوانی خۆشدەوێت، هەر بۆیە پاش تەواوبوونی غەزاكە زۆر بەڕوونی ئەوە بەپێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی دەفەرموێت: ﴿وَاللَّهُ لا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ﴾[1]. واتە: سەرەڕای ئەوەی ڕویدا دەبێت هەموو لایەك لەوە دڵنیابن كە خوای گەورە ستەمكارانی خۆش ناوێت.

**١٨- تەنها خوای گەورە شایەنی ئەوەیە بكرێتە ئامانج و مەبەستی كار و پەرستشەكان:**

جگە لە زاتی تاكی پاكی ئەو هەركەس و هەرچی تر هەیە لە پێغەمبەران و یاران و شوێنكەوتوان و پیاوچاكان و نەتەوەو گەل ودەوڵەت و پارت و ڕێكخراو و دەستە و دروشم و تەوژم وسەركردەو سەرباز هەموویان خزمەتكار و ئامرازی ناساندن و گەیاندنی پەیامەكەی ئەون.

بۆ چەسپاندنی ئەم ڕاستییە لە ناخی هاوەڵاندا خوای گەورە گلەیی لەو هەڵوێستەیان دەكات كە لەگەرمەی شەڕدا و پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدبوونی پێغەمبەر ﷺ نواندیان كە زۆربەیان ساردبوونەوە و توانای شەڕكردنیان نەما و پێیان دەفەرموێت: ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِنْ مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَنْ يَنْقَلِبْ عَلَى عَقِبَيْهِ فَلَنْ يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئاً وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ﴾[2]. واتە: موحەممەد تەنها پێغەمبەرێكە و چەندین پێغەمبەری تر بەر لەو هاتوون و مردوون جا ئەگەر ئەمیش مرد یان شەهید بوو ئێوە پشت لە ئایینەكەتان دەكەن و لێی پەشیمان

---

١ - سورة آل عمران، الآية (١٤٠).

٢ - سورة آل عمران: الآية (١٤٤).

دەبنەوە؟! خۆ هەر کەسیش وا بکات ئەوە جگە لە خۆی هیچ زیانێك بەخوای گەورە و پەیامەکەی ناگات و هەرکەسیش بەردەوام و دامەزراو بێت ئەوە خوای گەورە چاکەی خۆڕاگران و سوپاگوزاران ون ناکات و بەباشترین شێوە پاداشتیان دەداتەوە.

خوای گەورە ئەم ڕوداوە دەقۆزێتەوەو لەڕێی ئەم دەقانەوە ئەو پەیامە بەگوێی هاوەڵاندا دەدات کە ئەگەر ئەم جارەیش هەواڵی نەمانی پێغەمبەر ﷺ درۆ بوو بەڵام ئەمە دەرەنجامێکی حەتمییە و ئەمڕۆ یان سبەی ڕۆژێك هەر دێت ئەو ڕاستییە تاڵە بەچاوی خۆیان دەبینن کە پێغەمبەری خودا ﷺ بەجێیان بهێڵێت؛ چونکە ئەمیش هەر پێغەمبەرێکە لەو دەیەها هەزار پێغەمبەرەی کە پێش ئەم هاتوون و مردوون کەواتە ئەمیش بەدڵنیاییەوە دەبێت بمرێت، بۆیە پێویستە ئەوان هەموو کات ئامادەباشی بیستنی ئەو هەواڵەیان تێدا بێت و نابێت ئەوەی لە ئوحود ڕویدا جارێکی تر دوبارە بێتەوە و خەڵکی بەنەمانی ئەو سارد ببنەوەو پشت لە دینەکەی هەڵکەن.

پەند وەرگرتن لەم بەسەرهات و وانەیە زۆر گرنگە بەتایبەت بۆ ئەوانەی کەشکستە کاتییەکان یان لەدەستدانی مامۆستا و سەرکردە و شێخەکان یان هەڵوەشاندنەوەی پارت و ڕێکخراوەکان یان کۆت و بەندکردنی کار و چالاکییەکان یان سەختی فشارەکان چۆکیان پێ دادەدات و توشی بێهیوابوون ونائومێدییان دەکات، بێئاگا لەوەی کە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم پەیامە کەخوای گەورەیە بەوردی ئاگای لەهەموو ئەوانە هەیە و چاودێرییان دەکات و دەسەڵاتی ڕەهای گۆڕین و سەرەوبنکردنی گشت هاوکێشەکانی هەیە، بەڵام ئەمانە هەمووی تەنها بۆ تاقیکردنەوەی باوەڕەکەی ئێمەیە و هیچی تر.

ئەمڕۆ خەڵکانێك هەن سەبارەت بەم خاڵە لەدووڕووەوە بەهەڵەدا چوون:

هەندێك لەوانە ئامرازەکانییان لێ بۆتە ئامانج و خواناسییەکەیان وابەستە بەکەسێك یان پارتێك یان کۆمەڵێکەوە کردووە و هەرچی دەیکەین لەو پێناوەدایە و خواو پەیامەکەی تەنها دروشمێکن بۆ لەخشتەبردنی خەڵك.

هەندێکی تریش بەپێچەوانەوە یەکێك لەو ئامرازانەی کردۆتە پاساوی بێ دینی و خوانەناسییەکەی و دەڵێت من لە داخی فڵآن کەس یان فلأن شت دینداری ناکەم.

ئەم دووانە هەردووکیان هەڵەن؛ چونکە نەیانتوانیوە سنووری ئامرازە دونیاییەکان ببڕن و بگەنە ئامانجی سەرەکی دینداریيان کە بریتییە لە ڕەزامەندی خوای گەورە و هەردووکیشییان وەك یەك زەرەرەومەندن.

**١٩- تەمەنی مرۆڤ دیاریکراوە و بوێری و گیانبازی مردن پێش ناخات و ترس و خۆشاردنەوەیش دوای ناخات:**

خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ كِتَابًا مُؤَجَّلًا﴾[1]. واتە: هیچ کەسێك بەبێ ویستی خوا و ڕەزامەندی ئەو بۆی نییە بمرێت ئەگەر خۆیشی بیەوێت و بەشوێن مەرگدا وێڵ بێت، وادەی مەرگ دیاریکراوە و بڕاوەتەوە.

خوای گەرە لەم ئایەتەدا دەیەوێت کۆمەڵێك چەمك بۆ بڕوادان ڕوون بکاتەوە لەوانە:

- پێیان دەفەرموێت ئەگەر پێغەمبەریش ﷺ شەهید بێت دڵنیابن لەوەی کە دیارە ویستی خوای لەسەرە و هیچ شتێك بەبێ ویستی ئەو ناکرێت و وادەی مردنی هەرکەسێك دیاری کراوەو شەڕو ئاشتی پاش و پێشی مردن ناکات.

- ئەو هاوەڵانەی تر کە شەهید بوون بە ئەجەلی خۆیان ڕۆیشتوون و ئەگەریش ئوحود ڕووی نەدایە ئەوان هەر دەبوو لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا بمرن.

- وەڵامی گومانی ئەو دووڕوو دەروون بەزیوانە بداتەوە کە جەنگێکی دەروونیی خراپیان دژ بە پێغەمبەرﷺ و یارانی هەڵگیرساندبوو و ئازاری بڕوادارانییان پێ دەدا و برینەکانیان پێ دەکولاندنەوە و دەیانگوت ئەگەر پێغەمبەری ﷺ خودا بە قسەی ئێمە بکردایە ئەوە هەر گیز وامان بەسەر نەدەهات و ئەو هەموو زیانەمان پێ نەدەکەوت.

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٤٥).

خوای گەورە لەوەڵامدا پێیان دەفەرموێت: ﴿قُلْ لَوْ كُنْتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَى مَضَاجِعِهِمْ وَلِيَبْتَلِيَ اللَّهُ مَا فِي صُدُورِكُمْ وَلِيُمَحِّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾[1]. واتە: ئەی موحەممەد ﷺ پێیان بڵێ: ئەوانەی لەو غەزایەدا شەهید بوون ئەگەر لەماڵەکانی خۆیشیاندا بوونایە، بەپێی خۆیان دەڕۆیشتن بۆ ئەو شوێنانەی کەبۆیان دیاریکرابوو تێیدا شەهید بن و گوزەرکردنی ڕووداوەکان بەو شێوەیە مەبەست لێی تاقیکردنەوەی بیروباوەڕی ئێوە و دەرخستنی نیەتەکانی دڵتانە و خوای گەورەیش ئاگای لە نیەتی دڵی هەمووتانە و هیچی لێ پەنهان نییە.

دواتر خوای گەورە هۆشداری دەداتە بڕواداران و ئامۆژگارییان دەکات کە هەرگیز و لەهیچ کاتێکدا و بەهیچ پاساوێك گومانی لەو جۆرەیان نەبێت و بۆ زیاتر سەرکۆنەکردنی ئەو جۆرە قسە و گومانانە خوای گەورە بە کوفر ناوی دەبات و پێیان دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ كَفَرُوا وَقَالُوا لِإِخْوَانِهِمْ إِذَا ضَرَبُوا فِي الْأَرْضِ أَوْ كَانُوا غُزًّى لَوْ كَانُوا عِنْدَنَا مَا مَاتُوا وَمَا قُتِلُوا﴾[2]. واتە: ئەی گرۆهی بڕواداران هیچ کات وەك بێباوەڕەکان نەبن کە ئەگەر براو کەسوکار و هاوڕێکانیان بچونایە بۆ غەزا و شەهید بونایە دەیانگوت: ئەگەر بەگوێی ئێمەیان بکردایە و نەچونایە بۆ غەزا نەدەکوژران و تێیدا نەدەچون. خوای گەورە لە وەڵامیاندا دەفەرموێت: ﴿لِيَجْعَلَ اللَّهُ ذَلِكَ حَسْرَةً فِي قُلُوبِهِمْ وَاللَّهُ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾[3]. واتە: ئەو جۆرە قسەو بیرکردنەوانە تەنها داخێکن و خوای گەورە دەیکات بەدڵی ئەوانەدا تا جگە لەخەفەتی لە دەستدانی ئازیزانیان ئەو خەفەتەیش بچێت بەدڵیاندا کە ئەگەر بەگوێی ئەوانیان بکردایە ئاوهایان بەسەر نەدەهات؛ چونکە مردن و ژیان بەدەست خوای گەورەیە و ئەو بڕیاری لەبارەوە دەدات و کات و شوێن هەرچی و هەرچۆن بێت ئەوە کار لە بڕیارەکەی خوای گەورە ناکات و مرۆڤەکان بەوادەی دیاریکراوی خۆیان دەڕۆن؛ خوای گەورە بینەرو بەئاگایە لە نییەتی دڵی هەموو لایەك.

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٥٤).

٢ - سورة آل عمران: الآية (١٥٦).

٣ - سورة آل عمران: الآية (١٥٦).

پاشان چەمکێکی تر بۆ هاوەڵان ڕووندەکاتەوە و پێیان دەفەرموێت: ﴿وَلَئِنْ قُتِلْتُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوْ مُتُّمْ لَمَغْفِرَةٌ مِنَ اللَّهِ وَرَحْمَةٌ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ وَلَئِنْ مُتُّمْ أَوْ قُتِلْتُمْ لَإِلَى اللَّهِ تُحْشَرُونَ﴾[1].

واتە: خۆ ئەگەر ئێوە لەو ڕێی جیهاد و تێکۆشانەدا شەهید بوون لە پێناوی خوادا یان هەر بە مردنی ئاساییش مردن، ئەوە ئەو بەخشش و ڕێز و لێخۆشبوونەی کە لای خوای گەورەوە دەستان دەکەوێت، زۆر باشترە لەو ماڵ و سامان و غەنیمەتەی ئەوان بەتەمای هاتوون و بەقازانجی دەزانن و بەشوێنیدا وێڵن؛ چونکە ئەوەی ئەوان بۆ دونیا کۆی دەکەنەوە، نازانن دەگەن تا بیخۆن و بەکاری بێنن یان نا؛ بەڵام ئەوەی ئێوە بۆی هاتوون بەدڵنیاییەوە پێی دەگەن و سوودی لێ دەبینن، ئەوەی ئەوان بۆ دونیا کۆی دەکەنەوە هەر کۆتایی دێت و تیا دەچێت؛ بەڵام ئەو پاداشتەی ئێوە بۆی هاتوون هەتا هەتاییەو هەرگیز نەك نابڕێتەوە بەڵکو کەم ناکات.

ئەوجا سەرنج بدەن بەڕێزان چونکە بابەتەکە بابەتی پیرۆزی و گەورەیی کارو پاداشت و لێخۆشبونە خوای گەورە وشەی ﴿قُتِلْتُمْ﴾ پێش ﴿مُتُّمْ﴾ دەخات تا پێمان بڵێت ئەوانەی شەهید بوون پلەیان بەرزترو ڕێزدارترن لای خوای گەورە بە پێچەوانەی ئەوەی دووڕووەکان لێی تێدەگەن کە گوایە ئەوانە زەرەرەوەمەند بوون. کاتێکیش دێتە سەر باسی حەشر و زیندو کردنەوەو لێپێچینەوە وشەی ﴿مُتُّمْ﴾ پێش ﴿قُتِلْتُمْ﴾ دەخات؛ چونکە شەهیدەکان هەر لە بنەڕەتدا لێپێچینەوەیان نییە؛ بەڵام ئەوانەی کە بەمردنی ئاسایی مردوون هەرچەندە لای خوای گەورە زۆر بەڕێزن بەڵآم لێپێچینەوەیان لەسەر کردەوەکانیان لەگەڵ دەکرێت.

کاتێکیش لە هەموو دەقەکاندا بە جیا باسی (موت) و (قتل) دەکات ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شەهادەت مردن نییە؛ چونکە ئەگەر شەهادەت مردن بێت ئەوە هەر دوو وشەکە یەك واتە دەدەن و ئەوەش زیادەیە و خوای گەورەیش هیچ شتێك بە زیادە و بەبێ مەبەست نافەرموێت؛ بۆیە دەبێت واتەکەیان جیا بێت.

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٥٦).

هەر لەبەر گرنگی باسەکە و سەرکۆنەکردنی هەڵوێستی نەشیاوی دووڕووەکان لەو بارەیەوە خوای گەورە جارێکی تریش ئەو بابەتە دەوروژێنێت و ئەم جارە بەشێوەیەکی تر وەڵامیان دەداتەوە و دەمکوتیان دەکات و دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ قَالُوا لِإِخْوَانِهِمْ وَقَعَدُوا لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا قُلْ فَادْرَءُوا عَنْ أَنْفُسِكُمُ الْمَوْتَ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾[1]. واتە: ئەو دووڕووانەی کە خۆیان بەشداری غەزاکەیان نەکرد و سەرباری ئەوەیش بە براو کەسوکارە شەهیدەکانیان دەگوت: ئەگەر بەگوێی ئێمەیان بکردایە و نەچونایە بۆ شەڕ ئاوهایان بەسەر نەدەهات و نەدەکوژران.

خوای گەورە لەوەڵامدا دەفەرموێت ئەی موحەممەد ﷺ پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە ڕاستدەکەن و ئەوندە زیرەکن و ڕێگەکانی مەرگ و هۆکارەکانی شارەزان و دەتانزانی ئەوانە دەمرن ئەگەر بچن بۆ شەڕ، دەی فەرموون ئێوە وادەی مەرگی خۆتان بزانن و خۆتانی لێ دەرباز بکەن و مەهێڵن بمرن؟!!.

بۆیە خۆشەویستان ئەو جۆرە هەڵوێستانە لە خەڵکی بڕوادار ناوەشێتەوە و مردن و ئەجەلی هەر یەك لە مرۆڤەکان دیاریکراوە و پاش و پێشکردنی مەحاڵە؛ لەکۆنیشەوە گوتراوە: (لا ينفع الحذر من القدر ولا ينفع التدبير مع التقدير). واتە: بەئاگاییەوە مامەڵە کردن و نەخشە و پلان دانان هیچ لە قەدەر ناگۆڕێت و گلی ناداتەوە. وە گوتویانە: (إذا جاء أجل العبد يكون أحرص على الموت من حرص الموت عليه). کاتێك وادەی مردنی مرۆڤ دێت خۆی پەرۆشترە لەگەڕان بەشوێن مەرگدا وەك لە پەرۆشی گەڕانی مەرگ بەشوێن ئەودا؛ چونکە کەس نازانێت ئەجەلی لە کوێیە و بەچییە تا خۆی لێ لابدات و لێی ڕزگاری بێت؛ بۆیە هەموو ئەوانەی لە ئوحوددا شەهید بون بە ئەجەلی خۆیان ڕۆیشتوون و ئەو شەڕەیش ڕووی نەدایە ئەوان هەر لەوادەی خۆی و لەو شوێنەی تییدا شەهید بوون دەمردن بەڵام ئەم بیرکردنەوەو خەیاڵاتە دەردێکە پەروەردگار دەیکات بە دڵی دووڕوو بێ باوەڕاندا.

---

١ - سورة آل عمران، الآية (١٦٨).

ئێمە هەمووومان دەزانین کە مردنێك قەرزارین؛ بەڵام چۆن و کەی ئەوە نازانین و هەر یەکە و بەئەجەلی خۆی دەڕوات؛ جا چۆن بەراورد دەکرێت لە نێوان کەسێکدا لە پێناو دونیایەکدا دەمرێت کە هەر بەجێی دەهێڵێت و دەستبەرداری دەبێت لە گەڵ کەسێکدا کە لە پێناو خوادا دەمرێت.

خۆشەویستان ئەمە بابەتی قەزاوقەدەرە و یەکێکە لە کۆڵەکەکانی باوەڕ و ئەگەر مرۆڤ بەباشی لێی تێبگات ژیانی دونیا و دواڕۆژیشی بەختەوەر و ئاسوودە دەکات، ئەویش بەوەی  کاتێك توشی بەڵآو ناڕەحەتییەك دەبین هەر گیز نەڵێین گەر وامان بکردایە یان نەکردایە ئەوە ڕووینەدەدا خوا دەفەرموێت ئەم قسانە جگە لە قوڵکردنەوەی برینەکان و زیاد کردنی ئازارە دەروونییەکان سوودێکی تری نییە و تازە قەدەرەکە ناگۆڕێت و خۆشی و ناخۆشییەکان دوو وێستگە و هاوکێشەی کاتین بۆ تاقیکردنەوەی باوەڕی مرۆڤەکان و سەرەنجام هەردوکیان دەگوزەرێن و ئەوەی دەمێنێتەوە هەڵوێستی ئێمەیە لەبەرامبەریان، پێغەمبەری خودایش ﷺ ڕێنموویيمان دەکات کە پێویستە هەڵوێستمان لەهەردوو حاڵەتەکەدا چۆن بێت و دەفەرموێت: ﴿عَجَبًا لِأَمْرِ الْمُؤْمِنِ، إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ، وَلَيْسَ ذَاكَ لِأَحَدٍ إِلَّا لِلْمُؤْمِنِ، إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ، فَكَانَ خَيْرًا لَهُ، وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ، صَبَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ﴾[1]. بەڕاستی کاری مرۆڤی بڕوادار سەیرە، هەمووی بەخێر بۆ ئەژمار دەکرێت و ئەو خێرەیش تەنها بۆ بڕوادارە و بۆ کەسی تر نییە، ئەگەر تووشی هەر خۆشییەك هات ئەوە بە بەخششی خوای دەزانێت و سوپاسی ئەوی لەسەر دەکات و بەخێر بۆی دەگەڕێتەوە، ئەگەریش تووشی ناخۆشییەك هات ئەوە دەزانێت تاقیکردنەوەی خوای گەورەیە و بەهۆی کردەوەکانی خۆیەوەیەتی و ئارامی لەسەر دەگرێت و دیسان هەر بەخێر بۆی ئەژمار دەکرێت. کەواتە کۆی ژیانی بڕوادار هەمووی هەر خێرو چاکەو پاداشتە.

١ - مسلم (مسلم بن الحجاج)، صحيح مسلم (المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله ﷺ)، ج٤، دار إحياء التراث العربي، بيروت، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، ص٢٩٥، رقم الحديث (٢٩٩٩).

لەبەرامبەردا خوای گەورە پەنامان بدات خەڵکانی خراپ کۆی هاوکێشەی تەمەنیان بە پێچەوانەوەیە؛ چونکە ئەگەر تووشی خۆشییەك بێن ئەوە بەبەری ڕەنج و ماندووبونی خۆیانی دەزانن و دەست دەکەن بە سەما کردن و خۆ بادان و خواردنەوە و خراپە کردن و ئەوەی لەبیریان نییە و هەر بەخەیاڵشیاندا نایەت خوای گەورەیە، بەپێچەوانەیشەوە کاتێك تووشی بەڵاو ناڕەحەتییەك دەبن هاواریان لێ بەرز دەبێتەوە و دەست دەکەن بەناشکوری و هەموو هۆکارەکانی دەدەنە پاڵ خوای گەورە و هەست دەکەن ئەمان شایەنی ئەوە نین و خوای گەورە ستەمی لێکردوون، بەمەیش کۆی پرۆسەی تەمەنییان دەبێتە تاوان و خوا نەناسی.

لە کۆتاییشدا ئەم دوو هەڵوێستەی خەڵکانی بڕوادارو بێباوەڕ هیچ لەهاوکێشەکان ناگۆڕن و تاقیکردنەوەکان هەر بەردەوام دەبن و کاتەکانی تەمەن بۆ هەردوولا وەك یەك دەگوزەرێن و سەرەنجام بڕواداران لەسەر هەموو ساتەکان تەمەنییان پاداشت وەردەگرن و بێباوەڕانیش سزا دەدرێن.

## ٢٠- سەرکەوتن پاداشتی دونیایە و لێخۆشبوون و بەهەشت پاداشتی قیامەت:

ئەمە یەکێکی ترە لەو چەمکانەی کە خوای گەورە بۆ بڕوادارانی ڕوون دەکاتەوە کە پێویستە ئامانجی ئەوان دەسکەوتنی ڕەزامەندی و لێخۆشبوونی خوای گەورە و قیامەت بێت، نەك پۆست و پلەو سەرکەوتن و دەسکەوتی ماڵی دونیا؛ بۆیە بەڕوونی پێیان دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يُرِدْ ثَوَابَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا وَمَنْ يُرِدْ ثَوَابَ الْآخِرَةِ نُؤْتِهِ مِنْهَا وَسَنَجْزِي الشَّاكِرِينَ﴾[1]. واتە: هەرکەس لەقەدەر نییەت و مەبەستی خۆی پێی دەدەین، جا هەر کەس پاداشتی دونیای بوێت پێی دەدەین و هەر کەسیش پاداشتی ڕۆژی دوایی بوێت پێی دەدەین و پاداشتی سوپاسگوزارانیش دەدەینەوە.

خۆشەویستان سەرکەوتن و گەیشتن بە دەسەڵات دەرەنجامە نەك کار، ئەو دەرەنجامەیش لەدەستی ئێمەدا نییە و لێیشی بەرپرسیار نین، بەڵکو لەدەستی خوای گەورەدایە و ئەو بڕیاری لەبارەوە دەدات؛ هەر بۆیەیشە لە هیچ دەقێکی شەرعییدا خوای

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٤٥).

گەورە داوای سەركەوتنی لەئێمە نەكردوە؛ بەڵكو تەنها داوای كاركردن و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی لێكردوین لە كارەكاندا، دواتر سەركەوتن دێت یان نا ئەوە خوای گەورە بڕیاری لەبارەوە دەدات و چەندین هۆكاری تر هەن لەدەرەوەی توانای ئێمەن ئەوانەیش هۆكارن بۆ سەركەوتن یان شكست؛ بۆیە گرنگە ئێمە كاری خۆمان بكەین و ئەوانەی تر بدەینە دەست خوای گەورە.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم چەمكە پێغەمبەری خودا ﷺ دەربارەی یەكێك لەدیمەنەكانی قیامەت دەفەرموێت: ﴿عُرِضَتْ عَلَيَّ الأُمَمُ فَجَعَلَ يَمُرُّ النَّبِيُّ مَعَهُ الرَّجُلُ وَالنَّبِيُّ مَعَهُ الرَّجُلاَنِ، وَالنَّبِيُّ مَعَهُ الرَّهْطُ، وَالنَّبِيُّ لَيْسَ مَعَهُ أَحَدٌ﴾[1]. واتە: دیمەنێكی قیامەتیان هێنایە پێش چاوم و تێیدا نەتەوەكانم بینی، پێغەمبەرم بینی تەنها یەك كەسی لەگەڵ بوو، هەبو دووان، هەبوو كۆمەڵێك، هەشبوو هیچ كەسی لەگەڵ نەبوو.

خۆ ئەم پێغەمبەرانە بۆ هیدایەتی گەلەكانیان ڕەوانە كراون هەرچیش لەتوانایاندا بووە لەو پێناوەدا بەخەرجیان داوە؛ بەڵآم هەوڵەكانیان بەرهەمێكی ئەوتۆیان نەبووە وەك دەبینین و ئەوەیش لە گەورەیی ئەوان و پیرۆزیی پەیامەكانیان كەم ناكاتەوە.

یان هەمووان دەزانین كە پێغەمبەری خودا ﷺ چەند پەرۆشی ئەوەبوو باپیر و مامی باوەڕی پێ بهێنن بەڵام هەوڵەكانی بێسوود بوون و خوای گەورەیش بۆ دڵدانەوەی پێی دەفەرموێت: ﴿إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾[2]. واتە: تۆ ناتوانی هیدایەتی خۆشەویستەكانت بدەیت، بەڵكو خوای گەرە هیدایەتی هەر كەسێك دەدات كەخۆی بیەوێت و هەر ئەویش دەزانێت كێ شایەنی هیدایەتە و كێیش شایەنی نییە. كەواتە پێغەمبەری خودایش ﷺ هۆكارو ئامرازی هیدایەتە بەڵام بەخشەری نییە.

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٧، ص١٣٤، رقم الحديث (٥٧٥٢).

٢ - سورة القصص: الآية (٥٦).

### ٢١- نابێت خەڵکانی بڕوادار گوێڕایەڵی خەڵکانی بێبڕوا بکەن:

خۆشەویستان ناکرێت خەڵکانی بڕوادار بەهیچ شێوەیەك و لەژێر هیچ پەردە و پاساوێکدا گوێڕایەڵی خەڵکانی بێباوەڕ بکەن و ببنە بەشێك لە پڕۆژەو پلانە تێکدەر و ڕوخێنەرەکانیان و پێیان سەرسام بن.

خوای گەورە لەو بارەیەوە هەڕەشەی توند لەهاوەڵان دەکات و پێیان دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تُطِيعُوا الَّذِينَ كَفَرُوا يَرُدُّوكُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ فَتَنْقَلِبُوا خَاسِرِينَ بَلِ اللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ خَيْرُ النَّاصِرِينَ﴾[1]. واتە: ئەی گرۆهی بڕواداران ئەگەر گوێڕایەڵی خەڵکانی بێباوەڕ بکەن ئەوان لە ئاینەکەتان هەڵدەگێڕنەوە و بێباوەڕتان دەکەن و ئەوکات دونیا و دواڕۆژیشتان لەدەست دەدەن؛ بۆیە تەنها خوای گەورە بە سەروەر و پشتیوانی خۆتان بزانن و هەر ئەویش باشترین سەرخەر و فریادڕەسە.

خوای گەورە سەرەتای ئایەتەکە بە ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ دەست پێدەکات تا وەبیرمان بێنێتەوە و هەڵمانبنێت بۆ ئەوەی کە ئێمەی بڕوادارو و خواناس هەر گیز ئەو جۆرە هەڵوێستانەمان لێ ناوەشێتەوە و لێمان چاوەڕوان ناکرێت.

کاتێکیش دەڵێین خوای گەورە باشترین سەرخەر و فریادڕەسە مەبەستمان لەوەیە کە هەر هێزێك چەند دەسەڵاتیشی هەبێت سنووری دەسەڵاتەکەی دیاریکراوە؛ بەڵام دەسەڵاتی خوای گەورە ڕەهاو بێ سنوورە و نەك تەنها ئەم زەوییە بەڵکو هەموو ئەم گەردوونە دەگرێتەوەو نەك تەنها ئەم دونیایە بەڵکو دونیاو قیامەتیش دەگرێتەوە.

لەم ئایەتانەدا خوای گەورە جگە لە ئامۆژگاریکردنی بڕواداران مەبەستی بوو وەڵامی دووڕووەکان بداتەوە و سەرکۆنەی هەڵوێستەکەیان بکات کە لەکاتی شپرزەیی شەڕەکەدا دەیانگوت با خۆمان بگەیەنینە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی بەڵکو تکامان بۆ بکات لە ئەبو سوفیان و لێمان گەڕێن بچینەوە سەر باوەڕ و ئاینەکەی خۆمان، خوای گەورە بەهاوەڵان دەفەرموێت ئەم هەڵوێستە لەخەڵکانی بڕوادار ناوەشێتەوەو ئەوانەی

---

١ - سورة آل عمران: الآيتان (١٤٩-١٥٠).

ئەوەیان گوت لەڕیزی بڕواداران ئەژمار ناکرێن و هەڵوێستەکەیشیان جگە لە زیان و ماڵوێرانی دونیا و دوارۆژ شتێکی تری لێ چاوەڕوان ناکرێت.

ڕاستە ئەم ئایەتانە بۆ هاوەڵان و دەربارەی ئوحود هاتۆتە خوارەوە بەڵام پەندو ئامۆژگارییەکانی گشت گیرە و بۆ هەموو بڕوادارانە لەهەر شوێن و سەردەمێکدا بن و دوژمنەکانیشیان هەرچی و هەرکێ و هەرچۆن بن؛ بۆیە لەچەندین شوێنی تری قورئان و بۆنەی جیاوازدا خوای گەورە جەخت لەسەر ئەم چەمکە دەکاتەوەو هۆشداری لەبارەوە دەدات لەوانە: دەفەرموویێت: ﴿وَلَنْ تَرْضَى عَنْكَ الْيَهُودُ وَلَا النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللَّهِ هُوَ الْهُدَى وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُمْ بَعْدَ الَّذِي جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِنْ وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾[1]. واتە: جولەکە و گاورەکان هەرگیز لێتان ڕازی نابن تا شوێن دەستەو تاقمی ئەوان نەکەون، ئەی موحەممەد تۆ پێیان بڵێ: کە ڕێگەی ڕاست و بەرچاو ڕوونی تەواو تەنها لەپەیامەکەی خوادایە، خۆ ئەگەر شوێن ئارەزووکارییەکانی ئەوان بکەون پاش ئەوەی کەخوای گەورە پەیام و ڕێگەی ڕاستی نیشانداون ئەوکات جگە لەخوا کەس نییە دەستگیرۆیی و پشتیوانیتان لێ بکات.

لێرەدا خوای گەورە باسی بێباوەڕان ناکات بەڵکو باسی جولەکە و گاورەکان دەکات کەخۆیان بەخاوەنی پەیامی ئاسمانی دەزانن و لەهەموو خاوەن بەناو پەیامە ئاسمانییەکانی تریش نزیکترن لەڕاستییەوە؛ بەڵام سەرەڕای ئەوە بەرنامە و ڕێبازەکەیان وەکو ئاین ناو نابات بەڵکو پێی دەفەرموویێت ئارەزووەکانییان؛ چونکە ئەوان بەپێی ئارەزووەکانی خۆیان دەستکاری پەیامەکانی خوایان کردبوو هەربۆیە ناکرێت بەو پاشماوەیەی کەماوە لە ئاینەکانییان بگوترێت پەیامی خوا. جا ئەگەر حاڵی ئەوان وابێت ئەوە بەدڵنیاییەوە خەڵکانی تری بەناو شوێنکەوتەی ئاینەکانی تر زۆر لەوان خراپترن و هەریەکە و بەئارەزووی خۆی بت و بەرنامەیەکی بۆ خۆی تاشییوە و بەرگی ئاین و پەیامی خوای بەبەردا کردووە.

١ - سورة البقرة: الآية (١٢٠).

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا ۚ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَٰئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ۖ وَأُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾[1].واتە: ئەوانە بەردەوام شەڕتان لەگەڵ دەکەن و هەوڵی لەناوبردنتان دەدەن تا لە ئاینەکەتان هەڵتان بگێڕنەوەو پەشیمانتان بکەنەوە، جا هەرکەس بەگوێیان بکات و لەئیسلام هەڵبگەڕێتەوە ئەوە بەبێ باوەڕی دەمرێت و هەرچی کردەوەی چاکی هەیە لەدونیا و دوارۆژدا بەهەدەر دەڕوات و سەرەنجام بەهەتا هەتایی لەدۆزەخدا دەمێنێتەوە.

کەواتە خۆشەویستان هەموو ئەوەی لەو جیهانەدا بەرامبەر گەلانی بڕوادار دەکرێت لەژێر پەردە و ناوی جیاجیادا لە صین لە فیلیپین لە بۆرما لە فەلەستین لە شیشان لە ئەفغانستان لە ئەفریقیای ناوەڕاست و لەکوێ و کوێ......یەك ئامانجی هەیە ئەویش قڕکردنی موسوڵمانان و هەڵگەڕاندنەوەیانە لە ئاینەکەیان. ئەوەی لەبڕوادارانیش داوا کراوە و چاوەڕوان دەکرێت ئەوەیە کە بەردەوام بن لەسەر ڕێگای ڕاستی خواناسی و بە هیچ شێوەیەك نەکەونە ژێر کاریگەری قسەو سیاسەتی نەیارانی بیروباوەڕەکەیان و دڵنیاش بن لەوەی کە خوای گەورە سەرخەر و پشتیوانی بڕوادارانە و ئەو ڕوداو و شکستانە کاتین و مەبەست لێی تاقیکردنەوەی باوەڕەکەی ئەوانە و سەرەنجام سەرکەوتن هەر بۆ بڕوادارانە.

**٢٢- بێبڕوایان سنووری دەسەڵاتیان هەرچەند و هەرچۆن بێت هەرگیز لە دونیادا ئاسوودە نین و نابن:**

هەر لە میانەی هەڵنان و دڵدانەوەی هاوەڵان و بڕواراندا خوای گەورە باسی حاڵی ئێستا و دوارۆژی بێباوەڕانیان بۆ دەکات کە ئەوان هەرچەند لە ئێستادا سەرکەوتنێکی کاتییان بەدەست هێناوە بەڵام لەناخدا ئاسوودە نین و بەردەوام لەترسی تۆڵەی بڕواداراندان و لەدوارۆژیشدا خراپترین چارەنووس چاوەڕێیان دەکات و لەبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ بِمَا أَشْرَكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَمَأْوَاهُمُ

١ - سورة البقرة: الآية (٢١٧).

النَّارُ وَبِئْسَ مَثْوَى الظَّالِمِينَ﴾[1]. واتە: ئێمە — نەك ئێوە- لە دونیا ترسی ئێوە دەخەینە دڵیانەوە بەهۆی ئەوەی ئەوانە بەبێ هیچ بەڵگەیەك لەڕێبازەكەی خوای گەورە لایانداوە و هاوەڵیان بۆ خوای گەورە بڕیار داوە و لەدوارۆژیشدا دۆزەخ دەكەینە جێگەیان كە بەدترین جێگەی ستەمكارانە.

ئەگەر لەواتەی ئایەتەكە ورد بینەوە خوای گەورە بەشێوازی كۆ ﴿سَنُلْقِي﴾ نەك تاك گوزارشت لە فڕێدانی ئەو ترسە دەكات و دەفەرمویێت (ئێمە) نەك (من) هەرچەند بكەرەكە تەنها خۆیەتی؛ بەڵام ئەم شێوازە بۆ زیاتر دەرخستنی دەسەڵاتی خوای گەورە و تۆقاندنی ئەوانە، دواتر خوای گەورە لە نێوان وشەكانی (رعب، خوف، جبن، خشیة، اشفاق) كە هەموویان بۆ ترس بەكار دێن وشەی ﴿الرُّعْبَ﴾ بەكاردێنێت بۆ ئەو ترسەی دەیخاتە دڵی بێباوەڕانەوە كە بۆ ترسێك بەكاردێت تەواوی دڵ دادەگرێت و ئۆقرەو و ئارامیی لێ هەڵدەگرێت. سەبارەت بە چارەنووسی بێباوەڕانیش لە دواڕۆژ و لەدۆزەخدا خوای گەورە وشەی ﴿مَأْوَى﴾ و ﴿مَثْوَى﴾ یان بۆ بەكاردێنێت، كە ﴿مَأْوَى﴾ بەو شوێنە دەگوترێت كە مرۆڤ بۆی دەگەڕێتەوە بەڵام ﴿مَثْوَى﴾ بەو شوێنە دەگوترێت كەمرۆڤ بە هەمیشەیی تێیدا دەمێنێتەوە. واتە ئەوانە پاش ئەوەی لەدونیا دەردەچن دەگەڕێنەوە بۆ دۆزەخ و بەهەتا هەتایی تێیدا دەمێننەوە.

سەبارەت بەو ترسەیش كەخوای گەورە باسی دەكات لە ئوحوددا بەڕوونی بەهەڵوێستی بێباوەڕانەوە دیاربوو بەتایبەت لە دوو كاتدا:

یەكەم: كاتێك موسوڵمانان پاشەكشەیان كرد لە گۆڕەپانی شەڕەكە و پاڵیاندا بەشاخەكەوە هەلێكی باش بۆ سوپای قورەیش ڕەخسا كە بەردەوام بن لەسەر شەڕكردن و لەناوبردنیان و بەدیهێنانی ئاواتی چەند ساڵەیان؛ چونكە موسوڵمانان تەواو شپرز بوون و ڕێژەیەكی بەرچاو كوژراوو بریندرایان هەبوو.

دووەم: لەو كاتەی لەڕێی گەڕانەوەدا بوون بەرەو مەككە و بیریان كردەوە كە بۆچی ئەو هەلە زێڕینەیان لەدەست خۆیاندا و موسوڵمانانیان قڕ نەكرد؛ بۆیە بڕیاریان

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٥١).

دا بگەڕێنەوە و ئەم جارە بدەن بەسەر مەدینەدا و بەیەکجاری لەناویان بەرن؛ بەڵام ئەم بڕیارەیشیان نەبردە سەرو جورئەتیان نەکردو بەرەو مەککە گەڕانەوە.

دیارە ئەوەی ڕێگربوو لەو بڕیارەی سوپای قورەیش و لەناوچوونی بڕواداران لەو دوو حاڵەتەدا ئەو ترسەیە کەخوای گەورە باسی دەکات؛ ئەگەرناو بەهەموو پێوەرەکانی شەڕ قورەیش دەبوو هەلی شکست و شپرزەیی سوپای موسوڵمانانی لەئوحوددا لەدەست نەدایە و بەتەواوی لەناوی ببردنایە.

پێغەمبەری خودایش ﷺ ئەم دیاردەی ترسی بێباوەڕانە لە بڕواداران بەیەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەرایەتی خۆی باس دەکات و دەفەرموێت پێنج شتم پێ بەخشراوە پێش من بەهیچ پێغەمبەرێکی تر نەبەخشراوە یەکێك لەوانە دەفەرموێت: ﴿نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ﴾[1]. واتە: خوای گەورە لە ماوەی یەك مانگە ڕێدا ترسی منی فڕێداوەتە دڵی دوژمنەکانمەوە و سەری خستوم بەسەریاندا.

ئەو ترسەیش کە لە دەقەکاندا باسکراوە تایبەت نییە و نەبووە بە ئوحود و هاوەڵانەوە بەڵکو تا قیامەت بەردەوامی هەیەو هەموو ئەو هێزو دەسەڵات و دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە دژایەتی بەرنامەکەی خوای گەورەیان کردۆتە ئامانج، ڕاستی ئەم بەڵێنەیش لە ئێستادا بەڕوونی دیارە و ئێستا هەمووومان دەبینین و دەزانین کە دەسەڵاتی موسوڵمانان و سەروەری پەیامەکەی خوا لە هیچ بستە خاکێکی ئەم زەوییەدا بوونی نییە و هیچ کەسیش هێندەی گەلانی موسوڵمان لەدونیادا بێکەس و چەوساوە نین کەچی سەرەڕای ئەوەیش نەیارانی ئیسلام هەر تۆقیون لەو ڕۆژەی کە موسوڵمانان تێیدا بە ئاگا دێن و بەخۆیاندا دەچنەوە و یەکتر دەگرنەوە و کۆتایی بەدەسەڵاتی ستەم و نادادپەروەری ئەوان دەهێنن، ئێستا ئەوان دیاردەی (ئیسلامۆفۆبیا) خەوی زڕاندوون بەبێ ئەوەی ئەم ترسە لانی کەم لە ئێستادا پاساوی بوونی هەبێت، بەڵام ئەمە دیارە ڕەنگدانەوی ئەو ترسەیە کە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی ﷺ بۆمان باس دەکەن،

---

[1] - تەواوی فەرموودەکە بەم شێوەیەیە: ﴿أُعْطِيتُ خَمْسًا لَمْ يُعْطَهُنَّ أَحَدٌ قَبْلِي: نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ، وَجُعِلَتْ لِيَ الأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا، فَأَيُّمَا رَجُلٍ مِنْ أُمَّتِي أَدْرَكَتْهُ الصَّلاَةُ فَلْيُصَلِّ، وَأُحِلَّتْ لِيَ الغَنَائِمُ وَلَمْ تَحِلَّ لِأَحَدٍ قَبْلِي، وَأُعْطِيتُ الشَّفَاعَةَ، وَكَانَ النَّبِيُّ يُبْعَثُ إِلَى قَوْمِهِ خَاصَّةً وَبُعِثْتُ إِلَى النَّاسِ عَامَّةً﴾. البخاري، صحيح البخاري، ج١، ص٧٤، رقم الحديث (٣٣٥). مسلم، صحيح مسلم، ج١، ص٣٧٠، رقم الحديث (٥٢١).

سەرەنجامیش ئەو ترسەیان هەر دێتە دی و تێیدا دەچن و دونیا و دواڕۆژیش لەدەست دەدەن.

هۆكاری بوونی ئەو ترسەیش تەنها بێباوەڕی و كوفر و خوانەناسی ئەوانە جا ئەو بێباوەڕییە مەرج نییە هەر بت پەرستن بێت؛ بەڵكو فۆرم و شێوازی زۆرە لەوانە: مل نەدان بەشەریعەتی خوای گەورە و جێبەجێ نەكردنی و تۆمەتباركردنی بە ستەم و نادادپەروەری و دواكەوتوی و حەڵاڵ كردنی حەرامەكانی و حەرام كردنی حەڵاڵەكانی و گاڵتەكردن و لاقرتێی كردن بە دروشم و پیرۆزییەكانی و شوێنكەوتەكانی و قەناعەت بوون بەوەی كەبەرنامەی خەڵك لەبەرنامەی خوای گەورە باشترە.

هەموو ئەمانە و چەندینی تر فۆرمی بێباوەڕین و پێویستە مرۆڤی بڕوادار لێیان بەئاگا بێت.

جارێكیان پێغەمبەری خودا ﷺ ئەو ئایەتەی بۆ هاوەڵەكانی دەخوێندەوە كە خوای گەورە دەربارەی جولەكە و گاورەكان دەفەرموێت: ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَاباً مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾[1]. واتە: ئەوانە لەبری خوای گەورە قەشەو پیاوە ئاینییەكان كردوٚتە خوای خۆیان و پەرستش بۆ ئەوان ئەنجام دەدەن. عەدی كوڕی حاتەم كەكاتی خۆی گاور بوو موسوڵمان ببو وا تێگەیشتبوو كە پەرستش تەنها كڕنوش بۆ بردنە بۆیە گوتی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمە ئەوان نا پەرستین. پێغەمبەری خودا ﷺ مەبەستی بوو ئەم چەمكە لە مێشكی عەدی كوڕی حاتەم و هاوەڵانیدا ڕاست بكاتەوە بۆیە پێی فەرموو: ئایا ئەوانە حەڵاڵی خواتان لێ حەرام ناكەن بە حەرامی دەزانن؟! گوتی: بەڵێ. فەرمووی: ئەی حەرامی خواتان بۆ حەڵاڵ ناكەن بە حەڵاڵی دەزانن؟! گوتی: بەڵێ، فەرمووی: دەی ئەوە پەرستشە كە ئێوە بۆ ئەوانی دەكەن.

بۆیە خۆشەویستان هەڵەیە ئێمە وا تێبگەین كە چەمكی پەرستش تەنها (نوێژ، ڕۆژو، زەكات، حەج) دەگرێتەوە بەڵكو واتەكەی زۆر لەوە فراوانتر و گشتگیرترە، پەرستش بریتییە: لەوەی كەسێكت خۆشبوێت یان ملكەچی بیت بە ڕێژەیەك كە بۆ ئەو

---

١ - سورة التوبة: الآية (٣١).

دەست بەرداری فەرمانەكانی خوای گەورە بیت و ژیان و مردنی خۆت بخەیتە خزمەت دەسەڵات و بنەماڵە و ڕێبازەكەی ئەووەوە و لەهەمان كاتیشدا لاف و گەزافی بەندایەتی خوا لێبدەیت، با هەمووومان دڵنیا بین لەوەی كەخوای گەورە ئەو جۆرە بەندایتییە كرچ و كاڵەی ناوێت و قبوڵیشی ناكات.

**٢٣- هەموو بەڵێنەكانی خوای گەورە بەسەرخستنی موسوڵمانان ڕاستن و دێنەدی:**

ڕوداوەكانی ئوحودیش پشتڕاستكەرەوەی ئەو ڕاستیەن و خوای گەورە بیری موسوڵمانان دێنێتەوە و پێیان دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُمْ بِإِذْنِهِ﴾[١]. واتە: بێگومان خوای گەورە ئەو بەڵێنەی كەپێی دابوون بەسەرخستنتان بەسەر نەیارەكانتاندا بۆی هێنانەدی و سەریخستن و بەچاوی خۆتان بینیتان كەچۆن لەسەرەتادا لەناوتان دەبردن ودرووێنەتان دەكردن.

﴿تَحُسُّونَهُمْ﴾ بەكوشتنێك دەگوترێت كە هەستی ببڕیت و لەجوڵەی بخەیت.

بەڵێنی خوای گەورەیش بەسەرخستنی بڕواداران پەیوەستە بەوەی كە دەبێت سەرەتا بڕواداران ڕاستبن لەسەرخستنی پەیامەكەی خوای گەورەدا وەك دەفەرموێت:: ﴿يأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تَنْصُرُوا اللهَ يَنْصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ﴾[٢]. واتە: ئەی گرۆهی بڕواداران، ئەگەر ئێوە بەڕاستی پشتیوانی لە پەیامەكەی خوای گەورە بكەن و سەری بخەن، خوای گەورەیش پشتیوانی لە ئێوە دەكات و سەرتان دەخات. دیارە پێچەوانەكەیشی ڕوونە بۆیە خوای گەورە باسی ناكات.

**٢٤- پەرتەوازەیی و ناكۆكی نێوان بڕواداران گەورەترین هۆكاری شكست و لەناوچوونیانە:**

خوای گەورە ئەو ڕاستییە تاڵە دەداتەوە بەچاوی بڕوادارانداا كەدەبێت بزانن شكستەكەیان لە ئوحوددا بەهۆی پەرتەوازەیی و ڕاجیایی و دونیا ویستی هەندێك لە بڕوادارانەوە بوو نەوەك بەهۆی نەهاتنەدی بەڵێنەكانی خوای گەورەوە. لەو بارەیەوە

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٥٢).

٢ - سورة محمد: الآية (٧).

ڕاشکاوانە پێیان دەفەرموێت: ﴿حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ وَعَصَيْتُمْ مِنْ بَعْدِ مَا أَرَاكُمْ مَا تُحِبُّونَ مِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الْآخِرَةَ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ﴾[1]. واتە: ئێوە سەرکەوتوبوون تا ئەوکاتەی دووبەرەکیی و کێشە لەنێوانتاندا دروستبوو، پاش ئەوەی بینیتان سوپای قوڕەیش پشت هەڵدەکات و گۆڕەپانی شەڕ چۆڵ دەکات و چەك و جبەخانەکانیان جێ دەهێڵن، سەرپێچی فەرمانەکانی پێغەمبەرتان ﷺ کرد و هەندێکتان ویستی دونیا بەسەرتاندا زاڵ بوو و هەندێکیشتان ویستی قیامەت، خوای گەورەیش بەو ویستەی خۆتانی لەگەڵ کردن سەرقاڵی کۆکردنەوەی ماڵی دونیای کردن و شەڕی قوڕەیشی لەبیر بردنەوە تا دەرەنجامی شەڕەکە تەواو پێچەوانە بویەوە.

هەرچەندە ئەم ئایەتانە ڕووی لەهەموو هاوەڵانە بەڵام تایبەتە بەهەڵوێستی تیرهاوێژەکانی سەر شاخەکە کاتێك لەکۆی (٥٠) کەس (٤٠) یان هاتنە خوارەوە وشاخەکەیان چۆڵ کرد و بەهۆی ئەو سەرپێچییەی ئەوانەوە دەرەنجامی شەڕەکە بەتەواوی پێچەوانە بوویەوە. عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود دەڵێت: (هەرگیز بڕوام نەدەکرد کەسێك لەهاوەڵانی پێغەمبەرﷺ هەبێت بۆ دونیا لەگەڵی هاتبێت تا ئەو ئایەتانەی قورئانمان لەسەر هاتە خوارەوە)[2].

سەیید لەو بارەیەوە دەڵێت: (ئێستا و لەگەرمەی شەڕدا پێشهاتێکی نوێ ڕوویداوە هەموو هاوکێشەکانی هێزی پێچەوانە کردۆتەوە، ئەو پێشهاتەیش ناکۆکی و پەرتەوازەییە لەبڕیاردان و دابەشبوونی هاوەڵآنە بەسەر دوو بەرەدا: بەرەیەك کە دەستکەوتی دونیای مەبەستە و بەرەیەکیش پاداشتی دوارۆژ. ئێستا دڵەکان دابەشبوون و یەکڕیزی و یەك ئامانجی نەماوە، ئێستا ئەو دڵسۆزی و یەکلابوونەوەیەی لە جەنگی بیروباوەڕدا پێویستە تێکەڵ بەئارەزوو حەزی دونیا بووە و تێکی داوە؛ چونکە شەڕی بیروباوەڕ وەك هەر شەڕێکی تر نییە، شەڕی بیروباوەڕ شەڕێکە لەگۆڕەپانی شەڕداو شەڕێکیشە لە دەروون و

١ - سورة آل عمران: الآية (١٥٢).

٢ - الآلوسي (إسماعيل حقي بن مصطفى الإستانبولي الحنفي)، روح البيان، ج٢، دار الفكر، بيروت، ١١٠.

ناخدا و هیچ سەرکەوتنێك لە گۆڕەپانی شەڕدا بوونی نییە بەر لەسەرکەوتن لەشەڕی ناخ و دەروونـدا)[1].

دەکرێت لێرەدا بپرسین و بڵێین باشە خۆ دووڕووەکان هەر لەسەرەتای داڕشتنی نەخشەی شەڕەکەوە خەریکی پلان داڕشتنبوون دژی بڕواداران، کەچی خوای گەورە لەسەر هەڵوێستی بەدی ئەوان سزای بڕوادارانی نەداو سەرکەوتنیشی پێ بەخشین؛ بەڵام لەبەر ڕاڤەکردنێکی هەڵەی (٤٠) کەس لەتیرهاوێژەکان بۆ فەرمانێکی پێغەمبەر ﷺ و کەمێك زاڵبوونی حەزی دونیا بەسەریاندا خوای گەورە دەرەنجامی هاوکێشەکانی تەواو پێچەوانە کردەوەو نەیهێشت بەسەر هاوەڵاندا تێپەڕ بێت و ئەو وانە قورسەی دادان.

وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ دوو خاڵ دەگەڕێتەوە:

یەکەم: بوونی ئەو دووڕوو و دڵنەخۆشانە لە ڕیزی هاوەڵان و بڕواداراندا هیچ سەنگێك و کاریگەرییەکی نییە لەسەر ئاراستەکردنی ڕووداوەکان و بوون و نەبوونیان وەك یەکە و خوای گەورەیش بەهەڵەو تاوانی ئەوان بڕواداران سزا نادات.

دووەم: هاوەڵان و بڕواداران لەسەر ڕێبازی ڕاستن و باڵەخانەی دینداری و خواناسی بونیاد دەنێن بۆیە خوای گەورە ڕێگەنادات کەسی خراپ و کەرەسەی خراپی تێدا بەکار بهێنن، بەڵام دووڕووەکان و بێباوەڕان باڵەخانەی دونیاداری بۆ حەزو ئارەزووەکانییان بونیاد دەنێن ئیتر هەرکێ بیکات و بەهەرچی بکرێت پەیوەندی بەخوای گەورەوە نییە و ئەرزشێکی نییە.

ئەمە وانەیەکی گرنگرە بۆ بڕواداران و پێویستە تێبگەن و بزانن کە سەرکەوتنی نەیارەکانیان بەڵگەی باشی ئەوان و ڕەوابوونی ڕێبازەکایان نییە بەڵکو بەڵگەی خراپی ئێمەو یەکلانەبوونەوەمانە بۆ خوای گەورەو ڕێبازو پەیامەکەی.

خوای گەورە لە قورئاندا لە دوو ئایەتدا باسی شکستی بڕواداران دەکات، لە هەردووکیاندا هۆکارەکەی بۆ پەرتەوازەیی و ناکۆکی نێوان خۆیان دەگێڕێتەوە، یەکێکیان لەو ئایەتەی سەرەوەدایە کەباسمان کردو ئەوی تریان ئەوەیە کە خوای گەورە

---

[1] - سيد قطب، في ظلال القرآن، ج١، ص٤٩٣ .

ده‌فه‌رموێت: ﴿وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ﴾[1]. واته‌: له‌ناو خۆتاندا په‌رته‌وازه‌ و ناكۆك مه‌بن ئه‌گه‌ر نا شكست ده‌هێنین و شوێنه‌واریشتان نامێنێت.

له‌ كۆتاییشدا خوای گه‌وره‌ نایه‌وێت سه‌ره‌ڕای زیانه‌ جه‌سته‌یی و مادییه‌كانیان هاوه‌ڵان و بڕواداران به‌دڵشكاوی بمێننه‌وه‌ بۆیه‌ و پاش ئه‌وه‌ی هۆكاری شكسته‌كه‌ی بۆ ڕونكردنه‌وه‌ به‌و په‌ڕی میهره‌بانییه‌وه‌ دڵی هاوه‌ڵان و بڕواداران ده‌داته‌وه‌ و مژده‌ی لێخۆشبوونیان پێ ده‌دات و پێیان ده‌فه‌رموێت: ﴿وَلَقَدْ عَفَا عَنْكُمْ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ﴾[2]. واته‌: من هه‌ر له‌كاتی ڕوودانی هه‌ڵه‌كه‌وه‌ لێتان خۆشبووم و لێتان توڕه‌ نیم و خوای گه‌وره‌ به‌خشش و میهره‌بانیی زۆر و بێسنووره‌ به‌رامبه‌ر به‌بڕواداران.

ئه‌مه‌یش گرنگترین و پڕ به‌هاترین خاڵی هاوكێشه‌كه‌یه‌ كه‌ ده‌ره‌نجامه‌ دونیاییه‌كان هه‌رچۆن بن گرنگ ئه‌وه‌یه‌ خوای گه‌وره‌ لێمان توڕه‌ نه‌بێت و ده‌رهاویشته‌ی شكسته‌كان تووڕه‌بونی خوای گه‌وره‌ نییه‌ به‌ڵكو زلله‌ی میهره‌بانییه‌و مه‌به‌ست لێی به‌ ئاگا هێنانه‌وه‌یه‌ نه‌ك سزادان.

### ٢٥- هه‌رگیز هه‌وڵ نه‌ده‌ین له‌پێناو پاراستنی خۆماندا هه‌ڵه‌كانمان به‌سه‌ر په‌یام و به‌رنامه‌كه‌ماندا ساغ بكه‌ینه‌وه‌:

خۆشه‌ویستان ئامانجی سه‌ره‌كیی له‌ بوون و كاری ئێمه‌دا په‌رستش و به‌رزڕاگرتنی په‌یام و به‌رنامه‌كه‌ی خوای گه‌وره‌یه‌، هه‌موو په‌یام و پێغه‌مبه‌رانی خوایش له‌ پێناو به‌دیهێنانی ئه‌و ئامانجه‌دا هاتون؛ بۆیه‌ خوای گه‌وره‌ له‌هیچ كه‌سی قبوڵ نه‌كردووه‌و ناكات كه‌ په‌یامه‌كه‌ی ئه‌و له‌كه‌دار بكات و هه‌ڵه‌كانی خۆی پێ پاساو بدات.

ئه‌و ئایه‌تانه‌ی ئوحود كه‌باس له‌ ورده‌كارییه‌كانی ڕووداوه‌كان و هۆكاره‌كانی ده‌كات مه‌به‌ست لێی ئه‌وه‌یه‌ كه‌ هه‌ركاتێك شكستێكی له‌و جۆره‌ ڕوویدا، با خه‌ڵكی بزانن كه‌ هۆكاره‌كان خۆیانن نه‌ك خوای گه‌وره‌ و په‌یامه‌كه‌ی.

---

١ - سورة الأنفال: الآية (٤٦).

٢ - سورة آل عمران: الآية (١٥٢).

سەیید لەو بارەیەوە دەڵێت: (پەیامی خواو بەهاو پێوەرەکانی جێگیر و نەگۆڕن، خەڵکیش بەئەندازەی دووری و نزیکییان لەو پەیامەوە لەبنەماکانی تێگەیشتن و هەڵسوکەوتدا دەپێکن یاخود هەڵەدەکەن؛ بەڵام هیچ کات هەڵەکانی ئەوان ناکرێت بکرێتە ماڵ بەسەر پەیامەکەیانەوە یاخود لە بەهاو پێوەرە جێگیرەکانی ناگۆڕێت، بۆیە کاتێك خەڵکی هەڵە دەکەن لە تێگیشتن یاخود هەڵسوکەوت کردن ئەو باسی هەڵەکەیان دەکات وەکاتێك لەئامانجەکانی لادەدەن بەلادەر ناویان دەبات و چاوپۆشی لەهەڵە و لادانەکانییان ناکات، لەهەر پلەو پۆستێکدا بن...و لەمەوە ئەوە فێر دەبین کە ئەستۆپاکی خەڵکی لەئاست لەکەدارکردنی پەیام و بەرنامەدا نییە...چونکە بەرنامەو پەیڕەو لە خەڵکی گەورەتر و تەمەندارترن...؛ بۆیە مێژوی ئیسلام بریتی نییە لەوەی موسوڵمانان کردویانە یان گوتویانە؛ بەڵکو هەموو ئەو گوفتار و ڕەفتارانەیە کە تەواو لەگەڵ بەهاو بنەما جێگیرەکانی پەیام و بەرنامەکەیاندا یەك دەگرێتەوە؛ وە گەر نا ئەوە هەڵە و لادانە و ناکرێت وەك بەشێك لەئیسلام یان مێژووی ئیسلامی تەماشا بکرێت)[1].

**٢٦- سزاکانی خوای گەورە لەسەر هەڵەکانمان زللەی میهرەبانین:**

پێویستە خەڵکانی بڕوادار بەچاوی خەڵات سەیری سزاکانی خوای گەورە بکەن و پەندو ئامۆژگارییان لێ وەربگرن و بزانن کە ئەو سزایانە دەرەنجامی هەڵەکانی خۆیانن و دەبێت نەهێڵن دووبارە ببنەوە. خوای پەروردگار لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿إِذْ تُصْعِدُونَ وَلَا تَلْوُونَ عَلَى أَحَدٍ وَالرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِي أُخْرَاكُمْ فَأَثَابَكُمْ غَمًّا بِغَمٍّ لِكَيْلَا تَحْزَنُوا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلَا مَا أَصَابَكُمْ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾[2]. واتە: ئەو کاتەی کە پشتتان هەڵکردبوو ڕاتان دەکردو لاتان لە کەس نەدەکردەوە و پێغەمبەریش ﷺ لە پشتەوە بانگی دەکردن و دەیگوت : بەندەکانی خوا بگەڕێنەوە و پاڵ بدەن بەمنەوە؛ بەڵام ئێوە لەتاو شپرزەیی حاڵی خۆتان بەگوێتان نەدەکرد؛ هەر بۆیە خوای گەورە سزایدان و خەم لەدوای خەمی

---

١ - سيد قطب، في ظلال القرآن، ج١، ص٥٣٣.

٢ - سورة آل عمران: الآية (١٥٣).

بەسەر هێنان[1]. دواتریش لێتان خۆشبوو تا دلگران نەبن لە سەر ئەوەی بەسەرتان هاتووە وە بشزانن کە خوای گەورە ئاگاداری ورد و درشتی کارەکانتان و نییەتی دڵەکانتانە.

جا سەرنج بدەن بەرێزان لێرەدا خوای گەورە گلەیی لەهەڵوێستی هاوەڵان و لێکەوتە خراپەکانی دەکات بەڵآم نافەرموێت: (فعاقبکم) بەڵکو دەفەرموێت ﴿فَأَثَابَكُمْ﴾ واتە ئەوەی بەسەرمان هێنان بەچاوی خەڵات لێی بڕوانن نەك سزاو تۆڵە؛ چونکە مەبەست لێی پەروەردەکردن و ڕاستکردنەوەی ئێوەیە نەك شکاندن و لەناوبردنتان؛ هەر بۆیەیش دەفەرموێت خەفەتی لێ مەخۆن و بیری لێ مەکەنەوە بەڵآم پەندی لێ وەربگرن.

**٢٧- دەبێت لەبڕیارەکانماندا ڕاستگۆ و دادپەروەر بین:**

خوای گەورە کاتێك باس لە هۆکارەکانی ڕوودانی کارەساتەکەی ئوحود دەکات چۆن باسی هەڵوێستی بەدی بێباوەڕ و دووڕووەکان دەکات کە بەشێکی سەرەکی بوون لەهۆکاری ڕوودوادەکان بەهەمان شێوە باس لە هەڵوێستی نەشیاوی هەندێك لە بڕاوادارن و هۆکارەکانی دەکات و چاوپۆشی لێ ناکات، هەروەك هەڵوێستی هەندێك لەتیر هاوێژەکان و ئەوانەی ڕایانکردەوە بەرەو مەدینە و ئەوانەی بەبیستنی هەواڵی شەهیدبوونی پێغەمبەر ﷺ ساردبوونەوە، ئەمەیش ئەو پەڕی دادپەروەرییە لە هەڵسەنگاندن و بڕیارداندا کە پێویستە ئێمەی بڕوادار لێوەی فێر بین.

**٢٨- هەرچی بەڵا و ناڕەحەتییەك بەسەر مرۆڤدا دێت بەهۆی تاوان و سەرپێچییەکانی خۆیەوەیەتی:**

خوای گەورە لە چەندین دەقدا ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. لەوانە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْا مِنْكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُوا وَلَقَدْ عَفَا اللَّهُ عَنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾[2]. واتە: ئەوانەی کە لە ڕۆژی ڕووبەڕووبونەوەکەی

---

١ - لەوانە خەمی سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی پێغەمبەرﷺ، خەمی شەهیدەکان و لەدەستدانی خۆشەویستانییان، خەمی شکستە سەربازییەکەیان و قسەی دووڕووەکان.

٢ - سورة آل عمران: الآية (١٥٥).

ئوحوددا پشتیان هەڵکرد و ڕایان کرد؛ بەهۆی هەندێك لە تاوان و سەرپێچییەکانی خۆیانەوە دەستەمۆی شەیتان بوون و بەگوێی ئەویان کرد. سەرەڕای ئەوەیش خوای گەورە لە گوناهەکانیان خۆش بوو، خوای گەورە زاتێکی بەخشندە و بەبەزەییە.

هەرچەندە پاڵنەری ئەو هەڵوێستەی هاوەڵان کە ڕایانکرد ئیمانی بوو؛ چونکە کاتێك توشی حاڵەتی شکستبوون دەیانزانی بەڵای مەرگ نیزکە و ئەو کات بیری تاوانەکانیان کەوتەوە و شەیتان فریوی دان بەوەی کە چۆن بەو تاوانانەوە دەچنەوە بەردەست خوای گەورە؛ بۆیە هەڵهاتن تا بتوانن تەوبە بکەن و بەڵکو لەدەرفەتێکی تردا بەپاکی بچنەوە حوزوری خوای گەورە؛ بەڵام ئەمەیش دیسان داوێکی تری شەیتان بوو کە چۆن سەرەتا تاونەکەی پێکردن ئێستایش بەهۆی ئەو تاوانەوە شەرمەزاری کردن و تاوانی تریشی پێکردن.

لە ئایەتێکی تر و هەر سەبارەت بەهەمان ڕوداو خوای گەورە هەمان هۆکار باس دەکات و دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُمْ مِثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾[1]. واتە: ئەوە بۆ کاتێك بەڵاو نەهامەتییەکتان هاتۆتە پێش و توشی شکستێکی کاتی بوون لە ئوحوددا پێتان سەیرە و دەپرسن ئەوە چۆن ئێمەی باوەڕدار تووشی بەڵاو شکست بووین و دوژمنەکانمان بەسەرماندا سەرکەوتن، وە بیرتان چۆتەوە کەهەر ئێوە بوون جاری پێشو لەبەدردا دوو هێندەتان بەسەر ئەوان هێنا و حەفتا کەستان لێ کوشتن و حەفتاشتان لێ بەدیل گرتن، ئەی پێغەمبەر ﷺ هۆکارەکەیان بۆ ڕوونبکەرەوە و پێیان بڵێ: شکستی ئەم جارەتان بەهۆی تاوان و سەرپێچی خۆتانەوە بوو ئەوەیش بزانن کەخوای گەورە دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە و دەرەنجامی هەموو شتێکیش هەر بەدەستی ئەوە.

بۆیە گرنگە مرۆڤی بڕوادار خۆی نەداتە دەستی شەیتان و فریوی فێڵ و تەڵەکەکانی نەخوات؛ چونکە شەیتان چەندین بۆسەی بۆ مرۆڤی بڕوادار هەیە و لەهەر بۆسەیەکدا دەستی لێی گیر بێت لەگەڵ خۆی پەلکێشی دەکات بۆ بۆسەکانی پێشتر تا

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٦٥).

دەیباتەوە بۆسەی یەکەم کە کوفر و بێ باوەڕییە، چونکە لەپاش کوفر هیچ تاوانێکی گەورەتر نامێنێت تا پێی بکات، هەر بۆیە زانایان دەفەرموون: (لیس بعد الكفر ذم) واتە ئەگەر کەسێك کوفری کرد ئیتر گلەیی هیچ تاوانیکی تری لێ ناکرێت[1].

سەرەنجام خوای گەورە دڵی ئەو هاوەڵانە دەداتەوە کە بەرپرسیار بوون لەو شکستە و مژدەی لێخۆشبوونیان پێ دەدات و پێیان دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ عَفَا اللَّهُ عَنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾. واتە: سەرەڕای ئەوەیش خوای گەورە لێیان خۆش بوو؛ خوای گەورە زاتێکی بەخشندەو میهرەبانە[2].

## ٢٩- هیچ کاتێك و بەهیچ پاساوێك ڕووداوی خراپ نادرێتە پاڵ خوای گەورە:

سەرەڕای ئەوەی باوەڕمان وایە کە هەرچی ڕوو دەدات ویستی خوای گەورەی لەسەرە و هیچ شتێك بێ ویستی ئەو ڕوونادات، لەهەمان کاتیشدا باوەڕمان وایە کە هیچ

---

١ - خۆ ئەگەر نەیتوانی بە ئاشکرا بێباوەڕی بکات ئەو کات هەوڵ دەدات دووڕووی بکات؛ چونکە ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگە ئەوەیە کە کەسەکە نەڕواتە بازنەی باوەڕەوە، ئەگەر ئەوەیشی بۆ نەکرا هەوڵ دەدات بەتاوانی گەورەوە سەر قاڵی بکات وەکو دزی و پیاوکوشتن و زینا و نەهێڵێت گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورە بکات، ئەگەر لەوەیشدا سەرکەوتو نەبوو ئەو کات هەوڵ دەدات بە تاوانی بچوکەوە سەرقاڵی بکات لە نموونەی درۆ و تەماشاکردنی حەرام و ئەو بابەتانە، خۆ ئەگەر لەم قۆناغەشدا توانی دەستەمۆی بکات ئەو کات هەنگاو بەهەنگاو تاوانی لا ئاسایی دەکاتەوە و بەرەو تاوانە گەورەکانی دەباتەوە. خۆ ئەگەر مرۆڤ خۆی لە تاوانە بچوکەکانیش پاراست ئەوجا شەیتان هەوڵ دەدات بەکارە ڕێگەپێدراوەکانەوە (موباحات) ەوە سەرقاڵی بکات بۆ نموونە: سەرقاڵی دەکات بەسەیری تەلەفزیۆن و پیاسە و شتی بێ سوودەوە و نایەڵێت کاتەکانی لە خواناسی و شتی بەسوودا بەسەر بەرێت. ئەگەر لەو بۆسەیەشدا بۆی نەگیرا ئەو کات هەوڵ دەدات بەکاری باشەوە سەرقاڵی بکات تا باشتر و چاکتر نەکات.

٢ - دەگێڕنەوە جارێکیان کێشەیەك لە نێوان عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و عوسمانی کوڕی عەففاندا دروست دەبێت، عەبدوڕەحمان پێی دەڵێت: تۆ لە شەڕی بەدردا ئامادە نەبوویت، لە ئوحودیشدا ڕاتکرد، لە (بيعة الرضوان) یشدا بەشداریت نەکرد؟ پێشەوا عوسمان پێی دەڵێت: لە شەڕی بەدردا لەسەر فەرمانی پێغەمبەر ﷺ نەهاتم؛ چونکە خێزانم زۆر نەخۆش بوو خۆی فەرمووی لەلای بمێنەرەوە؛ هەر بۆیە وەك یەکێك لە موجاهیدەکان لە غەنیمەتی جەنگ بەشی بۆ دانام، لە شەڕی ئوحودیشدا خوای پەروەردگار خۆی مژدەی لێخۆشبوونی پێداین و من ئەو مژدەیەم لە بەشداریکردنی غەزاکە پێ خۆشترە. سەبارەت بە بەشداری نەکردنیش لە (بيعة الرضوان) ئەسڵی بەیعەتەکە بۆ تۆڵەی خوێنی من بوو کە وەك نێردراوی پێغەمبەرﷺ چووبوومە مەککە بۆ دانوستاند لەگەڵ سەرانی قوڕەیش و ئەوان ڕێگەیان نەدەدا بگەڕێمەوە؛ هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لەبری من دەستی ڕاستی خستە سەر دەستی چەپی و فەرمووی: ئەمە دەستی عوسمانە، وە من دەستی پێغەمبەرم ﷺ لە دەستی خۆم پێ باشترە.

کاتێك و بەهیچ پاساوێك ڕووداوی خراپ نادرێتە پاڵ خوای گەورە؛ بەڵکو سەرچاوەی هەموو خراپەیەك خۆمانین و هۆکارەکەیشی ئەو کردەوانەن کە کردومانن و چارەسەرەکەیشی بەگەڕانەوە و پابەندبوون بەسنوورەکانی شەرعەوە دەبێت نەك شتێکی تر.

ئەگەر بەوردی سەرنجی دەقەکانی قورئان و بنەماکانی شەریعەت بدەین ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە خوای گەورە هیچ کات نایەوێت بەندەکانی تووشی بچوکترین زیان و گرفت ببن؛ هەر لەو پێناوەیشدایە کە ناخی هەموو مرۆڤێکی لەسەر سروشتی باوەڕداری دروستکردوە و عەقڵ و ئیدراکی پێ بەخشیوە و پێغەمبەر و پەیامی بۆ ڕەوانە کردوە تا بەباشترین شێوە لەدونیا ژیان بەسەر ببات و لە قیامەتیشدا بەباشترین شێوە پاداشتی بداتەوە، بەدەر لەمە هەرکات مرۆڤ تووشی زیانێك بوو دەبێت بزانێت کە بەهۆی هەڵە یان کەمتەرخەمییەکەی خۆیەوە ئەو زیانە ڕوویداوە نەك ویستی خوا وابووە زیانی پێ بگەیەنێت.

نموونەی ئەم بابەتەیش لە قورئاندا زۆرە چ سەبارت بە ئوحود چ لە کۆی چیرۆك و بەسەرهاتەکانی تری پێغەمبەران و گەلانی تردا لەوانە:

خوای گەورە دەربارەی کۆی کارەساتەکەی ئوحود دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُمْ مِثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾[١].

یان کاتێك بەپێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ﴿مَا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللَّهِ وَمَا أَصَابَكَ مِنْ سَيِّئَةٍ فَمِنْ نَفْسِكَ﴾[٢]. واتە: هەرچی چاکەو باشەیەك دێتە ڕێت لەخوای گەورەوەیە و هەرچی خراپەیکیش دێتە ڕێت بەهۆی کردەوەکانی خۆتەوەیە.

یان کاتێك موسا زللەیەك لە پیاوە قیبطییەکە دەدات و دەیکوژێت دەفەرموێت: ﴿هَذَا مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ عَدُوٌّ مُضِلٌّ مُبِينٌ﴾[٣]. واتە: ئەم کارەی من کردم شەیتان پێی کردم بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی گومڕاکەر و لادەرە.

١ - سورة آل عمران: الآية (١٦٥). ڕاڤەی ئایەتەکەمان لە خاڵی پێشووتردا کردووە.

٢ - سورة البقرة: الآية (٧٩).

٣ - سورة القصص: الآية (١٥).

یان کاتێك یوسف باس لەکردەوەی براکانی دەکات دەفەرموێت: ﴿مِن بَعْدِ أَن نَّزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي﴾[1]. واتە: پاش ئەوەی شەیتان نێوانی من و براکانمی تێکدا.

ئەمانەو دەیەها نموونەی تر لە قورئانی پیرۆزدا ئەوەمان فێر دەکەن کە هەرگیز هەڵە و کەموکورتییەکانمان نەدەینە پاڵ خوای گەورە بەڵکو بیدەینە پاڵ نەفسی خۆمان و داوی شەیتان؛ چونکە خوای گەورە لە هیچ کاتێکدا ویستی خراپەی نییە بەرامبەر بەهیچ کام لەبەندەکانی.

لەم ڕۆژانەدا کە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئارادایە و جیهانی بەچۆکدا هێناوە و گشت جومگەکانی ژیانی پەك خستووە و ڕۆژانە بەسەدەها کەس لەوڵاتانی دونیا پێی دەمرن و لەو ماوە کورتەی تەمەنیا کە تا ئێستا چوار مانگی تەوا نەکردووە و بەپێی ئامارە فەرمییەکان نزیکەی بیست هەزار کەسی کوشتوە، بەداخەوە لە هەندێك مەلاو بانگخواز و خەڵکانی بڕوادار دەبیستین کە گوایە ئەم ڤایرۆسە سەربازێکە لەسەربازەکانی خوای گەورە و ئەو ناردویەتی تا سزای خەڵکی پێ بدات، لە کاتێکدا ئەم بۆچونە هەڵەیە و لەوانەیە بەهۆیەوە تێڕوانینێکی خراپ لای خەڵکی بەرامبەر بەخوای گەورە دروست کات، ئێمە لەبری ئەوەی دەیدەینە پاڵ خوای گەورە دەبێت دان بەهەڵە و تاوانەکانی خۆماندا بنێین کە بۆتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە؛ چونکە ئەگەر ڤایرۆسەکە بەهۆی خواردنی گۆشتی شەمشەمەکوێرە و مارەوە بووبێت، ئەوە ئەو حەرامانەن کە خوا قەدەغەی کردون و ئێمە بەسەرەڕۆیی خۆمان خواردوومانن و تووشی ئەو بەڵایەی کردوین، ئەگەریش بەهۆی ئەو شەڕە بایۆلۆجیەوە بێت کەوڵاتە زلهێزەکان سەرقاڵی گەرمکردن و بەرپاکردنین دژ بە گەلانی جیهان ئەوە دیسان خۆمان لێی بەرپرسیارین؛ ئیتر بۆ بەرپرسیارێتییەکە لەئەستۆی خۆمان داماڵین و بیدەینە پاڵ خوای گەورە.

ئەوەتا خوای گەورە کاتێك باسی بڵاوبوونەی خراپە و دەرد و ناخۆشییەکان دەکات لەزەویدا هەرگیز نایداتە پاڵ خۆی بەڵکو دەیداتە پاڵ کردەوەی بەدی خەڵکی

---

[1] - سورة يوسف: الآية (١٠٠).

خۆیان و دەفەرموێت: ﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾[1]. واتە: بەهۆی کردەوەی بەدی مرۆڤەکان خۆیانەوە خراپە و دەرد و بەڵا و ناڕەحەتی لە وشکانی و دەریاکاندا بە سەر زەویدا بڵاوبۆتەوە تا سزای بەشێك لەکردەوە بەدەکانی خۆیان بێتەوە ڕێیان و تاڵاوەکەی بچێژن بەڵکو بەخۆیاندا بچنەوەو دەست لەخراپە هەڵگرن.

یان لە ئایەتەکەی تردا دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ﴾[2]. واتە: ئەگەر خەڵکی کیشوەر و وڵات و شارەکان چاکەکار و باشبن مەحاڵە خوای گەورە ستەمیان لێبکات و لەناویان ببات. دواتر خوای گەورە باسی چارەنووسی گەلانی پێش خۆمان بۆ دەکات کەچۆن بەهۆی خراپەو و تاوانەکانی خۆیانەوە لەناو چوون و دەفەرموێت: ﴿فَكُلًّا أَخَذْنَا بِذَنبِهِ فَمِنْهُم مَّنْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِ حَاصِبًا وَمِنْهُم مَّنْ أَخَذَتْهُ الصَّيْحَةُ وَمِنْهُم مَّنْ خَسَفْنَا بِهِ الْأَرْضَ وَمِنْهُم مَّنْ أَغْرَقْنَا وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾[3]. واتە: هەموو ئەوانەمان بەهۆی تاوانەکانی خۆیانەوە لەناو برد، هەندێکیان بە با، هەندێك بەبەرد، هەندێك بە بروسکە و چەخماخە و دەنگ، هەندێك بەڕۆچوون بەزەویدا، هەندێك بە نوقمکردن لە ئاودا. هیچ کام لەوانەیش خوای گەورە ستەمی لێنەکردوون بەڵکو خۆیان ستەمیان لەخۆیان کرد و خراپەیان کرد تا بەهۆی خراپەکانی خۆیانەوە لەناوچوون.

**٣٠- کەسی سەرکردەو پێشەوا دەبێت میهرەبان و لێبوردە و بەبەزەیی بێت:**

وەك دەزانین هۆکاری سەرەکی ئەوکارەساتەی کە لە ئوحوددا بەسەر پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانیدا هات بەهۆی هەڵەی هەندێك لە هاوەڵان و ناپاکی دووڕووەکانەوە بوو؛ بەتایبەتی لەم ساتە وەختانەدا:

- زۆر کردنیان بۆ چونە دەرەوە لە مەدینە.
- پاشەکشەی دووڕووەکان بە (٣٠٠) سەربازەوە بەر لەدەستپێکردنی شەڕ.

---

١ - سورة الروم: الآية (٤١).

٢ - سورة هود: الآية (١١٦).

٣ - سورة العنكبوت: الآية (٤٠).

- هاتنەخوارەوەی تیر هاوێژەکان لەشاخەکە.

- ڕاکردن و پشت هەڵکردنی هەندێك لەهاوەڵان لە گۆڕەپان و گەرمەی شەڕدا.

- بەدەمەوە نەهاتنی بانگەوازەکەی پێغەمبەر ﷺ لە سەختترین ساتەکانی شەڕدا.

- پڕو پاگەندە بێ بنەماکانی دووڕووەکان لەدژی پێغەمبەرﷺ لە کاتی شەڕو لە پاش تەواوبوونی شەڕدا.

لە کاتێکدا دەبوو کەسانی تاوانبار و بەرپرسیار بەپێی پێوەر و بنەماکانی زانستی سەربازی لەسەر هەر یەکێك لەو تاوانانە لە بەردەم دادگایەکی سەبازیدا لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت و سزای پڕبەپێستی تاوانەکەی خۆیان بدرێن؛ بەڵام سەرەڕای ئەوانە هەمووی و زۆری زیانەکان پێغەمبەری خوا ﷺ سەرزەنشتی یەك هاوەڵی نەکرد و لێپێچینەوەی لەگەڵ یەك کەس نەکرد و نەیگوت تۆ بۆ وات کرد یان بۆ وات نەکرد، نەك تەنها هاوەڵان بەڵکو دووڕووەکانیش کە پشکی شێری هۆکاری ئەو شکستەیان دەکەوێتە ئەستۆ، نەك هەر هیچ لێپێچینەوەیەکی لەگەڵ نەکردن بەڵکو ڕووی لێ گرژ نەکردن و بەتەنها وشەیکیش ڕەخنەی لێنەگرتن و سەرزەنشتی نەکردن.

لەبەرامبەر ئەم جوامێری و سینەفراوانی و میهرەبانی و ڕەوشت بەرزییەی پێغەمبەردا ﷺ خوای گەورە ستایشی هەڵوێستەکەی دەکات و پێی دەفەرموێت: ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ﴾[1]. واتە: ئەوە چ سۆزو میهرەبانییەکە خوای گەورە لەدڵی تۆ دایناوە کە ئاوها لەگەڵیان میهرەبان و نییانی کردویت، خۆ ئەگەر کەسێکی دڵڕەق و قسەڕەق بوویتایە ئەوە ئاوها خۆشیان نەدەویستی و هەر زوو دەوریان چۆڵ دەکردی.

لێرەدا خوای گەورە لەوەسفی گەورەیی بەزەیی پێغەمبەردا وشەی ﴿رَحْمَةٍ﴾ بە نادیاری (نەکیرە) هێناوە، ئەم جۆرە گوزارشتەیش لە دوو کاتدا بەکاردێت، یان ئەوەتا شتەکە زۆر گەورەیە و دیاریکردنی ئاستەمە و لەسەرو توانای هەستەوەرەکانی مرۆڤەوەیە، یانیش ئەوەتا شتەکە زۆر بچوکە و لەبەر بچوکی لەباس نایەت و ناگاتە

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٥٩).

ئاستی ئەوەی  هەستەوەرەکان هەستی پێبکەن، لە هەردوو حاڵەتەکەیشدا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو شتانە هەستەوەرەکان هەستی پێ ناکەن، جا ئەم وەسفەی خوای گەورە بۆ بەزەیی و میهرەبانی پێغەمبەر ﷺ بە نادیاری باسی دەکات لەبەر گەورەیی و بێ سنوورییەتی کە پێناسەیەك نییە بیگرێتەوە.

خوای گەورە هێشتا ڕێنموویی پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکات بۆ کار و هەڵوێستی باشتر بەرامبەر هاوەڵانی و پێی دەفەرموێت:

﴿فَاعْفُ عَنْهُمْ﴾ واتە: گەردنیان ئازاد بکە و لێیان ببورە؛ چونکە ڕاستە پێغەمبەری خوا ﷺ هیچی پێ نەگوتون و لەهەڵەکانیان بێدەنگ بووە بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لەدڵەوە لێیان نیگەران نییە؛ بۆیە خوای گەورە ڕێنموویی دەکات کە لەدڵیشەوە لییان ببورێت و چاوپۆشی لە هەڵەکانیان بکات.

﴿وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ﴾ واتە: پاش ئەوەی کە لە مافی خۆت لێیان خۆشبوویت، لەهەر سەرپێچییەکی شەرعیش کە کردوویانە داوای لێخۆشبوونیان لە خوا بۆ بکە؛ هەر چەندە خوای گەورە خۆی پێشتر بەڵێنی لێخۆشبوونی پێداون بەڵام داوای لێخۆشبوونی پێغەمبەر ﷺ دڵنیایی زیاتر دەداتە هاوەڵەکانی کە پێغەمبەری خوا ﷺ هیچی لەدڵدا بەرامبەریان نەماوە.

خۆشەویستان ڕاستە هاوەڵان هەڵەی زۆریان کرد لەم غەزایەدا بەڵام ئەوان هێشتا لە قۆناغی فێربوون و پێگەیشتندان؛ بۆیە خوای گەورە سزایەکی گونجاویان دەدات لەسەر هەڵەکانیان بەڵآم بێ هیوایان ناکات؛ بەڵکو ئاراستەی پێغەمبەریش ﷺ دەکات کە تا دەتوانێت لەگەڵیان لێبوردە و میهرەبان بێت.

ئەمەیش وانەیەکی گرنگە و پێویستە هەموو بەرپرس و براگەورەیەك پەندی لێوەربگرێت و لێوەی فێربێت و بشزانێت کاتێك خوای گەورە هۆشداری دەداتە پێغەمبەر ﷺ و پێی دەفەرمووێت: ئەگەر کەسێکی دڵڕەق و قسەڕەق بوویتایە ئەوە ئاوها خۆشیان نەدەویستی و هەر زوو دەوریان چۆڵ دەکردی. ئەمە بنەمایەکی کاری سیاسەت و کارگێڕییە و هەموو سەرکردە و بەرپرسەکان دەگرێتەوە لەگشت کایەکانی ژیاندا؛ چونکە

ئەگەر خەڵکی بۆ پێغەمبەر ﷺ وابێت کە بژاردەی خوای گەورەیە و پێغەمبەرە، ئەی دەبێت بۆ خەڵکی تر چۆن بێت کە جگە لە کاری دونیا خەڵك هیچ هیوایەکی قیامەتی پێیان نییە، بەدڵنیاییەوە خەڵکی بەرامبەر بەوان خراپتر دەبن.

**٣١- ڕاوێژکردن یەکێکە لە بنەماکانی سیستەمی سیاسی و سیمای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەئیسلامدا:**

هەرچەندە پێغەمبەری خودا ﷺ سروشتی وابوو کە هەر کارێکی بکردایە ڕاوێژی بە هاوەڵان و خزمان و تەنانەت خێزانەکانیشی دەکرد؛ بەڵام ڕاوێژکردنی ئەم جارە بۆ غەزای ئوحود دەرەنجامی خراپی لێ کەوتەوە و خۆیشی پێشبینی ئەوەی دەکرد؛ چونکە پێشتر خەوی بینیبوو وە خەوەکانیشی هەمووی ڕاست بوون و وەك ڕۆژی ڕوون دەهاتنە دی؛ بەڵام ئەو ویستی بەو هەڵوێستەی بنەمای کار بەڕاوێژ کردن لەسیستەمی سیاسی ئەو دەوڵەتە تازەیەدا بچەسپێنێت، ئەگەر چی زیانێکی کاتیشی لێ بکەن.

سەرەڕای ئەوە خوای گەورەیش پاش کۆتاییهاتنی شەڕەکە و لێکەوتە خراپەکانی فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ﴾[1]. واتە: لە بەڕێوەبردنی کارەکانتدا بەردەوام ڕاوێژیان پێ بکە و گوێ بۆ بۆچوونەکانیان بگرە و شکستی ئەم جارە لەو کارە گرنگە پەشیمانت نەکاتەوە.

دەکرێت لێرەدا پرسیاری ئەوە بکرێت کە ڕاوێژ کردن بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ چ بەهاو سوودێکی هەبووە، لە کاتێکدا ئەو بەردەوام لەلایەن خوای گەورەوە نیگای بۆ هاتووە و ئاراستە کراوە؟

لەوەڵامدا دەڵێین ڕاوێژکردن بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ سوود و ئامانجی زۆری هەبووە لەوانە:

أ- پێغەمبەری خودا ﷺ زیاتر لە بابەتە شەرعییەکاندا وەحی بۆ دەهات و ئاراستە دەکرا؛ بەڵام لە بابەتە کارگێڕی و ڕامیاریی و و دونیاییەکاندا زیاتر کاری

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٥٩).

لەسەر ئەزموون و زانیاری خۆی و هاوەڵانی دەكرد؛ گەورەیی كارەكەیش وای دەخواست كە ئەزموونی هەموو لایەك پێویست بێت بۆ بەڕێوەبردنی كارو بارەكان[١].

ب- پێغەمبەری خوا ﷺ دەیزانی تا سەر نامێنێت و پەیامەكەیشی بە مردنی خۆی كۆتایی پێ نایەت و پاش ئەو خەڵكانێك دێن بەناوی پەیامەكەی ئەوەوە دەسەڵات دەگرنە دەست؛ بۆیە پێویستە بنەماكانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ ئەوانەی پاش خۆی دابمەزرێنێت و ڕوونبكاتەوە تا بەئارەزووی خۆیان و بەناوی ئاینەوە تاكڕەوانە حوكمی میللەت نەكەن و بزانن كە خوای گەورە لە چەندین شوێنی قورئاندا فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ كردووە كە ڕاوێژ بە هاوەڵانی بكات، جا ئەگەر ڕاوێژكردن بۆ ئەو واجب و پێویست بووبێت ئەوە بۆ ئەوانەی پاش ئەو زیاتر پێویستترە و گرنگترە.

ج- كاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ پرس بەهاوەڵانی دەكات دەیەوێت گیانی هەستكردن بە بەرپرسیارێتیان تێدا دروست بكات و بزانن كە ئەوان كۆڵەكەی بەڕێوەبردنی ئو دەسەڵاتەن و بەشێكن لە بونیاندنەرانی ئێستا و داهاتووەكەی.

د- پێغەمبەری خوا ﷺ دەیویست لە ڕێی ڕاوێژكردنەوە ئاسۆی بیری هاوەڵانی فراوانتر بكات و زیاتر گەشەی پێ بكات؛ چونكە بۆچوونە جیاوازەكان وا دەكەن كە مرۆڤ هەموو ئەگەرەكان لەهەموو گۆشەنیگاكانەوە ببینێت و باشترینیان بژاردە بكات.

ه- كاتێك خوای گەورە فەرمان بەپێغەمبەر ﷺ دەكات كە ڕاوێژیان پێ بكات ئەوانە هەست بەگرنگی و پێگەی خۆیان دەكەن لای خوای گەورە و هەست دەكەن بەوەی خوای گەورە لێیان تووڕە نییە و بگرە بەپێچەوانەوە بوونی ئەوان و بۆچوونەكانیانی لا گرنگە و مەبەستە.

و- ئەگەر پاش ئوحود پێغەمبەری خوا ﷺ وازی لە ڕاوێژ پێكردنیان بهێنایە ئەو كات هاوەڵان هەستیان دەكرد كە پێغەمبەری خوا ﷺ داخی ئوحودی بەرامبەریان لەدڵدا

---

١ - نموونە: لە غەزای بەدردا لەسەر بۆچوونی حەبابی كوڕی مونذیر جێی سوپاكەی گواستەوە و چوونە سەرووی بیرە ئاوەكانی بەدرەوە، لە غەزوەی خەندەق و لە كاتی هاتنی سوپای بێشوماری قورەیش بۆ سەر مەدینە لەسەر بۆچونی سەلمانی فارسی خەندەقی لەبەردەم سوپای قورەیشدا لێدا. لە پەیماننامەی حودەیبییەدا لەسەر بۆچوونی خاتوو ئوم سەلەمەی دایكی بڕواداران خۆی یەكەم كەس سەری چاككردو ئیحرامی شكاند.

هەر ماوە و متمانەی پێیان نەماوە و گوێ بۆ بۆچوونەکانیان ناگرێت و ئەمەیش بەدڵنیاییەوە کاریگەری خراپی دەبوو لەسەر دڵ و دەروونییان.

ز- پێغەمبەری خودا ﷺ لەڕێی ڕاوێژکردنەوە ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری و لێهاتووی و بەئەزموونی و دڵسۆزیی هاوەڵانی بۆ دەردەکەوت و هەڵدەسەنگاند، بەوەیش لێهاتویی هەر یەکەیانی لەبواری خۆیدا دەزانی و دەیتوانی لەو بوارەدا سوودی لێ ببینێت و پشتی پێ ببەستێت.

سەید دەربارەی گرنگی بەردەوامی بیرۆکەی ڕاوێژکردن لە پاش ئوحود دەڵێت: (خۆ پێغەمبەر ﷺ مافی خۆی بوو لەپاش ئەو شەڕە کار بە ڕاوێژ نەکات، چونکە شورا لە سەختترین قۆناغەکاندا یەك ڕیزی موسوڵمانانی پەرتکرد، ئەو دەرئەنجامە تاڵانەی لێکەوتەوە کە لە شەڕەکەدا ڕوویدا؛ بەڵام ئیسلام لەم قۆناغەدا دەیەوێت نەوەیەك پەوروەردە بکات کە لە داهاتوودا سەرکردایەتی هەموو مرۆڤایەتی دەگرنە دەست، وە خوای گەورە دەیزانی کە باشترین ڕێگا بۆ پێگەیاندنی نەوەکان و ئامادەکردنیان بۆ سەرکردایەتی مرۆڤایەتی پەروەردەکردنیانە لەسەر ڕاوێژکردن و ڕاهێنانیانە لەسەر ئەوەی کە باجی بڕیارەکانی خۆیان بدەن و دەرەنجامەکانی چەند تاڵ و سەخت بێت بگرنە ئەستۆ. تا فێربن چۆن هەڵەکانیان ڕاست دەکەنەوە و دەرەنجامی بڕیارەکانیان دەگرنە ئەستۆ؛ چونکە ئەوان تا هەڵە نەکەن فێری ڕاست نابن و زیانەکانیش گرنگ نیین بەمەرجێك سەرەنجام نەوەیەکی ڕاهێنراوی خاوەن ئەزموونی بەئەمەك پەروەردە بێت؛ چونکە کەم کردنەوە و کورتکردنەوەیی هەڵە و زیانەکان لەژیانی نەوەکاندا بەهایەکی نییە ئەگەر دەرەنجامەکەی پەروەردەکردنی نەوەیەك بێت وەکو منداڵ بەردەوام پێویستی بەکەسێك بێت سەرپەرشتی بکات و کارەکانی بۆ بەڕێوە ببات...وەك ئەو منداڵەی نەهێڵێت بەپێی خۆی فێرە ڕۆیشتن بێت لەترسی ئەوەی نەکەوێت و زیان بەخۆی یان پێڵاوەکانی نەگات، لەم غەزایەدا هەموو هاوەڵان بەو پەڕی ئازادییەوە گوزارشتیان لە بۆچونی خۆیان کرد، وە پێغەمبەری خودا ﷺ بۆ چوونی زۆرینەی پەسەند کرد لە کاتێکدا سوور دەیزانی هەڵەیە. ئەمەیش لە پێناو جێبەجێکردنی

بنەمای ڕاوێژكردندا بوو كە بەلای پێغەمبەری خواوە ﷺ لەسەركەوتنێكی كاتی لەشەڕێكدا پێ گرنگتر بوو)[١].

ئەمڕۆ بەداخەوە خەڵكانێكی بەناو موسوڵمان كە هیچ لە ئیسلام و مێژووە پرشنگدارەكی نازانن سیستەمی دیموكراتی و پەرلەمانی بە ئێمە دفرۆشنەوە و پێیان وایە كە ئەمە یەكێكە لەناوازەترین دەسكەوتەكانی شۆڕشەكانی ڕۆژئاوا لە پێناو ئازادیدا، بێ ئاگا لەوەی كە هەموو ئەو جوانیانەی كە لە سیستەمی دیموكراتیدا هەیە لە سیستەمی شورای ئیسلامیدا بەزیادەوە هەیە و ئەو سنوور بەزێنیانەیش كە لەدیموكراتییەتدا هەیە لە ئیسلامدا نییە و ئێمە باوەڕمان پێی نییە.

ئێمە باوەڕمان وایە كە گەل خاوەنی دەسەڵاتە و هەر ئەویش ئەو كەس و دامودەزگایانە هەڵدەبژێرێت كە بەناوی گەلەوە دەسەڵات بەڕێوە دەبەن؛ بەڵام دەبێت گەل ئەوە بزانێت كە سەروەری یاسا بۆ شەرعی خوایە و هیچ گەل و نەتەوە و پارتێك بۆی نییە لەژێر پەردەی دیموكراسییەت و دەسەڵاتی گەلدا حەڵاڵێكی خوا حەرام بكات و یاساغی بكات یان بەپێچەوانەوە حەرامێكی خوا حەڵاڵ بكات و ڕێگەی پێ بدات، یاخود سنوورەكانی شەرع ببەزێنیت؛ چونكە هەموو ئەوانە لەسنووری دەسەڵاتی خوادان و بەدەرن لەدەسەڵاتەكانی خەڵك.

٣٢- پشت بەستن بەخوای گەورە یەكێكە لە هۆكارەكان و كۆڵەكەكانی سەركەوتن:

پاش ئەوەی خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ كرد ڕاوێژ بەهاوەڵانی بكات و گوێ بۆ بۆچوونەكانیان بگرێت، و هەموو هۆكارە و ڕێكارە مادییەكانی سەركەوتن بگرنە بەر و دەستەبەر بكەن، ئێستا ڕێنمووی دەكات بۆ هۆكار و هاوكارێكی تر و بگرە كۆڵەكەی سەرەكی سەركەوتن كە كۆمەك و بەدەمەوەهاتنی خوای گەورەیە و پێی دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ﴾[٢]. واتە: پاش ئەوەی كە ڕاوێژت بەهاوەڵانت كرد هەر بڕاردەیەكت پەسەند كرد پشت بەخوا ببەستە وئیشی

١ - سيد قطب، في ظلال القرآن، ج١، ص٥٠١.

٢ - سورة آل عمران: الآية (١٥٩).

لەسەر بکە و بشزانە کە خوای گەورە ئەو خەڵکانەی خۆشدەوێت کە پشتی پێ دەبەستن. لە ئایەتی پاش ئەویشدا جەخت لەسەر هەمان کار دەکاتەوە بەڵام لە بازنەیەکی فراوانتردا و ئەم جار فەرمانەکە تەنها بۆ پێغەمبەر ﷺ نییە بەڵکو بۆ کۆی بڕوادارانەو دەفەرموێت: ﴿وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾[1]. واتە: با بڕواداران پشت بەخوای بەخوای گەورە بەستن.

خۆشەویستان دەستەبەرکردنی هۆکارە ماددییەکان بەپێی توانا و پشت بەستن بەدەسەڵاتی بێ سنووری خوای گەورە دوو کۆڵەکەی سەرەکی سەرکەوتنن بۆ هەر کایەیەکی ژیان کە مرۆڤ بیەوێت تێیدا سەرکەوتوو بێت و بەرژەوەندی دونیاو دوارۆژی دەستەبەر بکات، وە پشتگوێ خستنی هەر یەکێك لەو دووانە لەسەر حیسابی ئەوی تریان کەلێنێکی گەورە سەرەتا لە تێگەیشتنمان بۆ ئیسلام و پاشان لە سەرخستنی کارو پرۆژەکانمان دروست دەکات؛ بۆیە خوای گەورە لێرەدا فەرمان بە پێغەمبەر و هاوەڵانی دەکات کە بۆ لەمەودوا ئاگایان لەهەردوو ڕێکارەکە بێت و کاری پێبکەن.

### ٣٣- پێغەمبەران سەرمەشقی هەموو ئاکارێکی جوان و ڕەوشتێکی بەرزن:

یەکێکی تر لەهەڵوێستە نەشیاوەکانی دووڕووەکان لە کاتی غەزای ئوحوددا ئەوەبوو کە لە نێوان خۆیاندا دەیانگوت: با چاودێری ئەو چەك و کەلوپەلانە بکەین کە لەسوپای قورەیش جێ دەمێنێت، نەبا موحەممەد ﷺ هەندێك لەو دەسکەوتانە بۆ خۆی ببات و قۆرخی بکات و دابەشی نەکات بەسەرماندا.

خوای گەورە لە وەڵامی ئەو هەڵوێستە نەشیاوەی ئەواندا دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَغُلَّ وَمَنْ يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾[2]. واتە: لە هیچ پێغەمبەرێك نەوەشاوەتەوە و ڕووی نەداوە کە ناپاکی و دزی لەدەستکەوتەکانی شەڕ بکات و هەر کەس کاری لەو جۆرە بکات لە قیامەت ناپاکییەکەی دێننەوە پێش چاو.

---

[1] - سورة آل عمران: الآية (١٦٠).

[2] - سورة آل عمران: الآية (١٦١).

وشەی ﴿يَغُلَّ﴾ لە ئایەتەكەدا بە ﴿يُغَل﴾ یش دەخوێنرێتەوە و لەسەر ئەم خوێننەوەیش واتە: هیچ كەس بۆی نەبووە ناپاكی دەرهەق بە پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرانی خوا بكات و هەركەس ناپاكی بەرامبەر بە پێغەمبەرێك بكات خوای گەورە لە قیامەت خیانەتەكەی دێنێتەوە پێش چاوی.

هەر بۆیە پێویستە مرۆڤی بڕوادار باوەڕی تەواوی هەبێت بەپاكی و بێگەردی پێغەمبەران لەهەر هەڵە و تاوانێك كە لەگەڵ گەورەیی ئەوان و پیرۆزی پەیامەكەیاندا یەك نەكاتەوە.

### ٣٤- مرۆڤ لەدواڕۆژدا بەرامبەر بەهەموو كردەوەكانی دونیای بەرپرسیارە:

خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾[1]. واتە: هەموو كەسێك لەسەر وردوو درشتی كارەكانی لێپێچینەوەی لەگەڵ دەكرێت و كەس لەو ڕۆژەدا ستەمی لێ ناكرێت.

خوای گەورە لێرەدا ئەوە بەگوێی هاوەڵانی پێغەمبەردا ﷺ دەدات كە هەر كەس لەوانەی بەشداری ئوحودیان كردووە بەپێی كردەوەكان و نیەتی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت، بڕواداران بەپێی بڕواداری خۆیان و دووڕووەكانیش بەپێی دووڕوویی خۆیان و بێ باوەڕانیش بەپێی بێباوەڕی خۆیان. و خوای گەورە هیچی لێ وون نییە.

خۆشەویستان ڕاستە ئەم ئایەتە دەربارەی ئوحود هاتۆتە خوارەوە بەڵام واتەكەی گشتگیرە و هەموو كەس و كات و شوێنێك دەگرێتەوە و مرۆڤ هەرچی دەڵێت یان دەكات دەبێت وەڵام و پاساوی كردنەكەی بۆ قیامەت ئامادە بكات و بشزانێت كە لەقیامەت كارەكەی دێننەوە پێش چاوی.

یەكێك لەدرووشمە ناوازەكانی لێپرسینەوەی دوا ڕۆژ ئەوەیە كە هیچ كەس لەو ڕۆژەدا ستەمی لی ناكرێت تەنانەت بێباوەڕو دووڕووەكانیش خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَإِنْ كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٦١).

خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا وَكَفَى بِنَا حَاسِبِينَ﴾[1]. واتە: لەڕۆژی دواییدا تەرازووی دادپەروەری بۆ كردەوەكانی مرۆڤ دادەنێین و هیچ جۆرە ستەمێك لە هیچ كەسێك ناكرێت و كردەوەی باش و خراپی مرۆڤەكان ئەگەر هێندەی یەك گەردیلەی بچوكیش بێت دەیهێننە سەر تای تەرازووەكانیان و پاداشتەكەی وەردەگرن و خوای گەورەیش باشترینی دادوەرو لێپرسراوەو كە ئاگای لەوردو درشتی كردەوەكانی مرۆڤ هەیە و هیچی لێ ون نابێت.

بۆیە با دەسەڵاتدارانی ستەمكار و دزو گەندەڵی دونیا بزانن كە دەسەڵاتەكانیان تاسەر نابێت و ئەمڕۆ یان سبەی لەبەر دادگای پەروەردگار بە ڕسوایی، بەڕووتی، بەسەرشۆڕی، بێ دەسەڵاتی، دەوەستێنرێن لەسەر هەر دڵۆپە خوێنێكی ڕژاو، فلسێكی پارەی دزراو، قەترە نەوتێك یان غازێكی بەتاڵان براو، هەناسەیەكی ساردی خەڵكی ستەملێكراو و بەش مەینەتكراو، لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەكرێت و سزای كارەكانیان وەردەگرنەوەو ئەو كات پەشیمان دەبنەوە؛ بەڵام خۆ لەو ڕۆژەدا پەشیمانی دادی كەس نادات.

## ٣٥- هیچ كات بەراوردی كاری خەڵكانی بڕوادار بە كاری خەڵكانی دووڕوو بێ باوەڕ ناكرێت:

خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿أَفَمَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَ اللَّهِ كَمَنْ بَاءَ بِسَخَطٍ مِنَ اللَّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾[2]. واتە: ئایا كەسێ ئامانجی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، وەك ئەو كەسە وایە كە لەدونیا بەهۆی كردەوە خراپەكانییەوە خوای گەورەی لەخۆی تووڕە كردبێت و لەدواڕۆژیشدا سزای دۆزەخ بێت كە خراپترین شوێنی مانەوەو حەوانەوەیە.

خوای گەورە دەیەوێت لەڕێی ئەم ئایەتەوە دڵی بڕواداران بداتەوە و تێیان بگەیەنێت كە هەرگیز هیچ كارێكی خۆیان لە گەڵ كاری بەرامبەرەكانیان بەراورد نەكەن و وا هەست نەكەن كە هاوكێشەكان چوون یەكن و ئەگەر ئەمان لەبەدردا سەركەوتون

١ - سورة الأنبياء: الآية (٤٧).
٢ - سورة آل عمران: الآية (١٦٢).

ئەوەتا لە ئوحوددا شکستیان خواردووە و ئەگەر ئەوان لەبەدردا لە بێباوەڕانیان کوشتووە ئەوەتا ئەمانیش لەئوحوددا هێندەی ئەوان شەهیدیان داوە و زیانەکانیان چوون یەکن.

لە گفتوگۆکەی پێشەوا عومەریش لەگەڵ ئەبو سوفیان ئەو نابەرامبەریە بەڕوونی هەست پێ دەکرێت کاتێك پێی دەڵێت: (الله) خوا و گەورەی ئێمەیە و ئێوە (الله) خوا و گەورەتان نییە و ئەنجامی شەڕەکانمان یەکسان نین؛ چونکە کوژراوەکاني ئێمە لە بەهەشتدان و کوژراوەکانی ئێوە لە دۆزەخدان.

بۆیە نابێت هیچ کات بەپێی پێوەرە دونیاییەکان هەڵسەنگاندن بۆ خۆمان و بەرەی بەرامبەر و واتەی سەرکەوتن وشکست بکەین؛ چونکە ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنە کارێکی کورتبینانەیە و خوای گەورە هاوەڵانی لێ بەئاگا دێنێتەوە و پێیان دەڵێت کە با سەرکەوتنی بێباوەڕان لە ئوحوددا بەهەڵەیاندا نەبات و وا تێنەگەن کە ئەوان باشترن بۆیە سەرکەوتون؛ چونکە هەمیشە بڕواداران سەرکەوتون لە هەر جێگەو پێگەیەك بن و ململانێکەیش لە شەڕێکی چەند کاژێری کورت و ڕووبەرێکی جوغرافی دیاریکراو هەڵنایەت و زۆر لەوە زیاتر و فراوانترە.

## ٣٦- ئامانجی سەرەکی لە هاتنی پێغەمبەر ﷺ ڕزگارکردن و سەرفرازی ئێمەیە:

پاش ئەوی خوای پەروەردگار باسی سۆز و لێبووردەیی و میهرەبانی پێغەمبەری ﷺ بۆ هاوەڵان کرد ئێستا ئەوەیان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هاتنی ئەو پێغەمبەرە ﷺ بەو ئاکارە بەرزانەوە خەڵاتێکی خوای گەورەیە و منەتێکی پڕ لە میهرەبانییە و دەبێت بڕواداران سوپاسی خوای لەسەر بکەن و دەست بە پەیام و بەرنامەکەیەوە بگرن و تا دەتوانن بەرگری لێبکەن؛ چونکە تاکە ئامانجی ئەو ڕزگاربوون و سەرفرازی ئەمانە، لەو بارەیەوە پێیان دەفەرموویت: ﴿لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولاً مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلالٍ مُبِينٍ﴾[١]. واتە: خوای گەورە منەتێکی گەورەی لەگەڵ بڕواداراندا کردووە کە پێغەمبەرێکی لەخۆیان بۆ ڕەوانە کردوون تا فەرموودەکانی ئەویان پێ بگەیەنێت و لەتاوان و ڕەوشتی ناشیرین

١ - سورة آل عمران: الآية (١٦٤).

پاکیان بکاتەوە و فێری قورئان و سوننەتیان بکات، هەر چەندە بەر لەهاتنی ئەو نغرۆی گومڕایی و نەفامی بوون.

ئەم ئایەتانە بۆ دەمکوتکردنی ئەو دووڕووانە بوو کە منەتی باوەڕهێنانیان بەسەر پێغەمبەردا ﷺ دەکرد و زماندرێژیان بەرامبەر دەکرد و هۆکاری شکستەکەی ئوحود و زیانەکانیان بۆ هاتنی ئەو دەگێڕایەوە؛ لێرەدا خوای گەورە بەرپەرچیان دەداتەوە و پێیان دەفەرموێت: ئەوەی ئەوان دەیڵێن پێچەوانەکەی ڕاستە و ئەگەر بەگوێی پێغەمبەریان بکردایە هەرگیز وایان بەسەر نەدەهات و ئەوەی بەسەریان هاتووە بەهۆی سەرکێشی خۆیان و سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی ئەوەوە بووە.

لە ئایەتێکی تردا ڕاشکاوانەتر قسە لەسەر ئەو هەڵوێستەی دووڕووەکان دەکات و دەفەرموێت: ﴿يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُلْ لا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلامَكُمْ بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَداكُمْ لِلْإِيمانِ إِنْ كُنْتُمْ صادِقِينَ﴾[1]. واتە: ئەوانە منەتی ئەوەت بەسەردا دەکەن کە موسوڵمان بوون!! بڵێ ئەگەر ئێوە ڕاستتان بکردایە لە باوەڕەکەتاندا دەبوو بتانزانیایە کە ئێوە منەتباری خوای گەورەن کە منی بۆ ڕەوانە کردوون و ڕێنمووی کردوون بۆ باوەڕو ڕێگەی ڕاست.

بەداخەوە ئەمڕۆ نەیارانی سوننەت هەر هەمان زماندرێژی دووڕووەکانی دوێنێ و بێ حورمەتییەکانی ئەوان دووبارە دەکەنەوە کاتێك دەڵێن سوننەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ زیادەن و ئەرکن و یەکڕیزی موسوڵمانان پەرت دەکەن؛ بۆیە پێویستە تەنها کار بەقورئان بکەین، بێ ئاگا لەوەی کە هاوکێشەکە بەپێچەوانەوەیە و پەرتوازەییەکەی ئیمە بەهۆی دور کەوتنەوەمانە لەسوننەت و شێوازی تێگەیشتنی پێغەمبەرو یارانی پێشین لە ئیسلام و دەقەکانی قورئان و بەداخەوە ئەگەر ئەوانە لە ئەلف و بێی قورئان تێبگەیشتنایە دەبوو قسەی ئاوهایان نەکردایە؛ چونکە خوای گەورە هەر لەو ئایەتەی پێشووی سورەتی (آل عمران) دا باسی ﴿الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ﴾ پێکەوە وەك

---

١ - سورة الحجرات: الآية (١٧).

دوانەیەکی لێك دانەبڕاو دەکات و زانراویشە کە مەبەست لە ﴿الْكِتَابَ﴾ قورئانە و لە ﴿الْحِكْمَةَ﴾ یش سوننەتەکانی سەروەرمانە.

هەر لەو بەرەیەی ئەواندا کۆمەڵێك لادەر و ڕووخاو هەن هەرچی نەهامەتی دەسەڵاتە گەندەڵ و سیستەمە سیاسیە بودەڵ و فشەڵەکانیان هەیە دەیدەنە پاڵ ئیسلام و موسوڵمانان بێ ئەوەی ئەوانەی ئەو نەهامەتییەیان بەسەر ئێمە هێناوە ڕۆژێك لەڕۆژان قسەیەکی خێریان بۆ ئیسلام یان باسێکیان بەچاکە کردبێت چ جای ئەوەی جێبەجێیان کردبێت. ئاخر ئایینێك کۆمکاری هەموو ڕەوشتە بەرزەکان و ئاکارە جوانەکان بێت لەگشت لایەنەکانی کۆمەڵایەتی یاسایی بازرگانی ئابوری ڕامیاری، وە دژ بێت بەهەموو دیاردەیەکی دزێو کە زیان بەتاك یان کۆمەڵگە بگەیەنێت و ڕێگە چارەی گونجاوی هەبێت بۆ گشت گرفتەکانی مرۆڤ؛ بۆ دەبێت بەرپرسیار بێت لەو هەموو نەهامەتییەی کە خەڵکانی تر بەسەر ئێمەیان هێناوە؟!!!.

گرفتی ئێمە ئەوەیە هەرچی بە نەژادو ناسنامە ناوی موسوڵمانی پێوە بوو ئیتر ئێمە هەرچی بکات لەچاوی ئیسلامی دەناسین؛ ئەگەر چی کەسەکە لە ژیانیا تەنها بۆ جارێکیش کڕنوشیکی بۆ خوا نەبردبێت و باشەیەکی ئیسلام بەدەمیا نەهاتبێت و گۆشکراوی بەرنامەی دژە دین و دوور لەخوا بێت و پڕ بەدەم هاوار بکات و بڵێت من موسوڵمان نیم و شەو و ڕۆژی خستبێتە سەر یەك بۆ دژایەتی کردنی ئیسلام و موسوڵمانان.

ئیسلام بریتییە لەو دەقانەی لەدوتوێی قورئان و سوننەتدا هاتوون و هەرچی تر هەیە لێکدانەوەیە بۆ ئەو دووانە و زادەی بیری مرۆڤەکانە و ناکرێت هەڵە و کەموکورتییەکانی لەسەر ئیسلام بکرێتە ماڵ. کێیش ڕەخنەی لەئیسلام هەیە دەبێت لەدەق هەیبێت نەك لە ئاکاری ئێمەومانان و شێوازی تێگەیشتنمان لە ئیسلام.

بۆیە ناکرێت پەیامی پیرۆزی ئیسلام و پێغەمبەرە سەروەرەکەی ﷺ بەبەرپرسیار بزانرێت بەرامبەر بەبچوکترین هەڵەی مرۆڤەکان کە ڕوودەدات. هەر کەسیش وا بیر

بكاتەوە ئەوە دیارە لە وانەكانی ئوحود حاڵی نەبووە و هەمان قسەی دووڕووەكان دووبارە دەكاتەوە.

**٣٧- خەڵكانێك هەن بە ڕوكەش لەڕیزەكانی ئێمەدان بەڵآم لەناخدا دوژمن و دووڕوو و ناپاكن:**

پێویستە بەردەوام ئاگامان لەخۆمان بێت و بزانین خەڵكانێك هەن لەڕیزەكانی ئێمەدا وەك دۆست و پشتیوان خۆیان نیشان دەدەن؛ بەڵام لەناخدا دووڕوو و ناپاكن و لەبەرژەوەندی بەرەی بەرامبەر كاردەكەن؛ چونكە مەترسی ئەم جۆرە كەسانە لە مەترسی بێباوەڕان و ئەوانەی بەئاشكرا دژایەتیمان دەكەن زۆر زیاترە؛ هەر بۆیە خوای گەورە یەك سورەتی قورئانی تایبەت كردووە بەناوی ئەوانەوە و لەچەندین سورەتی تریشدا وەك سورەتەكانی (توبة) و (آل عمران) زۆر جەخت لەسەر هەڵوێستە بەدەكانییان دەكاتەوە تا بڕواداران لێیان بەئاگابن و بتوانن بیانناسنەوە و بشزانن كەبوونی ئەو جۆرە كەسانە لەڕیزی بڕواداراندا بوونێكی سرووشتی و حەتمییە؛ چونكە ئەگەر لەڕیزی یارانی پێغەمبەردا ﷺ- كەباشترینی نەوەو نموونەی بڕواداریین- ئەمانە بونییان هەبووبێت و ئەم هەموو ڕۆڵە نەرێنییەیان هەبووبێت ئەوە بەدڵنیاییەوە لەڕیزی نەوەكانی دوای ئەواندا ڕێژەیان زیاترەو ڕۆڵیان كاریگەرترە.

خوای گەورە لە یەكێك لەدیمەنەكانی ئوحوددا لەو باسە دەدوێت و پێمان دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَصَابَكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ فَبِإِذْنِ اللَّهِ وَلِيَعْلَمَ الْمُؤْمِنِينَ وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ نَافَقُوا وَقِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا قَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوِ ادْفَعُوا قَالُوا لَوْ نَعْلَمُ قِتَالاً لاتَّبَعْنَاكُمْ هُمْ لِلْكُفْرِ يَوْمَئِذٍ أَقْرَبُ مِنْهُمْ لِلإِيمَانِ يَقُولُونَ بِأَفْوَاهِهِمْ مَا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ﴾[1].

ئەم ئایەتانە باس لە پیلانی دووڕووەكان و هەڵوێستە نەخوازراوەكانیان دەكات لە یەكێك لەدیمەنەكانی ئوحودا و لەو كاتەی كەسوپای بڕواداران و سوپای قورەیش لێك دەركەوتن ئەوەبوو عەبدوڵڵای كوڕی ئوبەیی لەگەڵ (٣٠٠) چەكدار لە دووڕووەكانی هاوەڵی بەمەبەستی ڕوخاندنی ورەی بڕواداران و بەرزكردنەوەی ورەی سوپای قورەیش

١ - سورة آل عمران: الآية (١٦٧).

کە دیمەنەکەیان دەبینی بڕیاری گەڕانەوەیاندا، عەبدوڵڵای کوڕی حەرام پیاوێکی ئەنصاری بەڕێزو قسەڕۆیشتوو بوو لەمەدینەدا کە ئەو هەڵوێستەی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی و هاوەڵەکانی بینی زۆری پێناخۆش بوو، چووە سەر ڕێگەکەیان و تکای لێکردن کاری وا نەکەن و پێی گوتن: ﴿تَعَالَوْا قَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوِ ادْفَعُوا﴾ خزمەکان تکایە کاری وا مەکەن و پشتی پێغەمبەر ﷺ بەر مەدەن و خۆتان و ئێمەیش شەرمەزار مەکەن، وەرن با پێکەوە لە پێناوی خوای گەورە و پاراستنی پەیام و پێغەمبەرەکی بجەنگین، یان هەر نەبێت لە پێناو پاراستنی شاری مەدینە و شەرەفی خۆتان بجەنگن کە قورەیش زەفەری پێ نەبات، خۆ هەر نەبێت ئێمە کەسوکاری خۆتانین و بەرگری لە ئێمە بکەن، ئەوەتا سێ ڕۆژە قورەیش ئەسپ و وشترەکانیان بەرداوەتە دەغڵ و دانەکانمان و لە باخەکانی ئێمەدا دەیانلەوەڕێنن بەبێ ئەوەی حساب بۆ یەك کەس بکەن؛ خۆ ئێمە لەسەردەمی نەفامیشدا ئەم بێڕێزییەمان قبوڵ نەکردووە. بابە هەر نەبێت بمێننەوە و شەڕ مەکەن بەڵام ڕەشایی ئێمە زیاد بکەن.

لەوەڵامدا گوتیان: ﴿لَوْ نَعْلَمُ قِتَالاً لاتَّبَعْنَاكُمْ﴾ واتە: ئێمە دڵنیاین کە قورەیش بۆ شەڕ نەهاتووە و شەڕیش ڕوو نادات، خۆ ئەگەر بمانزانیایە شەڕ ڕوو دەدات لەگەڵتان دەماینەوە، خۆ ئەگەریش شەڕ ڕوو بدات ئەوە شەڕی ئێمە نییە و ئێمە هیچمان لەگەڵ قورەیش نییە ئەوان بۆ شەڕی موحەممەدو خزمەکانی خۆیان هاتوون با موحەممەدو هاوەڵانی بچن ئەو بابەتەیان لەگەڵ یەکلا بکەنەوەو ئێمە شەڕی قورەیشمان پێ ناکرێت و دەگەڕێینەوە.

خوای گەورە لەوەڵامدا پێیان دەفەرموویێت: ﴿هُمْ لِلْكُفْرِ يَوْمَئِذٍ أَقْرَبُ مِنْهُمْ لِلإِيمَانِ يَقُولُونَ بِأَفْوَاهِهِمْ مَا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ﴾. واتە: ئەوانە درۆ دەکەن و لە بەرەی کوفرەوە زیاتر نزیکن تا بەرەی بڕواداران و خوای گەورە ئاگای لەنیەتی دڵیانە و ئەوەی لەدڵیاندا پەنهانی دەکەن زۆر جیاوازە لەوەی بەدەم دەیڵێن و بانگەشەی بۆ دەکەن.

 

## ٣٨- بڕواداران دەبێت جگە لەخوا لە هیچ شتێکی تر نەترسن:

خوای گەورە ستایشی هەڵوێست و ڕۆڵی ئەو هاوەڵانەی پێغەمبەر ﷺ دەکات کەهەر پاش ڕۆژێك لە ڕووداوەکەی ئوحود و سەرەڕای هەموو برین و ئازار و ناڕەحەتییەکانیان، کاتێك پێغەمبەر ﷺ داوایکرد خۆیان کۆبکەنەوەو شوێن سوپای قورەیش بکەون تا تۆڵەی شەهیدانی ئوحودیان لێبکەنەوە لەماڵەکانیان بەپەلە هاتنە دەرەوە و بەدەم بانگەوازەکەی پێغەمبەرەوە ﷺ چوون و یەك کەسیشیان لێ دوا نەکەوت.

خودای گەورە ستایشی ئەم هەڵوێستە مەردانەیەی هاوەڵان دەکات و لەبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِلَّهِ وَالرَّسُولِ مِنْ بَعْدِ مَا أَصَابَهُمُ الْقَرْحُ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا مِنْهُمْ وَاتَّقَوْا أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾[١]. واتە: ئەوانەی سەرەڕای ئازار و برین و ناڕەحەتییەکانیان بەدەم بانگەکەی بانگەکەی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیەوە ﷺ هاتن، ئێمە پاداشتی گەورەی هەر یەك لەو چاکە کار و خوا ناسانە دەدەینەوە.

خۆشەویستان سەرنج بدەن لێرەدا خۆ فەرمانەکە فەرمانی پێغەمبەر بوو ﷺ بەڵام خوای گەورە دەیداتە پاڵ خۆی و بگرە خۆیشی پێش دەخات تا ئێمەی بڕوادار حاڵی بکات لەوەی کە گوێڕایەڵی کردنی فەرمانکانی پێغەمبەر ﷺ وەك گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی خوای گەورە وایە و پێچەوانەکەیشی هەر وایە، ئەمەیش بەڵگەیەکی تری دەمکوتکەرە بۆ ئەو دووڕووانەی دەیانەوێت لە ژێر پەردەی قورئانیبووندا دژایەتی پێغەمبەر ﷺ و سوننەتەکانی بکەن.

خوای گەورە بەردەوام دەبێت لەسەر ستایشکردنی هەڵوێستی مەردانەیان و دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَانًا وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾[٢]. واتە: ئەوانەی کەدووڕوو دەروون نەخۆشەکان پێیان دەگوتن ئەم جارە دەبێت بەتەواوی بترسن؛ چونکە ئەبو سوفیان و سوپای قورەیش خۆیان بۆ

١ - سورة آل عمران: الآية (١٧٢).

٢ - سورة آل عمران: الآية (١٧٣).

شەڕی ئێوە ڕێك خستۆتەوە و ئەمجارە تا بەتەواوی لەناوتان نەبەن دەست لەکوشتنتان کۆتا ناکەن[١]. بەڵام ئەو قسانە هیچ کاریگەری خراپی لەسەر دروست نەکردن؛ بەڵکو بەپێچەوانەوە باوەڕی پتەوتر کردن و خۆڕاگری زیاتر کردن و گوتیان: ئێمە خوامان لەپشتە کە باشترینی پشتیوانە و هەرکەسیش خوای لە پشت بێت لەهیچ شتێکی تر سڵ ناکات.

ئەمانە ئەوەندە باوەڕیان بەکۆمەك و پشتیوانی خوای گەورە پتەو بوو نەك باکیان لە قورەیش بەڵکو لە هەموو هێزی دونیا نەبوو؛ بۆیە خوای گەورە لە ئایەتەکەدا نافەرموێت: قورەیش خۆی بۆ شەڕی ئێوە ئامادە دەکات لە کاتێکدا باسەکە باسی سوپای قورەیشە؛ بەڵکو دەفەرموێت هەموو خەڵکی، سەرەڕای ئەوەیش ئەوان ئەوەندە بێ باك و بێ منەت بون لێیان.

ئەو سەروەریەی هاوەڵان لە غەزوەی (حمراء الأسد) دا تۆماریان کرد هیچی لە سەروەرییەکانی ئوحود کەمتر نەبوو؛ چونکە ئەوان بەر لە ئوحود شکستیان نەبینیبوو بەڵام ئێستا تامی تاڵی شکست دەزانن و لە ئازارەکانی تێدەگەن، بۆیە سەروەرییەکی گەورە بوو بۆ ئەوان کە سەرەڕای برین و ئازرەکانیان بەو گوڕو تینەوە ئامادە بن ڕووبەڕووی ئەو سوپایە ببنەوە کە دوێنێ ئەو شکستە گەورەیەی بەسەر هێناون.

**٣٩- هەر کەس پشت بەخوای گەورە ببەستێت خوای گەورە شەڕی خەڵکی لەکۆڵ دەکاتەوە و لەهەرچی دەترسێت پەنای دەدات:**

خوای گەورە لە پاداشتی ئەو هەڵوێستە مەردانەیەی هاوەڵاندا کە لەغەزوەی (حمراء الأسد) نواندیاند پێیان دەفەرموێت: ﴿فَانْقَلَبُوا بِنِعْمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ لَمْ يَمْسَسْهُمْ سُوءٌ وَاتَّبَعُوا رِضْوَانَ اللَّهِ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ﴾[٢]. واتە: ئەوانە مەبەستیان ڕەزامەندی خوای گەورە بوو؛ بۆیە خوای گەورەیش بەسەلامەتی گەڕاندنییەوە و نیعمەت و میهرەبانی

---

١ - ئەمە قسەی کۆمەڵێك لە هۆزی (عبد القيس) بوو کەهاوەڵانیان بینی ویستیان بیانترسێنن و وایان پێگوتن.

٢ - سورة آل عمران: الآية (١٧٤).

خۆی ڕشت بەسەریاندا و نەیهێشت بچوکترین زیانیشیان پێ بگات و خوای گەورە خاوەن منەت و بەخششی زۆرە لەسەر بەندەکانی.

سەرنج بدەن بەڕێزان ئەو بوێری و چاونەترسییەی هاوەڵان لە پێناوی خوادا بووە هۆکاری سەلامەتی و پاراستنیان، خۆ ئەگەر بترسانایە و بگەڕانایەتەوە ئەوە بەدڵنیاییەوە ئەو کات قورەیش دەگەڕانەوە سەریان و خراپیان بەسەر دەهێنان؛ کەواتە ترس هەمیشە دەرەنجامەکەی پێچەوانەیە و ڕێخۆشکەرە بۆ ڕوودانی ئەگەرە نەخوازراوەکان؛ بەڵام بڕاردەی غیرەت و ڕووبەڕووبوونەوە ڕێگرە لە ڕوودانی دەرەنجامە خراپەکان، بەتایبەتی ئەگەر ئەو چاونەترسانە لە پێناو سەرخستنی دینی خواو پەیامەکەی ئەودا بێت.

پێشەوا جەعفەری صادق هەندێك لێکدانەوەی جوان و هەڵێنجانی ناوازەی هەیە بۆ قورئان لەوانە دەڵێت:

- پێم سەیرە کەسێك لەشتێك بترسێت و پەنا نەبات بۆ ئەو نزایەی کەهاوەڵان لە غەزوەی (حمراء الأسد) گوتیان: ﴿حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾؛ چونکە گوێم لێ بووە خوای گەورە لە پاداشتی ئەو کەسانەی وایان گوتوە دەفەرموێت: ﴿فَانْقَلَبُوا بِنِعْمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ لَمْ يَمْسَسْهُمْ سُوءٌ وَاتَّبَعُوا رِضْوَانَ اللَّهِ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ﴾.

- پێم سەیرە کەسێك خەمێکی هەبێت و پەنا نەبات بۆ ئەو نزایەی کە یونس لە تاریکایی شەو و تاریکایی بنی دەریاو و تاریکایی هەناوی نەهەنگەکەدا دەیگوت: ﴿لاَّ إِلَاهَ إِلاَّ أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾[1]. واتە: پەروەردگارا هیچ پەرستراوێکی بەحەق لەم گەردوونەدا بوونی نییە و جگە لەتۆ هیچ کەسێك شایەنی پەرستن نییە و ئەوەی بەسەرم هات بەهۆی ستەم و کاری نارەوای خۆمەوە بووە؛ چونکە گوێم لێبووە خوای گەورە لەوەڵامیدا دەفەرموێت: ﴿فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْغَمِّ وَكَذالِكَ نُنجِي الْمُؤْمِنِينَ﴾[2]. واتە: ئێمە هاتین بەهانایەوە و لەو نەهامەتییە ڕزگامان کرد و — پاشان مژدە دەداتە

١ - سورة الأنبياء: الآية (٨٧).

٢ - سورة الأنبياء: الآية (٨٨).

سەرجەم بڕواداران تا وا هەست نەکەن ئەم بەخششە تایبەتە بە یونس چونکە پێغەمبەر بووە بەڵکو دەفەرمویت- هەر بەو شێوەیەیش بەهانای هەموو بڕوادارانەوە دەچین.

- پێم سەیرە کەسێك دوژمنانی پلانی لەدژ بگێڕن و پەنا نەبات بۆ ئەو نزایەی کە خزمە بڕوادارەکەی فیرعەون - کاتێك ئامۆژگاری دەکردن دەیزانی کە دارودەستەکەی فیرعەون پلان بۆ لەناوبردنی دادەڕێژن- دەیگوت: ﴿وَأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ﴾[1]. واتە: من خۆم داوەتە دەست خوای گەورە و خوای گەورە خۆی ئاگای لە وردو درشتی کاری بەندەکانییەتی؛ چونکە گوێم لێبووە خوای گەورە لەوەڵامیدا دەفەرمویت: ﴿فَوَقَاهُ اللَّهُ سَيِّئَاتِ مَا مَكَرُواْ وَحَاقَ بِآلِ فِرْعَوْنَ سُوءُ الْعَذَابِ﴾[2]. واتە: خوای گەورە لەپلانە خراپەکانی ئەوان پاراستی و دەست و پێوەنەکەی فیرعەونی بەسەختترین شێوە سزادا.

**٤٠- هەموو ترسێك لە غەیری خوا سەرچاوەکەی شەیتانە و ئەو جۆرە ترسەیش لە خەڵکی بڕوادار ناوەشێتەوە:**

خوای پەروەردگار لەو بارەوە دەفەرمویت: ﴿إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾[3]. واتە: ئەوانەی بە ئێوە گوترا دەربارەی خۆ سازدانەوەی قورەیش بۆ لەناوبردنتان تەنها وەسوەسە و دڵەڕاوکێی شەیتانە و گوێ لەمشتەکانی خۆی پێ دەترسێنێت و ئێوەی بڕوادار ئەگەر ڕاست دەکەن لەباوەڕەکەتاندا ئەوە تەنها لەخوای خۆتان بترسن و جگە لەو لەهیچی تر مەترسن.

خۆشەویستان ئەمە یەکێکە لەکۆڵەکە سەرەکییەکانی بیروباوەڕ کە دەبێت مرۆڤ باوەڕی وابێت هەرچی لەم بونەوەرەدا هەیە هی خوای گەورەیە و بەویستی ئەو دەسوڕێت و دەگوزەرێت و هیچ شتێکیش بەبێ ویستی ئەو ڕونادات. جا هەر کات مرۆڤ ئەو قەناعەتەی لە ناخا چەسپا حیساب بۆ هیچ شتێکی تر ناکات و لێی ناترسێت.

١ - سورة غافر: الآية (٤٤).
٢ - سورة غافر: الآية (٤٥).
٣ - سورة آل عمران: الآية (١٧٥).

ئەگەریش ترسا ئەوە دەبێت سەرەتا لەباوەڕەکەی بترسێت و بزانێت کەلێنێکی تێدایە و لەو کەلێنەوە شەیتان دزەی کردوە و بەسەریدا زاڵبووە و ئەو ترسەی لەدڵدا داناوە؛ هەر بۆیە خوای گەورە دەربارەی ئەم هاوکێشەیە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾. کەوابوو ئەوانەی ترسی دووژمن زاڵ بوو بەسەریاندا ئەوانە موریدەکانی شەیتان بوون و ئەوانەیشی جگە لە خوا لە هیچ شتێکی تر نەترسان ئەوانە بڕواداری ڕاستەقینە بوون.

## ٤١- هەرگیز خەم لەهەڵوێستی خەڵکانی دووڕوو و بێباوەڕ نەخۆین:

پاش شکستەکەی ئوحود کۆمەڵێك بەناو بڕوادار - کەهەر لەمەککە مابونەوە و کۆچیان نەکردبوو بۆ مەدینە و ناو بەناو هەواڵی قورەیش و بارودۆخی شاری مەککەیان بۆ پێغەمبەر ﷺ دەنارد- کە بیستیان سوپاکەی پێغەمبەر ﷺ توشی شکست هاتووە لە ئوحوددا، بەپەلە و هەڵەداوان وازیان لە ئیسلام هێنا و گەڕانەوە ناو کوفر و ڕیزی بێبڕوایان، کە هەواڵەکە گەشتەوە پێغەمبەر ﷺ زۆر پێی نیگەران بوو؛ یەکەم لەبەر خۆیان کە قیامەتیان لەدەست چوو، دووەمیش لەبەر ئەوەی هەندێك لەوانە چاوی پێغەمبەرﷺ بوون لە مەککە و هەواڵیان پێدەدا و بەو هۆیەیشەوە لە زۆرێك لە نهێنییەکانی پێغەمبەر ﷺ و سەرچاوەی زانیارییەکانی لە مەککە بەئاگا بوون.

خوای گەورە دڵی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان و بڕواداران دەداتەوەو پێیان دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَحْزُنْكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لَنْ يَضُرُّوا اللَّهَ شَيْئًا يُرِيدُ اللَّهُ أَلَّا يَجْعَلَ لَهُمْ حَظًّا فِي الْآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾[1]. واتە: هەڵوێستی ئەوانەی پێشبڕکێ دەکەن لەگەڕانەوە بۆ بێباوەڕی و سەردەمی نەفامی هەرگیز نیگەرانت نەکات؛ ئەوانە هەرچی و هەرچۆن بکەن جگە لەخۆیان زیانێکیان بۆ خوا و خەڵکی بڕوادار نابێت و خوای گەورە دەیەوێت ئەوانە بەدەستی خۆیان خەرمانی چاکەکانی خۆیان بسوتێنن و لەناو ببەن تا هیچ پاداشتێکیان بۆ قیامەت نەبێت و ڕووبەڕووی سزایەکی سەختیان بکاتەوە.

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٧٦).

لەئایەتی پاش ئەودا و بۆ زیاتر دڵدانەوی پێغەمبەر ﷺ و بڕواداران ڕاستی باوەڕی ئەو جۆرە کەسانە ڕوون دەکاتەوە و دەفەرموێت ﴿إِنَّ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الْكُفْرَ بِالْإِيمَانِ لَنْ يَضُرُّوا اللَّهَ شَيْئًا وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾[1]. واتە: ئەوانەی باوەڕەکەیان تاڵان فرۆش کردووە و کوفریان پێ کڕیوە ئەوانە هەرگیز بڕواداری ڕاستەقینە نەبوون؛ بەڵکو بازرگان بوون و بازرگانییان بە ئاین و پەیامەکەیانەوە کردووە و هەرچی بکەن ناتوانن زیان بەخوای گەورە بگەیەنن و خوای گەورە لە دوارۆژدا ڕووبەڕوی سەختترین سزایان دەکاتەوە.

خۆشەویستان بەڕاستی سەختە کاتێك خەڵکانێکی بەدبەخت دەبینیت تا دوێنی لاف و گەزافی بڕوادارییان لێدەدا کە چی ئێستا داردەستی خەڵکانی دونیا ویست و دژە دینن و بونەتە دەهۆڵکوت و شایەری شەیتان و بەردەوام لە کەناڵ و دەزگاکانی بەرەی بەرامبەرەوە خەریکی ئاشوب نانەوە و دروستکردنی گومانن لەدڵی بڕواداراندا و بەهەڵوێستە نامۆ و کارە نەشیاوەکانییان نیگەرانیان دەکەن و ئازاریان دەدەن.

بەڵام کاتێك ئەم ئایەتانە دەخوێنیتەوە فێنکی بەدڵتدا دێت و خەمەکانت دەڕەوێتەوە و ئازارەکانت کەم دەبێتەوە، ئەم ئایەتانە بچوکی ئەوان و لاوازی هەوڵەکانیان دەردەخات و پێمان دەفەرموێت بەهەڵوێستەکانیان نیگەران مەبن و هەڵگەڕانەوەی ئەوان نەك هەر زیانێکی بۆتان نابێت بەڵکو سوودیشی هەیە و ڕیزەکانتان لەو جۆرە کەسانە پاك دەبێتە و ئەوانە هەر کاتی خۆیشی مشەخۆر و هەلپەرست بوون و بەمەبەستی دەستخستنی دونیا لەگەڵتان بوون و ئێستا ڕاستی ناخی خۆیان دەرخستووە و گوزارشتیان لێکردووە.

خوای گەورە کاتێك باسی سزای ئەم جۆرە کەسانە دەکات پەنا بەخوا بە چەندین شێوە گوزارشت لە جۆری سزاکەیان دەکات و جارێك دەفەرموێت: ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ و جارێکیش دەفەرموێت: ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾. واتە: سزایەکی زۆر سەخت و پڕ لەئازاریان هەیە.

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٧٧).

## ٤٢- کرۆکی ململانێ و دژایەتییەی نێوان بەرەی باوەڕ و بێباوەڕیی لەسەر خودی خوایە:

خۆشەویستان ئێمەی بڕوادار ڕقمان لەهیچ کەس نییە و کەسیش بەنەیاری خۆمان نازانین و هەرچیش دەکەین و دەیڵێین لە دڵسۆزیمانەوەیە و لە پێناو بەرژەوەندی خەڵکی خۆیدایە و ئامانجمان ئاشت کردنەوەی خەڵکە لەگەڵ خواو نامانەوێت هیچ کەس نەبۆ دونیا نەبۆ دواڕۆژ هیچ زیانێك بکات، هەموو پەیامەکانی خوای گەورەیش لەو پێناوەدا هاتوون و هەرچیش بەسەر پێغەمبەران و پیاوچاکاندا هاتووە هەر لەو پێناوەدا بووە.

هەرکەسیش سەنگەری لەوان گرتبێت لەڕاستیدا سەنگەری لە خوا گرتوە؛ چونکە ئەرکی ئێمە تەنها گەیاندنی پەیامەکانی ئەوە و جگە لەڕەزامەندی ئەو هیچ مەبەستێکی ترمان نییە و نەبووە؛ بۆیە خوای گەورە لەو دوو ئایەتەی پێشتردا کە باسمان کردو کاتێك باسی هەڵوێستی هەڵگەڕاوەکانمان بۆ دەکات جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە و لەهەردوو ئایەتەکەدا دەفەرموێت: ﴿لَنْ يَضُرُّوا اللَّهَ شَيْئًا﴾. واتە: هەڵوێستی ئەوانە هەرچی و هەرچۆن بیت زیان بەخوا ناگەیەنێت کەواتە شەڕی ئەوان لەگەڵ خوایە نەوەك ئێمە و شەڕی ئێمەیش لەسەر خوایە نەوك خۆمان و پێویستە بڕواداران لەو هاوکێشەیە تەواو بەئاگا بن.

ئەم ڕاستیەیش حاشا هەڵنەگرە؛ چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ بەرلەوەی پەیامی ئیسلامی بۆ بێت لەناو بێباوەڕانی قورەیشدا بە ڕاستگۆ و دەم پاك ناسرابوو وە کێشەی لەگەڵ هیچ کەس نەبوو؛ بەلاّم کە بو بەپەیامبەر هەموو ئەو هاوکێشانە لای زۆربەی خەڵکی پێچەوانە بونەوە و تۆمەت نەما نەیدەنە پاڵ پێغەمبەر ﷺ ، هەر لە درۆ و جاد و بوختان و بەکرێگیراوی تا دەگاتە شێتی و خەڵەفاوی و دەیەها تۆمەتی تر، ئەمە لە کاتێکدا کە قورەیش باش دەیانزانی ئەو تۆمەتانە هیچیان ڕاستنین و تەنها بۆ ناشیرینکردنی پەیامەکەیەتی؛ هەر بۆیە زۆر جار بەبێ ئەوەی هەست بکەن خۆیان بەدرۆ دەخستەوە بەتایبەتی لە کاتی دانوستانەکاندا کەتێك دەهاتن و دەیانگوت

هەرچیت دەوێت بۆت دەکەین و پێت دەدەین و ئامادەین بتکەینە براگەورە و سەروەری خۆمان بەمەرجێك واز لەو پەیامە بهێنیت کە دەڵێیت لای خواوە بۆم هاتووە. بێ ئاگا لەوەی کە هەر ئامانە خۆیان بە درۆزن و دەستبڕ و خەڵەفاو و بەکرێگیراوی لەقەڵەم دەدەن، باشە ئەگەر کەسێك ئەو هەموو سیفاتە خراپەی تێدا بێت شیاوە بکرێتە فەرمانڕەوا و براگەورە؟!!

ئێستایش و لەداهاتوویشدا ململانێکە هەر هەمان ململانێ دەبێت و بۆ هەمان ئامانج و بەهەمان ئامراز بەڕێوە دەچێت و هەمان چارەنووسیشی دەبێت، ئەوەی دەگۆڕێت تەنها ئەکتەرو دەموچاوەکانەو هیچی تر.

## ٤٣- هەر کەس سەنگەر لەخوا بگرێت خوای گەورە لەناوی دەبات:

خۆشەویستان ئەمە ڕاستییەکی ڕەهایە و دەبێت بێبڕوایان باش لێی تێبگەن کەشەڕی خوا بەکەس ناکرێت؛ چونکە هەرچی لەم بونەوەرەدا هەیەی هەمووی بەندە و سەربازی ئەوە و بیەوێت گەورەترین هێز بەبچوکترین سەربازی خۆی بەچۆکدا دەهێنێت، ئەوەتا لە ئێستادا بچوکترین دروستکراوی خوای گەورە کە ڤایرۆسی کرۆنایە هەموو زلهێزانی دونیای بەو هەموو چەك و جبەخانە و تەکنەلۆجیا و پیشەسازییەوە بەچۆکدا هێناوە و هەموو جیهان لەبەرامبەریدا تۆقیوە و دەسەوسان وەستاوە؛ ئێستا پێم نالێن چەکی ئەتۆمی و زەڕڕە و بایۆلۆجی و ملوێنەها سەربازو هتد سوودی چییە و چۆن دەتوانێت بەر بەو بەڵایە بگرێت؟! بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ﴾[1]. واتە: بەس تەنها خوای گەورە بۆ خۆی دەزانێت کە سەربازەکانی چین وکێن وچۆنن. ئەوەتا گەلانی پێشوو هەر یەکە و بەشتێك لەناو چوون کە هەرگیز بەخەیاڵیاندا نەهاتووە، هەبووە بە ئاو، هەبووە بە با، هەبووە بە بەرد هەبووە تەنها بەدەنگ و هەتا دوایی.

هەربۆیە کاتێك لەشەڕی بەدردا هەندێك لەهۆزەکانی عەرەب پەیوەندییان بە ئەبو جەهلەوە کرد و پێشنیاری ئەوەیان کرد کە هاوکاری بکەن، لەوەڵامدا پێی گوتن: ئەگەر

---

١ - سورة المدثر: الآية (٣١).

ئەم شەڕە لەگەڵ خوا بێت هەر وەکو موحەممەد ﷺ بانگەشەی بۆ دەکات ئەوە کەس لەگەڵ خوا پێی ناکرێت، خۆ ئەگەریش شەڕی موحەممەد ﷺ و یارانی بێت ئەوە خۆمان لە حەقیان دێین و پێویستمان بەکەس نییە.

ئێمەی بڕوادار بەو هێزە دڵنیا و پشتئەستورین کە هیچ هێزێك هاوتای نییە و ناتوانێت بەرامبەری بوەستێت و لەهەر چرکە ساتێکدا بیەوێت دەتوانێت هاوکێشەکان تەواو پێچەوانە بکاتەوە.

## ٤٤- بێباوەڕان لەهەر جێگەو پێگەیەکدا بن با بەسەرکەوتنە کاتییەکانیان لەخۆبایی نەبن:

لەوانەیە سەرکەوتنە کاتییەکانی بێباوەڕان لەئوحود و هەرکات و کایەیەکی تردا ئەو هەستەیان لا دروست بکات کە ئەوان لەسەر حەقن و بەرنامە و وپەیامەکەی ئەوان ڕاست بێت؛ بۆیە سەردەکەون وئەو هەموو بەخششەیان لەگەڵ دەکرێت لەوانەیشە ئەو هەستە نەك تەنها لای ئەوان بەڵکو لای هەندێك بڕواداری کرچ و کاڵیش دروست ببێت.

خوای گەورە ئەم هەڵەیە بۆ هەموو ئەوانە ڕاستدەکاتەوە و پێیان دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ خَيْرٌ لِأَنْفُسِهِمْ إِنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ لِيَزْدَادُوا إِثْمًا وَلَهُمْ عَذَابٌ مُهِينٌ﴾(١).

مُهِينٌ﴾(١). واتە: با بێباوەڕان وا تێنەگەن ئەو بەخششانەی پێیان دەدەین مەبەست لێی چاکە کردنە لەگەڵیان؛ بەڵکو جڵەو شلکردنە تا زیاتر ڕۆچن لە تاوان و بێباوەڕی خۆیاندا و سەرەنجامیش سزایەکی ڕیسواکەریان دەدەین.

ئەگەر سەرنج بدەین لێرەدا خوی گەورە لە وەسفی سزای ئەمانەدا دەفەرموێت: ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ مُهِينٌ﴾. واتە: سزایەکی ڕیسواکەریان دەدەین، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەسزای دۆزەخ تەنها جەستەیی نییە و بۆ لاشەیان بێت؛ بەڵکو سزایەکی فرە ڕەهەندە و کۆی پێکهاتەی مرۆڤبوونیان دەگرێتەوە؛ چونکە هەندێك جار کاتێك کەسێك ئازار دەدەیت کەسەکە بیشی کوژیت لەژێر ئەشکەنجەدا نەرمی نانوێنێت و داوای لێبوردن ناکات ولەڕووی دەروونییەوە کاری تێ ناکات؛ بەڵام سزای دۆزەخ وانییە و هیچ کەس نییە

---

١ - سورة آل عمران: الآية (١٧٨).

خۆی بۆ بگرێت و نەڕوخێت؛ بۆیە خوای گەورە لێرەدا دەفەرموێت سزاکە سوك و ڕیسوا و سەرشۆڕیان دەکات لە پای ئەو تاوانانەی کە کردویانە.

بۆیە گرنگە هەموو لایەك ئەو ڕاستیە بزانن کە ئەو سەرکەوتنە کاتییەی دوێنی ئوحود و ئەمڕۆی بەرەی بێباوەڕی شتێکی کاتییە وسەرەنجامەکی سەرشۆڕییەکی هەتا هەتایی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەو کەسانەی ئەیانەوێت بە بیری سیکۆلاریزم و لەژێر پەردەی دیموکراتییەتدا تۆوی بێباوەڕی بڕوێنن و لەپێناو تێرکردنی ئارەزووەکانیاندا دنیایەك لە ناپاکی بۆئەم میللەتە بەش مەینەتە بەرهەم بهێنن، دڵنیابن لەوەی باجی کۆی چرکە ساتەکانی خۆشییەکانی تەمەنی کورتی دونیایان بەسزای سەختی ساتە نەبڕاوە و هەتهەتاییەکانی قیامەت دەدەنەوە[1].

١ - سەرچاوەکانی تەفسیری قورئان: الطبري (محمد بن جرير بن يزيد بن كثير)، تفسير الطبري (جامع البيان عن تأويل آي القرآن)، ج٦، دار هجر، ط١، ١٤٢٢، تحقيق: عبد الله بن عبد المحسن التركي، ص٥- ٢٦٥. إبن الجوزي (عبد الرحمن بن علي بن محمد)، زاد المسير في علم التفسير، ج١، المكتب الإسلامي، بيروت، ط٣، ١٤٠٤، ص٤٤٩- ٥١١. الرازي (محمد بن عمر بن الحسن بن الحسين)، مفاتيح الغيب، ج٨، ج٩، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط٣، ص١٤٢٠، ص٣٤٤-٤٤٢. القرطبي (محمد بن أحمد بن أبي بكر بن فرح الأنصاري)، الجامع لأحكام القرآن، ج٤، دار الكتب المصرية، القاهرة، ط٢، ١٣٨٤، ص١٨٤- ٢٨٨. إبن كثير (إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي)، تفسير القرآن العظيم، ج٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤١٩، تحقيق: محمد حسين شمس الدين، ص٩٤-١٥٤. السيوطي (عبد الرحمن بن أبي بكر)، الدر المنثور في التفسير بالمأثور، ج٢، دار الفكر، بيروت، ص٣٠٢- ٣٩٣. العمادي (العمادي محمد بن محمد بن مصطفى)، إرشاد العقل السليم إلى مزايا الكتاب الكريم، ج٢، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ص٧٧- ١١٩. الشوكاني (محمد بن علي بن محمد بن عبد الله)، فتح القدير، ج١، دار ابن كثير، دمشق، ط١، ١٤١٤، ص٤٣٢- ٤٦٥. الآلوسي (إسماعيل حقي بن مصطفى الإستانبولي)، روح البيان، ج٢، دار الفكر، بيروت، ص٨٧- ١٣٥. البغوي (الحسين بن مسعود بن محمد بن الفراء)، معالم التنزيل في تفسير القرآن، ج١، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط١، ١٤٢٠، تحقيق: عبد الرزاق المهدي، ص٤٩٩-٥٤٤. إبن عاشور (محمد الطاهر بن محمد بن محمد الطاهر)، التحرير و التنوير، ج٤، الدار التونسية، ط، ١٩٨٤، ص٦٩- ١٧٧. الشنقيطي (محمد الأمين بن محمد المختار بن عبد القادر)، أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن، ج٨، دار الفكر، بيروت، ص١٠٦. سيد قطب إبراهيم حسين الشاربي، في ظلال القرآن، ج١، دار الشروق، بيروت، ط١٧، ١٤١٢، ص٤٥٤-٥٢٥. السعدي (عبد الرحمن بن ناصر بن عبد الله)، تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط١، ١٤٢٠، تحقيق: عبد الرحمن بن معلا اللويحق، ص١٤٥-١٥٨. سعيد حوى، الأساس في التفسير، ج٢، دار السلام، القاهرة، ط٦، ١٤٢٤، ص٨٦٨- ٩٤٨. الشعراوي(محمد متولي الشعراوي)، تفسير الشعراوي، ج٣، مطابع أخبار اليوم، القاهرة، ص١٧٢٥- ١٨٩٤.

# کۆتایی

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە لەسایەیەی نیعمەت و بەخشش و میهرەبانی ئەودا هەموو کارە باشەکان دەگەنە پایان، درووود و ڕەحمەت بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەر ﷺ و گشت خێزان و هاوەڵ و شوێنکەوتوانی تا ڕۆژیی دوایی.

خۆشەویستان لە کۆتایی باسەکەماندا گرنگترین دەرەنجام و ڕاسپاردەکانی دەخەینە ڕو، سەرەتا لە دەرەنجامەکانەوە دەست پێدەکەین و بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

## دەرەنجامەکان:

١- غەزای ئوحود یەکێکە لەگرنگترین ڕووداوەکانی ژیانی پێغەمبەر ﷺ و لەبەر گرنگی غەزاکە خوای گەورە (٦٠) ئایەتی سورەتی (آل عمران)ی تایبەت کردوە بە باسکردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی.

٢- هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی شەڕی ئوحود لەلایەن قورەیشەوە فرە ڕەهەند و ئامانجی جیاوازی هەبوو لەوانە: ئایینی، ڕامیاری، ئابووری، بازرگانی، کۆمەڵآیەتی.

٣- غەزاکە لەڕۆژی شەممەی (١٥) شەوالی ساڵی (٣) ی کۆچی لەدامێنی چیای ئوحوددا ڕویدا.

٤- کاتێك پێغەمبەر ﷺ هەواڵی پێگەیشت کە قورەیش بەنیازە هێرش بکاتە سەر مەدینە هاوەڵەکانی ئاگادار کردەوەو خۆیان بۆ ڕوبەڕوبوونەوەیان ئامادەکرد، هەرچەندە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی باشبوو لەناو مەدینە بمێننەوە؛ بەلآم پاش ئەوەی ڕاوێژی بەهاوەلآنی کرد زۆرینەیان بۆچونیان وابوو بچنە دەرەوەی مەدینە، ئەویش ڕێزی لەبۆچونەکەیان گرت و بڕیاری چوونە دەرەوەیان دا.

٥- تەرازوی هێز لە نێوان سوپای پێغەمبەر ﷺ و سوپای قورەیش یەکسان نەبوو، سوپای پێغەمبەرﷺ (٧٠٠) سەرباز و (٢) ئەسپ و (١٠٠) زرێپۆش و (٥٠) تیرهاوێژیان لەگەڵبوو، لە بەرامبەردا سوپای قورەیش (٣٠٠٠) سەرباز و (٣٠٠٠) وشترو (٢٠٠) ئەسپ و (٧٠٠) زرێپۆش و (١٠٠) تیرهاوێژیان لەگەڵبوو.

٦- پێغەمبەری خوا ﷺ نەخشەیەکی سەربازی تۆکمەی داڕشت و نەخشەکە زۆر سەرکوتوانە ئامانجەکانی خۆی پێکا و هاوەڵان سەرەڕای کەمی ژمارە و پێداویستییەکانی شەڕیان سەرەتا شکستیان بەسوپای قوڕەیش هێنا؛ بەڵام دواتر و بە هۆی هەڵەی بەشێك لە تیرهاوێژەکان، دەرەنجامەکان تەواو پێچەوانەوە بوونەوە و موسوڵمانان زیانێکی زۆریان بەرکەوت و پاش لوتفی خوای گەورە ئەگەر دلێری و مەردایەتی پێغەمبەری خودا ﷺ نەبوایە نزیك بوو لەو شەڕەدا تیا بچن.

٧- زۆرێك لە هاوەڵان لەو شەڕەدا نەبەردییەکی بێ وێنە و داستانێکی زۆر ناوازەیان شانبەشانی پێغەمبەر ﷺ تۆمار کرد؛ بەڵآم دەرەنجام و لەپێناو پاراستنی ئەوەی ماوە لەدەستمایە و دەسکەوتەکان بڕیاری پاشەکشەیان لەشەڕەکە داو پشتیان دا بە چیای ئوحودەوە و سوپای قوڕەیش چیتر نەیتوانی پێشڕەوی بکات و لەوێدا شەڕەکە کۆتایی هات.

٨- سوپای قوڕەیش لەو شەڕەدا زۆر مەبەستیان بوو خودی پێغەمبەر ﷺ لەناو ببەن و کۆتایی بەدەوڵەتی ئیسلامی لەمەدینە بهێنن و لەوپێناوەیشدا قوربانی زۆریاندا بەڵام سەرکەوتوو نەبوون؛ دواتر زۆر نامەردانە و دوور لەهەموو نەریتێکی سەربازی و مرۆڤایەتی داخی دڵی خۆیان بە لاشەی شەهیدەکان ڕشت و زۆر دڕندانە تەرمەکانیان شێواندن.

٩- هەرچەندە غەزای ئوحود تاقیکردنەوەیەکی سەخت بوو بۆ هاوەڵان و سەرەڕای بریندار‌بوونی خودی پێغەمبەر ﷺ بەسەختی، (٧٠) کەسیش لەهاوەڵانی شەهید بوون و ژمارەیەکی زۆری تریشیان لێ بریندار و کەمئەندام بوون؛ بەڵام ئوحود بەهەرچی پێوەری سەربازی هەیە شکست نەبوو؛ چونکە قوڕەیش هیچ کام لە ئامانجە سەربازییەکانی خۆی نەپێکا و تەنانەت وورەی بڕوادارانیشی لەو شەڕەدا پێ نەڕووخا.

١٠- پاش تەواو بوونی غەزاکە بەیەك ڕۆژ پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی سەرەڕای برین و ئازار و نارەحەتییەکانیان، بەمەبەستی تۆڵەکردنەوە شوێنی سوپای قوڕەیش کەوتن؛ بەڵام سوپای قوڕەیش لەبەریان هەڵاتن و نەیانتوانی ڕووبەڕویان ببنەوە.

١١- هەرچەندە ئوحود لە ڕوکەشدا زۆر ئەزموونێکی تاڵ دەردەکەوێت بەتایبەتی لەو قۆناغە هەستیار و ناسکەدا کە سەرەتای درووستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی بوو؛ بەڵام لە ناوەڕۆك و ڕاستییدا قوتابخانەیەکی زۆر گەورە و پڕ بەها بوو بۆ هاوەڵان بەتایبەتی و بڕواداران بەگشتی.

١٢- ئوحود فێرمان دەکات کە تێگەیشتن لەدەقەکانی قورئان بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی سیرەی پاکی پێغەمبەر ﷺ و سوننەتەکانی ئاستەم و مەحاڵە؛ چونکە زۆربەی ئایەتەکانی قورئان پەیوەستن بەواقیعی ژیانی ئەوەوە؛ کەواتە بۆ تێگەیشتنی ئایەتەکان دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەو واقیعە و ڕووداوەکانی، ئەوانەیش لەسەرچاوەکانی سیرەو سوننەدا تۆمارکراون؛ بۆیە هەر هەوڵێك لە پێناو گومانخستنە سەر ئەو سەرچاوانە هەوڵە بۆ گومانخستنە سەر دەقەکانی قورئان و باسکردنی بەسەرهاتەکانی.

١٣- ئوحود شێوازێکی تر بوو لەسەرکەوتن بەسەر حەزەکانی ناخ و دڵ و دەروونەدا، هۆکارێك بوو بۆ تاقیکردنەوە و پاکردنەوەی ڕیزەکان و دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی دۆست و دووژمنەکان، ئامرازێك بوو بۆ نواندنی شەهامەت و گەیشتن بەپلەی بەرزی شەهادەت، دەروازەیەك بوو بۆ گەیاندنی کۆمەڵێك وانەی کرداری لەبوارەکانی بیروباوەڕ و ئارامگری و خۆڕاگریدا، ئەمانەو زۆرێك وانەی تر کە لەم پەڕتووکەدا بەپێی توانا تۆمار کراون بەرهەمی ئەم داستانە مەزنە بوون.

## ڕاسپاردەکان:

١- پێداچونەوە بەو تێڕوانینە ڕوکەش و بانگەشە بێ بنەمایانەی کەهەمانە دەربارەی کەسایەتی پێغەمبەر ﷺ، کە هەر یەکەمان لافوگەزافی ئەوە لێدەدەین کە پێغەمبەرمان ﷺ لە هەموو شتێك لا لە پێشتر و خۆشەویستترە؛ بەڵام بەداخەوە ئەم خۆشەویستییەی ئێمە تا ئێستا سنووری صەلاواتێك یان مەولودنامەیەك یان حاڵەتێکی عاطیفی تێنەپەڕاندووە و نەبووەتە داینەمۆ و بزوێنەر بۆ هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانمان؛ ئەم جۆرە خۆشەویستییەیش بۆ قیامەت دادی کەس نادات و شەفاعەتی بۆ ناکات.

٢- گەڕانەوە بۆ ژیانی پێغەمبەر ﷺ و ئاوێتەبوونی ڕاستەقینە لە گەڵ کەسایەتی و گوفتار و ڕەفتارەکان و مامەڵەکانی لەگەڵ دۆستان و نەیارانی و پابەندبوونی تەواو بەکۆی سوننەتەکانی لە کۆی کایەکانی ژیاندا چ وەك بەندە و خواناسێك یاخود باوکێك یان هاوسەرێك یان هاوڕێیەك یان مامۆستا و ڕێنمایەك یان سەرکردە و پێشەوایەك، بەشێوەیەك کە کەسایتی ئەو لە کەسایەتی هەر تاکێکماندا تەواو ڕەنگ بداتەوە.

٣- گرنگیدان بەسەرچاوەکانی سیرە و سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ و دانانیان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا لە گشت ناوەند فەرمی و ئەهلی و ئاکادیمییەکاندا؛ تا نەوەکانی داهاتوومان پێی ئاشنا بن و لێی بەهرەمەند بن.

٤- هەوڵدانی پێشەوایان و مامۆستایانی ئایینی و بانگخوازان بۆ لەبێژنگدانی کۆی ئەو فەرموودە و ڕووداوانەی کە لەسەرچاوەکاندا هاتوون و بژاردەکرنی بەهێزترین و درووستترینیان و بڵاوکردنەوە و کارپێکردنیان و دوور کەوتنەوە لە بەکارهێنان و بەڵگەهێنانەوە بەسەرچاوە و بابەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥- وەڵامدانەوە و دەمکوتکردنی هەموو ئەو بەناو مسوڵمانانەی کە لەژێر پەردەی قورئانیبووندا گومان لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ و ژیانی پڕ لەفەڕ و سەرچاوەکانی دروست دەکەن.

٦- ڕەواندنەوەی سەرجەم ئەو گومانانەی کە لەسەر کەسایەتی پێغەمبەر ﷺ دروست دەکرێن و بەرگرتن بەو هێرشە ناڕەوایانەی کە هەوڵی ناشیرینکردنی دەدات و ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانی ژیانی وەکو خۆی بەشێوەیەکی بابەتییانە و دوور لە هەموو سۆز و دەمارگیرییەك، بەتایبەتی لەسەر پرسی پرۆسەی هاوسەرگیرییەکانی و پاساوەکانی و غەزا و بەریەککەوتنەکانی لەگەڵ نەیارەکانی و سەرجەم پرسەکانی تر کە ئەمرۆ نەیارانی ئیسلام گومانی لەسەر دروست دەکەن و ڕووی ڕاستییەکانی تێدا دەشێوێنن.

لەکۆتاییدا ماوە ئەو بڵێم کەمن لەماوەی نووسین و سەرقاڵیم بە نووسینی ئەم بابەتە بەڕاستی چێژی زۆرم وەرگرت لەوەی کەبۆ ماوەیەك ژیام لەگەڵ ژیانی ئەو

هاوەڵە ئازیزانە لەخزمەت ئەو سەروەرە ئازیزەدا و توانیم بۆ ماوەیەکی چەند کەمیش بێت هەست بەخۆشی و تاموچێژی ئەو ژیانە بکەم.

لەخوای گەورە داواکارم کە ئەگەر لەم ژیانە لایەق نەبووین کە شەرەفی دیدار و خزمەتکاری ئەو پێغەمبەرە ﷺ مەزنەمان پێ ببڕێت، بە لوتف و کەرەمی خۆی بمانباتە ئەو ئاستەی کە لەقیامەت بەو شەرەفە شایەن بین و بەدیداری شاد ببین.

بەو هیوایەی کە ئێوەی بەڕێزیش هەمان ئەو چێژەی من لەم بەرهەم و بەسەرهاتە وەربگرن و لەدوعاو نزا خێرەکانتان لەبیرمان نەکەن.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

پرۆفیسۆر

د. خالید موحەممەد صاڵح

مامۆستای کۆلێجی یاسا- زانکۆی سلێمانی

بەکرەجۆ- هەواری زانکۆ

ڕۆژی دووشەممە ٦- شەعبان – ١٤٤١ بەرامبەر ٣٠-٣-٢٠٢١

کاژێر: ١١:٣٥ ی پێش نیوەڕۆ

# پێڕستی سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوەکانی ڕاڤەی قورئان:

١- الآلوسي (إسماعيل حقي بن مصطفى الإستانبولي)، روح البيان، دار الفكر، بيروت.

٢- البغوي (الحسين بن مسعود بن محمد)، معالم التنزيل في تفسير القرآن، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط١، ١٤٢٠، تحقيق: عبد الرزاق المهدي.

٣- إبن الجوزي (عبد الرحمن بن علي بن محمد)، زاد المسير في علم التفسير، المكتب الإسلامي، بيروت، ط٣، ١٤٠٤.

٤- الرازي (محمد بن عمر بن الحسن بن الحسين)، مفاتيح الغيب، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط٣.

٥- السعدي (عبد الرحمن بن ناصر بن عبد الله)، تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط١، ١٤٢٠، تحقيق: عبد الرحمن بن معلا اللويحق.

٦- سعيد حوى، الأساس في التفسير، دار السلام، القاهرة، ط٦، ١٤٢٤.

٧- سيد قطب إبراهيم حسين الشاربي، في ظلال القرآن، دار الشروق، بيروت، ط١٧، ١٤١٢.

٨- السيوطي (عبد الرحمن بن أبي بكر)، الدر المنثور في التفسير بالمأثور، دار الفكر، بيروت.

٩- الشعراوي (محمد متولي الشعراوي)، تفسير الشعراوي، مطابع أخبار اليوم، القاهرة.

١٠- الشنقيطي (محمد الأمين بن محمد المختار بن عبد القادر)، أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن، دار الفكر، بيروت.

١١- الشوكاني (محمد بن علي بن محمد بن عبد الله)، فتح القدير، دار ابن كثير، دمشق، ط١، ١٤١٤.

١٢- الطبري (محمد بن جرير بن يزيد)، تفسير الطبري (جامع البيان عن تأويل آي القرآن)، دار هجر، ط١، ١٤٢٢، تحقيق: عبد الله بن عبد المحسن التركي.

١٣- إبن عاشور (محمد الطاهر بن محمد بن محمد الطاهر)، التحرير و التنوير، الدار التونسية، ط، ١٩٨٤.

١٤- العمادي (العمادي محمد بن محمد)، إرشاد العقل السليم إلى مزايا الكتاب الكريم، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

١٥- القرطبي (محمد بن أحمد بن أبي بكر)، الجامع لأحكام القرآن، دار الكتب المصرية، القاهرة، ط٢، ١٣٨٤.

١٦- إبن كثير (إسماعيل بن عمر بن كثير)، تفسير القرآن العظيم، ج٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤١٩، تحقيق: محمد حسين شمس الدين.

## دووەم: سەرچاوەکانی سیرەت و سوننەت:

١٧- أحمد أحمد غلوش، السيرة النبوية والدعوة في العهد المدني، ط١٤٢٤،١، مؤسسة الرسالة، بيروت.

١٨- إبن إسحاق (محمد بن إسحاق بن يسار المطلبي)، سيرة إبن إسحاق، دار الفكر، بيروت، ط١، ١٣٩٨، تحقيق: سهيل زكار.

١٩- د. أكرم ضياء العمري، السيرة النبوية الصحيحة، مكتبة العلوم والحكم، المدينة المنورة، ط٦، ١٩٩٤.

٢٠- البخاري (محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري)، صحيح البخاري، دار طوق النجاة، ط١، ١٩٩٢، تحقيق: محمد زهير.

٢١- البوطي (محمد سعيد رمضان البوطي)، فقه السيرة، دار الفكر، دمشق، ط٢٥، ١٤٢٦.

٢٢- البيهقي (أحمد بن الحسين بن)، دلائل النبوة، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤٠٨، تحقيق: د. عبد المعطي قلعجي.

٢٣- إبن حزم (علي بن أحمد بن سعيد بن حزم)، جوامع السيرة، دار المعارف، مصر، تحقيق: إحسان عباس، ط١.

٢٤- الخضري (محمد بن عفيفي)، نور اليقين في سيرة سيد المرسلين، دار المعرفة، بيروت، تحقيق: هيثم هلال، ط١، ١٤٢٥.

٢٥- صفي الرحمن المباركفوري، الرحيق المختوم، دار الهلال، بيروت، ط١، ٢٢٤- ٢٦٤.

٢٦- الصلابي (علي محمد محمد الصلابي)، السيرة النبوية: عرض، وقائع، وتحليل أحداث، دار المعرفة، بيروت، ط٧، ١٤٢٩.

٢٧- الصويانى (أبو عمر، محمد بن حمد الصوياني)، الصحيح من أحاديث السيرة النبوية، مدار الوطن للنشر، ط١، ١٤٣٢.

٢٨- إبن عبد البر، الدرر في اختصار المغازي والسير، دار المعارف، القاهرة، ط٢، ١٤٠٣، تحقيق: د. شوقي ضيف.

٢٩- العلي (إبراهيم بن محمد بن حسين العلي)، صحيح السيرة النبوية، دار النفائس، عمان، ط١، ١٤١٥.

٣٠- إبن كثير (إسماعيل بن عمر بن كثير)، السيرة النبوية، دار المعرفة، بيروت، ط١٩٧٦، تحقيق: مصطفى عبد الواحد.

٣١- المباركفوري (صفي الرحمن المباركفوري)، الرحيق المختوم، دار الهلال، بيروت، ط١.

٣٢- محمد الغزالي السقا، فقه السيرة، دار القلم، دمشق، ط١، ١٤٢٧، خرج أحاديثه: محمد ناصر الدين الألباني.

٣٣- محمد بن يوسف الصالحي الشامي، سبل الهدى والرشاد، في سيرة خير العباد، وذكر فضائله وأعلام نبوته وأفعاله وأحواله في المبدأ والمعاد، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤١٤، تحقيق: عادل أحمد عبد الموجود، علي محمد معوض.

٣٤- محمود شيت خطاب، الرسول القائد، دار الفكر، بيروت، ط٦، ١٤٢٢.

٣٥- مسلم (مسلم بن الحجاج)، صحيح مسلم (المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله ﷺ)، دار إحياء التراث العربي، بيروت، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي.

٣٦- مغلطاي بن قليج، الإشارة إلى سيرة المصطفى وتاريخ من بعده من الخلفا، دار القلم، دمشق، ط١، ١٤١٦، تحقيق: محمد نظام الدين الفتيح.

٣٧- المقريزي (أحمد بن علي بن عبد القادر)، إمتاع الأسماع بما للنبي من الأحوال والأموال والحفدة والمتاع، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤٢٠، تحقيق: محمد عبد الحميد النميسي.

٣٨- الندوي (علي أبو الحسن بن عبد الحي)، السيرة النبوية، دار إبن كثير، دمشق، ط١٢، ١٤٢٥.

٣٩- إبن هشام (عبد الرحمن بن عبد الله بن أحمد السهيلي)، الروض الأنف في شرح السيرة النبوية، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط١، ١٤٢١، تحقيق: عمر عبد السلام السلامي.

٤٠- إبن هشام (عبد الملك بن هشام بن أيوب الحميري)، السيرة النبوية، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، القاهرة، ط٢، ١٣٧٥، تحقيق: مصطفى السقا و آخرون.

٤١- الواقدي (محمد بن عمر بن واقد السهمي الأسلمي)، المغازي، دار الأعلمي، بيروت، ط٣، ١٤٠٩.

٤٢- اليعمري (محمد بن محمد بن محمد)، عيون الأثر في فنون المغازي والشمائل والسير، دار القلم، بيروت، ط١، ١٤١٤.

# پێڕستی بابەتەکان


بابەت لاپەڕە

پێشەکی:........................................................................................ ١

باسی یەکەم: وێستگەکان:................................................................... ٩

١- گرنگی:........................................................................................ ٩

٢- هۆکار:........................................................................................ ١٢

٣- کات:........................................................................................ ١٦

٤- شوێن:........................................................................................ ١٧

٥- ئامادەکارییەکانی قورەیش:............................................................. ١٨

٦- گەیشتنی هەواڵەکان بەپێغەمبەر ﷺ:.................................................. ٢١

٧- ئامادەکارییەکان لە مەدینە:............................................................ ٢٢

٨- خەوبینینی پێغەمبەر ﷺ و ڕاوێژکردن بەهاوەڵان:.................................. ٢٣

٩- هەڵوێستە ناوازەکان:.................................................................... ٢٨

١٠- بەڕێکەوتنی سوپای بڕواداران:........................................................ ٣١

١١- بەراوردی هێزی هەردوولا:.............................................................. ٣٧

١٢- نەخشەی ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای بڕواداران:..................................... ٣٨

١٣- بەرزکردنەوەی ورەی سەربازەکان:.................................................... ٤٠

١٤- نەخشەی ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای قورەیش:....................................... ٤١

١٥- سەرەتاکانی پێکاهەڵپژان:.............................................................. ٤٢

١٦- پێکاهەڵپژانی سەرتاسەری:............................................................. ٤٣

١٧- شەهیدبوونی حەمزە:...................................................................... ٤٥

١٨- گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکان و نەبەردییەکانی هاوەڵان:............................... ٤٧

١٩- هەڵەی تیرهاوێژەکان:.................................................................... ٤٩

٢٠- شپرزەبوونی سوپای بڕواداران:...................................................................... ٥٠
٢١- گیانبازییەکی بێوێنەی پێغەمبەری خوا ﷺ و سەختترین ساتەکانی شەڕ:............ ٥٢
٢٢- بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدبونی پێغەمبەر ﷺ و هەڵوێستی هاوەڵان:................ ٥٦
٢٣- بەدەمەوەهاتنی خوای گەورە بۆ بڕواداران:.......................................................... ٥٩
٢٤- بڕیاری پاشەکشەکردن و کۆتایی هاتنی شەڕ:........................................................ ٦١
٢٥- گفتوگۆکەی نێوان پێشەوا عومەر و ئەبو سوفیان:................................................ ٦٣
٢٦- دەرەنجامەکانی شەڕ:............................................................................................ ٦٥
٢٧- شێواندنی تەرمی شەهیدەکان:............................................................................... ٦٦
٢٨- گەیشتنەوەی هەواڵەکانی شەڕ بە شاری مەدینە:.................................................... ٦٩
٢٩- هەواڵی بریندارەکان:............................................................................................ ٧٠
٣٠- کۆکردنەوەی تەرمی شەهیدەکان و بەخاکسپاردنیان:.............................................. ٧٣
٣١- گەڕانەوە بەرەو مەدینە:....................................................................................... ٧٦
٣٢- پڕوپاگەندەی دووڕوو و جولەکەکان:....................................................................... ٧٩
٣٣- غەزوەی (حمراء الأسد):........................................................................................ ٨١
باسی دووەم: وانەکان:.............................................................................................. ٨٩
١- پشتڕاستکردنەوە و سەلماندنی ڕاستیی ڕووداوەکانی ژیانی پێغەمبەرﷺ:................... ٩٠
٢- تێگەیشتنی قورئان بەبێ بێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی سیرە و سوننەت ئاستەم و مەحاڵە:............................................................................................................. ٩٠
٣- سەرکەوتن یەك شێواز و واتای نییە:..................................................................... ٩١
٤- خوای گەورە ئاگاداری وردو درشتی ژیانی مرۆڤەکان و نیەت و هەستەکانی ناخ و دڵیانە:........................................................................................................... ٩٢
٥- سەرکەوتن و شکست بەدەست خوای گەورەیە:........................................................ ٩٤
٦- ململانێ و بەریەککەوتنی بەردەوام لەهێزی بێبڕوایان کەم دەکاتەوە:....................... ٩٥

٧- سەرپێچی کردنی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ زیان و سزای سەخت بەدووی خۆیدا دەهێنێت: ....................................................................................................... ٩٩
٨- تاکە ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی هەڵەکان و گۆڕینی دەرەنجامەکان پەشیمانی و گەڕانەوەیە بۆ لای خوای گەورە:.............................................................................. ١٠١
٩- خاوەن و بڕیاردەری ڕاستەقینە لەم ئایین و پەیام و بوونەوەرە تەنها خوای گەورەیە:.................................................................................................. ١٠٣
١٠- نابێت شکستە کاتییەکان چۆکمان پێ دابدەن؛ بەڵکو دەبێت گیانی بەخۆداچوونەوەمان تێدا دروست بکەن:...................................................... ١٠٥
١١- دەرەنجامی بەریەککەوتنەکان هەرچۆن بن هەمیشە بڕواداران براوە وسەرکەوتوون:....................................................................................... ١٠٧
١٢- زیانە مادییەکان کاتیین و گرنگ نین:.......................................................... ١٠٩
١٣- شکست و نارەحەتییەکان بێژنگێکن بۆ لەبێژنگدانی بڕوای بڕواداران:.................... ١٠٩
١٤- ڕاستی و واقیع لەگەڵ بانگەشە و خۆزگە و خەیاڵ دوو شتی لێك جیاوازن:........... ١١٦
١٥- پاداشتی بەهەشت بێبەرامبەر نییە و هەوڵ و ماندووبوون و تێکۆشانی بەردەوامی دەوێت:............................................................................................ ١١٧
١٦- بەریەککەوتن و شکستەکان دەرفەتێکن بۆ هەڵبژاردنی کۆمەڵێك لە بڕواداران بۆ پلەی باڵای شەهادەت:........................................................................ ١١٨
١٧- باڵادەستبوونی بێبڕوایان بۆ ماوەیەك واتەی ئەوە نییە کە خوای گەورە ئەوانی خۆشدەوێت:....................................................................................... ١٢١
١٨- تەنها خوای گەورە شایەنی ئەوەیە بکرێتە ئامانج و مەبەستی کار و پەرستشەکان:.......................................................................................... ١٢١
١٩- تەمەنی مرۆڤ دیاریکراوە و بوێری و گیانبازی مردن پێش ناخات و ترس و خۆشاردنەوەیش دواى ناخات:.......................................................... ١٢٣
٢٠- سەرکەوتن پاداشتی دونیایە و لێخۆشبوون و بەهەشت پاداشتی قیامەت: ........... ١٢٨

٢١- نابێت خەڵکانی بڕوادار گوێڕایەڵی خەڵکانی بێبڕوا بکەن: .................................. ١٣٠
٢٢- بێبڕوایان سنووری دەسەڵاتیان هەرچەند و هەرچۆن بێت هەرگیز لە دونیادا ئاسوودە نین و نابن:.......................................................................................١٣٢
٢٣- هەموو بەڵێنەکانی خوای گەورە بەسەرخستنی موسوڵمانان ڕاستن و دێنەدی:.....١٣٦
٢٤- پەرتەوازەیی و ناکۆکی نێوان بڕواداران گەورەترین هۆکاری شکست و لەناوچوونیانە .............................................................................................. ١٣٦
٢٥- هەرگیز هەوڵ نەدەین لەپێناو پاراستنی خۆماندا هەڵەکانمان بەسەر پەیام و بەرنامەکەماندا ساغ بکەینەوە:.........................................................................١٣٩
٢٦- سزاکانی خوای گەورە لەسەر هەڵەکانمان زللەی میهرەبانین:.................................١٤٠
٢٧- دەبێت لەبڕیارەکانماندا ڕاستگۆ و دادپەروەر بین:..................................................١٤١
٢٨- هەرچی بەڵا و ناڕەحەتییەك بەسەر مرۆڤدا دێت بەهۆی تاوان و سەرپێچییەکانی خۆیەوەیەتی:......................................................................................................١٤١
٢٩- هیچ کاتێك و بەهیچ پاساوێك ڕووداوی خراپ نادرێتە پاڵ خوای گەورە:............١٤٣
٣٠- کەسی سەرکردەو پێشەوا دەبێت میهرەبان و لێبوردە و بەبەزەیی بێت:...............١٤٦
٣١- ڕاوێژکردن یەکێکە لە بنەماکانی سیستەمی سیاسی و سیمای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەئیسلامدا:.........................................................................................................١٤٩
٣٢- پشت بەستن بەخوای گەورە یەکێکە لە هۆکارەکان و کۆڵەکەکانی سەرکەوتن:.....١٥٢
٣٣- پێغەمبەران سەرمەشقی هەموو ئاکارێکی جوان ڕەوشتێکی بەرزن:......................١٥٣
٣٤- مرۆڤ لەدواڕۆژدا بەرامبەر بەهەموو کردەوەکانی دونیای بەرپرسیارە:................١٥٤
٣٥- هیچ کات بەراوردی کاری خەڵکانی بڕوادار بە کاری خەڵکانی دووڕوو بێ باوەڕ ناکرێت:.............................................................................................................١٥٥
٣٦- ئامانجی سەرەکی لە هاتنی پێغەمبەر ﷺ ڕزگارکردن و سەرفرازی ئێمەیە:.........١٥٦
٣٧- خەڵکانێك هەن بە ڕوکەش لەڕیزەکانی ئێمەدان بەڵام لەناخدا دوژمن و دووڕوو و ناپاکن:.............................................................................................................١٥٩

٣٨- بڕواداران دەبێت جگە لەخوا لە هیچ شتێکی تر نەترسن:........................................١٦١
٣٩- هەر کەس پشت بەخوای گەورە ببەستێت خوای گەورە شەڕی خەڵکی لەکۆڵ دەکاتەوە و لەهەرچی دەترسێت پەنای دەدات:............................................................١٦٢
٤٠- هەموو ترسێك لە غەیری خوا سەرچاوەکەی شەیتانە و ئەو جۆرە ترسەیش لەخەڵکی بڕوادار ناوەشێتەوە:...............................................................................١٦٤
٤١- هەرگیز خەم لە هەڵوێستی خەڵکانی دووڕوو و بێباوەڕ نەخۆین:..........................١٦٥
٤٢- کرۆکی ململانێ و دژایەتییەی نیوان بەرەی باوەڕ و بێباوەڕیی لەسەر خودی خوایە: ........................................................................................................١٦٧
٤٣- هەر کەس سەنگەر لەخوا بگرێت خوای گەورە لەناوی دەبات:...............................١٦٨
٤٤- بێباوەڕان لەهەر جێگەو پێگەیەکدا بن با بەسەرکەوتنە کاتییەکانیان لە خۆبایی نەبن:......................................................................................................١٦٩
کۆتایی:...................................................................................................١٧١
پێڕستی سەرچاوەکان:.....................................................................................١٧٦
پێڕستی بابەتەکان:.........................................................................................١٨٠